# ناترسم

## نیکۆلۆ ئامانیێتی

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە:

ئالان محەمەد

2022

“Affeto infinito mio caro”

# بەشی یەکەم

خەریک بوو پێش سلڤاتۆری بکەومەوە کە گوێم لە خوشکەکەم بوو هاواری کرد. ئاوڕم دایەوە و بینیم لەناو گوڵەگەنمەکاندا ون بوو کە ڕووی گردەکەیان داپۆشـــی بوو. نەدەبوایە لەگەڵ خۆمم هێنابا، دایکم لەسەر ئەم کارەم سزایەکی گەورەم دەدات. وەســـتام، ئارەقێکی زۆرم کردبوو، هەناســـەم بۆ گەڕایەوە و دواتر بانگم کرد: ماریا! ماریا!

دەنگێکی نزم و پڕ لە ئازار وەڵامی دامەوە: میکێلی!

-ئازارت پێ گەیشتووە؟

-بەڵێ، وەرە.

-کوێت ئازاری پێ گەیشتووە؟

-قاچم.

لە دڵی خۆمدا گوتم کە تەنیا شانۆ دەنوێنێت، تەنیا ماندوو بووە. بەڵام ئەی چی ئەگەر بەڕاستی ئازاری پێ گەیشتبێت؟

"ئەوانی تر بۆ کوێ چوون؟"

سـەیرم کردن کە چۆن بەناو گوڵەگەنمەکاندا بەرەو سـەرەوەی گردەکە دەڕۆیشـتن، بە شـێوەی ڕیزێکی ڕێک وەکو پەنجەکانی دەســـت، لەدوای خۆشـــیانەوە لقی شـــکاوی گوڵەکانیان جێ دەهێشت.

گەنمی ئەو ســـاڵە زۆر بوو. کۆتایی بەهار بارانێکی زۆر باری، بۆیە لە ناوەندی مانگی حەوت گوڵەگەنمەکان بە شـــێوەیەکی ناوازە پێ گەیشتبوون، تەنیا ئەوە مابوو کە دروێنە بکرێت.

هەموو شتێک بە گوڵەگەنم داپۆشرابوو. گردە بچووکەکان وەکو شـــەپۆلێکی زەریای ڕەنگ زێڕین دەدرەوشـــانەوە. بە درێژایی ئاســـۆش هەمووی گەنم و ئاســـمان قالۆنچە و خۆر و گەرمی بوو.

نەمدەزانی پلەی گەرمی چەندە، ئەمەش شـــتێکی ســـەیر نەبوو بەوەی کە منی منداڵێکی نۆ ســاڵان هیچ شـتێکی دەرباری پلەی گەرمیم نەدەزانی، تەنیا ئەوەندەم دەزانی کە ئێجگار گەرمایە.

ئەو هاوینە نەفرەتییە، هاوینی ساڵی ١٩٧٨ز وەکو یادەوەرییەک لە هزری هەمووانـدا مایەوە بەوەی کە یەکێک بوو لە گەرمترین هاوینەکانی ئەم ســـەدەیە. گەرما دزەی دەکردە ناو بەردەکان و زەوی وشـــک دەکرد و ڕووەکەکانی دەســـــووتاند و ئاژەڵانی دەکوشت و ماڵەکانی دەکووڵاند. کاتێک لە کێڵگەکان تەماتەت لێ دەکردەوە، ئەوا بە وشـــکی دەتبینین، بێ بوونی هیچ تەڕاییەک لەناویدا. یاخوود کولەکەکانت بە بچووکی و نەگەیوی دەبینی. خۆر هەناســـە و وزەی لێ دەبڕی، ویســـتی یاری کردن و هەر جۆرە کارێک بێت لێی دەبڕی. تەنانەت شـــەوانیش گەرمییەکەی خنکێنەر بوو.

لە ئـاکوا تراڤرســـــی گەورەکـان تـاکو پێش کـاتژمێر شـــــەش نەدەچـــوونە دەرەوە، لە ژوورەوە لە پشـــــــت پەنـــجەرە داخراوەکانەوە دەمانەوە. بەڵام ئێمەی منداڵان نا، سـەرکێشـیمان دەکرد و دەچووینە دەرەوە بۆ سەر زەمینە گەرم و چۆڵەکان.

(ماریا)ی خوشـــکم کە تەمەنی پێنج ســـاڵ بوو هەمیشـــە بەدوام دەکەوت، وەکو بنێشــتێک پێمەوە نووســـابوو. هەمیشـــە بە منی دەگوت: دەمەوێت ئەوە بکەم کە تۆ دەیکەیت.

دایکیشـــم هەمیشـــە پشــتی دەگرت و دەیگوت: ئەی برا گەورەی ئەو نیت؟

دەمەقـاڵێ لەگەڵ ئەودا ســـــوودی نەبوو، بۆیە دەبوایە لەگەڵ خۆمم هێنابا.

هیچ کەسێک نەوەستا تاکو یارمەتی بدات، ئەمەش شتێکی نامۆ نەبوو بەوەی کە ئەوە لە کۆتاییدا پێشبڕکێ بوو.

"هەمووان دەبێت بە ڕیزێکی ڕێک بڕۆنە ســـەرەوە، نابێت هیچ کەســێکیش لە پشــت ئەوی تر بێت، وە ناشــبێت هیچ کەســێک بوەستێت. کێ کۆتا کەس بگات ئەوا دۆڕاوە و دەبێت سزایەکەی قبووڵ بکات". ئەمانە مەرجی کەللەســـەر بوون. ســـەبارەت بە ماریا تەرحێکی پێدام.

"باشــە، خوشــکەکەت بەشــداری لەم پێشــبڕکێیەدا ناکات، ئەو بۆ ئەمە بچووکە."

بەڵام مــاریــا نــاڕەزایەتی خۆی دەربڕی و گوتی: بچووک نیم! دەمەوێت بەشداری بکەم!

ئەوەتاش لێرەدا کەوتووە. بەڕاســـتی جێی داخە، لە ڕیزبەندی ســـێیەمدا بووم. ئانتۆنیۆ وەکو هەمیشـــە یەکەم بوو، ئانتۆنیۆ نەتالی ناســراو بە "کەللەســەر". بیرم نایەت ئەم نازناوەی چۆن بۆ هــات، لەوانەیە بە هۆی ئەوە بووبێت کە جــارێکیــان وێنەی کەللەســـەرێکی لەســـەر مەچەکی لکاندبوو، یەکێک بوو لەو وێنــانەی کە وەکو چەســـپێک لە دوکــانی جگەرەفرۆشـــەکە دەفرۆشــرا و بە بەکارهێنانی ئاو بە پێســتتەوە دەلکا. کەللەســەر لە هەمووان گەورەتر بوو، دوازدە ســاڵ بوو، ســەرکردەی ئێمە بوو. حەزی لە ســـەرکردایەتی کردن بوو، ئەگەر کەســـێکیش بەقسەی نەکردبا، ئەوا زۆر توندڕەو دەبوو. زیرەک نەبوو، بەڵام بوێر و بەهێز بوو. وەکو بۆڵدۆزەرێکی نەفرەتی بەســـەر ئەو گردەدا سەردەکەوت.

دواتر ســلڤاتۆری، ســلڤاتۆری سکرداچۆنی وەکو من تەمەنی نۆ ســاڵ بوو. پێکەوە لە هەمان پۆل بووین، باشــترین هاوڕێم بوو. باڵای لە من بەرزتر بوو و حەزی بە تەنیایی دەهات. هەندێک جــار لەگەڵمــان دەهــاتە دەرەوە، بەڵام زۆربەی جــار بە تەنیــا دەمایەوە. زۆر لە کەللەســـەر زیرەکتر بوو، بۆ ئەو ئاســـان بوو کە جێی بگرێتەوە، بەڵام حەزی لە ســـەرکردایەتی کردن نەبوو.

باوکی، پارێزەر ئیمیلیۆ ســـکرداچۆنی لە ڕۆما کەســـایەتییەکی بەناوبانگ بوو. دەڵێن کە پارەیەکی ئێجگار زۆری لە ســویســرا هەیە.

دواتریش من. میکێلی، میکێلی ئەمیترانۆ. ئەمجــارەش هەر من سێیەم بووم. باش بەسەر گردەکەدا سەردەکەوتم، بەڵام بەهۆی خوشــکەکەمەوە وەســتام. دوودڵ بووم لەوەی کە ئایا بڕۆم بۆ لای یـاخود جێی بهێڵم، دواتر بینیم کە بووم بە چوارەم. لەولا لەلای لێژاییەکە ئەو گەمژەیە ریمۆ مرتســـانۆ پێشـــم کەوتەوە. ئەگەر دووبارە دەســت پێنەکەمەوە، ئەوا (باربرا مۆرا)ش پێشــم دەکەوێتەوە.

مێیەک پێشـــم بکەوێتەوە، مێیەکی قەڵەویش! ئای ئەوە چەندە ناخۆش دەبێت.

باربرا مۆرا کە بە خۆڵ داپۆشـــرابوو بە هەردوو دەســـــت و قاچەکانی وەکو بەرازێکی ئارەقاوی بەسەر گردەکەدا دەکەوت.

-ئەوە چی دەکەیت؟ بۆ لای خوشـــکە بچووکەکەت ناچیت؟ گوێت لێ نەبوو؟ داماوە بریندار بووە.

بە ڕوویەکی خۆشەوە ئەمەی گوت، ئەم جارە ئەو سزا نادرێت.

-وا دەڕۆم، وا دەڕۆم، وە تۆش دەبەزێنم.

ناهێڵم لەسەر حیسابی من خۆشی بنوێنێت.

ئاوڕم دایەوە و دەستم کرد بە هاتنە خوارەوە، دەستەکانم بەرز کردنەوە و دەســـــتم کرد بە هــاوار کردن وەکو هینــدییە ســوورەکان. نەعلەکانم کە لە پێســت درووســتکرابوون بەســەر زەوی گوڵەگەنمەکاندا دەخلیســـکا، دوو جار بە هۆی ئەمەوە کەوتمە سەر زەوی.

نەمدەبینی.

-ماریا! ماریا!

-میکێلی...

ئەوەتا، بە داماوی لەناو بازنەیەک لە گوڵەگەنمی تێکشـــکاودا دانیشت بوو. بە دەستێک قاچی دەشێلا و بە دەستەکەی تریشی چاویلکەکانی هەڵگرتبوو، قژی بە نێوچاوانییەوە نووســـابوو و خەریک بوو فرمێســـک بڕێژێت. کاتێک منی بینی، ئەوا لێوەکانی لۆچ کردن و وەکو حەلەشیشێک سوور بۆوە.

ماریا، بە هۆی تۆوە پێشـــبڕکێیەکەم دۆڕاند! پێم گوتیت کە لەگەڵم مەیە، بە نەفرەت بیت!

دواتر لای دانیشتم و گوتم: چیت بەسەرهاتووە؟

-بەربوومەوە و قاچم ئازاری پێگەیشت...

دەمی کردەوە و چاوەکانی داخستن، دواتر گریا.

"چاویلکەکە، چاویلکەکە شکا!"

خەریک بوو لەسەر ئەمە لێی بدەم، لە سەرەتای پشووەوە ئەمە سێیەمین چاویلکە بوو کە بیشکێنێت. جا بە ڕای دایکیشم ئەمە هەڵەی کێ بوو؟

-پێویستە وریای خوشکەکەت ببیت، تۆ برا گەورەی ئەویت.

-دایکە، من...

-واز لە بەهانە هێنانەوە بهێنە. تۆ تێناگەیت، تۆ لەوە تێناگەیت کە پارە شتێک نییە لەسەر زەوی بڕوێت و زۆرمان لێی هەبێت. ئەگەر جارێکی تر چاویلکەیەکی تر بشـــکێت، ئەوا ســـزایەکی گەورەتان دەدەم...

لە ناوەندییەوە شکا، ڕێک لەو شوێنەوە شکا کە چەسپمان لێ دابوو.

خوشکەکەم بەردەوام بوو لە گریان.

-دایکە... زۆر... توڕە... دەبێت، چی... بکەین؟

-چی بکەین؟ چەسپێکی لێ دەدەین. دەی، هەستە.

-بە چەسپەوە زۆر ناشیرینە، زۆر ناشیرینە! حەزم پێی نایەت!

چاویلکەکەم لەناو گیرفانەکەم هاویشت، بێ چاویلکە ماریا هیچی نەدەبینی. چاوەکانی کێشەیەکیان هەبوو، لەسەر ئەمە پزیشکەکە گوتبووی کە پێش گەورە بوونی ئەوا پێویستە نەشتەرگەری بۆ بکرێت.

-هیچ نییە، دەی هەستە.

-دەســــتی لە گریان هەڵگرت و دووبارە بە لووتییەوە هەوای هەڵمژی.

-قاچم ئازاری هەیە.

-کوێت ئازاری هەیە؟

هێشـــتا بیرم لە ئەوانی تر دەکردەوە، دڵنیام کاژێرێک دەبێت کە گەیشــتوونەتە ســەر گردەکە، منیش لەدوای هەمووانەوە بووم. تاکە هیوایەکم ئەوە بوو کە کەللەســـەر ســـزایەکی قورســـم بەســەردا نەنوێنێت، جارێکیان کە پێشـبڕکێیەکم دۆڕاند ناچاری کردم وەکو سزایەک بەناو ئاگردا ڕابکەم.

-کوێت ئازاری هەیە؟

-ئێرە.

ئاماژەی بە لایەکی پێی دا.

-هیچی وا نییە، تەنیا بادانێکە، زوو سارێژ دەبێتەوە.

قەیتانی پێڵاوەکانیم شــــل کرد و پێیم لە پێڵاوەکە بە نەرمی دەرهێنا.

-ئاوا باشترە؟

-شتێک باشترە. دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆماڵەوە، زۆرم تینووە، وە دایکەش...

ڕاســـتی دەکرد، زۆر دوورکەوتووینەوە و ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەین. کاژێرێک بەسەر ژەمی بەیانیدا ڕۆشتووە، دڵنیام کە دایکە ئێســتا لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە ســەیری دەرەوە دەکات و چاوەڕێی هاتنەوەمان دەکات.

دڵنیام لەسەر ئەمە سەرزەنشت دەکرێین، بەڵام چەند کاژێرێک لەمەوبەر هیچ کام لە ئێمە بیری بۆ شتێکی لەم شێوەیە نەدەچوو.
ئەو بەیانییە پاسکیلەکانمان بردن. زۆربەی کات گەشتێکی بچووکمان دەکرد... بە دەوری خانووەکاندا، دواتر تاکو سنووری زەمینە کشتوکاڵییەکان، دواتر بەرەو دۆڵی وشک و دواتریش بە پێشبڕکێوە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.
پاسکیلەکەم پاسکیلێکی کۆنی ژەنگخواردوو بوو، کوشنییەکی زەبر و بەرزی هەبوو، بە ڕاددەیەک بەرز بوو کە هەموو جارێک ناچار دەبووم بە تەواوی بەرەو پێشەوە بچێمەوە بۆ ئەوەی بەر زەوی بکەوم.
هەمووان ناویان لە پاسکیلەم نابوو "زبڵ". سلڤاتۆری دەیگوت کە ئەوە پاسکیلی هەڵگەڕیوانی زنجیرە شاخەکانی "ئەلپ"ە. بەڵام گرنگیم بە ڕای ئەوان نەدەدا و حەزم پێی دەهات چونکە ئەوە پاسکیلی کۆنی باوکم بوو.
کاتێک سواری پاسکیل نەدەبووین، ئەوا لە ناوەندی شەقامدا یاری تۆپی پێ یان یاری ترمان دەکرد وەکو دزینی ئاڵا، یان یەک... دوو... سێ... ئەستێرە، یاخود لە ژێر سێبەری عەمبارەکەدا دەماینەوە و هیچمان نەدەکرد.
هەرچی حەزمان لێبووبا، ئەوا دەمانتوانی ئەنجامی بدەین. هیچ ئۆتۆمبێلێک بێرەدا نەدەڕۆیشت، هیچ مەترسییەک بوونی نەبوو. بەڵام گەورەکان وەکو بۆق لە ژوورەوە دەمانەوە و چاوەڕێی تەواوبوونی گەرمایان دەکرد.
کات هێواش تێدەپەڕی، کۆتایی هاوین بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە چاوەڕێی کردنەوەی قوتابخانە دەبووین.
ئەو بەیانییە باسی بەرازەکانی (میلیکێتی)مان کرد، ڕاستی زۆر جار باسی بەرازەکانی (میلیکێتی)مان دەکرد. دەگوترا کە

میلیکێتی بەرازەکانی لەســـەر پەلاماردان و خواردنی مریشـــک گەورە کردووە، ئەو کەروێشـک و پشـیلانەشـی کە لەسـەر ڕێگا دەدۆزییەوە دەرخواردی ئەوانی دەدا.
کەللەســـەر تفێکی لەســـەر زەوی کرد و گوتی: پێشـــووتر بۆم باسی ئەم چیرۆکە نەکردوون چونکە شتێک ڕێگری لێ دەکردم، بەڵام ئێســـتا بۆتانی باس دەکەم. ئەو بەرازانە ســـەگی کچی (میلیکێتی)یان خواردووە.
هەمووان بە بیستنی ئەمە شۆک و دەمیان کردەوە.
-ئەمە مەحاڵە!
-بەڕاســتمە، ســویند بە ڕوحی پاکی حەزرەتی مەریەم ئەوەی دەیڵێم ڕاستییە! بەرازەکان بە زیندوویی خواردوویانە.
-ئەمە مەحاڵە! بۆ مەگەر ئەوانە چ جۆرە ئاژەڵێکن کە ســەگێک بە زیندوویی بخۆن؟
کەللەســەر ســەری لەقاند و گوتی: میلیکێتی ســەگەکەی فڕێدایە ناو بەرازەکان. سـەگەکە ویسـتی ڕابکات، ئەمەش شـتێکی سـەیر نییە بەوەی کە زیرەک بوو، بەڵام بەرازەکانی میلیکێتی زیرەکتر بوون بە کەمتر لە دوو چرکە پڕیـان دایە و پـارچە پـارچەیـان کرد. ئەوانە لە بەرازی کێویش زیرەکترن.
باربرا پرسی: بۆچی سەگەکەی دەرخواردی بەرازەکان دا؟
کەللەســـــەر کەمێک بیری کردەوە و دواتر گوتی: لەنـاو مـاڵـدا پیســـایی کردبوو. تۆش ئەگەر فڕێ بدەنە ناو ئەو بەرازانە، ئەوا لەبەر ئەوەی قەڵەویت گۆشتت لە ئێسکەکانت جیا دەکەنەوە.
ماریا هەستا و گوتی: میلیکێتی شێتە؟
کەللەســەر دووبارە تفێکی تری فڕێدایەوە ســەر زەوی و گوتی: میلیکێتی لە بەرازەکانیشی شێتترە.
بۆ مـاوەیەک بە بێـدەنگی مـاینەوە و بیرمـان لە ژیـانی کچی میلیکێتی کردەوە کە دەبێت ژیان لەگەڵ باوکێکی بەو شـــێوەیە

خراپ چۆن بێت. هیچمـان نـاوی کچەکەیمـان نەدەزانی، بەڵام بەناوبانگ بوو بەوەی کە پارچەیەک ئاسن دەوری قاچی دابوو.

-بۆچی نەڕۆین بۆ بینینی بەرازەکان؟

باربرا بە دڵخۆشییەوە گوتی: با ئەنجامی بدەین!

بەڵام سلڤاتۆری ئەمەی بەدڵ نەبوو و بە منگەیەک گوتی: زەوی میلیکێتی زۆر دوورە، کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەین.

"بەڵکو زۆر نزیکە، دەی وەرن..." کەللەسـەر سـەرکەوتە سـەر پاسـکیلەکەی. هەرگیز ئەو هەلەی لەقیسـت خۆی نەدەدا کە قسەی کۆتایی لە دژی سلڤاتۆری بکات.

دواتر بیرۆکەیەکم بۆ هات. "بۆچی مریشـکێک لە مریشـکەکانی ریمۆ نەدزین؟ کە گەیشـتینە ئەوێ مریشـکەکە فڕێ دەدەینە ناو بەرازەکان تاکو بزانین چی لێ دەکەن."

کەللەسەر ئەوەی بەدڵ بوو و گوتی: بیرۆکەیەکی باشە!

بەڵام ریمۆ نـاڕەزایەتی نوانـد و گوتی: بەڵام بـاوکم دەمکوژێت ئەگەر مریشکێکی لێ ببەین.

نـاڕەزایەتی نواندنەکەی هیچ سـوودێکی نەبوو، هەمووان ئەو بیرۆکەیان بەدڵ بوو.

ڕۆیشـتین و مریشـکێکمان هەڵبژارد، دانەیەکی کز بوو، دواتر لەناو کیسـەکمان کرد و هەر شـەشـمان بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی بەرازە بەناوبانگەکانی میلیکێتی ببینین. سـواری پاسـکیلەکانمان بووین و بەسـەر زەمینە گەرمەکەدا کە خۆر سـووتاندبووی لێمانخوڕی.

سـلڤاتۆری ڕاسـتی دەکرد، زەوی میلیکێتی زۆر دوور بوو. کاتێک گەیشتینە ئەوێ، ئەوا قورگمان وشک بووبوو و سەرمان بە هۆی تیشکی گەرمی خۆرەوە هەڵمی لێ هەڵدەستا.

میلیکێتی لە ژێر کەپرێکی قووپاودا دانیشـت بوو و چاولیکە ڕەشەکانی لەسەری چاوەکانی دانابوو.

کۆگایەکەی کە لە نزیک گۆڕەپانەکەی بوو بە پارچە ئاسنی تەنک و ژەنگاوی داپۆشرابوو، لە گۆڕەپانەکەش چەندین شتی چیتر بەکارنەهاتووی لێبوو وەکو: پێچکەی تراکتۆر، ئۆتۆمبێلێکی "بیانکینا"ی ژەنگخواروو، چەند کورسییەکی شکاو، مێزەیەکی پێ پایە، وە لە سەروو تەختەیەک کە ڕووەکی خۆهەڵواسەر پۆشی بووی کۆمەڵێک کەللەسەری مانگا بوونیان هەبوو کە دیار بوو باران و تیشکی خۆر ڕەنگیان گۆڕی بوو، وە کەڵلەسەری بێ قۆچی ئاژەڵێکی تریش بوونی هەبوو، دەبێت چ ئاژەڵێک بووبێت؟ وە سەگێکی کز کە پێستی بە ئێسکەکانییەوە نووسابوو بە زنجیرێک بەسترابۆوە لەوێ دەوەڕی.

لە خوارووی زەمینەکە لە بەشی کۆتایی لە نزیک چاڵێک چەند کۆخێک بوونیان هەبوو کە لە پلێتی تەنەکە درووستکرابوون، وە پشتیری بەرازەکانیش هەر لەوێ بوو. چاڵەکە بە هۆی بارانەوە درووست بوو، بارانێک کە چاڵی لە نێوان بەردەکاندا درووست کردبوو. لەناو چاڵەکەدا کە گڵەکەی سوور بوو کۆمەڵێک ڕووەکی سەر تیژی سپی درووست بووبوون، وە لەگەڵ ئەوەش چەند لق و پەلێکی پێچراوی سەوز هاتبوونە دەرەوە.

میلیکێتی وەکو مۆمیایەک وابوو، پێستی شۆڕ بووبوۆە و هیچ موویەکی پێوە نەبوو، هەڵبەتە جگە لەو تاڵە مووە سپییەی کە لەسەر سنگی بوو. هەمیشە بە دەوری ملیدا شتێکی دەبەست کە لە پارچەیەک پلاستیک دەچوو و هەر بە پلاستیکی سەوزیش بەستبوویەوە. پانتۆڵێکی ڕەشی کورتی لەبەردا بوو و دوو نەعلی پلاستیکی ڕەنگ قاوەیی لەپێدا بوو. کاتێک گەیشتینە ئەوێ، ئەوا ئێمەی بینی، بەڵام هیچی نەکرد. لەوانەیە وایزانیبێت کە ئێمە تەنیا ساوێرێکین (ساوێر خەیاڵێکە کە مرۆڤ دەیبینێت-

وەرگێڕ)، ئەمەش ســــەیر نییە چونکە جگە لە هەندێک گەڵابەی عەلەف، ئەوا ئەو ڕێگایە هەرگیز هیچ کەسێکی پێدا نایەت.
شوێنەکە بۆنی میزی لێوە دەهات، وە مێشوولەش بە ڕاددەیەک زۆر بوون کە نەدەمژێردران. میلیکێتی گرنگیــان پێ نەدەدا، تەنانەت کاتێکیش دەهاتنە ســــەر ســــەر و چاوەکانی، تەنیا ئەو کاتە لە خۆی دوور دەخســــتنەوە کە دەهاتنەوە ســــەر دەمی ئەویش بە فووکردن لێیان.
کەللەســەر ڕۆیشــتە پێشــەوە و گوتی: بەڕێزم، زۆرمان تینووە، ئاوت لایە؟
بۆ ئەمە ئاســــوودە نەبووم چونکە کەســــێکی وەکو میلیکێتی دەیتوانی تەقەمان لێ بکات یان فڕێیدابایین بۆ بەرازەکانی یاخود ئاوێکی ژەهراوی پێدابووباین.
جارێکیان باوکم بۆی باســی ئەوە کردم کە کەســێک لە ئەمریکا دەریــاچەیەکی بچووکی هەبوو کە تێیــدا تیمســــــاحی بەخێو دەکردن، هەر کەســێک ڕۆیشــتبووبا بۆ لای ئەو، ئەوا دەیبردە ماڵەوە و لەوێ لە ســەری دەدا و بێ هۆشــی دەکرد، دواتریش فڕێیدەدایە ناو تیمســــاحەکان تاکو بیخۆن. کە پۆلیســـیش هاتن تاکو قۆڵبەستی بکەن، ئەوا خۆی فڕێدایە ناو تیمساحەکان تاکو بیخۆن چونکە ئەوەی بەلاوە پەسەندتر بوو لەوەی کە بچێت بۆ بەندیخانە. (میلیکێتی)یش هەمان توانستی هەبوو.
میلیکێتی چــاویلکەکەی بەرز کردەوە و گوتی: ئەوە لێرە چی دەکەن بچکۆلینە؟ زۆر لە ماڵەوە دوورکەوتوونەوە.
باربرا لەپڕ پرســی: ئەرێ بەڕێزم ڕاســتە کە ســەگی کچەکەت دەرخواردی بەرازەکانت داوە؟
کە ئەمەی گوت ڕێک خەریک بوو بمرم، کەللەســەر بە نیگایەکی ڕقەوە سەیری کرد و (سلڤاتۆری)ش شەقێکی لە قاچی دا.

میلیکێتی بەمە لە پێکەنینـان تەقییەوە، بە ڕاددەیەک پێکەنی کە تووشی کۆخەیەکی توند بوو، کە هاتەوە سەر خۆی گوتی: کێ ئەم شتە بێ مانایەی پێ گوتوویت بچکۆل؟

ئاماژەی بە کەللەسەر دا و گوتی: ئەو!

کەللەســـەر بە هۆی شـــەرمەوە ســـوور بۆوە و ســـەری نزم کردەوە، بە ڕاددەیەک نزمی کردەوە کە تەنیا نەعلەکانی خۆی دەبینی.

دەزانم کە بۆچی باربرا ئەمەی گوت.

پێش چەند ڕۆژێک پێشـبڕکێی هاویشـتنی بەردمان کرد و باربرا دۆڕا، کەللەسـەر سزای ئەوەی بەسـەردا سـەپاند کە کراسـەکەی دانێت و مەمکەکانیمان نیشان بدات. ئەو کاتە تەمەنی یازدە ساڵ بوو و مەمکەکانی بچووک بوون، بە پێچەوانەی دوای دوو ساڵ کە قەبارەیان زۆر گەورە بوو بوو. باربرا ئەوەی ڕەت کردەوە، بۆیە کەللەســـەر هەڕەشـــەی لێکرد و گوتی: ئەگەر ئەمە ئەنجام نەدەیت، ئەوا جارێکی تر بۆت نییە بێیتەوە ناومان.

ئەوەم بەدڵ نەبوو، ئەوە سزایەکی نادادپەروەرانە بوو. حەزم بە باربرا نەدەهات، کەسێک بوو کە هەر هەلێکی بۆ ڕەخسابا، ئەوا خیانەتی لێ دەکریت، بەڵام نیشـاندانی مەمکەکانی شتێکی ناڕەوا بوو.

بەڵام کەللەســـەر پێداگیری کرد. "یان ئەوەتا نیشـــانمان دەدەیت، یان ئەوەتا هەر ئێستا جێمان دێڵیت."

باربرا بە بێدەنگی ئەوەی ئەنجام دا.

خۆم بۆ نەگیرا و ســــەیرم کرد، ئەوە یەکەم جـارێک بوو کە ســــنگی ڕووتی مێیەک ببینم، هەڵبەتە جگە لە دایکم، ئەوەش کـاتێک ڕوویـدا کە (ئێڤلینـا)ی کچە مـامم هـاتبوو بۆ لامـان و ماوەیەک مایەوە.

خۆم جــار جــار خەیــاڵم بۆ ئەوە دەچوو کە حەزم بە جۆرە مەمکێک دێت، ئەوەی (باربرا)م بەدڵ نەبوو، وەکو چەورایی ژێر پێست وابوون، ناشیرین بوون.

بــاربرا ئەو ڕووداوەی هەرگیز لەبیر نەکرد، هەر لەو کــاتەوە بڕیاریدا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆڵە لە کەللەسەر بکاتەوە.

-کەوایە تۆ بوویــت کە ئەم چیرۆکەت گێڕاوەتەوە کە من سەگەکەم دەرخواردی بەرازەکانم داوە.

سنگی کەمێک خوراند و دواتر گوتی: ناوی ئۆگۆستۆ بوو، وەکو ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی. تەمەنی ســێزدە ســاڵ بوو کاتێک مرد. بە هۆی ئێســـــکی مریشـــــکەوە کە لە قورگیدا مابۆوە مرد، وەکو مرۆڤێک چاڵم بۆ هەڵکەند و ناشتم.

دواتر سەرە پەنجەی دۆشاوەمژەی ئاڕاستەی کەللەسەر کرد و گوتی: دڵنیام کە لە هەمووانیان گەورەتریت، وایە؟

"نابێت درۆ بکەیت و بوختان بۆ خەڵک بکەیت، هەمیشە پێویستە ڕاســـتییەکەی بڵێیت، بە تایبەتی لە بەردەم ئەوانەی کە لە خۆت بچووکترن. هەمیشــــە ڕاســـتییەکەی بڵێ، لە بەردەم خەڵک، لە بەردەم خودا، وە لە بەردەم خۆشتدا، تێگەیشتیت؟".

میلیکێتی کە ئەم قســانەی دەکرد، ئەوا لە قەشــەیەک دەچوو کە ئامۆژگاری دەکرد.

باربرا پرسی: کەوایە لەناو ماڵەکەدا میزی نەدەکرد؟

میلیکێتی ویســتی بە ســەر بادانێک بڵێت نەخێر، بەڵام ئەوەی لە ملیدا بوو ڕێگری لێ کرد.

"ســــەگێکی باش بوو، وە ڕاوچییەکی باشــــی جرج بوو، بیری دەکەم."

دوای ئەمە ئاماژەی بە بەلوعەیەک دا و گوتی: ئەگەر تینووتانە، ئەوا ئــاو لەو بەلوعەیە بخۆنەوە. ســـــازگــارترین ئــاوی ئەم ناوچەیەیە، ئەمە پێداهەڵدان نییە.

بە ڕاددەیەک ئاومان خواردەوە کە خەریک بوو بتەقین، ئاوێکی ســارد و ســازگار بوو. دوای خواردنەوەکە دەســتمان کرد بە پرژاندنی ئاو بە یەکتریدا، دوای ئەمەش ســەرمان خســتە ژێر بەلوعەکە و خۆمان تەڕ کرد.
کەللەســەر دەیگوت کە میلیکێتی مرۆڤێکی چەپەڵە، دەیگوت لەوە دڵنیـایە کە ســەگەکەی دەرخواردی بەرازەکـانی داوە. دواتر ســەیری (باربرا)ی کرد و گوتی: باجێکی قورس لەســەر ئەم کارەت دەدەیت.
دواتر بە منگەوە لێمان دوورکەوتەوە و لەو دیوی ڕێگایەکە بە تەنیا دانیشــت. من و سـلڤاتۆری و (ریمۆ)ش دەســتمان کرد بە ڕاوکردنی بەچکە بۆقەکان، وە (ماریا)ی خوشــکم و (باربرا)ش لای حەوزەکە مانەوە و قاچیان خستە ناو ئاوەکە.
دوای چەند خولەکێک کەللەسەر بە جۆش و وزەیەکی زۆرەوە گەڕایەوە لامان.
"سەیرکەن! سەیرکەن! سەیرکەن چەندە گەورەیە!"
ئاوڕمان دایەوە.
-چ شتێک؟
-ئەوە!
گردێک بوو. لە نانی بانیتۆن (نانێکە کە کشــمیش و چەند تۆوێکی تری تێدەکرێت، بە بۆنەی ســاڵیادی لەدایک بوونی مەســیح و ســەری ســاڵی نوێی زایینی دەخورێت، شــێوەی لە قەبەیەک دەچێت) دەچوو کە زەبەلاحێک لەناو ئەو زەوییە پانەی دانـاوە. گردەکە لە دووری دوو کیلۆمەترەوە لێمـان دیـار بوو، قەبارەیەکی زەبەلاح و ڕەنگێکی زێڕینی هەبوو، گوڵەگەنم وەکو مووی ســەر جەســتە دایپۆشــی بوو، هیچ درەختێک یان شـتێک بوونی نەبوو کە لە جوانی ئەو گردەی تێکدابا. ئـاســمـان لە دەوری وەکو تەمێک دەردەکەوت، گردەکانی پشــتیشــی وەکو

کورتەبـاڵایەک لە بەرامبەر ئەودا دەردەکەوتن. نـازانم بۆچی پێشووتر سەرنجمان نەڕۆیشتە سەری، بینیمان...
بەڵام درکمـان بە بوونی نەکرد، لەوانەیە هۆکـارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەگەڵ دیمەنەکە تێکەڵ بووبوو، یـاخود لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بووبێت کە تەنیا ســەرنجمان لەســەر ڕێگای چوون بوو بۆ لای زەوی میلیکێتی.
کەللەسەر ئاماژەی پێدا و گوتی: با سەرکەوینە سەری.
منیش گوتم: بڵێیت چی لە سەرەوە بێت؟
بە دڵنیاییەوە شــوێنێکی ســەیرە، لەوانەیە هەندێک ئاژەڵی نامۆ لەســەری بژین. هەرگیز هیچ کام لە ئێمە بەســەر بەرزاییەکی ئاوادا سەرنەکەوتووە.
سـلڤاتۆری دەسـتەکانی خسـتە سـەروو چاوەکانی تاکو تیشـکی خۆر لێی نەدات و باش ببیینێت، دوای ئەمە گوتی: دڵنیام کە لە سەروو ئەو گردەوە دەتوانین دەریا ببینین، دەی... با سەرکەوینە سەری.
هەمووومان بە بێدەنگییەوە سەیرمان کرد.
ســەرکێشــییەکی گەورە بوو، لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەوە و بەرازەکانی (میلیکێتی)دا بوونی نەبوو.
دوای مـاوەیەک بێدەنگی گوتم: کە گەیشــتینە ســەری، ئەوا ئاڵایەکی لەســەر دەچەقێنین بۆ ئەوەی هەر کەســێک ڕۆیشــتە سەر ئەوێ بزانێت کە سەرەتا ئێمە لەوێ بووین.
سلڤاتۆری پرسی: ئاڵا؟ هیچ ئاڵایەک نابینم.
-مریشکەکەی لەسەر دەچەقێنین.
کەللەسەر کیسەکەی گرت و بە هەوادا سووڕاندییەوە لە کاتێکدا بە هـاوارەوە دەیگوت: ملی بـادەدەین و دواتر بە مردوویی دەیخەینە ســەر دارێکی باریک، پاش ماوەیەک تەنیا ئێسـکەکانی دەمێنێتەوە. من دەیبەم.

مریشـــکێک کە بە دارێکەوە چەقێندراوە، هەرچی ئەوە ببینێت، ئەوا وادەزانێت کە ئەوە جادووگەرەکان جێیان هێشتووە.
بەڵام کەللەســەر گوتی: با ســەرکەوین! هەمووتان بە یەک هێڵی ڕاسـت بوەسـتن، هیچ کەسـێک لە پشـت ئەوی تر نەبێت، ئەوەی کۆتا کەس بگات دۆڕاوە و دەبێت سزایەکە قبووڵ بکات.
بە بێ دەنگییەوە سەیرمان کرد، ئەوەمان بەلاوە سەیر بوو.
ئەمە پێشبڕکێ بوو! بەڵام بۆچی؟
شتەکە ئاشکرا بوو، دەیەویست تۆڵە لە باربرا بکاتەوە، دەیزانی کە کۆتا کەســێک دەبێت کە دەگاتە ســەر گردەکە، بۆیە ناچار دەبێت سزایەکە قبووڵ بکات.
سـەرنجم بۆ لای خوشـکەکەم ڕۆیشـت، ئەو لەوە بچووکتر بوو کە بەســـەر گردێکی ئاوا گەورەدا ســـەربکەوێت، بەدڵنیاییەوە دەدۆڕێت.
باربرا نارەزایەتی بە سەرە پەنجەی دەربڕی، لەوە تێگەیشت کە کەللەسەر دەیەویست چی بکات.
-یانی "یانی چی؟" ئەمە پێشـــبڕکێیە، خۆی لەگەڵمان هاتووە، ئەگەریش بەشـــداری ناکات، ئەوا دەبێت لە خوارەوە چاوەڕێ بکات.
ئەمە مەحاڵە، ناتوانم ماریا بە تەنیا جێبهێڵم.
چیرۆکی تیمســاحەکانم بۆ کەللەســەر گێڕایەوە. درووســتە کە میلیکێتی لەگەڵمـان میهرەبـان بوو، بەڵام نـاتوانم متمـانەی پێ بکەم. ئەگەر بیکوژێت، ئەوا چی بە دایکم بڵێم؟
"ئەگەر خوشکەکەم بمێنێتەوە، ئەوا منیش دەمێنمەوە."
لە بەرامبەر ئەم قسەیەدا ماریا گوتی: من بچووک نیم، دەمەوێت منیش بەشداری بکەم.
-تۆ بێدەنگبە!

کەللەسەر بڕیاری خۆی دا، گوتی دەتوانێت لەگەڵمان بێت، بەڵام بەشداری ناکات.
پاسکیلەکانمان لای بەلوعەکە جێهێشت و بەڕێکەوتین.
پێڵاوەکانم بۆ ماریا لەپێ کرد.
-ئایا دەتوانیت بڕۆیت؟
-نەخێر، ئازاری زۆرە.
-چاوەڕێکە.
دوو جار فووم لە قاچی کرد، دواتر مشـــتێک خۆڵم هەڵگرت و تفم پێدا کرد، دوای ئەمەش بە نەرمی بەسەر سەر پێیمدا هێنا.
-بەم شێوەیە ئازارەکەی کەم دەبێتەوە.
دەمزانی کە ســـوودی نابێت، ئەوە تەنیا ســـوودی بۆ پێوەدانی هەنگ و سووتان هەبوو نەوەکو بادان، بەڵام لەوانەیە بڕوا بەوە بکات.
-ئێستا باشترە؟
بە قۆڵی لووتی خاوێن کردەوە و دواتر گوتی: شتێک باشترە.
-دەتوانیت بڕۆیت؟
-بەڵێ.
دەستم گرت و گوتم: کەوایە وەرە، وره بە خۆت بدە ئەگینا کۆتا کەس دەبین، دواتر بەرەو لووتکەی گردەکە بەڕێکەوتین. ماریا هەر سەرە پێنج خوولەکێک دەوەستا تاکو پشوو بە قاچی بدات. ســـوپاس بۆ خوا کە شـــنەبایەک هات، بەناو گوڵەگەنمەکاندا دەڕۆیشـــت، دەنگی وەکو هەناســـەدان وابوو. هەســـتم کرد ئاژەڵێکی ڕەش بە خێرایی بە تەنیشـــتماندا تێپەڕی، لەوانەیە گورگ بووبێت، بەڵام گورگ لەم ناوچەیە بوونیان نییە، بۆیە دیارە سەگێک یان ڕێوییەک بووە. سەرکەوتنێکی درێژخایەن و ناخۆش بوو، وەکو ئەوە وابوو کە هەرگیز کۆتایی پێنایەت، ئەوەی دەمبینی تەنیا گوڵەگەنم بوو. بەڵام کاتێک ئاسمانم بینی،

ئەوا زانیم کە زۆرمـان نەمـاوە بگەینە لووتکەکەی. بێ ئەوەی درکی پێ بکەین، ئەوا لەسەر لووتکەکە وەستابووین.
هیچ شـتێکی سـەرنجڕاکێشـم نەبینی، وەکو بەشـەکانی تری بە گوڵەگەنم داپۆشـرابوو. هەمان گڵی سـوور بوو کە بەسـەریدا دەڕۆیشـتین، هەمان ئەو تیشـکی خۆرە سـووتێنەرە بوو کە لێی دەداین. سـەیری ئاسـۆم کرد، وەکو شـیرێک وابوو و بەردەمی گرتبووین. دەریـامـان نەبینی، بەڵام گردەکـانی ترمـان بینی، وە زەوی میلیکێتی پەرژینکراو و ڕێگا سـپییەکەمان بینی کە بەناو زەوییەکاندا دەڕۆیشـتن، ئەو ڕێگایەی کە بە پاسـکیلەکانمان بڕیمان. شـارۆچکەکە زۆر بچووک دیار بوو، ئاکوا تراڤرسـی. چوار خانوو لەگەڵ ڤێلایەکی کۆن کە لەناو زەوی گوڵەگەنمەکاندا بەربڵاو بووبوون. بەڵام لوچیـانۆ دیـار نەبوو... گونـدێکی نزیک ئێمە، تەم داپۆشی بوو.
خوشکەکەم گوتی: بەرزم بکەوە، منیش دەمەوێت ببینم!
خسـتمە سـەر شـانم، بەڵام بۆ ئەو چ سـوودێکی هەبوو؟ خۆ بێ چاویلکەکانی هیچی نەدەبینی.
"ئەوانی تر لە کوێن؟"
لەو شـوێنەی پێیـدا ڕۆیشـتبوون بە تەواوی ڕێکی گوڵەگەنمەکـانیـان تێکـدابوو، زۆرینەی لقە بچووکەکـان چەمابوونەوە و تێکشـکابوون. بەدوای شـوێنەواری بەشـەکەی تری گردەکە کەوتین.
ماریا بە توندی دەسـتی گوشـیم و نینۆنەکانی لەناو پێسـتمدا چەقاند.
"ئای خوایە!"
ئاوڕم دایەوە.
ئەنجامیان دا، مریشـکەکەیان کوشـتبوو و بە دارێکەوە لەسـەر زەوی چەقاندبوویـان. قاچ و باڵەکانی کردبوونەوە، وەکو ئەوە

وابوو پێش مەرگی خۆی خستبێتە ژێر دەستی مەرگ، سەری خوێناویشی وەکو ملوانکەیەک بە شێوەیەکی خراپ شۆڕ بووبۆوە. دڵۆپەی خوێنی چڕ و سوور بە دەنووکیدا دەهاتە خوارەوە، بەشێکی قەفەزی سنگی هاتبووە دەرەوە، وە کۆمەڵە مێشێکی زۆریش لە دەوری کۆبووبوونەوە و ڕۆیشتبوونە سەر چاوەکانی و خوێنی ڕژاوی.
کە ئەوەم بینی، ئەوا مووچرک بە پشتمدا هات.
بەڕێکەوتینەوە، دوای ئەوەی پشتەوەی گردەکەمان تێپەڕاند، ئەوا ڕۆیشتینە خوارەوە.
دەبێت ئەوانی تر بۆ کوێ ڕۆیشتبن؟ بۆچی بەو لایەدا ڕۆیشتوونە خوارەوە؟
بیست مەتری تر ڕۆیشتین و ئەوەمان بۆ دەرکەوت. گردەکە بازنەیی نەبوو، دواوەی گردەکە وەکو کامەیەک وابوو کە بە شێوەیەکی لێک ئاڵاو درێژ بووبۆوە. لە ناوەڕاستیدا دۆڵێکی تەسک هەبوو کە تەنیا لە سەروو گردەکە یان لە ئاسمانەوە دەبینرا.
ئاسانە کە بە قوڕ نموونەیەک لە گردەکە دروووست بکەین. سەرەتا پێویستە تۆپێک دروووست بکەین، دواتر دەیکەین بە دوو بەش، دانەیەکیان لەسەر مێزەکە دانێ و ئەوی تریش بخە سەر شێوەی کرمێک و بە دواوەی تۆپەکەی بلکێنە، دواتر لە ناوەڕاستیشیدا کەمێک نزمایی دروووست بکە.
ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لە ناوەندی ئەو نزمایییەدا کۆمەڵێک درەخت ڕوابوون. دارستانێکی داربەڕووی بچووک لەوێ هەبوو، لە ژێر ڕەحمی با و تیشکی خۆردا. لەناو درەختە خاوەن گەڵا سەوزەکان کۆخێکی کۆنی جێهێڵدراو هەبوو کە بە خشتی قاوەیی داپۆشرا بوو و پایەکانیشی لە تەختەیەکی پتەوی ڕەنگ تێر پێکهاتبوون.

به ڕێڕەوە بچووکەکەدا ڕۆیشتین و بەرەو دۆڵەکە بەڕێکەوتین. چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە درەختی زۆر و سـێبەر و سـەرما ببینم.
چیتر گوێمـان لە دەنگی قـالۆنچەکـان نەبوو، بەڵکو دەنگی چۆلەکەکان دەهات.
چەندین گوڵی ڕەنگ وەنەوشـەیی هەبوون و گیایەکی سـەوزی جوانی بۆن خۆشـیش زەمینەکەی داگیر کردبوو، شـوێنێک بوو کە حەزت دەکرد تێیدا لە ژێر درەختێکدا ڕاکشێیت و بخەویت.
لەپڕ سلڤاتۆری وەکو خێوێک دەرکەوت.

-دەیبینیت؟ بەڕاستی ناوازەیە!
-بەڵێ، ناوازەیە!
دوای ئەمە بۆ چەند ساتێک سەیری دەوروبەرم کرد تاکو بزانم هیچ جۆگەیەک یان کانییەک هەیە تاکو ئاو بخۆمەوە.
-بۆچی وا زۆرت پێچوو؟ وامزانی گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە.
-نەخێر، خوشـــکەکەم پێی بـاداوە، لەبەر ئەمە بوو... زۆرم تینووە، دەبێت ئاو بخۆمەوە.
ســـلڤاتۆری دەبەیەکی هێنایەوە دەرەوە و گوتی: هەر ئەمەندە ئاوە ماوە.
من و ماریا وەکو خوشک و برایەکی هاوسۆز ئاوەکەمان بەش کرد، تەنیا بای ئەوەندەی تێدابوو کە لێوەکانمانی پێ تەڕ بکەین. "کێ یاریەکەی بردەوە؟" هزرم لەســـەر ســـزایەکە بوو. زۆر ماندوو بووم، بۆیە هیوام دەخواسـت ئەم جارە کەللەسـەر هیچ سزایەکم بەسەردا نەنوێنێت یاخود بەلایەنی کەمەوە بۆ کاتێکی تری هەڵگرێت.
-کەللەسەر.
-ئەی تۆ؟

-دووەم بووم، (ریمۆ)ش سێیەم بوو.
-ئەی باربرا؟
-کۆتا کەس بوو، وەکو هەمیشە.
-کێ سزا دەدرێت؟
-کەللەسەر گوتی کە باربرا سزا دەدرێت، بەڵام ئەو نارِەزایەتی نواند و گوتی دەبێت تۆ سزا بدرێیت بەوەی کە کۆتا کەسێک بوویت گەیشتیت.
-ئەی ئەنجام؟
-نازانم، ئەوانم جێهێشت و کەمێک بەم دەورەدا گەرِام، لەو سزایانە بێزار بووم.
دواتر پێکەوە بەرەو کۆخە چۆڵکراوەکە بەرِێکەوتین.
بە شێوەیەکی سەیر لە شوێنی خۆی بە سەلامەتی مابۆوە، لەسەر زەوییەک بوو کە بە لقی دار بەرِوو داپۆشرا بوو. درز و بۆشایی گەورە هەر لە خوارەوەی کۆخەکە تاکو سەقفەکەی هەبوون، دەرگا و پەنجەرەکانیش تەنیا پاشماوەیان مابوو و هیچی تر. درەختێکی هەنجیر لەناویدا درووست بووبوو، لقەکانی پلیکانەکانی داپۆشی بوو و رِەگەکەشی خودی پلیکانەکانی تێکشکاندبوو. لە نهۆمی سەرەوە هێشتا دەرگایەک بوونی مابوو، دەرگایەکی شینی کۆن. دەرگایەکە کە لە تەختە درووست کرابوو داخورابوو و لە هەمان کاتیشدا بە هۆی بەرکەوتەی زۆری خۆرەوە توێکڵی هەڵدابوو. کۆخەکە لەسەر زەوییەکی شێوە قەوسی درووست کرابوو کە ناوەوەی هۆڵێکی گەورەی خاوەن سەقفی شێوە قەببەیی تێدابوو. چەند پایەیەکی تەختە خسترابوون ژێر ئەو بەشانەی سەقفەکە کە خەریک دەبوو برِووخێن. زەوی کۆخەکە بە پیسایی وشک و خۆڵەمێش و چەند تەلیسێک لە پاشماوە و بەرد داپۆشرابوو. دیوی

دەرەوەی دیوارەکان ڕەنگیان بە گشــتی لەدەســتدابوو، ئێســتا ڕەنگێکی کاڵیان هەبوو.
کەللەسەر لەسەر حەوزێکی ئاو دانیشت بوو و بەردی بە پارچە تەنەکەیەک دادەدا کە ژەنگ خواردبووی، ئێمەی بینی.
"لە کۆتاییدا گەیشتیت..."
دوای ئەمەش گوتی: ئەم شوێنە موڵکی منە.
-موڵکی تۆیە؟
-موڵکی منە چونکە پێش ئێوە بینیم، کێش سەرەتا شتێکی بینی ئەوا موڵکی خۆیەتی.
لە پشــتەوە یەکێک لەپڕ پاڵی پێوەنام، خەریک بوو بکەومە ســەر زەوی.
باربرا بوو، کراســـەکەی پیس بووبوو و قژی هەڵاوســـابوو، بە ڕوویەکی گرژی سوورەوە سەیری کردم وەکو ئەوەی بیەوێت شەڕم لەگەڵدا بکات.
"ئێستا سەرەی تۆیە، کۆتا کەس گەیشتیتە ئێرە، پێشبڕکێیەکەت دۆڕاند!"
وەکو ئەوەی خۆم بۆ شـــەڕ ئامادەکردبێت ئەوا گوتم: گەڕامەوە بۆ دواوە، ئەگەر وام نەکردبا ئەوا ســـێیەم کەس دەگەیشـــتمە ئێرە، ئەمە باش دەزانیت.
"جا ئەمە چ پەیوەندییەکی بەم باسەوە هەیە؟ تۆ دۆڕایت!"
لە کەللەسەرم پرسی: کێ سزا دەدرێت، من یان ئەو؟
ماوەیەکی پێچوو تاکو وەڵامی دایەوە، دواتر ئاماژەی بە باربرا دا.
"بینیت؟! بینیت؟!" ئای لەو ســـاتەدا کەللەســـەرم چەندە خۆش دەویست.
باربرا لە داخی ئەمە بە توندی پێیەکانی لە زەوی دەدا.

"ناداپەروەرییە! ئەمە ناداپەروەرییە! بۆچی هەمیشـــــە من؟ بۆچی من؟!"
نازانم بۆچی، بەڵام ئەو کاتە یەکێک هەبوو کە لەجیاتی ئەوانی تر سـزا دەدرا، ئەو کەسـەش باربرا مۆرا بوو، (باربرا)ی قەڵەو، ئەو هەمیشە قوربانی بوو.
دڵتەنگ بووم بەوەی کە ســزا دەدرا، بەڵام لە هەمان کاتیشـــدا دڵخۆشم بووم کە لە جێگای ئەو نەبووم.
باربرا بە هۆی شپرزەیی زۆرەوە وەکو کەرکەدەنێک دەڕۆیشتە لای ئەو و ئەو.
"با دەنگ بدەین، نابێت بڕیاری کۆتایی هەمیشە لە دەستی ئەودا بێت!"
دوای دوازدە ساڵ هێشتا تێنەگەیشتم چۆن بوو بەرگەی ئێمەی گرتبوو، لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕابێتەوە کە نەیدەویست تەنیا بێت.
کەللەسـەر گوتی: باشــە، با دەنگ بدەین، من دەنگ بەوە دەدەم کە تۆ سزا بدرێیت.
منیش گوتم: هەروەها منیش.
(ماریا)ش وەکو تووتییەک قسەی منی دووبارە کردەوە و گوتی: هەروەها منیش.
دواتر چاومان ڕۆیشتە سەر سلڤاتۆری، هیچ کەسێک نەیدەتوانی دەنگ نەدات، ئەوە یاسایەکە بوو.
ســــلڤاتۆری ناچار بە دەنگێکی کز و نزمەوە گوتی: هەروەها منیش.
دوای ئەوەش ریمۆ بە هەمان شێوە دەنگی دا.
کەللەسەر لە کۆتاییدا گوتی: بینیت؟ پێنج دەنگ لە دژی تۆ هەن، ئێستا دەبێت سزایەکەی قبووڵ بکەیت.

باربرا منگەیەکی کرد و لێوەکانی گەست و دەستەکانی لەسەر شێوەی مست کۆکردەوە. بینیم شتێکی قوتدا، تفی خۆی بوو. سەری لقاند، بەڵام نەگریا.

ئەو خۆگرتنەی مایەی ڕێز بوو.

"پێویستە... چی بکەم؟"

کەللەسەر دەستی بردە دواوە و ئارەقی سەر ملی سڕییەوە، مێشکی پیسی دەستی کرد بە کارکردن.

"پێویستە نیشانمان بدەیت... پێویستە نیشانی هەموومانی بدەیت."

باربرا خەریک دەبوو هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات.

"چیتان نیشان بدەم؟."

جارەکەی تر مەمکەکانت نیشانی ئێمە دا، ئەم جارە هینت (ئەندامی مێینە) نیشانمان بدە، هینە مواوییەکەت، پانتۆڵەکەت دانێ و نیشانمان بدە.

دوای ئەمە وەکو شەیتانێک پێکەنی. چاوەڕێی دەکرد ئێمەش وەکو ئەو پێبکەنین، بەڵام هیچ کەسێک نەجووڵا و هیچ کەسێک قسەی نەکرد، وەکو ئەوەی بایەک لە بەستەڵەکی باکوورەوە هاتبێت و ئێمەی لەناو ئەو دۆڵەدا ڕەق کردبێت.

سزایەکی توند بوو، هیچ کام لە ئێمە نەیدەویست هینی باربرا ببینێت. خودی ئەوە وەکو سزایەک بۆ ئێمەش بوو. هەستم کرد گەدەم ئازاری هەیە، دەمویست لەوێ دوورکەومەوە. ئەوە شتێکی پیس بوو... نازانم چۆن بیڵێم، ئەوەی داوای لێکرا شتێکی خراپ بوو. هەستم بە شەرم کرد کە ماریا لەو ساتەدا لەگەڵم بوو و گوێبیستی ئەوە بوو.

باربرا بە سەر لقاندنەوە گوتی: نەخێر، ئەوە مەحاڵە، باشترە لێم بدەیت نەوەکو ئەمە.

کەللەسەر پشتی ڕاست کردەوە و دەستەکانی لەناو گیرفانەکانی هاویشت. گوڵەگەنمێکی قەد باریکی لەناو دەمیدا هاویشت بوو و بە لێوەکانی یاری پێ دەکرد.
باربرا ڕووبەڕووی بۆوە، کەللەسەر زۆر لەو باڵا بەرزتر نەبوو، وە بەهێزتریش نەبوو. ئەگەر ئەو دووانە شـەڕ بکەن، ئەوا گرەو لەسـەر کەللەسـەر ناکەم، بە ئاسـانی لێی ناباتەوە. ئەگەر باربرا ئەو بخاتە سەر زەوی و لەسەری دانیشێت، ئەوا دەیخنکێنێت.
-دۆڕایت، بۆیە پانتۆڵەکەت دانێ، ئەمە فێرت دەکات کە جارێکی تر من شەرمەزار نەکەیتەوە.
-نەخێر، ئەنجامی نادەم!
ڕێک لەو ساتەدا کەللەسەر زللەی لێدا.
سـەروو لێوی باربرا وەکو لێوی ماسـی ئەسـتوور بوو بوو، دەسـتی لەسـەر ڕوومەتی دانا. نەگریا، تەنیا ڕووی لە ئێمە کرد و بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە گوتی: ئەی ئێوە چی؟ هیچ ناڵێن؟ ڕێک وەکو ئەون.
بێدەنگماینەوە.
-زۆرباشـە، جارێکی تر من نابیننەوە، سـوێند بە سـەری دایکم جارێکی تر من نابیننەوە!
-چی دەکەیت، دەگریت؟
کەللەسەر چێژێکی تایبەتی لەو دیمەنە دەبینی.
باربرا کە هەناسـەدانی خێرا و قووڵ بووبوو گوتی: نەخێر، ناگریم.
پانتۆڵێکی لۆکەیی ڕەنگ سـەوزی لەبەردا بوو کە لە سـەروو چۆکەکانییەوە دوو پارچە قوماشـی قاوەیی بوونیان هەبوو. پانتۆڵەکەی تەسـک بوو، ورگی لە سـەروو قایشـەکەی دەرکەوتبوو. قایشـەکەی کردەوە و دەسـتی کرد بە کردنەوەی قۆپچەکانی.

له کاتێکدا سەیری ئەو دیمەنەم دەکرد، ئەوا لەپڕ گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە گوتم: چاوەڕێکە! ئەوەی کۆتا کەس گەیشـــت من بووم.
هەمووان ڕوویان لە من کرد.
تفی خۆم قوتدایەوە و گوتم: من دەمەوێت!
ریمۆ پرسی: چیت دەوێت؟
-سزایەکە.
کەللەسەر بە توڕەییەکی زۆرەوە سەیری کردم.
-نەخێر، دەبێت ئەو سزا بدرێت، ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە!
-بەڵکو پەیوەنـدی بە منەوە هەیە، ئەوە منم کە کۆتـا کەس گەیشتمە ئێرە، ئەوە منم کە دەبێت سزا بدرێم!
کەللەســـەر لێم نزیک بۆوە و گوتی: نەخێر، من بڕیار لەســـەر ئەوە دەدەم.
قـاچەکـانم بە هۆی ترســـەوە دەلەرزین، نیگەرانی ئەوە بووم یەکێک سەرنجی ئەوە بدات.
"با دووبارە دەنگ بدەینەوە."
سلڤاتۆری هاتە نێوانمان و گوتی: ئەوە دەکرێت.
ئێمە یاســـامان هەبوو، یەکێک لەو یاســـایانەش ئەوە بوو کە دەمانتوانی دووبارە دەنگ بدەینەوە.
دەستم بەرز کردەوە و گوتم: من سزایەکەی قبووڵ دەکەم.
)ســـلڤاتۆری)ش دەســـتی بەرز کردەوە و گوتی: ســـزایەکە بۆ (میکێلی)یە.
باربرا بە گریانەوە قۆپچەکانی پانتۆڵەکەی داخســـتەوە و گوتی: سزایەکە بۆ (میکێلی)یە.
کەللەسـەر تووشـی شـۆک بووبوو، وەکو شـێتێک بە دوو چاوی زەقەوە سەیری (ریمۆ)ی کرد.
"ئەی تۆ؟"

ریمۆ بە منگەوە گوتی: سزایەکە بۆ (باربرا)یە.
لەو ساتەدا ماریا لێی پرسیم: ئەی من چی بکەم؟
ئاماژەم پێدا کە هاوڕای من بێت.
"سزایەکە بۆ برایەکەمە."
کە دەنگدانەکە تەواو بوو، ئەوا سـلڤاتۆری گوتی: چوار دەنگ لە دژی دووان، پێویستە میکێلی سزا بدرێت.
سـەرکەوتن بۆ نهۆمی سـەرەوە کارێکی ئاسـان نەبوو. هیچ پەیژەیەک بوونی نەبوو، پلیکانەکانیش تێکشـکابوون، بۆیە ناچار لە ڕێگەی لقەکانی درەختەکەوە سـەرکەوتمە سـەرەوە. دڕکی تووەکان قاچ و قۆڵەکانمی بریندار کرد، وە دانەیەکیش ڕوومەتی ڕاستی منی بریندار کرد.
نەمدەتوانی پلیکانەکان بەکاربێنم، ئەگەر ڕووخابان... ئەوا منیش دەکەوتم و نوقمی ئەو زەمینە دەبووم کە ڕووەک و گوڵی کێوی دایپۆشی بوو.
ئەمە سزایەکەی من بوو لە هەمبەر کارە پاڵەوانییەکەمدا.
"پێویسـتە سـەرکەویتە سـەر نهۆمی یەکەم، دواتر بڕۆ ناو کۆخەکە و هەمووی ببڕە تاکو دەگەیتە لای کۆتا پەنجەرە، دواتر بەسەر درەختەکەدا بازدە و وەرە خوارەوە".
ترسـی ئەوەم هەبوو کە کەللەسـەر داوام لێ بکات چووکی (ئەندامی نێرینە) خۆمیان نیشـان بدەم، یاخود هەر سـزایەکی تر بێت، چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد. ویسـتی سـزایەکی قورسـم بەسـەردا بسـەپێنێت، سـزایەک کە بە ئەگەری کەمەوە دەبوو بە هۆکاری شکانی ملم.
بەم شێوەیە باشترە.
دەمی خۆم داخست و بێ بۆڵە بەڕێکەوتم.
ئەوان لەژێر دار بەڕوویەک دانیشـت بوون و چێژیان لە دیمەنی شکانی سەری میکێلی ئامیترانۆ دەبینی.

جار جار گوێم لە ئامۆژگاریەکانیان دەبوو.
-بەوێدا برۆ.
-ڕێک برۆ.
-ئەویَ درکی زۆرە.
-کەمێک توو بخۆ تاکو وزەت زیاتر بێت.
بەڵام گوێم لە هیچ کامیان نەگرت.
لەسەر باڵکۆنییەکە بووم، ڕێڕەوێکی تەسک هەبوو لەنێوان درکەکان و دیوارەکەدا، پێیدا ڕۆیشتم و گەیشتمە لای دەرگایەکە. بە زنجیرێک داخرابوو، بەڵام زنجیرەکە ژەنگی هەڵهێنابوو و خراپ بووبوو، پاڵم بە دەرگایەکەوە نا و زنجیرەکە پسا، دەرگایەکە کرایەوە و دەنێگی نواند کە لە دەنگی ناڵەیەک دەچوو. ڕێک لەو ساتەدا کۆمەڵێک کۆتر دەرکەوتن و بە پێشمدا فڕین، بەرز بوونەوە و بە کونێکی سەقفەکەدا چوونە دەرەوە.
گوێم لە دەنگی کەللەسەر بوو کە پرسی: چۆنە؟ کۆخەکە لەناوەوە چۆنە؟
وەڵامم نەدایەوە، تەنیا سەرنجم لەسەر ئەوە بوو کە پێیەکانم لەسەر کویَ دانێم و وریای خۆم بم. خۆم لە ژوورێکی گەورە بینی، کۆمەڵێک لە خشتی زۆرم بینی کە لەسەر زەوییەکە بە شێوەیەکی شێواو بەربڵاو بوون، وە پایەیەکی دارینیش هەبوو کە بە هەڵواسراوی لە شوێنی خۆی مابۆوە. لە یەکێک لە سووچەکانی ژوورەکە ئاگردانێک هەبوو کە بە هۆی دووکەڵی زۆرەوە ڕەش بووبوو، لە سووچێکی تریش کۆمەڵێک کەرستەی ناو ماڵ هەبوون کە بریتی بوون لەمانە: سۆپایەکی هەڵگەڕاوی ژەنگاوی، کۆمەڵە بوتڵێک، چەند پارچەیەکی سیرامیکی شکاو، لەگەڵ سیسەمێکی خەوتنی کون بوو.
تەواوی شوێنەکە بە چڵک دایگرتبوو، چڵکێک کە بۆنەکەی دەڕۆیشتە ناو لووت و قوورگتەوە و وای لیَ دەکردیت بە

ئەســـتەم بتوانیت هەناســـە بدەیت. لەســـەر زەمینەکەش کە لە خشـــتی لمین پێکهـاتبوو گیـایەکی ئێجگـار زۆر ڕووابوو و داپۆشـــی بوو. لە خوارەوە لە ژوورەکەدا دەرگایەکی ســـوور هەبوو، بەدڵنیاییەوە ئەو دەرگایە دەیبردیت بۆ ژوورەکانی تر. دەبوایە بەوێدا ڕۆیشتبام.

پێم لەســـەر پایە دارینەکان دانا و دەنگیان لێوە هات، کەمێک خزانە خوارەوە. ئەو کاتە کێشـــم ســـی و پێنج کیلۆ بوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا بەرگەی ســـی و پێنج کیلۆ دەگرێت یان، باشتر بوو ئەوە تاقی نەکەمەوە.

بۆ گەیشـــتن بە دەرگـای بەردەمم بـاشـــتر بوو لە خۆم بە دیوارەکەوە بلکێنم، وەکو ســـەمـاکەرێکی بـالێ بە دەوری ژوورەکەدا بەســەر ســەرە پەنجەکانمدا ڕۆیشـتم. ئەگەر زەمینە دارینەکە ڕووخـابـا، ئەوا بە قووڵایی چوار مەتر دەکەوتمە خوارەوە و ئێسـکەکانم دەشـکان. بەڵام هیچ لەمانە ڕووی نەدا. لە ژوورەکەی تر کە قەبـارەکەی تـاکو ڕاددەیەک بە ئەنـدازەی قەبارەی چێشـــتخانەکە بوو زەمینەکە بە تەواوی لە هەردوولا ڕووخـابوو، جگە لە ڕێڕەوێک نەبێت کە لە پردێکی تەســـک دەچوو لەنێوان ئەو دەرگـایەی کە لێی وەســـتـاوم لەگەڵ ئەو دەرگایەی بەردەمم. لە کۆی ئەو شـــەش پایەی کە زەمینەکەیان ڕاگرتبوو، ئەوا تەنیـا دوو دانەیـان بە ســـەلامەتی مـابوونەوە، ئەوانی تر لەلایان مێرووی ســپییەوە خورابوون. نەمدەتوانی بە درێژایی دیوارەکـان بڕۆم، دەبوایە ئەو پردە تەســـکەم بڕیبـا. بڕوام نییە ئەو دوو پـایەی مـابوونەوە لە ئەوانی تر بـاشـــتر بووبن. لای دەرگایەکە لە شـــوێنی خۆم ڕەق بووم، نەمدەتوانی بکشـــێمەوە، ئەگەر وام کردبا ئەوا تاکو کۆتایی تەمەنم تانەیان لێ دەدام. بۆچی خۆم فڕێ نەدەمە خوارەوە؟ لەپڕ بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە ئەو چوار مەترە هیچ نییە و شـــتێکی خراپم

بەســـەر نایەت. دەتوانم بەوان بڵێم کە گەیشـــتن بە پەنجەرەکە کارێکی مەحاڵە.
بەڕاستی مێشک جار جار سیناریۆی سەیرت بۆ دەخاتە ڕوو.

دوای ئەم چیرۆکە پاش دە ســاڵ ڕۆیشــتم بۆ خلیســکێنی بەفر لەســـەر شـــاخی گران ســـاســۆ. ڕۆژێکی گونجاو نەبوو، بەفر دەباری و کەش ئێجگار ســـارد بوو، بایەکی توندیش دەســـتی پێکرد کە هەردوو گوێیەکـانی ســـوور دەکردیتەوە، تەمێکیش بوونی هەبوو. تەمەنم نۆزدە ســـاڵ بوو و تەنیـا جـارێک لە تەمەنمدا خلیســکێنم کردبوو. وروژابووم، بەلامەوە گرنگ نەبوو کاتێک ئەوانی تر دەیانگوت کە ئەوە کارێکی مەترســیدارە، تەنیا دەمویســت خلیســکێن بکەم. وەکو ئێســکیمۆیەک خۆم داپۆشــی، ڕۆیشـــتمە ســـەر ســـەرخەرە کارەباییەکە و بەرەو گۆڕەپانی خلیسکێنەکە بەڕێکەوتم. بایەکە بە ڕاددەیەک توند بوو کە کاری لە ســـەرخەرەکە کردبوو، جار جار دەوەســـتا و دواتر کاتێک توندی بایەکە کەم دەبۆوە دەســـتی بە کارکردن دەکردەوە. دە مەتر دەڕۆیشــت و دواتر بۆ چارەگە کاژێرێک دەوەســتا، دوای ئەمەش چل مەتری تر دەڕۆیشت و دووبارە دەوەستایەوە تاکو بیســت خوولەکی تر، بەمە خەریک بوو شـێت بم. مەودای بینین لە نەمانێکی تەواو نزیک بووبۆوە، ســـەرنشـــینی تریش دیار نەبوون. وردە وردە ســەرە پەنجەی پێیەکانم سڕ بوون و چیتر هەســـتم پێ نەدەکردن، دواتریش گوێیەکانم و ســـەرە پەنجەی دەستەکانم. هەوڵی ئەوەم دەدا کە ئەو بەفرەی بەسەرمدا باری بوو لاببەم، بەڵام ســوودی نەبوو بەوەی کە بەفر بە بەردەوامی و بە شـێوەیەکی نەرم و بێ دەنگ دەباری. لەپڕ هەستم کرد کە دەمەوێت بخەوم و هزرم هێواش کـار دەکـات. تەواوی هێزی خۆم کۆکردەوە، بە خۆم گوت کە ئەگەر بخەوم ئەوا هەموو

شـــتێک کۆتـایی پێدێت. هـاوارم کرد و داوای یـارمەتیم کرد، بایەکان وەڵامیان دامەوە. سـەیری خوارەوەم کرد، ڕێک لەسـەر گۆڕەپـانی خلیســـکێنەکە بووم، نزیکەی دە مەتر بەرز بووم. چیرۆکی ئەو فڕۆکەوانەم بیرهـاتەوە کە لە کـاتی جەنگدا خۆی فڕێدایە دەرەوەی فڕۆکەکەی، پەڕەشـووتەکەی نەکرایەوە، بەڵام نەمرد بەوەی کە لەسـەر بەفرێکی نەرم نیشـتەوە، دە مەتر زۆر نییە. ئەگەر بە شــێوەیەکی گونجاو خۆم فڕێ بدەم، ئەوا هیچم بەســەر نایەت وەکو چۆن فڕۆکەوانەکە هیچی بەســەر نەهات. بەشێکی مێشکم هەر دەیگوت: خۆت فڕێ بدە! خۆت فڕێ بدە!

بەربەسـتی سـەلامەتییەکەم لابرد و وردە وردە خۆم خزاند. بۆ خۆشبەختی خۆم، ئەوا ڕێک لەو ساتەدا سـەرخەرە کارەباییەکە دووبـارە جووڵایەوە، هزرم بۆ گەڕایەوە و بەربەســـتەکەم خسـتەوە شـوێنی خۆی. بەرزاییەکە کوشـندە بوو، ئەگەر خۆم فڕێدابا، ئەوا هەرە ئەگەرە کەمەکە ئەوە دەبوو کە ئیفلیج ببم.

لە کۆخەکە هەمان هەسـتم هەبوو، دەمویسـت خۆم فڕێ بدەمە ناو ئەو بۆشـــاییە. دواتر شـــتێکم بیرهاتەوە کە کاتی خۆی لە پەرتووکێکی سلڤاتۆری بەرچاوم کەوتبوو. دەیگوت کە مارمێلکە لە ڕێگەی دابەشـــکردنی کێشـــی بەســـەر تەواوی جەســـتەیدا دەتوانێت بەسەر دیوارەکان هەڵگەڕێت، کێشی جەستەی بەسەر چوار پەلەکـانی و زگ و کلکیـدا دابەش دەکـات. بەڵام بە پێچەوانەوە مرۆڤ کێشـــی جەســـتەی تەنیا بەســـەر پێیەکاندا دابەش دەکات، هەر بۆیەشـە خێرا و ئاسـان نوقمی لمی جووڵاو دەبێت.

پێویستە وەکو مارمێلکە بکەم!

کەوتمە ســەر ئەژنۆیەکانم و دواتر ڕاکشــامە ســەر زگم، دوای ئەمەش دەســـتم کرد بە خشـــان. لەگەڵ هەر جووڵەیەک، ئەوا

پارچەی قسـڵ و خشـت دەکەوتنە خوارەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: کێشت سووک بکە، وەکو مارمێلکە ببە.
هەسـتم بە پـایەکـان دەکرد کە دەلەرزین. بۆ مـاوەی پێنج خوولەکی تەواو بەم شـێوەیە خەریکی خشـان بووم، لە کۆتاییشدا بە سەلامەتی گەیشتم بە شوێنی مەبەست.
پـاڵم بە دەرگـایەکەوە نـا، کۆتـا دەرگـا بوو. لەو دیوی هۆڵەکە پەنجەرەکە دیار بوو. لقێکی درێژ بەرەو کۆخەکە درێژ بووبۆوە، سـەرکەوتم. ئێرەش زەمینەکەی ڕووخابوو، بەڵام تەنیا نیوەی، نیوەکەی تری خۆی ڕاگرتبوو. شـێوازەکەی پێشـووترم بەکارهێنـایەوە، بە درێژایی دیوارەکـان ڕۆیشـتم. لە خوارەوە هۆڵێکی تاریکم بینی کە تێیدا چەندین پاشـماوەی وەکو قوتووی تەمـاتەی سـپیکراو و لوولپێچی کۆنی بەکـارهـاتوو بوونیـان هەبوو، ئەوە مـانـای ئەوە بوو کە کەسـێک لەم مـاوەیەدا لێرە بووە.
بێ بوونی هیچ کێشـەیەک گەیشـتمە لای پەنجەرەکە، دواتر سـەیری خوارەوەم کرد. گۆڕەپـانێکی بچووک هەبوو کە بە ڕیزێک توو دەور درابوو، لە پشـت ئەوەش دارسـتانێک لە دار بەڕوو هەبوو. لەسەر زەوییەکە حەوزێکی شتنی بەردین هەبوو کە بنکەکەی شـکابوو، دەسـتێکی بەرزکەرەوەش کە ژەنگ خواردبووی لەگەڵ چەندین پارچە بەرد و بەردی داپۆشـراو بە لاسـکی ڕووەکی خۆهەڵواسـەر و بوتڵێکی غازی بەتاڵ بوونیان هەبوو.

ئەو لقەی کە دەمویسـت سـەربکەومە سـەری نزیک بوو، کەمتر لە مەترێک بوو، بەڵام بەو ڕاددەیە نزیک نەبوو کە بێ بـازدان بتوانم پێی بگەم. لقێکی گەورە و بـادراو بوو، ڕێک وەکو مـاری ئـاناکۆندا، درێژییەکەی زیـاتر لە پێنج مەتر دەبوو. بەدڵنیـاییەوە

بەرگەی کێشـــم دەگرێت، کە گەیشـــتمە کۆتاییەکەشـــی، ئەوا ڕێگایەک دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی بڕۆمە خوارەوە.
ڕۆیشـتمە سـەر لێواری پەنجەرەکە، نیشـانەی خاچم کێشـا و دواتر بازمدا. بینیم کە بەسـەر زگمدا لەسـەر لقەکەم، ویسـتم باوەشـی پێدا بکەم و نەکەوم، بەڵام زۆر گەورە بوو. هەوڵمدا قاچەکانم بە دەوریدا بهاڵێنم، بەڵام ئەوەش سـوودی نەبوو. دەسـتم کرد بە خزان، بۆیە هەوڵمدا دەسـت بگرم بە توێکڵی لقەکە. دواتر ڕێگایەکی دەربازبوونم بینی، لقێکی بچووکترم بینی کە نزیکەی چەند دە سـەنتیمەترێک لێمەوە دوور بوو. تەواوی هێزم کۆکردەوە و دواتر بە هەردوو دەسـتەکانم گرتم، لقێکی وشک بوو، شکا. بەسەر پشتمدا کەوتم، بێ کردنەوەی چاوەکانم هەر بە درێژ بوونەوە مامەوە، دڵنیا بووم کە ملم شـکاوە. هەسـتم بە هیچ جۆرە ئازارێک نەدەکرد، بە ڕاکشـاوی وەکو بەردێک لە شوێنی خۆم مامەوە و لقەکەم هەر بەدەستەوە بوو. پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد کە بۆچی هەست بە هیچ جۆرە ئازارێک ناکەم، لەوانەیە ئیفلیج بووبێتم، لەو جۆرە ئیفلیجانەی کە ئەگەر جگەرەیەکیش بەسـەر پێسـتیدا بکووژێنیتەوە هەسـتی پێ ناکات یاخود ئەگەر چەقۆیەک بچەقێنیتە ناو ڕانییەوە ئەوا هەر هەسـتی پێناکات. چاوەکانم کردەوە و ئەو درەختەم بینی کە تیشکی خۆر بەناو گەڵایەکانیدا دەهات. پێویستە سەرم بەرز بکەمەوە. هەوڵمدا، لە کۆتاییشدا توانیم سەرم بەرز بکەمەوە. لقە خوێڕییەکەم فڕێدا. دەسـتم لە ژێر خۆمدا و هەسـتم بە شـتێک کرد، لەسـەر شـتێکی نەرم کەوتبووم، ناوپۆشـێکی گەورە بوو. دووبارە کەوتمەوە خوارەوە، ئەم جارەش هیچم بەسـەر نەهات. هەر کە بەر زەوییەکە کەوتم، ئەوا گوێم لە دەنگێکی کز و بێ هێز بوو، لەوە دڵنیام. قاچەکانم جووڵاندن، پاش چەند سـاتێکی کەم بۆم دەرکەوت کە لە ژێر گەڵا و خۆڵ و چیلکەدارەکاندا

پلاستیکێکی پتەوی پانی سەوزی شەپۆلی هەیە، پلاستیکێکی ڕوون بوو، کەسێک ئەوێی داپۆشی بوو وەکو ئەوەی ویستبێتی بیشارێتەوە، دواتریش ئەو ناوپۆشەی بەسەردا داوە.
پلاستیکەکە ژیانی منی ڕزگار کرد، کە بەسەریدا کەوتم، ئەوا قووپایەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بۆشاییەک هەیە.
دەکرێت حەشارگەیەکی نهێنی بێت، یاخود ڕێڕەوێک بێت بۆ ژووریک کە پڕی زێڕ و گەوهەری بەنرخ بێت.
کەوتمە سەر ئەژنۆیەکانم و دەستم کرد بە لابردنی پارچە پلاستیکە پانەکە. زۆر قورس بوو، بەڵام هەر توانیم بەشێکی لاببەم. کە بۆشاییەک کرایەوە، ئەوا بۆنێکی توندی پیسایی هات. بەو بۆنە خەریک بوو بڕشێمەوە، بۆیە دەستم خستە سەر دەم و لووتم و دووبارە پاڵم بە پلاستیکەکەوە نایەوە.
بەسەر چاڵێکدا کەوتبووم.
تاریک بوو، بەڵام تاکو زیاتر پلاستیکەکەم بەلاوە نابا، ئەوا زیاتر ڕۆشەن دەبۆوە.
دیار بوو کە لایەکانی بە تەورێک هەڵکەنرابوو، وە ڕەگی دار بەڕوویەکەش بڕدرابوو.
توانیم پلاستیکەکە زیاتر لاببەم. پانی چاڵەکە دوو مەتر بوو، قووڵییەکەشی دوو یان دوو مەتر و نیو بوو.
بەتاڵ بوو... نەخێر، شتێک هەیە.
کۆمەڵە پۆشاکێکی پێچدراون؟ نەخێر.
ئاژەڵ؟ سەگ؟ نەخێر...
دەبێت چی بێت؟
شتێکی... شتێکی سپی بوو.
قاچ! ئەوە قاچ بوو!
بە بازدانەوە بۆ دواوە کشامەوە.
قاچ؟

هەناسەم بۆ گەڕایەوە و خێرا سەیرم کردەوە.
هەســـتم دەکرد کە ســـەرم گێژ دەخوات، دەســـت و قاچەکانم قورس بووبوون، خەریک بوو ببووریێمەوە.
دانیشـــتم، چاوەکانم داخســـتن. دەســـتم لەســـەر ســـەرم دانا و هەناسەم دا. دەمەویێت ڕاکەم، دەمەویێت بە ڕاکردنەوە بگەڕێمەوە بۆ لای ئەوان. نزیک بوومەوە و سەیری لێواری چاڵەکەم کرد.
قـاچی منداڵێک بوو، لەنـاو پۆشـــاکە کۆنە کەڵەکەبووەکـانیش ئانیشکی دەرکەوتبوو.
لەناو ئەو چاڵە تاریکەدا منداڵێک هەبوو.
بەســـەر لایەکیدا درێژ بوو بوو و ســـەری لە ڕانەکانی نزیک کردبۆوە.
هیچ نەدەجوولا، ئەو مردووە.
بۆ ماوەیەکی زۆر ســەیرم کرد، دواتر تێبینی ســەتڵێک و قاپێکم کرد.
بڵێیت خەوتبێت؟
بەردێکم هەڵگرت و پێم دادا، بەر ڕانی کەوت، نەجوولا.
مردبوو، بەڕاســـتی مردبوو. مووچرکێک بە پشـــتمدا هـات.
بەردێکی ترم هەڵگرت و پێم دادایەوە، ئەم جارە بەر ملی کەوت.
وابزانم جوولا، قۆڵی کەمێک جوولاند.
"لە کوێیت؟ لە کوێیت؟ چیت بەسەرهاتووە هەی نەفرەتی؟!".
خۆیانن! کەللەسەر بانگم دەکات.
پلاســتیکەکەم گرت و ڕامکێشــا، چاڵەکە دووبارە داپۆشــییەوە.
دواتر خۆڵ و گەلایەکانم بەســەردا و ناوپۆشــەکەشــم خســتەوە سەری.
"میکێلی، لە کوێیت؟."
دوورکەوتمەوە، بەڵام پێش ئەوە دوو جـار ئـاوڕم دایەوە بۆ ئەوەی دڵنیابم کە هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتی.

پێم لە پایەدەرەکانی "زبڵ" دەنا.
خۆر وەکو تۆپێکی سووری گەورە لە پشتەوەم بوو، کاتێکیش لە پشت گوڵەگەنمەکان خۆراوا بوو، ئەوا ڕەنگێکی تێکەڵ لەنێوان پرتەقاڵی و مۆری جێهێشت.
لێیان پرسیم کە لە کۆخەکە چی ڕوویدا، "ئایا کارێکی مەترسیدار بوو؟ ئایا بەربوومەوە؟ ئایا شتی سەیری تێدا بوو؟ ئایا بازدان لە سەروو درەختەکەوە سەخت بوو؟"
بە کورتی وەڵامم دانەوە، باسی وردەکارییەکانم نەکرد.
لە کۆتاییدا بێزار بوون لەو پرسیارانە، بۆیە وازیان لێ هێنام و سەرنجیان خستە سەر گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. ڕێچکەیەک هەبوو کە بەناو زەوییە کشتوکاڵییەکاندا دەڕۆیشت تاکو دەگەیشت بە ڕێگایەکە. ڕۆیشتینە سەر پاسکیلەکانمان و بە بێدەنگی لەوێ ڕۆیشتین، لە کاتێکدا پایەدرمان لێ دەدا، ئەوا کۆمەڵێک مێشوولە لە دەورمان کۆبووبوونەوە.
سەیری (ماریا)م دەکرد کە بە پاسکیلەکەی "گراتسیێلا" بەدوام دەکەوت. ئەو پاسکیلەی کە تایەکانی بە هۆی زۆر ڕۆشتنیان لەسەر بەرد و خۆڵ داخورابوون. دواتر سەیری کەللەسەرم کرد کە لە پێش هەمووان بوو، لەپاڵ ئەویش ریمۆ بوو، دەستی ڕاستی. دوای ئەوەش سەرنجم ڕۆیشتە سەر سلڤاتۆری کە هەر بە لای چەپ و ڕاستدا دەجووڵا، وە (باربرا)ش بە پاسکیلە گەورەکەی "پیانکی"، خەیاڵم ڕۆیشتەوە بۆ لای ئەو منداڵەی کە لەناو چاڵەکەدا بوو.
ئەمە بە هیچ کەسێک ناڵێم.
"کێ سەرەتا شتێک بدۆزێتەوە، ئەوا موڵکی خۆیەتی"، ئەمە قسەی کەللەسەر بوو. ئەمەش مانای ئەوەیە کە منداڵی ناو چاڵەکە موڵکی منە.

ئەگەر ئەوەم لای کەللەسەر باس کردبا، ئەوا وەکو هەمیشە شتەکەی دەخستە پاڵ خۆی و بە هەمووانی دەگوت ئەوە ئەو بووە کە منداڵەکەی دۆزیوەتەوە بەوەی کە بڕیاری دابوو بچینە سەر گردەکە.
بەڵام ئەم جارە نا، ئەوە من بووم کە سزا درام، ئەوە من بووم کە لەسەر درەختەکە کەوتم، ئەوە من بووم کە ئەوم دۆزییەوە. کەللەسەر نەبوو، باربرا نەبوو، سلڤاتۆری نەبوو، ئەوە منم بووم! منداڵەکە موڵکی منە، دۆزینەوەی نهێنی منە.
نازانم کە ئەوەی دۆزیمەوە بوونەوەرێکی زیندوو بوو یان نا. لەوانەیە قۆڵی نەجووڵابووبێت، لەوانەیە ئەوە خەیاڵێک بووبێت و هیچی تر، یاخود لەوانەیە ئەوە لەرزینی جەستەی مردووی بێت، ڕێک وەکو زەردەواڵە کاتێک کە جەستەی دەلەرزێت ئەگەر بیکوژیت یان بیکەیت بە دوو پارچەوە، یاخود وەکو مریشکێک کە پاش سەربڕینی ئەوا باڵەکانی هەر دەجووڵێنێت.
بەڵام لەوێ چی دەکات؟
"چی بە دایکە بڵێین؟"
سەرنجم لەسەر خوشکەکەم نەبوو کە بە پاسکیلەکەی لە تەنیشتمەوە بوو.
-چی؟
-چی بە دایکە بڵێین؟
-نازانم.
-ئایا پێی دەڵێیت کە چی بەسەر چاویلکەکەمدا هاتووە؟
-بەڵێ، بەڵام هیچ شتێک دەربارەی ئەو شوێنە مەڵێ کە بۆی چووین. ئەگەر بزانێت، ئەوا دەڵێت کە تۆ چوویتە سەر گردەکە و لەوێ شکاندووتە.
-باشە.
-سوێند بخۆ.

-سوێند بێت.
دواتر زمانی لە پەنجەی دۆشـــــاوەمژەی دا، شـــــوختێکی پێدا هاتبوو.
ئێستا ئاکوا تراڤرسی سەر بە شارۆچکەی "لوچیانۆ"یە.
لە ناوەڕاسـتی هەشـتایەکان ئەندازیارێکی بیناسـازی دوو ڕیزی درێژ لە ڤێلای بچووکی درووسـت کردن، ڤێلایەکان لە خشـت و چیمەنتۆ درووست کرابوون. شێوەیەکی چوارگۆشەییان هەبوو، پەنجەرەکانیان بازنەیی بوو و دەســـتگری پلیکانەکانیان شـــین بوو. دوای ئەوە دوکانە گەورەکە درووست کرا کە ناوی "کۆب" بوو، قاوەخانەیەکە کە تێیدا جگەرەش دەفرۆشـــن. لە ناوەندی شـــــارۆچکەکەش دوو ڕێگـای قیرکراو هەن، وەکو شـــوێنی دابەزینی فڕۆکەکان وابوو، ئەو ڕێگایە بەرەو لوچیانۆ دەچوو.
بەڵام لە ســـاڵی ١٩٧٨ز ئاکوا تراڤرســـی زۆر بچووک بوو، بە ڕاددەیەک کە ئەســـتەم ناوی دەهێنرا. گوندێکی بچووک بوو، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانین پێی بڵێین "شارۆچکەی سەر ڕێگا" هیچ کەســـێک نـازانێت بۆچی ئەو نـاوەی لێنراوە، تەنـانەت (ترۆنکا)ی پیریش نەیدەزانی. ئاوی نەبوو، جگە لەو ئاوەی کە هەر دوو حەفتە جارێک بە بارکێشێک (لۆری) بۆی دەهات.
(جێی باســـە کە وشـــەی ئاکوا واتا ئاو، تراڤرســـی واتا ڕێچکە، کەوایە ناوەکە بەم شێوەیەی لێدێت: ڕێچکەی ئاو-وەرگێڕ).
ڤێلایەکی تێدا بوو کە سـلڤاتۆری تێیدا دەمایەوە، ناومان لێنابوو "کۆشـــک". خانوویەکی گەورە بوو کە لە ســـەدەی نۆزدەیەم درووســـتکرابوو، خـانوویەکی درێژ بوو کە بە بۆیـاغێکی خۆڵەمێشـــی ڕەنـگ کرابوو، دەروازەیەکی گەورەی لە بەرد درووستکراو هەبوو و گوڕەپانێکیش لە ناوەوەدا هەبوو کە تێیدا درەختی خورمایەک چێنرابوو.

له نزیک ڤێلایەکە چوار خانوو هەبوون، کە دەشـــڵێم چوار دانە ئەوا مەبەستم ئەوە نییە کە ژمارەی خانووەکان کەم بوو، بەڵکو بەڕاســـتی تەنیا چوار خانوو بوون. چوار خانووی کۆنی خراپ بوون کە لە خشت و چیمەنتۆ درووستکرابوون، سەقفەکانیشیان هەر بە خشــت داپۆشــرا بوون و پەنجەرەکانیش خاوەن شــێوە بازنەییەکی تەسک بوون.

خـانووەکـان بریتی بوون لەمـانە: مـاڵی ئێمە، مـاڵی خـانەوادەی کەللەســـــەر، مـاڵی خـانەوادەی ریمۆ کە لەگەڵ (ترۆنکـا)ی پیر بەشـیان کردووە. ترۆنکا کەڕ بوو، هاوسـەرەکەشـی مردبوو، لە دوو ژوور دەمـایەوە کە ڕوویـان لە بـاخچەکە بوو. دواتریش ماڵی پیترۆ مۆرا، باوکی باربرا.

دایکی کە نــاوی ئــانجێلا بوو دوکــانێکی بچووکی هەبوو، لە دوکانەکە نان و ســابون و چەند شــتێکی تری دەفرۆشــت، وە لەوێش دەتتوانی تەلەفون بۆ مەبەســـتی پەیوەنــدی کردن بەکاربێنیت.

دوو خــانوو لەلایەک بـوون و دوو خــانووەکەی تریش لە بەردەمیان بوون، لە ناوەڕاسـتیشـدا ڕێگایەکی خۆڵاوی پڕ چاڵ هەبوو. نە گۆڕەپان نە دارشـــتە، ئەمانە هیچیان نەبوون. بەڵام دوو کورســـــی لە ژێر مێوێکـدا هەبوون و وە بەلوعەیەکی قوفڵدراویش هەبوو، بۆیە قوفڵ درابوو تاکو ئاو بەفیڕۆ نەدرێت. دەوری هەموو ئەمانەش بە گوڵەگەنم داپۆشرابوو.

تاکە شتێک کە ئەو شوێنە چۆڵ هەیبوو بریتی بوو لە لافیتەیەکی شـینی جوان کە بە پیتی تۆخکراو لەســەری نووســرابوو "ئاکوا تراڤرسی."

خوشکەکەم هاواری کرد: باوکە گەڕاوەتەوە!

دواتر پاســـکیلەکەیەکی فڕێدایە ســـەر زەوی و بە ڕاکردنەوە بەسەر پلیکانەدا سەرکەوت.

بارهەڵگرەکەی لە بەردەم ماڵەکەماندا وەستابوو، "لوبیتیۆ ڤیات" بە بۆنێتە سەوزەکەی. باوکم لەو کاتەدا وەکو شۆفێری بارهەڵگر کاری دەکرد، کاڵای هەڵدەگرتن و بەرەو باکووریان دەبرد. جاری وا هەبوو بۆ چەندین حەفتەی دوور و درێژ نەمان دەبینی.

جارێکیان بەڵێنی پێدام کە بمبات بۆ باکوور. نەمدەزانی باکوور چۆنە، تەنیا ئەوەندەم دەزانی کە باکوور دەوڵەمەندە و باشووریش هەژارە، ئێمە هەژارەکە بووین. دایکم هەمیشە دەیگوت کە ئەگەر باوکمان بەو شێوەیە بەردەوام بێت لە کارکردن، ئەوا بەمزووانە ئەم باری هەژارییە جێدێڵین و ژیانێکی خۆشمان دەبێت. بۆیە نابێت گلەیی لەوە بکەین کە لێمان دوورە، ئەوەی ئەنجامی دەدات لەپێناو ئێمەدایە.

بە هەناسەبڕکێوە ڕۆیشتمە ژوورەوە.

پانتۆڵێک و ژێر کراسێکی لەبەردابوو، لە بەردەمی بوتڵێکی مەی سوور هەبوو و وە جگەرەیەکیش لەناو لێوەکانیدا بوو، خوشکەکەشم لەسەر ڕانێکی دانیشت بوو.

دایکم پشتی لە ئێمە بوو، خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو، بۆنی پیاز و ساسی تەماتە دەهات.

تەلەفیزیۆنەکە پێبوو، ئەو تەلەفیزیۆنە ڕەش و سپییەی کە باوکم پێش چەند مانگێک بۆی هێنابووین، پانکەکەش بە هەمان شێوە پێبوو و دەنگی لێوە دەهات.

"میکێلی، تەواوی ڕۆژەکە لە کوێ بوون؟ دایکتان خەریک بوو شێت بێت، ئایا هەرگیز بیر لەو ئافرەتە داماوە ناکەیتەوە؟ ئەوە هیچ دەبێت بە ناچاری چاوەڕێی هاتنەوەی مێردەکەی بکات، بەڵام ئایا لەسەریەتی کە چاوەڕێی هاتنەوەی منداڵەکانیشی بکات؟ ئەی ئەوە چی بەسەر چاویلکەی خوشکەکەتدا هاتووە؟"

توڕە نەبوو، ئەگەر بەڕاستی توڕەبووبا، ئەوا چاوەکانی وەکو بۆق زەق دەبوون. دڵخۆش بوو بەوەی کە لە ماڵەوە بوو.

سەیری خوشکەکەم کرد.

"لە نزیک جۆگەلەکە کۆخێکی بچووکمان دروووستکرد، کە چاویلکەکەم دەرهێنا ئەوا لێم بەربۆوە و شکا."

دووکەڵی جگەرەکە لە دەمی هاتە دەرەوە و گوتی:

نیشانمی بدە، با سەیری بکەم.

باوکم پیاوێکی کورتەباڵا بوو، کەسێکی عەسەبی بوو. کاتێک کە لە پشت سوکانەکە دادەنیشت، ئەوا خەریک دەبوو بە تەواوی ون بێت. قژێکی ڕەشی درەوشاوەی هەبوو، وە خاوەنی ڕیشێکی زبری ڕەش بوو کە کەمێک لە سەروو چەناگەیەوە سپی بووبوو، هەمیشەش بۆنی جگەرەی "ناتسیونالی" و عەتری کۆلۆنیای لێوە دەهات.

چاویلکەکەم پێدا.

"چیتر بەکەڵک نایەت". لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا چاویلکەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

"چیتر چاویلکەت نابێت."

من و خوشکەکەم سەیری یەکتریمان کرد.

ماریا بە سەر لێشێواوی ڕووی لەو کردەوە و گوتی: ئەی چۆن شت ببینم؟

"ئەوەیان پەیوەندی بە منەوە نییە، بەم شێوەیە نەبێت تەمبێ نابیت."

خوشکەکەم تاسا.

دواتر منیش گوتم: بەڵام بێ چاویلکەکەی ئەوا هیچ شتێک نابینێت.

-وەکو گوتم، پەیوەندی بە منەوە نییە.

-بەڵام...

-بەڵام چی؟
دواتر ڕووی لە داکم کرد.
"تریزا، ئەو کارتۆنەم پێبدە."
دایکم کارتۆنەکەی پێدا. باوکم کردییەوە و قوتوویەکی شـــینی پلاســـتیکی نـاوبۆشـــی دەرهێنـا کە بە کـاغەزی مەخمەڵ داپۆشرابوو.
"بگرە."
مـاریـا کردییەوە و چـاویلکەیەکی پلاســـتیکی ڕەنـگ قـاوەیی دۆزییەوە.
"تاقی بکەوە."
ماریا لەچاوی کرد، دواتر دایکم لێی پرسی: پێت چۆنە؟
"زۆر جوانە، قوتوویەکیش بە هەمان شـــێوە جوانە." دوای ئەمە ڕۆیشتە لای ئاوێنەکە تاکو سەیری خۆی بکات."
باوکم مەیەکی تری لە پەرداخەکەی کردەوە.
"ئەگەر ئەوەش بشـــکێنیـت، ئەوا بۆ هەمیشـــە بێ چـاویلکە دەمێنیتەوە، تێگەیشتیت؟".
دواتر ڕووی لە من کرد و قۆڵی گرتم.
"ماسوولکەکانتم نیشان بدە."
قۆڵم ڕاست کردەوە و گرژم کرد.
-سەیری بکە.
-وا دەرناکەوێت کە باشـــتر بووبیت، ئایا مەشـــقەکانت ئەنجام داون؟
-بەڵێ.
ڕقم لە مەشـــقەکان بوو، باوکم دەیەویســـت ئەنجامیان بدەم چونکە پێی وابوو زۆر کز و بچووکم.
ماریا ڕێک لەو ساتەدا گوتی: درۆ دەکات، ئەنجامی نەداون!
-جار جار لەوێ و لەوێ ئەنجامیان دەدەم.

-وەرە لێرە دانیشە.
ڕۆیشتمە سەر چۆکەکانی، ویستم ماچی بکەم، بەڵام ڕێگەی لێ گرتم.
"ماچم مەکە، زۆر پیس و پۆخەڵیت. ئەگەر دەتەوێت باوکت ماچ بکەیت، ئەوا سەرەتا برۆ خۆت بشۆ. تریزا، بە ڕای تۆ چییان لێ بکەین، بێ ژەمی ئێوارە بیاننێرین بۆ سەر جێگای خەوەکانیان؟"
زەردەخەنەیەکی جوان کەوتبووە سەر لێوەکانی و ددانە سپی و ڕێکەکانی دەرکەوتبوون، هیچ کام لە من و خوشـــکەکەم وەکو بۆماوە ئەو ددانانەی ئەومان نەبوو.
"شایەنی ئەوەن! چیتر ناتوانم بەرگەیان بگرم!"
زۆر تووڕە بووبوو.
"بیرۆکەیەکم هەیە، ئەگەر دەیـانەوێـت ژەمەکە بخۆن و ئەو دیـارییە وەربگرن کە بۆم هێنـاون، ئەوا دەبێـت میکێلی لە زۆرانبازی قۆڵێن لێم بباتەوە، ئەگینا بێ ژەمی ئێوارە ڕەوانەی سەر جێگایان دەکەین."
دیارییەکی بۆ هێناوین!
"گاڵتە دەکەیت، وەکو هەمیشە گاڵتە دەکەیت..."
دایکم خۆشـــحاڵ بوو بە گەڕانەوەی باوکم بۆ ماڵەوە، کاتێک لێمان دوور دەبوو، ئەوا دایکم هەمیشە هەستی بە ئازاری گەدە دەکرد. تـاکو بۆ مـاوەیەکی زیـاتر دوور بووبـا ئەوا بێدەنگتر دەبوو، جاری وا هەبوو دوای مانگێک بە تەواوی بێدەنگ دەبوو.
مـاریـا گوتی: میکێلی نـاتوانێت لێت بباتەوە، ئەمە دادپەروەرانە نییە.
"میکێلی، نیشـــانی خوشـــکەکەت بدە کە چیت پێدەکرێت. ڕێک بوەسـتە و نێوان قاچەکانت فراوان بکە. ئەگەر خوار بوەسـتیت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەدۆڕێیت و دیارییەکە لەدەست دەدەیت."

بەو شـێوەیە وەسـتام و پەسـتانم خسـتە سـەر ددانەکانم، دواتر پاڵم بە دەســـتی باوکمەوە نا و هەر پاڵم نا. ســـوودی نەبوو، نەدەجووڵا.
"دەی! بەمـانە دەڵێیـت مـاســـولکە یـان پـارچە پەنیر؟ لە مێشــــوولەیەکی بچووکیش لاوازتریـت! دەی هێزت بخە گەڕ، دەی!"
بە منگەوە گوتم: ناتوانم.
وەکو ئەوە وابوو کە بیەوێت پارچەیەک ئاســن بە دەســتەکانم بچەمێنمەوە.
"تۆ نێر نیت، بەڵکو مێیت. ماریا، وەرە یارمەتی برایەکەت بدە!"
خوشـــکەکەم بازیدایە ســـەر مێزەکە، بە هەردووکمان دەســـتی ئەومان گرت و بەوپەڕی هێز و هەناسەبڕکێوە پاڵمان بە دەستی باوکمانەوە نا تاکو لە کۆتاییدا چەمایەوە.
ماریا بە هاوارێکی دڵخۆشییەوە لەسەر مێزەکە بازیدا.
"دیارییەکە! دیارییەکەمان پێبدە!"
باوکم کارتۆنێکی هێنا کە ناوی پڕی ڕۆژنامەی تۆپدراو بوو، دیارییەکە لەناو ئەوێدا بوو.
"کەشتییە!"
بە شیکردنەوە گوتی: کەشتی نییە، بەڵکو گەندۆلە.
-گەندۆل چییە؟
-گەنـدۆل جۆرە بەلەمێکە کە بە یەک ســـەوڵ لە ڤێنســـیـا بەکاردەهێنرێت.
خوشکەکەم پرسی: سەوڵ چییە؟
"دارێکی درێژە کە بۆ جووڵاندنی بەلەم بەکاردێت."
بەلەمێکی زۆر جوان بوو کە لە پلاســـتیکێکی ڕەش درووســـت کرابوو و دوو پارچەی خۆڵەمێشیش بە هەردوولایەوە لکابوون، هەروەها بوکەڵەیەکی بچووکیشـی تێدا بوو کە کراسـێکی ڕەنگ

شین و سووری لەبەردابوو و کڵاوێکیشی لەسەر بوو کە لە قامیش درووستکرابوو.
تووشی شۆک بووین کاتێک بیستمان ناتوانین یاری پێ بکەین، ئەوە تەنیا بۆ ئەوە کە لەسەر تەلەفیزیۆنەکە دابنرێت. لە نێوان بەلەمەکە و تەلەفیزیۆنەکە بەرگێکی سپی بچووک دادەنرا، ئەمە بۆ ئەوە بوو تاکو وا دەرکەوێت کە لەناو ڕووبارداپە. ئەوە یاری نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆ جوانکاری بوو.
دایکمان پرسی: کێ دەچێت ئاو بهێنێت؟ کەمێکی تر نانەکە دەخۆین.
باوکم لەو کاتە سەیری تەلەفیزیۆنەکەی دەکرد و سەرنجی لەسەر هەواڵەکان بوو، منیش خەریکی ڕێکخستنی مێزەی نانخواردن بووم. سەرەی ماریا بوو، دوێنێ من چووبووم ئاو بهێنم.
ماریا لەسەر کورسییەکە دانیشت بوو و یاری بە بوکەڵەکەی دەکرد.
"حەز ناکەم بچم، تۆ بڕۆ."
هیچ کاممان حەزی نەدەکرد بڕوات بۆ لای بەلوعەکە و ئاو بهێنێت، بۆیە هەموو ڕۆژێک ئەوەمان بە سەرە ئەنجام دەدا. باوکە گەڕاوەتەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە یاساکان بۆ خوشکەکەم گۆڕاون.
بە پەنجەی دۆشاوەمژەم نیشانەی ناڕەزایەتیم نواند.
"نەخێر، سەرەی تۆیە."
ماریا دەستەکانی لەپێش سنگی لەیەک ئاڵاند.
-نەخێر، ئەنجامی نادەم.
-بۆچی؟
-سەرم دێشێت.

هەموو جارێک ئاوا بوو. هەر کاتێک نەیویســـتبا کارێک ئەنجام بدات، ئەوا ئەمەی دەگوت. بیانووی پەسەندی ئەو بوو.

-درۆ دەکەیت، سەرت نایەشێت، درۆ دەکەیت!

-درۆ ناکەم!

دوای گوتنی ئەمە ئەوا بە پەنجەکانی دەســـتی ســـەری خۆی دەشێلا، وا خۆی دەرخست کە ئازاری هەیە.

ئای لەو کاتەدا چەندە حەزم دەکرد ســـەری لە لاشـــە جیا بکەمەوە.

"سەرەی ئەوە، دەبێت ئەو بڕوات!"

دایکم لەمە بێزار و توڕە بوو، بۆیە دۆلکەی ئاوەکەی بە من دا و گوتی: تۆ لەو گەورەتریت، بۆیە تۆ بڕۆ ئاو بێنە میکێلی، جا دەمەقالێشم ناوێت.

ئەمەی بە شـــێوەیەک گوت وەکو ئەوەی بابەتێکی ئاســـایی بێ نرخ بێت.

زەردەخەنەی سەرکەوتن ڕۆیشتە سەر لێوەکانی خوشکەکەم.

-بینیت؟

-ئەمە دادپەروەرانە نییە! دوێنێ من چووم، ناڕۆم.

دایکم کە گوێی لەمە بوو، ئەوا بە تۆنێکی بەرز و توڕەوە گوتی: بڕۆ ئەنجامی بدە میکێلی!

"نەخێر، ناڕۆم."

دوای ئەمە ڕۆیشـــتم بۆ لای باوکم تاکو شـــکایەتی حاڵی خۆم بکەم.

"باوکە، ئەمە دادپەروەرانە نییە، دوێنێ من چووم، ســـەرەی من نییە."

ڕووی لە تەلەفیزیۆنەکە وەرگێڕا و بە شـێوەیەک سـەیری کردم وەکو ئەوەی یەکەم جاری بێت من ببینێت، دواتر دەمی سڕپییەوە و گوتی: ئایا دەزانیت دەست لێدانی سەرباز چییە؟

-نەخێر، ئەوە چییە؟
-ئایا دەزانیت کە سـەربازەکان لە کاتی جەنگدا چۆن یەکێک هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی ئەرکێکی مەترسیدار ئەنجام بدات؟
دوای گوتنی ئەمە ئەوا کۆمەڵە شقارتەیەکی دەرهێنا.
-نەخێر، نازانم.
-سـێ شـقـارتە دەردێنین، دانەیەک بۆ تۆ، دانەیەک بۆ خوشـکەکەت، دانەیەکیش بۆ من. سـەری یەکێک لە شـقارتەکان دەشکێنین.
سـەری دانەیەک لە شـقارتەکانی شـکاند و دواتر هەرسـێ شقارتەکانی لەناو دەستیدا شاردەوە، تەنیا چیلکەی خوارەوەیان دیار بوو.
"ئێستا کێ ئەو شقارتەیە ڕاکێشێت کە سەرەکەی شکاوە دەبێت بڕوات ئاو بهێنێت. دەی، دانەیەک ڕاکێشە."
دانەیەکم ڕاکێشا، سەرەکەی نەشکابوو، خەریک بوو لە خۆشیان باز بدەم.
"ماریا، دەی تۆش دانەیەک ڕاکێشە."
خوشـکەکەشـم دانەیەکی ڕاکێشـا، هی ئەویش سـەرەکەی نەشکابوو.
"وابزانم سەرە شکاوەکە هی منە."
من و ماریا بە پێکەنینێکی زۆرەوە گوتمان: دۆڕایت! دۆڕایت! دۆڕایت! دەی بڕۆ ئاوەکە بهێنە!
باوکم لەسەر کورسییەکەی هەستا، کەمێک بێ هێز دەرکەوت.
"تاکو دەگەڕێمەوە خۆتان پاک کردبێتەوە، باشە؟"
داکم گوتی: دەتەوێت من بڕۆم؟ زۆر ماندوویت.
"نەخێر، ئەوە ئەرکێکی مەترسـیدارە، هەروەها دەبێت بڕۆم و جگەرەکان لەناو بارهەڵگرەکەدا دەربێنم.
دواتر بە دۆلکەکەوە ڕۆیشتە دەرەوە.

خۆمان پاک کردەوە و بۆ ژەمەکە سپاگێتی بە ساسی تەماتە و تەرتەی هێلکەمان خوارد.
دوای ئەوەی کە تەواو بووین، ئەوا دایک و باوکمان ماچ کرد و ڕاستەوخۆ ڕۆیشتینە سەر جێگا بێ ئەوەی داوای ئەوە بکەین کە سەیری تەلەفیزیۆن بکەین.
نیوەشەو هەستام، خەوێکی ترسێنەرم بینی.
لە خەومدا بینیم عیسا بە عازر دەڵێت "هەستە و بڕۆ"، بەڵام عازر هەڵنەستا. عیسا دووبارەی کردەوە "هەستە و بڕۆ"، بەڵام عازر هیچ ویستێکی لەسەر ئەوە نەبوو کە زیندوو ببێتەوە. عیسا کە لە (سڤیرنیۆ)ی شۆفێری بارهەڵگری ئاو دەچوو توڕەیی دایگرت، ئەوە بۆ ئەو سووکایەتی بوو. کە عیسا فەرمانی پێکردیت ئەوا دەبێت هەستیت، بە تایبەتیش ئەگەر مردووبیت، بەڵام عازر نەجووڵا.
عیسا لێی نزیک بۆوە و دەستی کرد بە جووڵاندنی، بەولا و بەولادا سووڕاندی تاکو هەستێت. ڕاستەوخۆ دوای ئەوە عازر پڕی دایە ملی عیسا و گازی لێگرت. دواتر بە لێوە خوێناوییەکانی گوتی: نابێت مردووەکان بێزار بکرێن.
کە چاوم کردەوە، ئەوا بینیم لە ئارەقدا خووسابووم.
شەوانی ئەو کاتە بە ڕاددەیەک گەرم بوون کە ئەگەر بۆ بەدبەختیت هەستابوویت، ئەوا زەحمەت دەتتوانی بخەویتەوە. ئەو ژوورەی کە من و خوشکەکەم تێیدا دەخەوتین تەسک و درێژ بوو، لە ڕاستیدا بەشێکی ڕێڕەوەکە بوو کە بە درێژایی دیوارەکە سێیەمی خەوی ئێمە دانرابوو لە ژێر پەنجەرەکەدا. بەشێکی دیوار بوو، بەشەکەی تریشی ڕێڕەوی ڕۆیشتن بوو بە پانی سی سانتیمەتر، ژوورێکی سپی بێ کەلوپەلی ناو ماڵ بوو. زستانان زۆر سارد بوو و هاوینانیش بە ڕاددەیەک گەرم بوو کە بە ئەستەم دەتتوانی هەناسە بدەیت، هۆکاری ئەمەش بۆ

ئەوە دەگەڕایەوە کە دیوارەکان و سەقفەکە ڕۆژانە گەرمییەکەیان قەتیس دەکرد و شـــەوانیش گەرمییەکەیان دەدایەوە، ڕێک وەکو ئەوە وابوو کە لەناو فڕندا بین.

لەناو جێگایەکەمدا بووم، لە سەروو قاچەکانمەوە سەری ڕەشی (ماریا)م دەبینی. بە چاویلکەکەیەوە خەوتبوو، بە ئارامی لەســەر پشتی ڕاکشابوو و دەست و قاچەکانی کردبوونەوە.

دەیگوت ئەگەر بێ چاولیکەکەی لە خەو هەستێت ئەوا دەترسێت، بۆیە هەمیشــــە بە چاویلکەکەیەوە دەخەوت. هەر جارێک ئەمە ڕوویدەدا، ئەوا دایکم دەڕۆیشـــتە لای و چاویلکەکەی لەســــەر چاوەکانی لادەبرد تاکو شوێنەوار درووست نەکەن.

لە لێواری پەنجەرەکە مێشــکوژ بەســترابوو، هەڵمێکی ســپی و ژەهراوی دەردەدا تــاکو مێشــــوولەکـان بکووژێـت. ئەمە بۆ تەندرووســتیمان زۆر خراپ بوو، بەڵام لەو ســەردەمەدا خەڵک گوێیان بەو جۆرە شتانە نەدەدا

.

لە تەنیشـــت ژوورەکەمان ژوورێکی تریشـــی لێ بوو، ژووری دایک و بـاوکم. گوێم لە دەنگی پرخەی بـاوکم بوو، لە هەمـان کاتیشـدا گوێم لە دەنگی پانکەکە بوو کە دەخوولایەوە، هەروەها گوێم لە دەنگی هەناســەدانی (ماریا)ش بوو کە دەنگێکی بەرزی لێوە دەهات. لەگەڵ ئەم دەنگانە ئەوا دەنگی جووڵەی بێزارکەری کوونەپەپوویەک و خیزەخیزکی بەفرەخەرەکەش دەهات. بۆنێکی ناخۆشی سەراویش دەهات، بێزاری کردبووم.

کەوتمە ســـــەر ئەژنۆیەکانم و لای پەنجەرەکە دانیشـــــتم تاکو کەمێک هەوای پاک هەڵمژم.

مانگ درەوشـــــاوە بوو، لە دوورەوە باشـــــم دەبینی هەروەکو ئەوەی کە ڕۆژ بووبێت. کێڵگە و زەوییەکان درەوشـاوە بوون و کەشیش بێدەنگ بوو.

لەو کاتەدا لەوانەیە من تاکە کەسێک بووبێتم کە نەخەوتبووم، شتێکی جوان بوو.
ئەو کوڕەی ناو چاڵەکەش.
وا وێناییم دەکرد لەناو خۆڵەکەدا مردبێت و قالۆنچە و مێروو و هەزارپێ بەسەریدا بڕۆن، بەسەر پێستە بێ خوێنەکەی. کرم لە لێوە بێ ڕەنگەکانی بێنە دەر و چاوەکانیشی وەکو هێلکەی کوڵاو سپی بووبن.
هەرگیز مردووم نەبینی بوو، جگە لە جیۆڤانا کە لەسەر جێگایەکەی بە پۆشاکە ڕەشەکەیەوە دەستەکانی لە یەک هاڵاندبوون. پێستی وەکو ئەوە وابوو لە جیر درووستکرابێت، وەکو مۆم زەرد کەوتبوو. لە کاتێکدا کە هەمووان فرمێسکیان دەڕشت، ئەوا باوکم گوتی دەبێت ماچی بکەم، بۆیە بەرەو لای ئەو پاڵی پێوەنام.
دەمم لەسەر ڕوومەتە ساردەکەی دانا. بۆنێکی شیرین و پیسی لێ دەهات کە تێکەڵ بوو بە بۆنی مۆمەکان. دوای ئەوە دەمم بە سابون شرد.
ئەی ئەگەر منداڵەکە زیندوو بێت؟
چی دەبێت ئەگەر بیەوێت بێتەوە دەرەوە و بە نینۆکەکانی لایەکانی چاڵەکە بڕووشێنێت و داوای یارمەتی بکات؟ ئەی چی ئەگەر غولەکە ئەو بڕفێنێت؟
سەرم بەرەو دەرەوە برد و گردەکەم لە دوورەوە بینی.
وا دەردەکەوت کە لەپڕ دەرکەوتبێت، وەکو دوورگەیەکی ڕەش کە لەناو دەریادا هاتبێتە دەرەوە و بەرز بووبێتەوە، دوورگەیەک کە نهێنییەک تێیدا چاوەڕێم دەکات.
ماریا هەستا.
"میکێلی، تینوومە."

چاوەکانی داخستبوون، لە کاتێکیشدا قسەی دەکرد ئەوا زمانی بەسەر لێوە وشکەکانیدا دەهێنا.

"چاوەڕێکە" دواتر هەستام.

نەمدەویست دەرگایەکە بکەمەوە. چی دەبوو ئەگەر (جیۆڤانا)ی داپیرم لەگەڵ منداڵەکە لای مێزەکە دانیشتبووبا و گوتبای: وەرە لامان دانیشە، با پێکەوە نان بخۆین؟ لەناو قاپەکەشدا مریشکە کوژراوەکەی تێدابوو؟

هیچ کەسێکی لێ نەبوو. ڕووناکی مانگ بەسەر قەنەفە کۆنەکەدا دەدرەوشایەوە کە وێنەی گوڵی لەسەر چنرابوو، هەروەها بەسەر قاپە پاکەکان و زەوییە جلیزییە سپی و ڕەشەکەدا دەدرەوشایەوە و دزەشی دەکردە ژووری دایک و باوکم. بینیم کە پێیەکانیان لەسەر یەکتری دانابوو.

دەرگای بەفرەخەرەکەم کردەوە و دۆلکەی ئاوە ساردەکەم دەرهێنا. پەرداخێکم خواردەوە و دانەیەکیشم بۆ خوشکەکەم تێکرد، بە یەک جار هەمووی خواردەوە.

-سوپاس.

-ئێستا بخەوە.

-بۆچی لەجیاتی باربرا سزایەکەت قبووڵ کرد؟

-نازانم.

-ئایا لەبەر ئەوە بوو کە نەتدەویست پانتۆڵەکەی داکەنێت و هینی خۆی نیشانمان بدات؟

-نەخێر.

-ئەی ئەگەر من بیکەم؟

-چی؟

-ئەگەر منیش وابکەم، ئایا لەجیاتی من سزایەکە قبووڵ دەکەیت؟

-بەڵێ.

-کەوایە شەوشاد، با چاویلکەکەم دانێم.
چاویلکەکەی دانا و لەناو قوتوویەکەی هاویشــت، دواتر بەتانییە کەڵەکەبووەکەی گوشی.
"شەوشاد."
ماوەیەکی زۆر سەیری سەقفەکەم کرد تاکو خەوم لێکەوتەوە.
باوکم نارِوات.
ئەم جارە دەمێنێتەوە. بە دایکمی گوت کە تاکو ماوەیەکی دوور و درێژ نایەوێت ڕێگای شـــۆفێرییەکەی ببینێت، ئاگای لێمان دەبێت.
لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بمانبات بۆ کەنار دەریا تاکو مەلە بکەین.

# بەشی دووەم

کە هەســـتام ئەوا بینیم دایک و باوکم هێشـــتا خەوتوون. نانم خوارد و شــیرەکەشــم خواردەوە، دواتر ڕۆیشــتمە دەرەوە و پاسکیلەکەم هەڵگرت.

"بۆ کوێ دەڕۆیت؟" ماریا ئەمەی پرســـی لە کاتێکدا لە پێش دەرگای ماڵەوە وەستابوو.

-دەڕۆمە دەرەوە.

-بۆ کوێ؟

-نازانم.

-دەمەوێت لەگەڵت بێم.

نەخێر.

-دەزانم کە بۆ کوێ دەڕۆیت... بۆ لای گردەکە دەڕۆیت.

-نەخێر بۆ لای گردەکە ناڕۆم. ئەگەر دایکە و باوکە لە منیان پرسی، ئەوا بڵێ ڕۆیشتووە خوولێک بسووڕێتەوە و بەمزووانە دەگەڕێتەوە.

وەکو ڕۆژانی تر ڕۆژێکی گەرم بوو.

کاتژمێر هەشــت بوو و خۆر هێشــتا نزم بوو، بەڵام ســووتێنەر بوو. هەمان ئەو ڕێگایەم بڕی کە دوێنێ بڕیم، بێ بیرکردنەوە. بە توندی پێم لە پایدەرەکان دەنا لەناو خۆڵ و تەپوتۆز و قالۆنچەدا تاکو خێرا بگەم. ئەو ڕێگایەم گرتەبەر کە زەوییە کشــتوکاڵییەکانی دەبڕی و بە درێژایی گردەکە دەڕۆیشــت تاکو دەگەیشت بە دۆڵەکە. لەوێ و لەوێ یەک دوو قەلەباچکەم بینین کە بە کلکە ڕەش و ســپییەکانیان بەناو گوڵەگەنمەکاندا دەفڕین، دەنگێکی تیژ و بەرزیان دەنواند لە کاتێکدا بە یەکەوە دەفڕین. لە ســـەروو ئەوانەوە هەڵۆیەک دەفڕی، تەوژمە گەرمەکان بۆ ئەو

یارمەتیدەر بوون چونکە بێ جووڵاندنی باڵەکانی دەیتوانی بفڕیت.
هەروەها کەروێشکێکی سووریشم بە گوێیە درێژەکانی بینی کە وەکو تیرێک بە بەردەممدا ڕۆیشت. بە ئەستەم دەمتوانی پێ لە پایدەرەکان بنێم، تایەکانیش لەسەر خۆڵ و خاکە وشکەکە دەخزان.
تاکو لە کۆخەکە نزیکتر بووبامەوە، ئەوا هەستم دەکرد قەبارەی گردە زەردەکە زیاتر دەبێت، هەروەها هەستیشم دەکرد سنگم توند بووە و باش هەناسەم بۆ نایەت.
چی دەبێت ئەگەر لە سەر گردەکە جادووگەر و غولی لێ بن؟ دەمزانی کە جادووگەران لە شەودا کۆدەبنەوە و لە کۆخەکە ئاهەنگ دەگێڕن، ئەگەر لەگەڵ ئەوان ئاهەنگ بگێڕم ئەوا شێت دەبم. هەروەها ئەوەشم دەزانی کە غولەکان منداڵە بچووکەکان دەخۆن.
پێویستە وریا بم. ئەگەر غولێک من بگرێت، ئەوا فڕێم دەداتە ناو چاڵێک و دواتر پارچە بە پارچە دەمخوات. سەرەتا لە قۆڵەکانەوە دەست پێدەکات، دواتریش قاچەکان، تاکو کۆتایی. هیچ کەسێکیش نازانێت کە چیم بەسەرهاتووە. دایک و باوکم دەگرین و دەڵێن: ئای میکێلی داماو، بەڕاستی کوڕێکی باش بوو.
پورەکانم و ئامۆژنەکانم دێن و (ئێڤلینا)ی کچەمامیشم دێت بە ئۆتۆمبێلە "جیۆلیتا"یە شینەکەیان. کەللەسەر و باربرا فرمێسکم بۆ نارێژن، بەڵام خوشکەکەم و سلڤاتۆری بۆم دەگرین.
نامەوێت بمرم.
نەدەبوایە بەسەر گردەکەدا سەرکەوم، ئایا شێت بوومە؟
ئاراستەی تایەکانم گۆڕی و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتمەوە، بەڵام پاش بڕینی سەد مەتر گیرەی پاسکیلەکەم داگرت و وەستام.

ئەگەر تایگەر جاک لە شوێنی من بووبا ئەوا چی دەکرد؟
هەرگیز ناکشێتەوە، تەنانەت ئەگەر خودی (مانیتۆ)ش بە تایبەتی داوای لێ بکات.
تایگەر جاک.
پیاوێکە کە دەتوانیت پشتی پێ ببەستیت، تایگەر جاک، هاوڕێی هیندی ناوازە تاکس ویلر (ئەم ناوانەی کە باسیان لێوە دەکرێت کەسایەتی کارتۆنین کە سالآنی حەفتا منداڵان عاقشیان بوون).
تایگەر جاک بەسەر ئەو گردەدا سەردەکەوێت تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنە پڕی جادووگەر و غول بێت چونکە ئەو هیندییەکی "نفاخو"یە (هۆزێکی ئەمریکییە ڕەسەنەکانن)، چونکە بوێرە و گوێت لە دەنگی نییە، ڕێک وەکو پڵنگ. دەزانێت کە چۆن سەربکەوێت و چاوەڕێ بکات، ئینجا بە خەنجەرەکەی هێرش بکاتە سەر دوژمنانی.
من (تایگەر جاک)م، بەڵکو لەوەش باشترم، من کوڕی ئیتاڵی (تایگەر)م. ئەمەم لە دڵی خۆمدا دووبارە دەکردەوە.
بەڵام بەداخەوە، خەنجەر و تیروکەوان و تفەنگی "وینچیستەر"م لا نییە.
پاسکیلەکەم شاردەوە وەکو چۆن تایگەر جاک ئەسپەکەی دەشاردەوە، ڕۆیشتمە ناو گوڵەگەنمەکان و کەوتە سەر دەست و قاچەکانم و سەرکەوتم، بەم شێوەیە بەردەوام بووم تاکو هەستم کرد قاچەکانم وەکو تەختەیەک ڕەق بوونە و دەستەکانم ئازاریان هەیە. دوای ئەمە وەکو کەروێشکێک دەستم کرد بە بازدان بەولا و بەولادا، ویستم ئەوە زوو کۆتایی پێبێت.
کاتێک گەیشتمە ناو دۆڵەکە ئەوا لای درەختێک بۆ چەند خولەکێک مامەوە تاکو هەناسەم بۆ گەڕایەوە. دوای ئەمە وەکو ئەندامێکی هۆزی سیوکس (یەکێکن لە هۆزە بەناوبانگەکانی ئەمریکییە ڕەسەنەکان) لە درەختێکەوە بۆ

درەختێکی تر جوولام و گوێم بۆ دەنگی نامۆ گرت، بەڵام تاکە شـــتێک کە گوێم لێبوو بریتی بوو لە جوولەی خوێن بەنـاو سەرمدا کە پەستانی خستبوومە سەر.
لە پشت دەوەنێکەوە کۆخە کۆنەکەم بینی.
زۆر بێـدەنـگ بـوو، هـیـچ شــــتـێـک نەگۆڕدرابـوو. ئەگەر جادووگەرەکان هاتبووبێتن، ئەوا دەستیان لە هیچ نەداوە.
بەناو دەوەنی تووەکاندا ڕۆیشتم تاکو گەیشتم بە گۆڕەپانەکە.
لە ژێر پارچە پلاستیک و ناوەخنەکەدا چاڵێک هەیە.
ئەوە خەون نییە.
نـاوەوەیم بـاش نەدەبینی، تـاریـک بوو و مێشـــوولەی لێوە دەردەهاتن، بۆنێکی زۆر پیسی هەبوو.
لەسەر لێواری چاڵەکە ڕۆیشتمە سەر ئەژنۆیەکانم.
"ئایا زیندوویت؟"
هیچ وەڵامێک نەبوو.
"ئایا زیندوویت؟ گوێت لێمە؟"
چاوەڕێم کرد، دواتر بەردێکی بچووکم هەڵگرت و پێم دادا، بەر پێی کەوت. پێیەکی باریک کە سەرە پەنجەکانی ڕەش بووبوون، پێیەک کە هیچ نەجوولابوو.
مردبوو، بە هیچ هەڵنەدەســـتـایەوە، تەنـانەت ئەگەر خودی (عیسا)ش فەرمانی پێ بکات.
جەستەم مووچرکی پێدا هات.
سەگ و پشیلەکان هەرگیز ئەو کاریگەرییەیان لەسەرم درووست نەکردبوو، ئەو مووانەی کە مەرگ دەشـارنەوە. بەڵام ئەو لاشـە سـپییە بەو قۆڵە ڕانیشـتووە و سـەرە لار بووە بەلای بەشـێکی چاڵەکەدا شــتێک بوو کە بێزت لێی دەکردەوە. هیچ خوێنێک نەڕژابوو، تەنیـا لاشــــەیەکی بێ گیـان بوو لەنـاو ئەو چـاڵە سامناکەدا.

هیچ شتێکی تێدا نەمابۆوە تاکو پێی بگوترێت مرۆڤ.
پێویسته ڕووخساری ببینم، ڕووخسار گرنگترین شته، له ڕێگەی ڕووخسارەوە دەتوانم لە هەموو شتێک تێبگەم.
بەڵام ڕۆیشتنه ناو چاڵەکه منی دەترساند، دەتوانم بە دارێک بیسوورێنم، پێویسته دارێکی درێژ بدۆزمەوە. ڕۆیشتم بۆ لای تەوێلەکه و پارچه ئاسنێکم دۆزییەوە، بەڵام کورت بوو. گەڕامەوە بۆ دواوە، دەرگایەکی بچووک هەبوو کە بەرەو حەوشەکه دەکرایەوە، بە کلیلێک داخرابوو. پاڵم پێوەنا تاکو بیکەمەوە، بەڵام سوودی نەبوو و لە شوێنی خۆی جێگیر بوو. لە سەروو دەرگایەکه پەنجەرەکی بچووک هەبوو، بەسەر لایەکانی دەرگایەکەدا سەرکەوتم و لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە ڕۆیشتمه دیوەکەی تر. ئەگەر وەکو باربرا قەڵەو بووبام یان تەنها دوو کیلۆ زیاتر بووبام، ئەوا نەمدەتوانی بەو کارە هەستم. ڕۆیشتمه ئەو ژوورەی کە پێشووتر لە ڕێگەی بڕینی پردەکەوە بینی بووم. چەندین لوولپێچی سپی کۆن و قوتووی تەماتە و بوتڵی بیرەی بەتاڵ و پاشماوەی ئاگر و ڕۆژنامەی دڕاو و دۆلکەی ئاو و لەگەڵ باسکەیەکی لێ بوو. هەمان ئەو هەستەی دوێنم بۆ هاتەوە، هەستم کرد یەکێک دێت بۆ ئێرە، ئەو ژوورە وەکو بەشەکانی تری کۆخەکه بەتاڵ نەبوو.
لەسەر بەرگێکی خۆڵەمێشی سندووقێکی گەورە هەبوو کە گوریسێکی تێدابوو سەرەکەی پارچه ئاسنێکی بازی بوو.
بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە لە ڕێگەی گوریسەکەوە بچمه ناو چاڵەکه.
گوریسەکەم هەڵگرت و دواتر لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە بردم بۆ دیوەکەی تر.
لەسەر زەوییەکه بەرزکەرەوەیەکی کۆن هەبوو، گوریسەکەم بەو گرێدا، بەڵام دەترسام گرێیەکه ببێتەوە و لای مردووەکه

گیر بخۆم. بۆیە سێ جار گوریسەکەم گرێدا و توند ڕامکێشا، ڕێک وەکو باوکم. بەمە دڵنیا بووم کە کێشەی نابێت، دواتر گوریسەکەم فڕێدایە ناو چاڵەکە.
"من لە هیچ شتێک ناترسم"، ئەمەم لە دڵی خۆمدا دەچرپاند تاکو ورە بە خۆم بدەم، بەڵام قاچەکانم دەلەرزین و دەنگێکیش لە مێشکمدا پێی دەگوتم مەڕۆ خوارەوە.
دواتر بە خۆمم گوت کە مردووەکان هیچیان پێ ناکرێت، نیشانەی خاچم کێشا و ڕۆیشتمە خوارەوە.
ناو چاڵەکە زۆر ساردتر بوو.
پێستی مردووەکە زۆر پیس بوو، تێکەڵ بوو بە خۆڵ و پیسایی. ڕووت بوو، هەمان باڵای منی هەبوو، بەڵام زۆر کزتر بوو. پێستی بە ئێسکەکانییەوە نووسابوو، پەراسووەکانی دیار بوون، دیار بوو کە لە تەمەنی منیشەوە نزیک بوو.
بە سەرە پێیەکەم لە دەستی ئەوم دا، بەڵام هیچ جووڵەیەک نەبوو، ئەو بەرگەم لابرد کە قاچەکانی شاردبوونەوە. سەروو پێی بە زنجیرێکی پانی قوفڵکراو بەسترابۆوە، پێستی ڕووشابوو و ڕەنگی پەمەیی کەوتبوو، لە گۆشتەکەشی شلەیەکی ڕوون وەکو خوێن بەسەر زنجیرە ژەنگاوییەکەدا دەهاتە خوارەوە، زنجیرەکە بە ئەڵقەیەکی ئاسنی چەقێنراو لەناو زەویدا بەسترابۆوە.
دەمویست ڕووخساری ببینم، بەڵام نەمدەویست دەست لە سەری بدەم، دەترسام.
لە کۆتاییدا و بە کەمێک دوودڵی بە دوو پەنجەوە سەری بەرگەکەم گرت کە بەتانییەکی کۆن بوو، ویستم سەیری ڕووخساری بکەم کە مردووەکە قاچی جووڵاند.
دەست و قاچەکانم ڕەق بوون، دەمم وشک بوو، لە بنکی پێیەکانمەوە تاکو تەپڵی سەرم تۆقیم.

دواتر وەکو زیندوویەک سـەنگی بەرز کردەوە و بە دوو چاوی داخراوەوە دەستی بەرەو لام درێژ کردەوە.
مووچڕکم پێدا هات، تەواوی تاڵە مووەکانی سەرم بەرزبوونەوە.
هـاوارم کرد و بۆ دواوە بـازم دا، پێم بەر سـەتڵێک کەوت و پیسایی بە تەواوی شوێنەکەدا ڕژا.
لە کۆتاییدا خۆم بینی لەسەر پشتم ڕانیشتووم و هاوار دەکەم، مردووەکەش بە هەمان شێوە هاواری دەکرد.
بەناو پیسـاییدا جووڵام تاکو بازم دا و لە کۆتاییدا گوریسـەکەم گرت، لە چاڵەکە ڕۆیشتمە دەرەوە و وەکو هەنگێکی شێت لەوێ ڕۆیشتم.
بە پاسـکیلەکەم بە خێرایی بە ڕێگادا ڕۆیشـتم، بەناو چاڵ و درزەکانی ڕێگادا وەکو شـێتێک ڕۆیشـتم، بەلامەوە گرنگ نەبوو ئەگەر ملی خۆشم بشکێنم، نەوەستام.
دڵم خەریک بوو بتەقێت و سـییەکانم دەسـووتانەوە. لەپڕ پاسـکیلەکە بە شـتێک کەوت و خۆم لە هەوادا بینی، دواتر پاسـکیلەکە دابەزییەوە سـەر زەوی. بۆ ئەوەی نەکەومە سـەر زەوی، ئەوا پێیەکانم خستنە سەر زەوی و توند گیرەکانم گرتن.
بەڵام ئەوە بارودۆخەکەی خراپتر کرد بەوەی کە تایەکان جام بوون و لە لای کەنـدی ڕێگـایەکە کەوتم. بە قـاچ لەرزینەوە هەسـتام، دواتر سـەیری خۆم کرد. پێسـتی سـەر ئەژنۆم ڕووشابوو و خوێنی پێدا دەهات، جلەکانم پیساییان لەسەر بوو و ئەو داوە پچڕابوو کە نەعلەکەمی بەستبۆوە.
"هەناسە بدە"، ئەوەم بە خۆم گوت.
هەناسـەم دا و ئارام بوومەوە. لەپڕ ویستم بخەوم، بۆیە لەسـەر زەوی ڕاکشـام و چاوەکانم داخسـتن. لە ژێر پێڵوی چاوەکانمدا هەموو شتێک سوور دەردەکەوت. هێشتا ترس بەری نەدابووم، ترسـێک کە وەکو ئـازاری گەدە وابوو. تیشـکی خۆر قۆڵە

ساردەکانی منی گەرم دەکردەوە و دەنگی مێشوولەکانیش لە گوێمدا دەزرینزایەوە، چۆکیشم ئازارێکی زۆری هەبوو. کە چاوەکانم کردەوە، ئەوا بینیم کە مێرووی ڕەشی گەورە بەسەر جەستەمدا دەڕۆن.
چەند دەبێت خەوتووم؟ لەوانەیە دوو خوولەک بووبێت یان دوو کاژێر.
سواری پاسکیلەکە بوومەوە و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتمەوە. لە کاتێکدا پێم لە پایدەرەکان دەنا، ئەوا وێنای منداڵە مردووەکەم دەهاتەوە یاد کە چۆن دەستی بۆ درێژ کردبوومەوە. ئەو دیمەنی ڕووە تێکچوو و چاوە داخراوەکانی و دەمە بەتاڵەی هێشتا لە هزرمدا دووبارە دەبوونەوە.
ئێستا وەکو خەونێک دێتە پێش چاوم، خەوێکی ناخۆش کە چیتر سەنگایی نەماوە.
زیندوو بوو، وا خۆی نیشان دەدا کە مردووە، بۆچی؟
لەوانەیە نەخۆش بووبێت، یان ئەوەتا دڕندەیە، یان گورگەپیاوە.
شەوانە دەبێت بە گورگ، بۆیە بەو زنجیرەیەوە دەیبەستن چونکە مەترسیدارە. لە تەلەفیزیۆن پیاوێکم بینی شەوانە دەبوو بە گورگ و هێرشی دەکردە سەر خەڵک، بۆیە جووتیاران تەڵەیەکیان نایەوە و گورگەکە کەوتە ناو تەڵەکە، دواتر یەکێک لە ڕاوچییەکان تەقەی لێکرد و کوشتی، گورگەکە مرد و دواتر دووبارە بۆوە بە مرۆڤ. دوای ئەوە بۆیان دەرکەوت کە گورگەکە دەرمانساز بووە، ڕاوچییەکەش کوڕی بوو.
ئەو کوڕەیان لە ناو ئەو چاڵەدا لەژێر ناوەخنەکەدا بە زنجیر بەستبۆوە تاکو بەر تیشکی مانگ نەکەوێت.
هیچ چارەسەرێک بۆ گورگەپیاو نییە، بۆ ئەوەی بیشیکوژیت ئەوا پێویستت بە گوللەیەکی زیوی دەبێت.
بەڵام گورگەپیاو بوونی نییە.

"میکێلی، واز له قســـــهکردن دهربارهی درِنده بێنه، درِندهکان بوونیــان نییه. خێو و گورگهپیــاو و جــادوو تهنیــا کۆمهڵه چیرۆکێکی خهیاڵین تاکو گهمژهیهکی وهکو تۆی پێ بترســـــێنن. پێویســـته له مرۆڤهکان بترســیت نهوهکو درِندهکان". ڕۆژێکیان باوکم ئهمهی پێ گوتم دوای ئهوهی لێم پرسی که ئایا درِندهکان دهتوانن له ژێر ئاودا ههناسه بدهن.

بهڵام ئهگهر یهکێک ئهوی لهوێ شـــــاردبێتهوه ئهوا بێ هۆ نییه، باوکم ههموو شتێکم بۆ شیدهکاتهوه.

ڕۆیشتمه ماڵهوه و پاڵم به دهرگایهکهوه نا.

"باوکه! باوکه! دهمهوێت شتێک بڵێم..."، بهڵام نهمتوانی هیچ بڵێم. لهســهر کورســییهکهی دانیشــتبوو و ڕۆژنامهکهی بهدهســتهوه بوو، چاوهکانی وهکو بۆق زهق بووبوون که ســـــهیری کردم. لهوهتهی ڕووداوی خواردنهوهی ئاوی لۆرد که به ههڵه وامزانی ئاوی ئاســـــاییه (جۆره ئاوێکی پیرۆزه که له شـــــاری "لۆرد"هوه دههێنرێت، وهکو ئاوی زمزمی موســـــڵمانان وایه) تاکو ئێســـــتا نهمبینی بوو بهم شـــــێوهیه چاوهکانی زهق بووبن. لهناو کوپی قاوهکهیدا جگهرهکهی کوژاندهوه.

دایکم لهســهر کورســییهکهی دانیشــتبوو و چنینی ئهنجام دهدا، سهری بهرز کردهوه و دواتر نزمی کردهوه.

باوکم لووتی لێ درێژ کردمهوه و گوتی: تهواوی ئهمرِۆ له کوێ بوویت؟ ئهوه خۆت له چیدا هاویشتووه؟

وهکو ئهوهی بێزم لێ بکات سهیری کردم.

"خۆت لهناو پیســـــاییدا هاویشـــــتووه؟ بۆنت وهکو بهراز وایه! نهعلهکانیشت خراپ کردووه!"

دواتر سهیری کاتژمێرهکهی کرد.

"دهزانی کاتژمێر چهنده؟"

بێدهنگ مامهوه.

"پێت دەڵێم کاتژمێر چەندە، ســـێ و بیســـت خوولەکە. ژەمی نیوەڕۆ نەمانبینیت، هیچ کەســێک نەیدەزانی لە کوێیت، تەنانەت ڕۆیشـــتم بۆ "لوچیانۆ"ش بۆ ئەوەی بە دواتدا بگەڕێم. دوێنێ لە سزا ڕزگارت بوو، بەڵام ئەمڕۆ نا"

کـاتێک بـاوکم بەو شــێوەیە توڕە دەبێت، ئەوا دەنگی بەرز ناکاتەوە، بەڵکو بە دەنگێکی نزمەوە قســـە دەکات، ئەمەش منی زۆر دەترساند. تاکو ئەمڕۆش بەرگەی ئەو جۆرە کەسانە ناگرم کە توڕەیی خۆیان دەرنابڕن.

ئـامـاژەی بە دەرگـایەکە دا و گوتی: ئەگەر دەتەوێت هەرچی حەزت لێبوو بیکەیت ئەوا بڕۆ دەرەوە، ئەم ماڵە جێبێڵە، پێویستم بە تۆ، بڕۆ خەریکی کاری خۆتبە.

-چاوەڕێکە، دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.

-بێدەنگبە و بڕۆ دەرەوە.

دواتر پاڕامەوە: باوکە، بابەتێکی گرنگە...

"ئەگەر لە مـاوەی ســێ چرکەدا لە بەردەمم ون نەبیت، ئەوا لەســـەر ئەم کورســـییە هەڵدەســـتم و خۆم بەڕێت دەکەم بۆ دەرەوە، تاکو لای لافیتەکە کە نووسراوە ئاکوا تراڤرسی"

دواتر دەنگی بەرزتر بۆوە.

"بڕۆ دەرەوە!"

ســـەری بەڵێم لەقاند و گریان قورگی گرتم، چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک. دەرگایەکەم کردەوە و بەسەر پلیکانەکاندا ڕۆیشتمە خوارەوە، پاسکیلەکەم هەڵگرت و بەرەو دۆڵەکە بەڕێکەوتم.

دۆڵەکە هەمیشـە وشـک بوو، جگە لە زسـتانان کە بارانێکی زۆر دەبـاری، وەکو مـارێکی درێژی ســـپی بەنـاو کێڵگە زەردەکاندا دەهــات. ڕێڕەوەکە پڕ بوو لە بەردی ســـپی و تیژ، بەردی گڕگرتووی گەرم و گیـا. لە نێوان دوو گرددا ئـاو کۆدەبۆوە و

ئـاوێکی مەییو درووســــــت دەبوو، لە هـاوینیشـــــدا دەبوو بە گۆماوێکی ڕەش.
ناومان لێنابوو دەریاچە.
ماســـی تێدا نەبوو، تەنانەت بەچکە بۆقیشـــی تێدا نەبوون، تەنیا مێشـــــوولە و چەند جۆرێکی تری قالۆنچە لەو شـــــوێنە بوون. کاتێک پێت دەخســــــتە ناوی، ئەوا کە دەرت دەهێنایەوە پێت بە قوڕێکی ڕەشی بۆگەنیو دەور دەدرا.
بۆیە دەچووینە ئەویٚ چونکە درەختێکی خەروبی لێبوو.
درەختێکی گەورە و پیر بوو، هیوامـان دەخواســــــت کۆخێکی لەسـەر درووست بکەین، کۆخێک کە دەرگا و سـەقف و گوریس و هەموو شـتێکی هەبێت. بەڵام هەرگیز نەمانتوانی چونکە تەختە و بزمارمان نەبوو، هەروەها چۆنیەتی درووســــتکردنیشـــــمان نەدەزانی. جارێکیان کەللەسەر تۆڕێکی جێخەوی لە سەری دانا، بەڵام هیچ خۆش نەبوو. شـــــوختی زۆری پێدا دەهێنـایـت و جلەکانتی دەدڕاند، ئەگەریش زۆر جووڵابووبایت ئەوا دەکەوتیتە سەر زەوی.
بەڵام ماوەیەکە هیچ کەسێک بەسـەر درەختەکەدا سـەرناکەوێت، جگە لە من. هەمیشــــە حەزم دەکرد بڕۆمە ســــەری، حەزم بەوە دەهات وا بەرز ببم و لەناو گەڵایەکانیدا خۆم بشارمەوە. لەوێوە دەمتوانی ســـەیری هەموو شـتێک بکەم، ڕێک وەکو کەسـێک کە لەســــەر داراڵا بێت. ئاکوا تراڤرســــی وەکو خاڵێک دەهاتە پێش چاو، خاڵێکی ون بوو لەناو گوڵەگەنمەکاندا. لەوێوە دەشــــتتوانی ڕێگــای چوون بەرەو لوچیـانۆ ببینیـت. لەوێوە پێش هەموو کەسێک سەرقاپی مەکینەی سەوزی بارهەڵگری باوکم دەبینی.
ســەرکەوتمە ســەری تاکو گەیشـتم بە شـوێنی مەبەسـت، لقێکی پان بوو، بڕیارم دا کە هەرگیز نەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

ئەگەر باوکم منی ناوێت و ڕقی لێمە ئەوا بەلامەوە گرنگ نییە، لەسەر ئەم درەختە دەژیم، بێ خێزان وەکو هەتیوێک دەژیم.
"بڕۆ دەرەوە."
لە دڵی خۆمدا گوتم: باشە، بەڵام کاتێک نەگەڕامەوە ئەوا خەفەت دەخۆیت. دواتر دێیتە لام و داوام لێ دەکەیت کە بگەڕێمەوە، بەڵام ناگەڕێمەوە. لێم دەپاڕێیتەوە، بەڵام هەر ناگەڕێمەوە. دوای ئەمە بۆت دەردەکەوێت کە هەڵەیەکی گەورەت ئەنجام داوە و کوڕەکەت ناگەڕێتەوە و تاکو ماویشـــە لەســـەر ئەم درەختی "خەروب"ە دەژیت.
کراسـەکەم داکەند، پشـتم خسـتە سـەر لقەکە و سـەرم لە ژێر دەستێکم دانا و سەیری گردی منداڵەکەم کرد. دوور بوو، خۆر لەلای ئەو ئاوا دەبوو و ڕەنگێکی پرتەقاڵی گرتبوو و ئاســـمانی دەوریشی ڕەنگێکی پەمەیی کاڵی گرتبوو.
"میکێلی، وەرە خوارەوە"!
هەستام و چاوەکانم کردنەوە.
لە کوێم؟
ماوەیەک تێپەڕی تاکو هزرم بۆ گەڕایەوە و بۆم دەرکەوت کە لەسەر درەختەکەم.
"میکێلی!"
ماریا بوو بە پاسکیلە بچووکەکەیەوە، لە ژێر درەختەکەدا.
باوەشکم هات.
"چیت دەوێت؟"
کەمێک پشتم ڕاکشاند، ئازاری هەبوو.
ماریا لەسەر پاسکیلەکەی دابەزی و گوتی: دایکم دەڵێت بگەڕێوە بۆ ماڵەوە.
کراسەکەم لەبەر کردەوە، کەش و هەوا سارد بووبوو.
-نەخێر ناگەڕێمەوە، پێی بڵێ کە هەر لێرە دەمێنمەوە!

-دایکە دەڵێت ژەمی ئێوارە ئامادەیە.
کات درەنگ بوو، بەڵام هێشـــتا هەر ڕۆژ بوو، بەڵام دوای نیو کاژێری تر دەبێت بە شەو، حەزم بەوە نایەت.
"پێی بڵی کە چیتر کوڕی ئەوان نیمە و تەنیا تۆ کچی ئەوانیت"
خوشکەکەم ناوچاوانی گرژ کرد.
-چیتر برای منیت؟
-نەخێر.
-کەوایە لەمەودوا تەواوی ژوورەکە موڵکی منە و دەتوانم گۆڤارەکان بۆ خۆم هەڵگرم؟
-نەخێر، ناتوانیت.
-دایکە گوتی ئەگەر نەیەیتەوە ئەوا دێت و بە کلکە ماسیحە لێت دەدات.
ئاماژەی پێدام کە بێمە خوارەوە.
-بەلامەوە گرنگ نییە، جێی باسیشە کە ناتوانێت بەسەر ئێرەدا سەرکەوێت.
-بەڵکو دەتوانێت، دایکە باش دەتوانێت سەرکەوێت.
-بەردی پێدا دەدەم.
ماریا ڕۆیشتەوە سەر پاسکیلەکەی.
-وریابە، دایکە توڕە دەبێت.
-ئەی باوکە؟ ئەو لە کوێیە؟
-لە ماڵەوە نییە.
-ئەی لە کوێیە؟
-ڕۆیشتە دەرەوە، درەنگ دەگەڕێتەوە.
-بۆ کوێ ڕۆیشت؟
-نازانم، لەگەڵم دێیتەوە؟
زۆرم برسی بوو.
-دایکە چی ئامادە کردووە؟

-کەشکەکی پەتاتە و هێلکە.
کەشـــــکەکی پەتاتە و هێلکە دوو خواردنن کە زۆر حەزم پێیان دێت، بە تایبەتی کاتێک تێکەڵ بە یەکتریان دەکەم و شۆربایەکی خۆشی لێ دەردەچێت.
لەسەر درەختەکە بازم دا و هاتمە خوارەوە.
"باشە، دێمەوە، بەڵام تەنیا ئەم جارە"

بە بێدەنگی نانمان خوارد.
وەکو ئەوە وابوو کەســـێک لەنـاو مـاڵەکەدا مردبێـت، من و خوشـکەکەم لە پێش مێزەکە دانیشـت بووین و نانمان دەخوارد، دایکیشم قاپەکانی دەشۆردن.
"کە تەواو بوون ئەوا ڕێک بڕۆنە ســـەر جێگایەکانتان و بخەون، یەک وشەش نەڵێن".
ماریا پرسی: ئەی تەلەفیزیۆن؟
"تەلەفیزیۆن نییە. کەمێکی تر بـاوکتـان دێتەوە، ئەگەر ببینێـت هێشتا بەخەبەرن ئەوا خراپتان بەسەر دێت"
دووبارە پرسییەوە: هێشتا توڕەیە؟
-بەڵێ.
-چی گوت؟
-گوتی کە ئەگەر هەر بەم شـێوەیە بەردەوام بیت ئەوا سـاڵێکی تر دەتنێرێت بۆ پەرستگای قەشەکان.
هەر کـاتێـک کـارێکی نـاڕەوام ئەنجـام دابووبـا ئەوا بـاوکم هەڕەشەیەکی لەم شێوەیەی لێ دەکردم.
سـلڤاتۆری جار جار دایکی دەربرد بۆ پەرسـتگای سـان بیاجو بەوەی کە خاڵی لەوێ قەشـــەیەکی پاســـەوان بوو. ڕۆژێکیان لە (سلڤاتۆری)م پرسـی کە ژیانی قەشـەکان چۆنە، ئەویش وەڵامی دامەوە.

"وەکو ژیانی سەگ وایە. تەواوی ڕۆژەکە لە نزاکردندا بەسەر دەبەن، شەوانەش لە ژوورێکی بچووکدا زیندانی دەکرێن، ئەگەر بیانەوێت میزێکیش بکەن ئەوا ناتوانن بێنە دەرەوە، جگە لەوەش هەمیشە ناچارن نەعل لە پێ بکەن تەنانەت ئەگەر سەرماش بێت".

ڕقم لە قەشەکان بوو، بەڵام دەمزانی کە باوکم هەرگیز بۆ لای ئەوانم نانێرێت چونکە خۆیشی زیاتر لە من ڕقی لەوان بوو، هەمیشە دەیگوت ئەوانە بەرازن.

قاپەکەم لەناو سینکەکە هاویشت.

-هەرگیز تورەیی نانیشێتەوە، وایە؟

-لەوانەیە تورەیی نەمێنێت ئەگەر ببینێت خەوتوون.

دایکمان هەرگیز لەسەر مێزەی نانخواردن لەگەڵمان دانەدەنیشت، قاپەکەی لەسەر بەفرەخەرەکە دادەنا و دواتر بە وەستانەوە نانی خۆی دەخوارد. کەم قسەی دەکرد. هەمیشە دەوەستا کاتێک چێشتی لێ دەنا یان کاتێک قاپەکانی دەشۆرد، یان کاتێک جلەکانی ڕێک دەخستن. یان دەوەستا یان دەخەوت. حەزی بە تەلەفیزیۆن نەدەهات، خێرا لێی بێزار دەبوو. کاتێک کە ماندوو دەبوو، ئەوا لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشا و دەڕۆیشتە ناو خەوێکی قووڵەوە.

لە سەردەمی ئەم چیرۆکەدا دایکم تەمەنی سی و سێ ساڵ بوو، هێشتا خاوەنی جوانییەکی سەرنجڕاکێش بوو بەو قژە ڕەشەی کە تاکو ناوەندی پشتی دەهات، چاوە ڕەشە گەورەکانی کە وەکو گوێز وابوون، دەمە فراوان و ددانە سپییەکانی و چەناگە تەسکەکەی. باڵایەکی بەرزی هەبوو، جوانپۆش بوو و سنگێکی پڕی هەبوو، کەمەریشی بە ڕاددەیەک باریک بوو کە تەنیا حەزت لێبوو دەستەکانتی لەسەر دانێیت.

کاتێک دەڕۆیشـــتین بۆ بازاڕی لوچیانۆ ســـەرنجم دەدا چۆن تەواوی پیاوەکان سەیری دەکەن. سەیری فرۆشیارەکانم دەکرد کە چۆن چاویان لە یەکتری دادەگرت و ئاماژەیان بەو دەدا و ســەیریان دەکرد. کە ئاوڕیشـــی دەدایەوە، ئەوا خۆیان لە گێلی دەدا و ڕوویان لە ئاسمان دەکرد. توند دەستیم دەگرت و خۆم پێیەوە دەلکاند.

دەمویست هاوار بکەم و بڵێم: هی منە، وازی لێ بێنن!

(سڤیرینۆ)ی ئاوهێنەر هەمیشــە بەوی دەگوت: تریزا، بەڕاستی بیرۆکەی خراپ لە مێشکی پیاوان دەخەیت.

دایکم گرنگی بەو شتانە نەدەدا، هەرگیز ئەو شتانەشی نەدەبینی. ئەو نیگایانە هیچ کارێکیان لەو نەدەکرد، نیگا لە ژێر سنگی. کەسێکی لەخۆبایی نەبوو.

زۆر گەرما بوو، لە جێگادا بووین لەناو داوی تاریکیدا.

ماریا لێی پرســـیم: ئایا ناوی ئەو ئاژەڵە دەزانیت کە ناوی بە ناوی بەشێکی جەستەی مرۆڤ دەست پێدەکات؟

-چی؟

-ئاژەڵێک کە ناوەکەی بە ناوی بەشـــێکی جەســـتەی مرۆڤ دەست پێبکات.

دەستم کرد بە بیرکردنەوە.

-ئەی تۆ دەیزانیت؟

-بەڵێ.

-کێ پێی گوتیت؟

-باربرا.

هیچم بە مێشکدا نەهات.

-ئاژەڵی لەم شێوەیە بوونی نییە.

-بەڵێ، هەیە.

هەوڵی بیرکردنەوەی زیاترم دا.

-کرم.
-ئەوە ئاژەڵ نییە.
مێشکم بەتاڵ بوو، تەواوی بەشەکانی جەستەم دەهێنایە پێش چاوم و ناوی ئاژەڵانم بۆ زیاد دەکرد، بەڵام سوودی نەبوو.
-دڵاو؟
-نەخێر.
-مووری؟
-نەخێر.
-نازانم، پێم بڵێ.
-پێت ناڵێم.
-دەبێت پێم بڵێیت.
-باشە، پێت دەڵێم، ئەوە سمۆرەیە.
لە ناوچاوانی خۆم دا.
"ڕاست دەکەیت، سمۆرە! زۆر ئاسان بوو، بەڕاستی گەمژەم."
(سمۆرە بە عەرەبی دەبێت سنجاب، سن کە دوو پیتی سەرەتا پێک دێنن واتا ددان، ددانیش بەشێکی جەستەی مرۆڤە-وەرگێڕ).
دواتر ماریا گوتی: شەوشاد.
منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: شەوشاد.
هەوڵمدا بخەوم، بەڵام نەمتوانی و هەر لەناو جێگایەکەدا بەولا و بەولادا دەجووڵام.
لای پەنجەرەکە وەستام، چیتر مانگ پڕ نەبوو، ئەستێرەکان لە دەوری دەدرەوشانەوە، مەحاڵە کوڕێک لە شەوێکی لەم شێوەیەدا ببێت بە گورگ. ڕووم لە گردەکە کرد، بۆ ساتێک وامزانی ڕووناکییەک لە سەروو لوتکەکەیەوە دەرکەوت.
بڵێیت چی لەو کۆخە چۆڵەدا بێت؟
لەوانەیە جادووگەر بن، کۆمەڵە جادووگەرێکی پیری ڕووتی بێ ددان بە دەوری چاڵەکەدا سەما دەکەن، لەوانەیە جادووگەرەکان

کوڕەکە دەربێنن و نێرینەی ڕاکێشــن و دواتر دووبارە ســەما بکەنەوە. یاخود لەوانەیە غولەکان لەوێ ببن و ئێســتا گۆشــتی ببرژێنن.

ئەگەر تەواوی ســامانەکانی جیهانم پێ ببەخشــن ئەوا بە شــەو ناڕۆم بۆ ئەو شــوێنە. خۆزگە توانیبام ببم بە شــەمشــەمەکوێرە تاکو بەســــەر کۆخەکەدا فڕیبام، یاخود ئەو قەڵغانەی باوکی (سـلڤاتۆری)م هەبووبا، بەو قەڵغانە ئەوا جادووگەرەکان ناتوانن هیچم لێ بکەن .

# بەشی سێ یەم

بەیانی بە قالبێکی خۆشـــەوە هەســـتام، چیتر خەونی ناخۆش ڕووی تێ نەکردمەوە. چاوەکانم داخســـت بوون و گوێم لە چۆلەکەکان گرتبوو، دواتر لەپڕ وێنای کوڕەکەم هاتەوە یاد کە چۆن دەستەکانی بەرەو درێژ کردبوومەوە.

"یارمەتی!"

بەڕاستی گەمژەم! بۆیە هەستا چونکە یارمەتی منی دەویست، کەچی ڕامکرد.

بە بێ دەنگی لە ژوورەکەم ڕۆیشتمە دەرەوە.

باوکم ئامێری قاوەکەی دادەخســـت و باوکی (باربرا)ش لای مێزەکە دانیشتبوو.

باوکم گوتی: بەیانیت باش.

کەوایە توڕەییەکەی نەماوە.

باوکی (باربرا)ش گوتی: سڵاو میکێلی، چۆنیت؟

"باشم."

پیترۆ مۆرا پیاوێکی قەڵەوی کورتەباڵا بوو، ســمڵێکی گەورەی ڕەشی هەبوو کە دەمی داپۆشی بوو و سەرێکی شێوە مەیلەو چوارگۆشەیی هەبوو. قاتێکی ڕەشی لەبەردابوو کە خەتی سپی بچووکی پێدا هاتبوون، لە ژێرەوەش کراســێکی لەبەر کردبوو. بۆ ماوەی چەندین ســاڵ وەکو ســەرتاشــێک لە لوچیانۆ کاری کرد، بەڵام لەو کارەدا ســەرکەوتوو نەبوو. کاتێک ســالۆنێکی تــازەیــان کردەوە کە خزمەتگوزاری گرنگیــدان بە نینۆک و ســـەرتاشـــینی مۆدێرنی هەبوو، ئەوا دوکانەکەی داخســـت و دووبارە بۆوە بە جوتیار. بەڵام لە ئاکوا تراڤرسی هەمووان هەر پێیان دەگوت سەرتاش.

که ویستت قژت چاک بکەیت، ئەوا دەبێت بچیت بۆ ماڵەکەی کە لەناو چێشتخانەکە لە نزیک قەفەزی "حەسوون"ەکەی دادەنیشێنێت و دواتر لە یەکێک لە چەکمەجییەکان لوولپێچێک دەردێنێت کە لە کەتان درووستکراوە، ئەو لوولپێچەش چەندین جۆری شانە و مەقەستێکی ڕۆنکراوی باشی تێدایە.

پەنجەکانی پیترۆ مۆرا قەڵەو و بچووک بوون، ڕێک وەکو جگەرەی تۆسکانی، پەنجەکانی بە ئەستەم دەچوونە ناو کونەکانی مەقەستەوە. پێش ئەوەی دەست بە کارەکەی بکات، ئەوا تیغەکانی مەقەستەکە بەسەر سەرتدا دێنێت، بۆ دواوە و بۆ پێشەوە، وەکو جادووگەرێک. هەمیشە دەیگوت کە بەو شێوەیە دەتوانێت بیرۆکەکانی مێشکت بخوێنێتەوە، دەیەوێت بزانێت ئایا شتانێکی باشن یان خراپ.

منیش هەر کاتێک لە ژێر دەستی ئەودا بووبام، ئەوا هەوڵم دەدا بیرۆکەی باشم هەبن، بۆیە بیرم لە مۆتە ئەستێرەکان و خۆشەویستیم بۆ دایکم دەکردەوە.

سەیری کردم و گوتی: ئایا دەتەوێت قژت درێژ بکەیت؟

سەری نەخێرم لەقاند.

باوکم قاوەی لە کوپە جوانەکان کرد.

"دوێنێ تووڕەی کردم، ئەگەر هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا دەینێرم بۆ پەرستگای قەشەکان".

دواتر سەرتاشەکە پێی گوتم: ئایا دەزانیت قەشەکان چۆن قژی خۆیان چاک دەکەن؟

-بازنەیەک لە دەوری چەقی سەریان دەهێڵنەوە.

-ئافەرین، بۆیە باشترە گوێڕایەڵ بیت.

باوکم گوتی: دەی جلەکانت بپۆشە و وەرە نان بخۆ، دایکت نان و شیری بۆ ئامادە کردوویت.

-بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

-لوچیانۆ، ڕۆیشته بازاڕ.

-باوکه، دەمەویت شتێکت پێ بڵێم، شتێکی زۆر گرنگ.

باوکم چاکەتەکەی لەبەر کرد.

"ئێستا کاتی ئەوە نییە، شەو پێم بڵێ، پێویستە بڕۆم. خوشکەکەت هەستێنە و شیرەکەش گەرم بکەوە".

بە یەک قوم قاوەکەی هەموو خواردەوە، سەرتاشەکەش بە هەمان شێوە، دواتر پێکەوە ڕۆیشتن.

دوای ئەوەی کە ژەمی بەیانیم بۆ ماریا ئامادە کرد، ئەوا ڕۆیشتمە سەر شەقامەکە. کەللەسەر و ئەوانی تر لە ژێر گەرمای خۆرەکەدا یاریان بە تۆپەکە دەکرد، (تۆکو)ش کە سەگێکی بچووکی ڕەنگ ڕەش و سپی بوو بەدوای تۆپەکە دەکەوت و لای قاچەکانیان دەخلیسکا.

تۆکو سەرەتای هاوین دەرکەوت، هەمووان گرتیانە خۆیان، شوێنی مانەوەی بریتی بوو لە کۆگای باوکی کەللەسەر. هەمووان هەمیشە پاشماوەی خواردنیان پێدەدا، ئەمە بەردەوام بوو تاکو قەڵەو کەوت و گەدەی وەکو توپێک لێ هات.

سەگێکی بچووکی ژیکەڵە بوو، کاتێک دەستت بەسەر مووەکانی سەریدا دەهێنا یان کە دەتهێنایە ژوورەوە، ئەوا هەڵدەچوو و دواتر لەسەر زەوییەکە ڕادەکشا و میزی دەکرد.

سلڤاتۆری هاواری بۆ کردم: گۆڵەکە بپارێزە!

ڕۆیشتمە شوێنی خۆم. هیچ کەسێک نەیدەویست گۆڵچی بێت، تەنیا من دەمەویست، هۆکارەکەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە حەزم دەکرد بە دەستەکانم یاری بکەم نەوەکو پێیەکانم. حەزم بەوە دەهات باز بدەم و تۆپەکە بگرم، یان بکەومە سەر زەوی لە کاتێکدا پەنارتی ئەنجام دەدرا.

ئەوانی تر تەنیا حەزیان لە گۆڵکردن بوو.

ئەو بەیانییە گۆڵی زۆرم تێبوون، لە دەستم دەردەچوون، مێشکم لە شوێنێکی تر بوو.
سلڤاتۆری لێم نزیک بۆوە و گوتی: ئەوە چیتە میکێلی؟
-مەبەستت چییە؟
-زۆر خراپ یاری دەکەیت.
تفم لەناو دەستەکانم کرد دەست و قاچەکانم کردەوە، چاوەکانیشم تەسک کردن، ڕێک وەکو دزۆف (گۆڵچی یانەی ئیتاڵی براوەی ساڵی ١٩٨٢ز بوو-وەرگێڕ).
"ناهێڵم یەک گۆڵی تریش ببێت!"
کەللەسەر خۆی لە دەستی ریمۆ ڕزگار کرد و بە توندی تۆپەکەی بەرەو ناوەندەی گۆڵەکە هاویشت. لێدانێکی بەهێز بوو، بەڵام گرتنی ئاسان بوو، لەو جۆرە لێدانانە بوو کە دەتتوانی بە کردنەوەی هەردووک دەست یان پەستان خستنە سەر گەدەت بیگریت. ویستم تۆپەکە بگرم، بەڵام لە دەستم ڕۆیشت.
کەللەسەر هاواری کرد و گوتی: گۆۆۆۆۆۆڵ!
دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە وەکو ئەوەی گۆڵێکی لە دژی یانەی یۆڤانتۆس تۆمار کردبێت.
گردەکە بانگی دەکردم، دەمتوانی بڕۆم. دایک و باوکم لەماڵەوە نین، تەنیا ئەوەم لەسەرە کە پێش ژەمی نیوەڕۆ بگەڕێمەوە.
بەوانم گوت: چیتر نامەوێت یاری بکەم.
ڕۆیشتم.
سلڤاتۆری بەدوام کەوت و گوتی: بۆ کوێ دەڕۆیت؟
-بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆم.
-خوولێک بسووڕێینەوە؟
-دواتر، شتێک هەیە کە دەبێت ئێستا ئەنجامی بدەم.
دوای ڕاکردنم هەموو شتێکم وەکو خۆی جێهێشت بوو.

پارچە پلاســـتیکەکە لەگەڵ ناوەخنەکە لادرابوون و چاڵەکە دیار بوو و گوریسەکەش بەناویدا لار بووبۆوە.
ئەگەر چاودێرانی چاڵەکە بێن و ببینن نهێنییەکەیان ئاشـــکرا بووە، ئەوا باجێکی گەورە دەدەم.
ئەی ئەگەر کوڕەکە چیتر لەوێ نەمابێتەوە؟
پێویستە ورە بە خۆم بدەم و سەیری بکەم.
سەیری ناو چاڵەکەم کرد.
خۆی لەناو بەتانییەکەدا گل دابوو.
کەمێک سەرم بەرەو لای چاڵەکە درێژ کرد.
"سڵاو... سڵاو... سڵاو... ئەوە منم، ئەوەی دوێنێ هات. بیرتە؟"
وەڵامی نەدامەوە.
"گوێت لێمە؟ ئایا کەڕیت؟"
پرسیارێکی بێ مانا بوو.
"ئایا نەخۆشیت؟ ئایا زیندوویت؟"
قۆڵی جووڵاند و کەمێک دەســتی بەرز کردەوە، شــتێکی چرپاند کە باش لێی تێنەگەیشتم.
-چیت گوت؟ تێنەگەیشتم.
-ئاو.
-ئاو؟ تینووتە؟
قۆڵی بەرز کردەوە.
"چاوەڕێکە."
لە کوێ ئاو بدۆزمەوە؟ دوو ستڵی بۆیاغی لێ بوون بەڵام بەتاڵ بوون. کەمێک ئاو لەناو سینکەکەدا هەبوو، بەڵام سەوز بووبوو و پڕی مێشوولە بوو.
بیرمە کە کاتێک بەدوای گوریســـێکدا دەگەڕام ئەوا دەبەیەکی گەورەی ئاوم بینی.
پێم گوت: ئێستا دێمەوە.

له ڕێگەی کونی بچووکی سەر دەرگایەکەوە ڕۆیشتمە ناوەوە. دەبە گەورەکەم دۆزییەوە، تاکو نیوەی پڕی ئاو بوو. بۆنی لێوە نەدەهات، بە کەڵکی خواردنەوە دەهات.

له سووچێکی تاریکدا لەسەر ڕەفەیەکی دارین چەند قوتوویەک و پاشماوەی مۆم و دەفرێک و بوتڵی بەتاڵ هەبوو، دانەیەکم هەڵگرت. دوو هەنگاو ڕۆیشتم، دواتر وەستام. گەڕامەوە و دەفرەکەم هەڵگرت.

دەفرێکی نیمچە قووڵ بوو کە بە سپی ڕەنگ کرابوو، لێوارەکەی و شوێنگرەکەشی بە شین ڕەنگ کرابوو، ناوەندیشی وێنەی کۆمەڵە سێوێکی سووری لەسەر بوو. ڕێک وەکو ئەو دەفرەی ماڵی ئێمە بوو. من و دایکم له بازاڕی لوچیانۆ کڕی بوومان، ماریا بە تایبەتی ئەو دەفرەی له ژێر کۆمەڵە دەفرێکی تر هەڵگرت، حەزی بە وێنەی سێوەکان دەهات.

ئەمەیان کۆنتر بوو، باشیش نەشۆردرابوو بەوەی کە شتێکی پێوە نووسابوو. دەستم بەسەردا هێنا و بۆنم کرد، ساسی تەماتە بوو.

له شوێنی خۆم دانایەوە، دواتر ئاوەکەم لەناو بوتڵێک کرد و سەرەکەیم داخست، باسکەکەشم برد.

کە ڕۆیشتمەوە ئەوا باسکەکەم بە گوریسەکە گرێدا و بوتڵەکەم لەناوی هاویشت.

پێم گوت: باسکەکەت بۆ دەهێنمە خوارەوە، بیگرە.

له کاتێکدا بەتانییەکەی بە دەوردا بوو هەستا و دەستی له باسکەکە دا، ویستی بوتڵەکە دەربێنێت. سەری بوتڵەکەی کردەوە و ئاوەکەی لەناو دەفرێک هاویشت، یەک دڵۆپە ئاویشی بەفیڕۆ نەدا، دواتر بوتڵەکەی لەناو باسکەکە هاویشتەوە و گوریسەکەی کەمێک ڕاکێشا.

وا دەردەکەوت ئەمە ڕۆتینی ئەو بێت، هەموو ڕۆژێک. بە هۆی ئەوەی کە گوریســـەکەم ڕانەکێشـــا، ئەوا دووبارە کەمێک ڕایکێشایەوە و بە توڕەییەوە منگەیەکی کرد.
هەر کە گوریســـەکەم ڕاکێشـــایەوە ئەوا ســـەری نزم کردەوە، دەفرەکەی بەرز نەکردەوە، بەڵکو لەســـــەر زەوی بوو و وەکو ســـەگێک لەســـەر قاچ و دەســـتەکانی دەســـتی دەستی کرد بە خواردنەوەی ئـاوەکە. کـاتێک تەواو بوو ئەوا دوورکەوتەوە و ڕۆیشتە سووچێک، چیتر نەجوولا.
کات درەنگ بوو.
"باشە... جارێ جێت دەهێڵم." چاڵەکەم داپۆشییەوە و ڕۆیشتم.
لە کاتێکدا بە پاســـکیلەکەم بەرەو ئاکوا تراڤرســـی دەگەڕامەوە، ئەوا بیرم لەو دەفرە دەکردەوە کە دۆزیبوومەوە. بەلامەوە سەیر بوو کە وا هاوشێوەی دەفرەکەی ئێمە بوو. نازانم بۆچی، لەوانەیە بە هۆی ئەوە بووبێت کە ماریا بە تایبەتی لەناو دەفری تردا هەڵی گرتبوو و پێی لەوانی تر جیـاوازتر و جوانتر بوو، ئەویش بە هۆی سێوەکانەوە.
ڕێک لە کاتی ژەمی نیوەڕۆدا گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.
باوکم گوتی: خێراکە و دەستەکانت بشۆ.
لای مـاریـا لە پێش مێزەکە دانیشـــــت بوو، چاوەڕێی ئەوەیـان دەکرد کە دایکم خواردنەکە بهێنێت.
ڕۆیشتم بۆ شۆرگەکە و دەستەکانم بە سابون شۆردن، قژیشم بە شانەکە ڕێکخست. لە کاتێکدا دایکم سپاگێتی لەناو دەفرەکانی ئەواندا دەکرد، ئەوا ڕۆیشتمە لایان.
ئەو دەفرە دیار نەبوو کە ســـێوەکانی لەســـەر بوون، ســـەیری دەفرەکانی ترم کرد کە لەلای سینکەکە وشک دەبوونەوە، بەڵام لەوێش نەبوو، لەوانەیە لەناو چەکمەجییەکەدا بێت.

له کاتێکدا باوکم خواردنەکەی لەناو دەمیدا دەجوو ئەوا گوتی: دوو ڕۆژی تر یەکێک دێت بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک لەگەڵمان بمێنێتەوە، باش ڕەفتار بکەن، نە دەمەوێت گوێم لە گریان نە هاوار کردن، لای ئەو ئابڕووم نەبەن.

لێم پرسی: ئەوە کێیە؟

مەیەکی لەناو پەرداخەکەی کرد.

"هاوڕێیەکی منە"

خوشکەکەم لێی پرسی: ناوی چییە؟

"سارجیۆ."

ماریا گوتی: سارجیۆ، ناوێکی پێکەنیناوییە.

یەکەم جارە یەکێک بێتە بۆماڵمان و بمێنێتەوە. لە ڕۆژی لەدایک بووندا مامەکانم دەهاتن بۆ ماڵمان، بەڵام شەو نەدەمانەوە. شوێنەکە تەسک بوو.

لێم پرسی: تاکو کەی لێرە دەمێنێتەوە؟

باوکم دووبارە دەفرەکەی پڕ کردەوە.

"بۆ ماوەیەک."

دایکم گۆشتەکەی لە بەردەم دانایین.

چوار شەممە بوو، ڕۆژی چوارشەممەش ڕۆژی گۆشت بوو.

ئەو گۆشتەی کە بۆ منداڵان باش بوو و من و (ماریا)ش ڕقمان لێی بوو.

بە ئەستەم دەمتوانی ئەو پارچە گۆشتە بێتامە قووت بدەم، بەڵام خوشکەکەم نا.

ئەو هەر دەیجوو و دەیجوو تاکو دەبوو بە تۆپێکی سپی، دواتریش کە ماندوو دەبوو بە ژێر مێزەکەیەوە دەلکاند. بۆنێکی سەیری درووست دەکرد، ئەمەش بەلای دایکمەوە سەیر بوو بەوەی کە نەیدەزانی سەرچاوەی ئەو بۆنە چییە. ئەمە بەردەوام

بوو تــاکو ڕۆژێکیــان دایکم ژێر مێزەکەی بینی، فێڵەکەی بۆ دەرکەوت.
ماریا دەستی کرد بە بۆڵە کردن.
"نامەوێت، حەزم پێی نایەت!."
دایکم ڕێک تورە بوو.
"ماریا، پارچەکەی خۆت بخۆ!"
خوشکەکەم وەکو ئەوەی ژەهری پێ بدەن گوتی:
ناتوانم، سەرم پێی دێشێت.
دایکم زللەیەکی لە سەریدا، دەستی کرد بە گریان.
لە دڵی خۆمدا گوتم: ئێستا دەینێرێت بۆ سەر جێگا.
بەڵام باوکم دەفرەکەی لێ برد و بە دایکمی گوت:
تریزا، وازی لێ بهێنە، نایخوات. کێشە نییە، هەڵیبگرە.
دوای ژەمەکە دایک و باوکم ڕۆیشتنە ژوورەکەیان تاکو کەمێک پشــوو بدەن. هەرچەندە ماڵەکە وەکو فڕن گەرم بوو، بەڵام هەر دەیانتوانی بخەون.
بــاشـــترین هەل بوو بۆ ئەوەی بەدوای دەفرەکەدا بگەڕێم. چەکمەجیبەکەم کردەوە و لەناو دەفرەکاندا گەڕام، دواتر سەیری ئەو کارتۆنەشم کرد کە ئەو شتانەی تێدەهاویشترا کە چیتر بە کەڵک نایەن. دواتر ڕۆیشـتمە پشـتەوەی ماڵەکە بۆ لای سـینکی دەرەوە کە لەلای تەنافەکە بوو. دایکم جار جار لەوێ دەفرەکانی دەشــرد و جێی دەهێشــتن تاکو لە ژێر تیشــکی خۆردا وشــک ببنەوە.
هیچ دیار نەبوو، دەفرەکە ون بووبوو.

لەلای دەرگایەکە دانیشـــت بووین و یاری تف لەناو زەریا"مان دەکرد تـاکو تینی خۆرەکە کەم دەبێتەوە بۆ ئەوەی بە تۆپەکە یـاری بکەین. لە کـاتێکدا ئەوەمـان دەکرد، ئەوا بـاوکم بینی بە

پلیکانەکاندا دەهاتە خوارەوە. پانتۆڵێکی کەشـــخە و کراســـێکی پاکی لەبەردابوو، هەروەها جانتایەکی شـینیشـی پێبوو، هەرگیز ئەو جانتایەم نەبینی بوو. دوای ئەوەی ڕۆیشتە دەرەوە، ئەوا بۆ لای بارهەڵگرەکە چوو، بەدوای کەوتین.

له کاتێکدا دەســتم لەســەر دەسـکی دەرگایەکە بوو ئەوا گوتم:

باوکە، باوکە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ئایا گەشت دەکەیت؟

خوشکەکەم لێی پاڕایەوە.

"ئایا دەتوانین لەگەڵت بێین؟"

حەزمان لە گەشـــتێکی ناو بارهەڵگرەکە بوو، ئەو ڕۆژەمان بیر دەهاتەوە کە گەشـــتی پێکردین و دواتر تەرتە و شـــیرینی بە کرێمی بۆ کڕین.

باوکم مەکینەکەی پێکرد.

"ببوورن منداڵینە، ئەمڕۆ نا".

هەوڵمدا بڕۆمە ناو بارهەڵگرەکە.

-بەڵام گوتت کە جارێکی تر گەشت ناکەیتەوە و هەر لەماڵەوە دەمێنیتەوە...

-خێرا دەگەڕێمەوە، سبەی یان دوو سبەی. دەی دابەزن، دەی.

زۆر بەپەلە بوو، نەیدەویست هیچ دەمەقاڵێیەکی لەگەڵدا بکەین.

خوشـکەکەم ویسـتی پێداگیری زیاتر بکات، بەڵام من وازمهێنا، دەمزانی کە سوودی نییە.

سـەیرمان کرد کە بە بارهەڵگرە سـەرقاپە سـەوزەکەی بەسـەر ڕێگا تەپ و تۆزاوییەکەدا دەڕوات.

شـەو هەسـتام، بە هۆی خەونێکەوە نەبوو، بەڵکو بە هۆی ژاوە ژاوێکەوە بوو. چاوەکانم کردبوونەوە و نەجووڵام، تەنیا گوێم گرت. هەستم کرد لە دەریام، گوێم لێبوو، بەڵام دەریایەکی ئاوی نا، بەڵکو دەریایەک لە ئاســـن و بزمار کە بەرەو کەنار دێت.

دەریایەک کە پارچە ئاسن و بزمارەکانی بە ژاوە ژاوێکی زۆرەوە پاشماوەی لەسەر کەنارەکە جێدێڵێت. لەگەڵ ئەو دەنگانەش دەنگی سەگ دەهات، دەنگی وەڕینی بەرزی سەگەکان.

لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد، دەراسەیەکم بینی کە بە دەنگە زۆرەکەیەوە لەسەر لێژایی گردێک بوو و گوڵەگەنمەکانی دەخوارد و دواتریش لە دواوە بە شێوەی چوارگۆشەیەک ڕیزی دەکردن. بۆیە بە شەو کاری دەکرد چونکە ڕۆژەکان گەرم بوون، بۆیە ناچار بوو بە شەو کارەکەی ئەنجام بدات.

دەمزانی کە دەنگی وەڕینی سەگەکان لە کوێوە دێت، لە کولانەی سەگی باوکی کەڵلەسەرەوە دەهات. ئیتلۆ نەتالی لە پشتەوەی ماڵەکەی بە پلێتی ئاسن شوێنێکی درووست کردبوو بۆ سەگە ڕاوکەرەکانی. هاوینان هەمیشە لەوێدا زیندانی کرابوون، زستانانیش دیوارەکان بە پلێتی تر بۆ ڕووپۆش دەکردن. بەیانیان کاتێک باوکی کەڵلەسەر خواردنی بۆ دەبردن، ئەوا دەیانوەڕاند.

ئەو شەوە نازانم بۆچی، هەمووانیان لە یەک کاتدا وەڕاندیان.

باوکم لەوێیە، ئەو پارچە گۆشتەی بەدەستەوەیە کە خوشکەکەم نەیخوارد، بۆ منداڵەکەی هەڵگرتبوو، هەر بۆیەشە وا خۆی نیشان دابوو کە گەشتی هەیە، هەر لەبەر ئەوەش بوو جانتایەکەی بەدەستەوە بوو چونکە پارچە گۆشتەکەی لەناو ئەوێدا شاردبۆوە.

پێش ژەمی ئێوارە بەفرەخەرەکەم کردەوە و پارچە گۆشتەکەم نەبینی.

"دایکە، پارچە گۆشتەکە چی لێهات؟"

دایکم بە نیگایەکی سەیرەوە سەیری کردم.

-تازە حەزت بە گۆشت دێت؟

-بەڵێ.

-باوکت خواردی.

ڕاستی نەکرد، بۆ کوڕەکەی بردبوو، چونکە ئەو کوڕە برامە. وەکو نۆنتسیۆ سکرداچۆنی، برای گەورەی سلڤاتۆری.

نۆنتسیۆ کەسێکی خراپەکار نەبوو، بەڵام نەدەوێرام سەیری بکەم. شێت بوو، نەمدەویست منیش شێت بکات. نۆنتسیۆ زۆربەی مووەکانی قژی سەری هەڵقەندبوو و دەیخواردن، سەری پڕ بوو لە برین و خوێن و هەمیشەش لیک بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە. دایکی کڵاوێکی لەسەر دەکرد و دەستەوانەی لەدەست دەکردن بۆ ئەوەی مووەکانی سەری هەڵنەقەنێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا گازی لە مەچەکی دەگرت تاکو خوێنی پێدا دەهات. لە کۆتاییدا بردیان بۆ شێتخانە، بەوە دڵخۆش بووم.

لەوانەیە ئەو کوڕەی ناو چاڵەکە برام بیت، لەوانەیە وەکو نۆنتسیۆ شێت بووبێت، بۆیە باوکم لەناو چاڵەکەیدا شاردبۆوە تاکو من و خوشکەکەم و منداڵەکانی ئاکوا تراڤرسی بێزار نەکات.

لەوانەیە دووانەم بێت، باڵا و تەمەنمان تاکو ڕاددەیەک وەکو یەک بوو.

کە لەدایک بوو ئەوا دایکمان ئێمەی لەسەر کۆش دانا و شیری پێداین، من بە شێوەیەکی ئاسایی گۆی مەمکیم مژی و شیرەکەم خوارد، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە دەستی کردبوو بە گەستنی گۆیەکەی تاکو وای لێهات خوێن و شیر پێکەوە بێنە دەرەوە. لە کاتێکیشدا دایکم بەناو ماڵەکەدا ڕایدەکرد، ئەوا هاواری دەکرد و دەیگوت: ئەوە شێتە! ئەوە شێتە! دووری بخەوە! بیکوژە، ئەوە شێتە!

باوکم لەناو کیسەیەکی کرد و بردی بۆ لای گردەکە تاکو بیکوژێت. لەسەر زەوی لەلای گوڵەگەنمەکانی دانا، ویستی بە

چەقۆ بیکوژێت، بەڵام نەیتوانی، ئەوە کوڕی بوو. بۆیە چاڵێکی هەڵکەند و بە گوریســـەکە ئەوی بردە خوارەوە، کوڕەکە لەوێدا گەورە بوو.
دایکم نەیدەزانی کە زیندووە، بەڵام من دەمزانی.

# بەشی چوارەم

زوو هەستام، خۆر هەڵهاتبوو و وردە وردە دونیا گەرم دەبوو، بۆ ماوەیەک لەسەر جێگایەکەم مامەوە، بەڵام چیتر بەرگەم نەگرت و هەستام. دایکم و خوشکەکەم هێشتا خەوتبوون. کە هەستام ئەوا ڕۆیشتم بۆ شۆرگەکە، ددانەکانم پاک کردەوە. گیرفانم پڕی نان و پەنیر کرد و دواتر ڕۆیشتمە دەرەوە.

وا بیرم دەکردەوە کە گردەکە لە ڕۆژاندا مەترسیدار نییە، تەنیا شەوانە شتی خراپی تێدا ڕوودەدات.

ئەو بەیانییە هەورەکان دەرکەوتن، بە شێوەیەکی خێرا بە ئاسماندا دەڕۆیشتن، پەڵەیەکی تاریکیان لەسەر کێڵگەکان دروستکردبوو، پڕ بوون لە ئاو، تەنیا ئەوە مابوو بارانەکە ببارێت.

بە "زبڵ"ەکەم بە خێرایی بەناو زەوییە بەتاڵەکاندا دەڕۆیشتم، بەرەو گردەکە.

ئەگەر لە چاڵەکە بچووکترین پارچەی گۆشت بدۆزمەوە، ئەوا دڵنیا دەبمەوە کە منداڵەکە برامە.

خەریک بوو بگەم بەوێ کە لەپڕ تەپوتۆزێکی سوور لەناو گوڵەگەنمەکان دەرکەوت، زۆر بە خێرایی بەربڵاو دەبوو، وەکو تەپوتۆزی ئۆتۆمبێل وابوو کە بەسەر ڕێگایەکی خۆڵاوی وشکدا دەڕوات. تەپوتۆزەکە دوور بوو، بەڵام خێرا لێم نزیک دەبۆوە، خەریک دەبوو گوێم لە دەنگی مەکینەکەی دەبوو.

لە کۆخەکەوە دەهات، تەنیا ئەو ڕێگایە بەرەو ئەوێ دەڕوات. ئۆتۆمبێلەکە کەمێک ئەولا و ئەولای کرد و بەرەوم هات.

نەمدەزانی کە چی بکەم، ئەگەر بۆ دواوە گەڕابامەوە ئەوا شۆفێرەکەی پێم دەگەیشتەوە، ئەگەریش بەرەو پێش بەردەوام بووبام ئەوا دەیبینیم.

دەبوایە خێرا بڕیارێک بدەم چونکە لێم نزیک دەبۆوە. لەوانەیە منی ببینێت، لەوانەشە نەیبینیبێتم بەوەی کە تۆزەکە منی شاردبۆوە.

پاسکیلەکەم سووڕاندەوە و دوورکەوتمەوە، بەڵام سوودی نەبوو. هەرچەندی پێم لە پایدەرەکان دەنا، ئەوا پاسکیلە نەفرەتییەکەم هاوسەنگی لەدەست دەدا و دەکەوت و زیاتر نەدەڕۆیشت. سەیری دواوەم دەکرد کە چۆن تەپوتۆزەکە زیاتر و زیاتر چڕ دەبێتەوە.

لە دڵی خۆمدا گوتم: دەبێت خۆم بشارمەوە.

سوکانەکەم سووڕاندەوە و خۆم لە چاڵێک دا، هەر ئەوەندەم زانی وەکو بازێک بەسەر گوڵەکەنمەکاندا بەرز بوومەوە و فڕیم. ئۆتۆمبێلەکە کەمتر لە دوو سەد مەتر دوور بوو.

"زبڵ" لە لێواری ڕێگایەکە بە کەوتوویی مایەوە، سووکانەکەی گرت و بەسەر زەویدا چەسپاندم، خۆشم نزم کردەوە و هەناسەم گرت. یەک ماسوولکەم نەجووڵاند، نزام بۆ عیسا کرد کە هیچ کەسێک نەمبینێت، (عیسا)ش بەدەم نزایەکەمەوە هات.

لەناو گوڵەگەنمەکاندا ڕاکشابووم، مێشوولە پێستیان خوارد بووم و دەستم لەسەر قوڕە وشکە گەرمەکە بوو. ئۆتۆمبێلێکی "فیات ١٢٧"ی قاوەییم بینی کە بە خێراییدا بە پێشم تێدەپەڕێت.

ئۆتۆمبێلی فلیتچی نەتالی بوو.

فلیتچی نەتالی برا گەورەی کەللەسەر بوو، ئەگەر کەللەسەر خراپ بووبێت، ئەوا فلیتچی هەزار جار لەو خراپتر بوو.

فلیتچی تەمەنی بیست ساڵ بوو. کاتێک لە ئاکوا تراڤرسی دەژیا، ئەوا ژیانی من و منداڵەکان وەکو دۆزەخێک وابوو. لێی دەداین و تۆپەکەی لێ کون دەکردین و شتیشی لێ دەدزین.

مرۆڤێکی کەلهوڕ بوو، نە هاوڕێ نە خۆشەویستی نەبوو. لەو جۆرە کەسانە بوو کە تووڕەیی خۆی بە منداڵەکان بەتاڵ

دەکردەوە. کەسێکی خراپ بوو. ئەوەش سەیر نەبوو، کەسێک کە تەمەنی بیست ساڵ بێت ناتوانێت لە ئاکوا تراڤرسی بژیت مەگەر بیەوێت وەکو (نۆنتسیۆ سکرداچۆنی)ی شێتی لێ بێت.
فلیتچی وەکو پڵنگێک لەناو قەفەسدا لە ئاکوا تراڤرسی دەژیا. هەمیشە بە دەوری ئەو چوار ماڵانەدا دەگەڕا وەکو ئەوەی ون بووبێت یان بیەوێت ملی یەکێک بگرێت و تێیهەڵبدات. سوپاس بۆ خوا جار جار دەڕۆیشت بۆ لوچیانۆ، بەڵام تەنانەت لەوێش هاوڕێی نەبوون. کاتێک لە قوتابخانە دەهاتمە دەرەوە، ئەوا لە گۆڕەپانی گشتی دەمبینی بە تەنیا لەسەر کورسییەک دانیشتووە. مۆدیلی ئەو کاتە بریتی بوو لە پۆشینی پانتۆڵی "قاچی فیل" و کراسی تەسکی ڕەنگاوڕەنگ و قژی درێژ. بەڵام فلیتچی ڕێک پێچەوانەی ئەوە بوو، قژی کورت دەکردەوە و چەوری دەکرد و بە شانە بۆ دواوەی دەبرد.
چەناگەی بە وریاییەوە دەتاشی و چاکەتێکی سەربازی و پانتۆڵێکی لەبەر دەکرد کە ڕەنگیان وەکو ڕەنگی ڕووەکەکان وابوو. بە دەوری ملیشیدا دەستەسرێکی بەستبۆوە. هەمیشە بەو "فیات"ەی دەسووڕایەوە، زۆریشی حەز لە چەکەمەنی بوو. چیرۆکی ئەوەی بۆ دەگێڕاینەوە کە لە بیزا مەشقی پەڕەشووتی کردووە و خۆی لەسەر فڕۆکە فڕێداوە، بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو بەوەی کە هەمووان دەیانزانی ئەو لە برندیزی سەربازی کردووە. ڕووخسارێکی شێوە لاکێشەیی وەکو باراکودا هەبوو و ددانەکانیشی لێک دوور بوون، ڕێک وەکو تیمساحێکی بچووک. دەیگوت کە ددانەکانی بۆیە بەو شێوەیەن چونکە هێشتا ددانی شیری هەن، هەرگیز ددانی هەمیشەیی نەهاتوون. کاتێک دەمی دادەخست ئەوا کوڕێکی قۆز بوو، بەڵام هەر کە دەمی دەکردەوە ئەوا لە ترسان دوو هەنگاو بازت دەدایەوە

دواوه. ئەگەر زانیبای ســــەیری ددانەکانی دەکەیت، ئەوا قوڕت بەسەر.
ڕۆژێکیان بۆ خۆشـــــی هەمووان بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە ئاکوا تراڤرسی ڕۆیشت.
لە کەللەســەری برایمان دەپرســی بۆ کوێ ڕۆیشــتووە، ئەویش دەیگوت: بۆ باکوور ڕۆیشتووە، لەوێ کار دەکات.
زانینی ئەمەندە بۆ ئێمە بەس بوو.
بەڵام ئێســــتــا وەکو ڕووەکێکی ژەهراوی لەنــاو ئەو "فیـات"ە دەرکەوتەوە کە ڕەنگی لە پیساییەکی شل دەچێت.
ئێســــتــاش وا نزیـک دەبێتەوە، لەو ڕێگـایەی کە بەرەو کۆخە چۆڵەکە دەچێت.
ئەوە ئەو بوو کە ئەو منداڵەی لەناو چاڵەکە هاویشـتبوو، ئێسـتا زانیم.
ڕۆیشـــــتمە پشـــــت درەختەکان و خۆم شــــاردەوە، ســــەیری دەوروبەرم کرد بۆ ئەوەی بزانم کە هیچ کەســـێک لای گردەکە نییە.
هەر کە دڵنیابوومەوە بە تەنیام، ئەوا لە دارسـتانەکە ڕۆیشـتم و بەرەو کۆخەکە بەڕێکەوتم، لە ڕێگەی کونەکەی جارەکەی ترەوە ڕۆیشتمە ژوورەوە.
ســــەرەڕای لوولپێچەکان و بوتڵی بیرە و ئەو قاپەی کە وێنەی سێوەکانی لەسەر بوو، ئەوا دوو قوتووی بەتاڵی هەنجیرم بینی، لە سووچێکیش کیسێکی خەوتنی عەسکەری پێچراوم بینی.
فلیتچی، کیســەکەی ئەوە. لەپێش چاومە کە لەناو کیســەکەیدا بە ئاسوودەیی ڕاکشاوە و هەنجیر دەخوات.
بوتڵەکەم پڕی ئاو کرد و دواتر گوریســــەکەم لە ســــندووقێکی گەورە دەرهێنا و بردم. گوریسـەکەم بە دەسکی بەرزکەرەکەوە

بەست. پارچە پلاستیکەکە و ناوەخنەکەم لابرد، دواتر سەیری ناوەوەی چاڵەکەم کرد.
منداڵەکە وەکو ژیشک لەناو بەتانییە قاوەییەکەیدا بەسەر خۆیدا کشابۆوە.
نەمدەویست بڕۆمە خوارەوە، بەڵام دەمویست لەوە دڵنیابم کە ئایا پاشماوەی ئەو پارچە گۆشتەی خوشکەکەم نەیخوارد لەوێیە یان نا. تەنانەت دوای ئەوەی (فلیتچی)شم بینی لە کۆخەکە دەگەڕایەوە، ئەوا هێشتا بیرۆکەی ئەوەم لە مێشک دەرنەچوو کە ئەو منداڵە دەکرێت برای من بێت.
پارچە پەنیرەکەم دەرهێنا و گوتم: دەکرێت بێمە خوارەوە؟ ئەو کوڕەم کە دوێنی ئاوەکەم بۆ هێنایت. بیرتە؟ هەندێک خواردنم بۆ هێناویت، پەنیر، پەنیر خۆشە، هەزار جار لە گۆشت خۆشترە. ئەگەر هێرشم نەکەیتە سەر، ئەوا پێتی دەدەم.
وەڵامی نەدامەوە.
"کەوایە دەتوانم بێم بۆ خوارەوە؟"
لەوانەیە فلیتچی ملی بڕی بێت.
"هەندێک پەنیرت بۆ هەڵدەدەم، بیگرە"
دواتر پەنیرەکەم بۆ فڕێدا، لە نزیک ئەوەوە کەوت.
لە ژێر بەتانییەکە دەستێکی ڕەش وەکو جاڵجاڵۆکەیەک بە خێرایی دەرکەوت، دەستی لە زەوییەکە دەدا تاکو پەنیرەکە بدۆزێتەوە، دۆزییەوە و دواتر بردییە ژێر بەتانییەکە. منداڵەکە پەنیرەکەی خوارد، دواتر قاچەکانی لەرزین وەکو سەگێک کە دوای برسییەتییەکی زۆر پاشماوەی خۆراکێکی خواردووە.
"ئاوم بۆ هێناویت، دەتەوێت؟"
بە جووڵاندنی قۆڵێکی ئاماژەی بەڵێی دا.
ڕۆیشتمە خوارەوە و لێی نزیک بوومەوە، هەر کە زانی لای ئەوم، ئەوا ڕۆیشتە لای دیوارەکە و خۆی پێوە چەسپاند.

سەیری دەوروبەرم کرد، پارچە گۆشتەکەم نەبینی.
"بێ خەمبە، ئازارت نادەم. تینووتە؟"
بوتڵەکەم پێدا.
"بگرە، ئاوە."
پشـــتی بەرز کردەوە و بە بەتانییەکەوە دانیشـــت، شـــێوەی لە ســـــوالکەرێکی بچووک دەچوو. قاچەکانی وەکو لقی درەختێکی بچووک باریک و سپی بوون، قاچێکی بە زنجیرەوە بەسترابوو. دەســـــتی درێژ کردەوە و بوتڵەکەی لێ ســــەندم وەکو چۆن پەنیرەکەی پێشووتر بە خێرایی برد.
بینیم کە لووتێکی درێژی وەکو فیل هەیە کاتێک دەستی کرد بە خواردنەوەی ئاوەکە.
لە ماوەی بیست چرکەدا تەواوی ئاوەکەی خواردەوە، کاتێکیش تەواو بوو ئەوا قرپەی کرد.
"ناوت چییە؟"
دووبارە بەسەر خۆیدا کشایەوە و هیچی نەگوت.
"ناوی باوکت چییە؟"
چاوەڕێی وەڵامەکەیم کرد، بەڵام بێ سوود بوو.
"باوکم ناوی (بینۆ)یە، ئایا باوکیشت ناوی (بینۆ)یە؟"
خەوتوو دەردەکەوت.
بۆ ماوەیەک سەیرم کرد، دواتر گوتم: فلیتچی! دەیناسیت، وایە؟ بە ئۆتۆمبێلەکەی لە گردەکەوە دەهاتە خوارەوە.
چیتر نەمزانی چی بڵێم.
"دەتەوێت جێت بهێڵم؟ ئەگەر دەتەوێت ئەوا جێت دەهێڵم".
هیچی نەگوت.
"باشە، کەوایە دەڕۆم"
گوریسەکەم گرت.
"خوات لەگەڵ..."

گوێم لە چرپەیەک یان هەناســەیەک بوو کە لە ژێر بەتانییەکەدا هاتە دەرەوە.
لێی نزیک بوومەوە.
"شتێکت گوت؟"
دووبارە چرپەی کردەوە.
"لێت تێناگەم، دەنگت بەرز بکەوە"
هاواری کرد: ورچەکان...!
"ورچەکان؟! ورچی چی؟!"
دەنگی نزم کردەوە و گوتی: ورچەشۆرەکان...
-ورچەشۆرەکان؟!
-ورچەشـۆرەکان... ئەگەر پەنجەرەی چێشـتخانەکە بە کراوەیی بهێڵیتەوە، ئەوا دێن پســـکیت و شـــیرینییەکان دەدزن، بە پێی ئەوەی کە ئەو ڕۆژە هەیە.
دواتر زۆر بە جددییەوە بەردەوامی بە قســـەکانی دا و گوتی: ئەگەریش زبـڵ لە بەردەم دەرگـای مـاڵەکەدا جێبهێڵیـت، ئەوا ورچەشۆرەکان شەو دێن و هەموو شتێک دەخۆن.
وەکو ڕادیۆیەکی تێکچوو وابوو کە لەپڕ دەســـتی کردبۆوە بەکارکردن.
"پێویســـتە باش ســـەری تەنەکەی زبڵەکان دابخەیت ئەگینا ورچەشۆرەکان هەموو شتێکی ناوی بەربڵاو دەکەن."
ئەوە باسی چی دەکرد؟ ویستم قسەکانی پێ ببڕم.
"لێرە ورچی لێ نین، تەنانەت گورگیشـــی لێ نین، تەنیا ڕێوی لێن.
دواتر لێم پرسی: دوێنێ هیچ پارچە گۆشتێکت خوارد؟
"ورچەشۆرەکان بۆیە گاز دەگرن چونکە لە مرۆڤەکان دەترسن."

بڵێیت ئەم ورچەشـــۆرانە چی بن؟ چی دەشـــۆن؟ جلوبەرگ؟ ورچەکان تەنیا لە فیلم کارتۆنەکاندا قســـە دەکەن. حەزم بەم چیرۆکی ورچەشۆرانە نایەت.

دووبارە گوتم: دەتوانیت وەڵامم بدەیتەوە؟ ئایا هیچ پارچەیەکی گۆشتت خواردووە؟ زانینی ئەمە بەلامەوە زۆر گرنگە.

بەڵام وەڵامی شتێکی تری دامەوە.

"ورچەشـــۆرەکان پێیان گوتم کە تۆ لە ســـەرۆکی کرمەکان ناترسیت".

دەنگێکی کز و نزم لەناومدا درووســـت بووبوو، دەیگوت کە نابێت گوێی لێ بگرم و باشترە بە زووترین کات لەوێ ڕاکەم.

گوریســـەکەم گرت، بەڵام وەکو ئەوەی جادووم لێ کرابێت هەر سەیرم کرد.

دووبارە گوتییەوە: تۆ لە سەرۆکی کرمەکان ناترسیت.

-سەرۆکی کرمەکان؟ ئەوە کێیە؟

-ســـەرۆکی کرمەکان دەڵێت: دەی هەی گەمژە، ســـەتڵەکە بگەڕێنەوە ئەگینا دێمە خوارەوە و تێتهەڵدەدەم و وەکو کرمێک دەتتۆپێنم. بەڵێ، وەکو کرمێک دەتتۆپێنم.

دواتر لەپڕ گوتی: ئایا تۆ فریشتەی پارێزەریت؟

-چی؟

-ئایا فریشتەی پارێزەریت؟

دەنگم لەرزی و قسەم باش بۆ نەهات.

-من... من... نەخێر... من فریشتە... نیم...

-بەڵکو تۆ فریشتەیت، دەنگت لە دەنگی فریشتەکە دەچێت.

-کام فریشتە؟

-ئەو فریشتەیەی کە دێتە لام و قسەم بۆ دەکات.

-ئەی ئەوە ورچەشۆرەکان نین کە قسە دەکەن؟

نەمدەزانی کە ئەم گاڵتەجارییە واتا چی؟

-خۆت گوتت...
-ورچەشـــۆرەکان قســـە دەکەن، بەڵام جار جار درۆ دەکەن. فریشتەکە هەمیشە ڕاستگۆیە. تۆ فریشتەی پارێزەریت.
دواتر دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: دەتوانیت لەگەڵم ڕاســـتگۆ بیت.
هەستم کرد بێ هێزم، بۆنی پیسی پیساییەکەش لووت و مێشکی تێکدابووم.
"من فریشتە نیم... من... من (میکێلی ئەمیترانۆ)م، من..."
ئەوەم چرپاند. پشـــتم بە دیوارەکەوە نا و دواتر خزامە ســـەر زەوی. ئەویش خزایە سـەر زەوی و دەسـتی وەکو سـواڵکەرێک بەرەوم درێژ کردەوە، بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دەستی هەروا مـایەوە. دواتر هەنگـاوێک ڕۆیشـــتە دواوە و کەوتە ســـەر ئەژنۆیەکانی، لە ژێر بەتانییەکە، لەسەر پێیەکانم.
بە چرپەوە دەستی لە یەکێک سەرە پەنجەکانی پێی دام.
وەکو ئەوەی بوونەوەرێکی جیوەیی پیس یان جاڵجاڵۆیەک بەو دەستە چرچ و کزە پیسانە و نینۆکە ڕەش و درێژ و خواربووانە دەستی لێدابم هاوارم کرد.
بە هێواشی قسەی دەکرد.
-چی؟ چیت گوت؟
-چیت گوت؟ من مردووم؟!
-چی؟
-چی؟ من مردووم؟ مردووم؟ مردووم، چی؟
-دەنگت بەرز بکەوە، تکـایە دەنگت بەرز بکەوە بـا گوێم لێت بێت، تکایە...
هاواری کرد، بە دەنگێکی بێزارکەر کە لە دەنگی جووڵانی نینۆک لەسەر بۆردی سپی وابوو.
"مردووم؟ مردووم؟ مردووم؟"

بەدوای گوریسەکەدا گەڕام، لە کاتێکدا بە پێیەکان خۆڵم لەسەر دیوارەکە فڕێدەدایە خوارەوە سەرکەوتم.
بەڵام هەر بەردەوام بوو لە هاوار کردن.
"مردووم؟ مردووم؟ مردووم"
بە پاسکیلەکە دوورکەوتمەوە لە کاتێکدا مێشوولەکان بەدوام دەکەوتن.
سوێندم خوارد کە هەرگیز جارێکی تر بۆ لای ئەو گردە نەفرەتییە ناچمەوە، ئەگەر بشمکوژن ئەوا هەرگیز جارێکی تر قسە لەگەڵ ئەو شێتە ناکەمەوە.
چۆن بە خۆی دەڵێت مردوو؟
هیچ زیندوویەک نییە کە خۆی بە مردوو دانێت، کە مرد ئینجا ئەوە ڕاستە. یان دەچێت بۆ بەهەشت، یان بۆ دۆزەخ.
بەڵام ئەی ئەگەر ڕاستی کردبێت؟
چی دەبێت ئەگەر بەڕاستی مردوو بێت؟ چی دەبێت ئەگەر یەکێک زیندووی کردبێتەوە؟ بەڵام کێ؟ جگە لە عیسا ئەوا هیچ کەسێک ناتوانێت بەو کارە هەستێت. بەڵام ئەگەر هەستایەتەوە، ئەوا ئایا دەزانیت زیندوویت؟ ئایا بەهەشتت بیر دەبێت؟ ئایا بیرت دەبێت کە لە ژیانی پێشووتردا کێ بوویت؟ شێت دەبیت چونکە مێشکت دەڕزێت و وات لێ دەکات دەربارەی ورچەشۆرەکان بدوێیت؟
ئەو دووانەی من نییە، لەوەش زیاتر برای من نییە. باوکم پەیوەندی بەوەوە نییە، پارچە گۆشتەکە دیار نییە. دەفرەکەش دیار نییە، دایکم دەفرەکەی فڕێداوەتەوە ناو تەنەکەی زبڵەوە.
هەر کە باوکم گەڕایەوە ئەوا هەموو شتێکی پێ دەڵێم، وەکو بەو شێوەیەی کە فێری کردووم، ئەو دەزانێت چی بکات.
خەریک بوو بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە کە پارچە پلاستیکەکەم بیرهاتەوە، چاڵەکەم بە بەتاڵی هێشتبۆوە.

ئەگەر فلیتچی بگەڕێتەوە، ئەوا تێدەگات کە کەسێک هاتووە و خۆی لە کاروباری ئەوەوە هەڵقورتاندووە. نابێت من ئاشکرا بم تەنیا بەوەی کە لە شێتێکی بە زنجیرەوە دەترسم. ئەگەر فلیتچی بزانێت من بووم، ئەوا بە گوێیەکانم بەسەر زەویدا ڕامدەکێشێت. جارێکیان من و کەللەسەر سەرکەوتینە ناو ئۆتۆمبێلی فلیتچی، وا خەیاڵمان دەکرد کە ئۆتۆمبێلەکە کەشتی ئاسمانییە، کەللەسەر سەرکردەی کەشتییەکە بوو و منیش تەقەم لە مەریخییەکان دەکرد. لەپڕ فلیتچی دەرکەوت و ئێمە بە گوێ ڕاکێشانەوە لە ناوەندی ڕێگادا ڕاکێشا، ڕێک وەکو کەروێشک. زۆر گریاین و پاڕاینەوە، بەڵام گرنگی پێ نەدا و وازی لێ نەهێناین. سوپاس بۆ خوا کە لەو کاتەدا دایکم دەرکەوت، کە ئەوەی بینی ئەوا بە کلکی ماسیحەکە تێروپڕی تێهەڵدا.

دەمتوانی هەموو شتێک وەکو خۆی جێبهێڵم و بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە و ژوورەکەم لەسەر خۆم داخەم و تەنیا گۆڤارەکانم بخوێنمەوە، بەڵام هەر گەڕامەوە. هەورەکان دیار نەمان و ئاسمان ساماڵ بوو، تینی گەرمی خۆرەکە زیاتر بوو. کراسەکەم داکەند و وەکو هیندییەکان بە دەوری سەرمدا بەستەوە، دواتر دارێکی پتەوم هەڵگرت. ئەگەر فلیتچی هێرشم بکاتە سەر، ئەوا بەرگری لە خۆم دەکەم.

هەوڵمدا زۆر لە چاڵەکە نزیک نەبمەوە، بەڵام هەر خۆم بۆ نەگیرا و سەیری ناوەوەم کرد.

منداڵەکە لەسەر ئەژنۆیەکانی دانیشت بوو و قۆڵەکانی درێژ کردبوونەوە، ڕێک بەو شێوەیەی کە کۆتا جار بینیم.

دەمویست ئەو پارچە پلاستیکە نەفرەتییە بگرم و بیکەم بە هەزار پارچە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە تەنیا ڕامکێشا و چاڵەکەم داپۆشی.

کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ئەوا بینیم دایکم خەریکی شـــۆردنی قـاپەکـان بوو، هەر کە منی بینی ئەوا تـاوەکەی فڕێـدایە نـاو سینکەکە.
"لە کۆتاییدا گەڕایتەوە!"
چەناگەی لە توڕەییان دەلەرزی.
"لە کوێ بوویت؟! لە ترســـان خەریک بوو بمرم... جارەکەی تر باوکت تێیهەڵنەدایت، بەڵام ئەم جارە ڕزگارت نابێت!"
کـاتی ئەوەم نەبوو بەهـانەیەکیش بهێنمەوە چونکە دەســـتی کردبوو بە ڕاونـانم. بەرەو لایەکەی تری چێشـــتخـانەکە وەکو بزنێک بازم دا لە کاتێکدا خوشـکەکەم لە پێش مێزەکە دانیشـت بوو و سەری ڕادەوەشاند.
"بۆ کوێ ڕادەکەیت؟ هەر دەتگرم!"
بەســـەر قەنەفەکەدا بازم دا و دواتر بە ژێر مێزەکەدا ڕۆیشـتم، دوای ئەوەش بە نزیک کورســـییەکەدا خزام تاکو گەیشـــتم بە ژوورەکەم، هەر کە گەیشـــتم ئەوا لە ژێر بەتـانییەکەدا خۆم شاردەوە.
-وەرە دەرەوە!
-نەخێر، لێم دەدەیت!
-ڕاســـــت دەکەیـت، لێـت دەدەم. بەڵام ئەگەر بۆ خۆت بێیتە دەرەوە، ئەوا لێدانێکی کەمت بەر دەکەوێت.
-نەخێر، نایەمە دەرەوە!
-باشە.
قاچی بە توندی گرتم و ڕایکێشـام، ویسـتم بەرپەرچی بدەمەوە، بەڵام ســـوودی نەبوو بەوەی کە دایکم زۆر بەهێز بوو. وردە وردە پەنجەکـانم دەخلیســـکـان و نەمـدەتوانی بـاش لایەکی جێگـایەکە بگرم، دواتر خۆم لە نێوان قـاچەکانی بینی. هەوڵمـدا دووبـارە بچمەوە نـاو جێگـایەکە، بەڵام ســـوودی نەبوو. بە

پانتۆڵەکەمەوە ڕایکێشـــــام و وەکو جانتایەک لە ژێر قۆڵەکانیدا هەڵی گرتم.
"بەرم بدە! تکایە! بەرم بدە!"
دایکم لەســــەر قەنەفەکە دانیشـــت و منی لەســــەر ئەژنۆیەکانی ڕاکشـاند، دواتر پانتۆڵەکەمی داکەند. هینم هاتە خوارەوە، پارچە گۆشــــتێک بە هەوادا. دوای ئەوەی کە قژی بۆ دواوە برد، ئەوا دەستی کرد بە زللە لێدان لە قونی ڕوتم.
دەستەکانی دایکم زۆر قورس و بەهێز بوون، لێدانەکانی هێواش بوون و دەنگێکی نزمیان درووســــت دەکرد، ڕێک وەکو دەنگی لێدانی کلکە ماسیحە، بەڵام ئای چەندە بە ئازار بوون.
"لە هەموو شـــوێنێک بەدواتدا گەڕام، ئەمە بگرە! هیچ کەســێک نەیدەزانی لە کوێیت، ئەمە بگرە! خەریکە لە داخان دەمکوژیت، تەواوی ڕۆژەکە بۆ کوێ ڕۆیشــتبوویت؟ ئەمە بگرە! ئەگەر هەر بەم شـــێوەیە بەردەوام بیت ئەوا خەڵک وادەزانن من دایکێکی خراپ و بێ کەڵکم، ئەمە بگرە! وادەزانن کە نـازانم چۆن منداڵەکانم بەخێو بکەم، ئەمەش بگرە!"
منیش بە هاوار وناڵەوە دەمگوت: بەســە! بەســە! تکایە... تکایە دایکە بەسە!
ڕادیۆیەکەش لەو کاتەدا گۆرانییەکی لەســــەر بوو کە دەیگوت: ئازار، ئازارێکی خۆش، خۆشی دڵ.
وەکو ئەوەی دوێنێ بووبێت، باش بیرمە. تەواوی ژیـانم، هەر کـاتێک گوێ لە ڕادیۆی تراڤیـاتـا دەگرم، ئەوا یـادەوەری ئەو ڕۆژەم بیر دێتەوە کە دایکم قونی ڕووت کردبوومەوە و بە زللە پێستمی سوور کردبۆوە.

سلڤاتۆری لێی پرسیم: چی بکەین؟

لەسەر کورسییەک دانیشت بووین و بەرمان لە بۆیلەرێکی کۆن دەدا کە لەناو گوڵەگەنمەکاندا فڕێدرابوو. ئەوەی بەردێکی لێ بدات، ئەوا خاڵێک بەدەســـت دێنێت. ئەوانی تریش لەولا یاری چاوشارکێیان دەکرد.
ئەو ڕۆژە بایەکی بەهێز هەڵیدابوو، بەڵام دواتر ئاسـایی بۆوە و گەرما بێزارەکەرەکە دەســتی پێکردەوە. لە پشــت کێڵگەکانەوە، هەورەکان بە درێژاییەکی بەرتەسک لە ئاسمان‌دا ڕیز بووبوون، بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ.
بەردێکم هاویشت، زۆر دوورکەوتەوە.
-نازانم، ناشـتوانم سـەرکەومە سـەر پاسـکیلەکەم چونکە دایکم بە زللە لە قونی داوم.
-بۆچی؟
-چونکە درەنگ دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. ئەی تۆ، ئایا دایکت لێت دەدات.
سلڤاتۆری بەردێکی لە بۆیلەرەکە دا، دەنگێکی بەرزی نواند "ئەوە خاڵێک! سێ بە یەک."
دواتر سەری لەقاند.
-نەخێر، نەخێر، ئەو زۆر قەڵەوە و ناتوانێت.
-بەختت هەیە. دایکی من زۆر بەهێزە، جگە لەوەش لە پاسکیلێک خێراترە.
بە پێکەنینەوە گوتی: مەحاڵە!
بەردێکی بچووکترم هەڵگرت و هاویشتم، ئەم جارە خەریک بوو پێی بکەوێت.
-بەخوا بەڕاســــتمە. جـارێکیـان لە لوچیـانۆ بووین، بەرەو ئێستگەی پاسەکە ڕۆیشتین تاکو بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە.

که گەیشــتینە ئەوێ، ئەوا بینیمان پاســەکە بەڕێ کەوتووە و وا دوور دەکەوێتەوە، بۆیە دایکم بە ڕاکردنەوە بەدوای کەوت و بە مست لە دەرگایەکەی دەدا تاکو بوەستێت، وەستاش.

-ئەگەر داکم ڕابکات، ئەوا ڕێک دەمرێت.

دوای ســـــاتێک بێدەنگی گوتم: گوێبگرە، ئەرێ بیرتە کە خاتوو دۆستانی چیرۆکی (عازر)ی بۆ گێڕاینەوە؟

-بەڵێ.

-بە ڕای تۆ کە عازر گەڕایەوە بۆ ژیان، ئایا دەیزانی مردووە؟

سلڤاتۆری کەمێک بیری کردەوە.

-بە بڕوای من نەخێر، وایزانیوە نەخۆشە.

-بەڵام چۆن توانی بڕوات؟ لاشــەی مردووان ڕەقە. ئەو پشــیلە تۆپیوەت بیرە کە لاشەی چەند ڕەق کەوتبوو؟

-کام پشیلە؟

بەردێکی تری هاویشت و لە بۆیلەرەکەی دایەوە، نیشانەشکێنێکی باش بوو.

-ئەو پشیلە ڕەشەی نزیک دۆڵەکە... بیرتە؟

-بەڵێ، بیرمە. کەللەسەر کردی بە دوو پارچە.

-کە یەکێک مرد ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی ناڕوات و دواتر بە هۆی ڕزینی مێشکییەوە شتی بێ ماناناڵێت، وایە؟

-وابزانم.

-پێت وایە کە کەسێک بتوانێت یەکێکی تر زیندوو بکاتەوە؟ یان تەنیا (عیسا)ی مەسیح ئەو توانایەی هەیە؟

سلڤاتۆری کەمێک سەری خوراند.

نازانم. بەڵام با چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە پورم بۆی گێڕامەوە. جارێکیان یەکێک کوڕەکەی لەدەســـتدا بوو، ئۆتۆمبێلێک لێیدابوو و تەواوی ئێســـکەکانی شـــکابوون. باوکەکە بێ ئەو بەرگەی ژیانی نەدەگرت، بۆیە هەمیشــە دەگریا

تاکو نەخۆش کەوت. ڕۆژێکیان دەچێت بۆ لای جادووگەرێک، تەواوی پارەکانی پێ دەدات بۆ ئەوەی کوڕەکەی بۆ زیندوو بکاتەوە. جادووگەرەکە کە پارەکەی وەرگرت، ئەوا دەڵێت: بڕۆوە ماڵەوە و چاوەڕێ بکە، ئەمشەو کوڕەکەت بۆ لات دەگەڕێتەوە.

باوکەکە چاوەڕێی کرد، بەڵام کوڕەکەی هەر نەگەڕایەوە، بۆیە ڕۆیشتە ژێر جێگایەکەی. خەریک بوو خەوی لێ بکەوێت کە لەپڕ گوێی لە دەنگی شوێن پێ بوو لە چێشتخانەکە. بە ڕوویەکی خۆشەوە هەستا و ڕۆیشت بۆ بینینی کوڕەکەی. کە ئەوی بینی، ئەوا بینی تێکشکاوە، قۆڵەکانی لێ بوونەوە و سەری شکاوە و مێشکیشی وەکو لیجاییەک دێتە خوارەوە. بە باوکی دەگوت کە لێی توڕەیە، ئەگەر زۆر گرنگی بە ئافرەتان نەدابا و لە ناوەندی ڕێگا جێی نەهێشتبا، ئەوا ئێستا ئەوەی بەسەر نەدەهات. دەیگوت کە ئەو هۆکاری مەرگی ئەوە.

-ئەی دواتر چی ڕوویدا؟

-باوکەکە بەنزینی هێنا و ئەوی لە ئاگر بەردا.

-کارێکی باشی کرد.

بەردێکی ترم هەڵدا، ئەم جارە بەر بۆیلەرەکە کەوت.

"چوار بە دوو!"

سلڤاتۆری چەمایەوە بۆ ئەوەی بەردێکی تر بدۆزێتەوە.

-بە دڵنیاییەوە کارێکی باشی کردووە.

-بەڵام ئایا بە ڕای تۆ ئەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە؟

-نەخێر.

-منیش هاوڕام.

هەستام، دەمویست میز بکەم. باوکم گەڕابۆوە، لە چێشتخانەکە گوێم لە دەنگی بوو.

لە چێشـــتخانەکە کۆمەڵەیەکی لێ بوون کە دەمەقاڵێیان بوو و جنێویان دەدا، باوکیشم زۆر تورە بووبوو.
ئەو ئێوارەیە ڕێک دوای ژەمەکە چووینە ناو جێگا.
وەکو مێشوولەیەک کە بە دەوری ڕووناکیدا دەسووڕایەوە ئەوا بە دەوری ئەودا دەســووڕامەوە تاکو دڵی ڕازی بکەم، تەنانەت لە سپی کردنەوەی پەتاتەکانیشدا یارمەتیم دا، بەڵام ڕووخساری هەر گرژ و مۆن بوو. ژەمی ئێوارەمـان بە بێـدەنگی بەڕێکرد، دایکیشـم لە چێشـتخانەکە هەر دەهات و دەچوو تاکو لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە سەیری ڕێگایەکە بکات.
خوشــکەکەم خەوتبوو. لەســەر جێگایەک لەســەر ئەژنۆیەکانم دانیشتم و لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد.
بارهەڵگرەکە لە نزیک ئۆتۆمبێلێکی گەورەی ڕەش وەستابوو کە خەتەکـانی ڕەنگێکی زیوییـان هەبوو، ئۆتۆمبێلێکی جۆری مۆسیرین بوو.
زۆر دەمویســـت میز بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی گەیشـــتبام بە شــۆرگەکە ئەوا دەبوایە چێشـــتخانەکەم بڕیبا، بەڵام شـــەرمم دەکرد کە بەلای ئەو هەموو خەڵکەدا بڕۆم. خەریک بوو میزەکە بە خۆمدا بکەم.
هەســتام و لە دەرگایەکە نزیک بوومەوە، دەســکی دەرگایەکەم گرت و ژماردم.
"یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش..."
دواتر دەرگایەکەم کردەوە.
لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون.
ئیتلۆ نەتالی، باوکی کەللەسەر. (پیترۆ مۆرا)ی سەرتاش، ئانجێلا مۆرا. فلیتچی. باوکم. لەگەڵ پیرە پیاوێک کە پێشـــووتر نەمبینی بوو، دیارە (سارجیۆ)یە، هاوڕێیەکەی باوکم.

جگەرەیان دەکێشا، ڕووخسارایان سوور هەڵگەڕا بوو و ماندوو کەوتبوون، چاوەکانیشیان بەرتەسک بووبوون.
مێزەکە پڕ بوو لە پەرداخی بەتاڵ و تەپڵەکی جگەرە کە پڕی جگەرەی جۆری ناتسیۆنالی و مێلد سۆرتی و وردە نان بوون. پانکەکە دەخوولایەوە، بەڵام سوودی نەبوو. گەرما خنکێنەر بوو و تەلەفیزیۆنەکەش بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت کاری دەکرد. بۆنی تەماتە و ئارەق و مێشکوژ دەهات.
دایکیشم بینی قاوەی ئامادە دەکرد.
سەیری پیرەکەم کرد کە جگەرەی جۆری "دەنهیل"ی دەکێشا. دواتر بۆم دەرکەوت کە ناوی (سارجیۆ ماتیریا)یە. ئەو کات تەمەنی ٦٧ ساڵ بوو، لە ڕۆماوە هاتبوو. لەوێ بەوە ناسرابوو کە ئەو کات پێش بیست ساڵ تۆمەتبار کرابوو بەوەی کە بە مەبەستی دزی دەستدرێژی کردبووە سەر دوکانێکی گەورەی فرۆشتنی کوڵک لە مۆنتی کارلۆ، وە دزییەکی تریش لە بانکی ناوەندی جووتیاران. دوای حەفتەیەک لە دزییەکە دوکانێکی سووکە ژەمی کڕی، دەیەویست پارەکان سپی بکاتەوە، بەڵام پۆلیس هەر ئەو ڕۆژەی سپی کردنەی پارەکان ئەویان قۆڵبەست کرد. بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان مایەوە، دواتریش بە هۆی هەڵسوکەوتی باشەوە ئازاد کرا، دوای ئەمە ڕاستەوخۆ بەرەو ئەمریکای باشوور کۆچی کرد.
سارجیۆ ماتیریا پیاوێکی کزی سەر کەچەڵ بوو، تەنیا کەمێک لە پشتەوە قژی هەبوو، ئەویش وەکو کلکی ئەسپ بەستبوویەوە. لووتێکی درێژی هەبوو و چاوەکانی ئاوسابوون. ڕیشێکی سپی هەبوو، دیار بوو دوو ڕۆژ بوو نەیتاشی بوو، ڕوومەتەکانیشی قووڵ بوون. برۆیە درێژەکان کە ڕەنگێکی کاڵیان هەبوو ئەوا وەکو ئەوە وابوون دوو سێ تاڵە مووبن کە لە ڕێگەی چەسپەوە لکێنرابن. ملیشی گنجی هەبوو و پەڵە پەڵەیان لەسەر

دەردەکەوت، ڕێک وەکو ئەوە وابوو یەکێک بە ئاوی جافیل سپی کردبێتەوە.
چاکەتێکی شـــین و کراســـێکی قاوەیی ئاوریشـــمی لەبەردابوو. چاویلکەیەکی زێڕین لەسەر سەری کەچەڵی بوو، لەسەر سنگی مووەاویشــــی زنجیرێکی زێڕینی بە دەوری ملیدا بەســــتبوو کە وێنەی خۆرێکی لەســـــەر بوو، وە لە مەچەکیشـــیدا کاتژمێرێکی بەست بوو کە ئەویش بە هەمان شێوە لە زێڕ دروستکرابوو.
دیار بوو کە زۆر هەڵچووە.
"هەر لە سەرەتاوە کارێکی هەڵەتان ئەنجام دا..."
بە شێوەیەکی سەیر دەدوا.
"ئەمەش لە گەمژەیەک زیاتر هیچی تر نییە..."
بە شێوەیەک سەیری فلیتچی کرد وەکو ئەوەی سەیری پیسایی ســـــەگێک بکات. دواتر ســـــیواوکێکی گرتە دەســـــت و ددانە زەردەکانی پێ پاک کردەوە.
فلیتچی بەســــــەر مێزەکەدا چەمابۆوە و بە ســــــەرە پەنجەی بە شێوەیەکی خەیاڵی وێنەیەکی دەکێشا، ڕێک وەکو برایەکەی بوو کاتێک دایکی سەرزەنشتی دەکرد.
پیرەکە ملی خووراند.
"لە باکوور بەوانم گوت کە ناکرێت متمانەتان پێ بکەین. ئەوە بیرۆکەیەکی شـێتانە بوو، ســەرەڕای ئەمەش کەرایەتی لە دوای کەرایەتیتان ئەنجام دا. ئێوە یاری بە ئاگر دەکەن".
دواتر سیواوکەکەی فڕێدایە ناو دەفرێک.
"ئەوەی بەڕاستی گەمژەیە منم! کاتم لێرە بەفیڕۆ دەدەم... ئەگەر شــتەکان ئێســتا بە پێی پلانەکە بەڕێوە چووبان، ئەوا ئێســتا لە بەڕازیل دەبووم نەوەکو لەم شوێنە نەفرەتییەدا.
باوکم ویستی بێتە ناو بابەتەکە.
"گوێبگرە سارجیۆ، دڵنیابە... شتەکان بەو ڕاددەیەش..."

بەڵام پیرەکەی بێدەنگی کرد.
"ئەوە دەڵێیت چی؟ تۆ هەر قسـە مەکە چونکە لەوانی تر باشـتر نیت، دەزانیت بۆچی؟ چونکە هیچ نازانیت، هیچت پێ ناکرێت. کەرایەتی لە دوای کەرایەتیت ئەنجامدا، تۆ گەمژەیت".
بـاوکم ویسـتی بەرپەرچی بـداتەوە، بەڵام هیچی نەگوت و چاوەکانی نزم کردنەوە.
پێی گوت گەمژە!
لەو کاتە هەستم کرد یەکێک بە خەنجەر لێیداوم، هەرگیز نەبووە یەکێک بەو شـێوەیە لەگەڵ باوکم قسـەی کردبێت، ئەو لە ئاکوا تراڤرسـی پیاوێکی ناودار و بەڕێز بوو. بەڵام پیرێکی پیس کە نـازانم لە کوێوە هـاتووە وا لە بەردەمی هەمووان جنێوی پێ دەدات.
باوکم بۆچی دەری ناکات؟
لەپڕ هەمووان بێدەنگ بوون. هەمووان بێدەنگ بوون لە کاتێکدا پیرەکە ددانەکانی پاک دەکردەوە و سەیری گڵۆپەکەی دەکرد.
وەکو ئیمپڕاتۆر وابوو، هەر کاتێکیش ئیمپڕاتۆر تورە بێت ئەوا هەمووان بێدەنگ دەبن، تەنانەت باوکیشم.
"هەواڵەکان! هەواڵەکان! وا دەست پێدەکات!"
باوکی باربرا لەسەر کورسییەکەی هەڵبەزییەوە و ئەمەی گوت.
بـاوکم بە دایکمی گوت: تریزا، دەنگی تەلەفیزیۆنەکە زیـاد بکە، دەی خێرا! گڵۆپەکانیش بکووژێنەوە.
لە مـاڵی ئێمە هەر کـاتێـک سـەیری تەلەفیزیۆن بکەین، ئەوا گڵۆپەکـان دەکوژێنینەوە، ئەمەش پێویسـت بوو. دایکم خێرا بەرەو پلاکەکە ڕۆیشت و گڵۆپەکانی کوژاندەوە.
تـاریکی بـاڵی بەسـەر ژوورەکەدا کرد، هەمووان سـەیری تەلەفیزیۆنەکەیان کرد، ڕێک وەکو ئەوە وابوو ئەمشـەو ئیتاڵیا یاری بکات.

له شــــوێنی خۆم له پشــــت دەرگایەکە ئەوانم وەکو خێوێکی سێبەری دەبینی کە ڕووناکی شینی تەلەفیزیۆنیان لێ دەدرا.
پێشکەشکارەکە باسی بەرکەوتنی دوو شەمەندەفەر لە ڤیرانتسی دەکرد کە چەند قوربانییەکی لێ کەوتبۆوە، بەڵام ئەوان گرنگیان بەوە نەدا.
دایکم شـــــەکری لەنــاو قــاوەکە دەکرد، هەمووانیش لەجێی خۆیانەوە دەیانگوت:
-کەوچکێکم دەوێت.
-من دوو کەوچک.
-من نامەوێت.
دایکی باربرا گوتی: لەوانەیە لەســـــەری نەدوێن، دوێنێش هیچ باسێک نەبوو، لەوانەیە بەلای هیچ کەسێکەوە گرنگ نەبێت.
پیرەکە گوتی: دەمت داخە!
هەلەکە گونجــاو بوو بۆ ئەوەی بڕۆم و میزەکەم بکەم، هەر ئەوەندە بەســـــە بگەم بە ژووری دایک و بـاوکم و دواتریش لەوێوە بەرەو شـۆرگەکە. لەوێدا لە تاریکیدا دەتوانم میزی خۆم بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بکەم.
وا وێنایی خۆمم کرد کە پڵنگێکی ڕەش بم، لە هۆڵەکە لەســـــەر هەر چوار پەلەکانم ڕۆیشــــتمە دەرەوە. چەند مەترێکی کەمم مابوو بە مەبەستی خۆم بگەم کە لەپڕ باوکی کەللەسـەر لەسـەر قەنەفەکە هەستا و بەرەوم هات.
خۆم بە زەوییەکەوە چەسـپاند. ئیتلۆ نەتالی جگەرەکانی لەسـەر مێزەکە هەڵگرت و بەرەو قەنەفەکە گەڕایەوە و دانیشــــتەوە. هەناســەیەکی ئاسـوودەییم هەڵێکشــا، دواتر دەسـتم کردەوە بە خشاندن. دەرگایەکە زۆر نزیک بوو، سەرکەوتم. خەریک دەبوو ئارام دەبمەوە کە هەمان لەپڕ و بە هاوارێکی زۆرەوە گوتیان: ئەوەتا، ئەوەتا!

-خۆیەتی!
-بێدەنگ بن، بێدەنگ بن!
لە پشـت قەنەفەکەوە ملم سـووڕاند و سـەیری تەلەفیزیۆنەکەم کرد، دڵم خەریک بوو بوەستێت.
لە پشت پێشکەشکارەکە وێنەی منداڵێک دەردەکەوت.
منداڵی ناو چاڵەکە بوو.
قژێکی زەردی جوانی هەبوو کە شـانەی لێدرابوو، کراسـێکیشـی لەبەردا بوو کە وێنەی چوارگۆشـەی لەسـەرن. زەردەخەنەی کردبوو و لۆکۆمۆتیۆیەکی کارەبایی بچووکی بەدەستەوە بوو.
پێشـکەشـکارەکە بەردەوام بوو لە قسـەکردن و گوتی: هێشـتا گەڕان بەدوای فیلیپۆ کـاردۆتچی بەردەوامە، کوڕی داهێنەر لۆمباردۆ جیۆڤانی کاردۆتچی کە دوو مانگ پێش ئێسـتا لە باڤیا ڕفێندرا. وادیارە کە دەسـتەی پۆلیس و لێکۆڵەڕان زانیارییەکی تازەیان لایە کە بەرەو...
چیتر گوێم لە هیچ نەبوو.
هەمووان هاواریان دەکرد، باوکم و پیرەکە هەستان.
کوڕەکە ناوی (فیلیپۆ)یە، فیلیپۆ کاردۆتچی.
"ئێسـتاش پەیامێکی خاتوو لویزا کاردۆتچی پەخش دەکەین کە ئەم بەیانییە بۆ ڕفێنەرەکان تۆمار کراوە".
باوکم گوتی: ئێستا ئەم نەفرەتییە دەبێت چی بوێت؟
فلیتچی بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: قەحبە! قەحبەی خوێڕی!
باوکم زللەیەکی لێدا.
"دەمت داخە!"
دایکی (باربرا)ش گوتی: گەمژە!
پیرەکەش هاواری کرد: بە نەفرەت بن! دەمەوێت گوێم لێ بێت!
لەسـەر شـاشـەی تەلەفیزیۆنەکە ئافرەتێکی قژ زەردی کەشـخە دەرکەوت کە دیار بوو لە ناوەندەکانی تەمەنیدا بوو، بەڵام جوان

بوو. لەسەر کورسییەکی پێستی دانیشتبوو، لەناو هۆڵێکدا بوو کە پڕی پەرتووک بوو. چاوەکانی دەدرەوشانەوە، توند دەستەکانی خۆی گرتبوو وەکو ئەوەی ئێستا شتێکی لێ بەردەبێتەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و سەیری کامێرایەکەی کرد، گوتی: من دایکی (فیلیپۆ کاردۆتچی)م، ئەم پەیامە بۆ ڕفێنەرانی کوڕەکەمە. لێتان دەپاڕێمەوە، تکایە ئازاری مەدەن. کوڕێکی بە حەیا و ئاقڵ و شەرمنە. تکایە لەگەڵی میهرەبان بن. دڵنیام کە ئێوە لە هەستی خۆشەویستی و میهرەبانی تێدەگەن و تێشتاندایە. ئەگەر منداڵیشتان نەبێت، ئەوا دڵنیام لەوە تێدەگەن کە هەستی دووری یەکێکی ئازیز چۆنە. ئەو پارەیەی کە داوای دەکەن زۆرە، بەڵام من و مێردەکەم لە بەرامبەر گەڕانەوەی کوڕەکەمان ئامادەین هەرچی بتانەوێت پێتانی بدەین.

هەڕەشەی ئەوەتان کردووە کە گوێی دەبڕن، تکایە... تکایە ئەوە مەکەن.

فرمێسکەکانی سڕینەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشایەوە و بەردەوام بوو: هەرچی بتانەوێت ئەوا ئەنجامی دەدەین، تکایە. خودا پاداشتتان دەداتەوە ئەگەر بە بەزەیی بن. بە فیلیپۆ بڵێن کە دایک و باوکی لەبیریان نەکردووە و زۆر خۆشیان دەوێت.

باوکم بە پەنجەکانی شێوەی مەقەستێکی درووست کرد.

"هەردوو گوێیەکانی دەبڕین، هەردووکی."

پیرەکەش گوتی: باجی ئەوە دەدەیت کە قسەت لە تەلەفیزیۆن کردووە!

هەمووان دەستیان کردەوە بە هاوار کردن.

بەرەو ژوورەکە گەڕامەوە، دەرگایەکەم داخست و دواتر ڕۆیشتمە سەر لێواری پەنجەرەکە و میزم کرد.

ئەوە بـاوکم و ئەوانی تر بوون کە کوڕی ئەو خـاتوونەیـان ڕفاندووە.
میزەکە لە ژێر ڕۆشـنایی گڵۆپەکەدا دەدرەوشـایەوە لە کاتێکدا بەر سەرقاپی مەکینەی بارهەڵگرەکە دەکەوت.
دایکم هەمیشـە بە منی دەگوت: وریابە میکێلی، شـەوانە نەچیتە دەرەوە. لە شـەودا شـەولەبان دێتە دەرەوە و منداڵان دەڕفێنێت و دواتر بە قەرەجەکانی دەفرۆشێت.
باوکم شەولەبانە.
لە ڕۆژدا کەسێکی باشە، بەڵام لە شەودا دەبێت بە خراپەکار.
ئەوانی تریش هەموویـان قەرەجن، جلوبەرگی خۆیـان گۆڕیوە. ئەو پیرە پاشـای قەرەجەکانە و باوکیشـم خزمەتکارییەتی. جگە لە دایکم، سەر بەوان نییە.
وا وێنـایی قەرەجەکـانم دەکرد کە کورتە بـاڵای خێرا بن، گوێیەکانیان وەکو گوێی ڕێوی بێت و قاچەکانیشـیان وەکو قـاچی مریشـک وابێـت. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوان مرۆڤی ڕاستەقینەن.
بۆچی بۆی ناگەڕێننەوە؟ ئەوان چی لە منداڵێکی شـێت دەکەن؟
دایکی فیلیپۆ زۆر نـاڕەحەت و نیگەران بوو، ئەوە بە ئاشـکرا دیار بوو. مادام لەسـەر تەلەفیزیۆن داوای کوڕەکەی کردۆتەوە ئەوا دیارە زۆری خۆش دەوێت، بەڵام باوکم دەیەوێت گوێیەکانی ببڕێت.
"ئەوە چی دەکەیت؟"
لە شـوێنی خۆم ڕاچڵەکیم، ئـاوڕم دایەوە و خەریـک بوو جێگایەکەم پڕ میز بکەم.
ماریا لە خەو هەستا.
هینم بۆ شوێنی خۆی گەڕاندەوە.
-هیچ.

-میزت دەکرد، بینیمیت.

-خۆم بۆ نەگیرا.

-ئەوە لەوێ چی ڕوودەدات؟

ئەگەر بە ماریا بڵێم کە باوکم شەولەبانە ئەوا شێت دەبێت، بۆیە شانەکانم بەرز کردنەوە وەکو ئەوەی هیچ نەبێت.

-هیچ نییە.

-بۆچی شەڕ دەکەن؟

-هەر ئاوا.

-چۆن هەر ئاوا؟

لەسەر جێگایەکەم ڕاکشامەوە.

-یەناسیب دەکەن.

-یەناسیب؟

-بەڵێ، لەسەر ئەوە شەڕیان کە کێ ژمارەکان ڕادەکێشێت.

-کێ براوەیە؟

-سارجیۆ، هاوڕێیەکەی باوکم.

-هاتووە؟

-بەڵێ.

-چۆنە؟

-پیرە، دەی ئێستا بخەوە.

-ناتوانم، زۆر گەرمایە. جگە لەوەش ئەو هەموو ژاوە ژاوە دێت، کەی دەڕۆن؟

لەولا هێشتا ژاوە ژاوێکی زۆر دەهات.

پەنجەرەکەم داخستەوە.

-نازانم.

-میکێلی، بۆچی چیرۆکێکم بۆ ناگێڕیتەوە؟ بەم شێوەیە خەوم لێ دەکەوێت.

باوکم هەمیشـــە چیرۆکی (ئانیولوتۆ)ی ئەفریقی بۆ دەگێڕاینەوە. ئانیولوتۆ سـەگێکی بچووک بوو، لەسـەر ژیانی شـار ڕاهاتبوو. ڕۆژێکیان خۆی لە جانتایەک شـــاردەوە و دواتر بە هەڵە خۆی لە ئەفریقیا لەناو شـێر و فیلەکاندا دۆزییەوە. زۆر حەزمان بەو چیرۆکە دەهـات. ئـانیولوتۆ توانســـتی ئەوەی هەبوو کە ڕووبەڕووی چەقەڵێک ببێتەوە، هاوڕێیەکیشـی هەبوو کە مشـکە شاخێکی مێینە بوو.

زۆر جار کە باوکم لە گەشـتەکەی دەگەڕایەوە، ئەوا چیرۆکێکی تازەی (ئانیولوتۆ)ی بۆ دەگێڕاینەوە.

ئەوە یەکەم جـار بوو کە مـاریـا داوام لێ بکـات چیرۆکێکی بۆ بگێڕمەوە، مایەی شانازیم بوو. بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە هیچ چیرۆکێکم نەدەزانی، ئەوەشم لای ماریا دان پێدانا.

-هیچ... چیرۆکێک نازانم.

-وانییە، دەزانیت.

-کوا چی دەزانم؟

-ئەو چیرۆکەت بیر نـایەت کە جـارێکیـان دایکی بـاربرا بۆی گێڕاینەوە؟ ئەها چیرۆکی بچکۆلەکە.

-ڕاست دەکەیت!

-بۆمی بگێڕەوە.

-باشە، بەڵام باشم بیر نییە.

-دەتەوێت لە ژێر بەتانییەکەدا بۆمی بگێڕیتەوە؟

-بەڵێ.

بەم شێوەیە باشتر بوو بەوەی کە بەلایەنی کەمەوە گوێمان لەو دەنگی ژاوە ژاوە نەدەبوو. ڕۆیشتمە سەر جێگای خوشکەکەم و بەتانییەکەمان بەسەر خۆمان دادا.

خوشکەکەم بە چرپەیەکەوە گوتی: دەی دەستپێکە.

"بچکۆل هەمیشـــە بەســـەر درەختەکـان دەکەوت و میوەی دەخوارد. جارێکیان لەســـەر درەختێک بوو کە جادووگەرێک هـاتە لای و گوتی: بچکۆل، هەرمێیەکم پێ بـدە، خەریکە لە برسان دەمرم.
بچکۆلیش هەرمێیەکی بۆ هەڵدا."
خوشـــکەکەم قســـەی پێ بڕیم و گوتی: نەتگوت کە شـــێوەی جادووگەرەکە چۆن بوو.
"ڕاســـت دەکەیت. زۆر ناشـــیرین بوو، قژی نەبوو و لووتێکی درێژی هەبوو، باڵایەکی بەرزیشـــی هەبوو. منداڵانی دەخوارد، مێردەکەشی شەولەبان بوو."
لە کـاتێکـدا ئەو چیرۆکەم دەگێڕایەوە، ئەوا وێنـایی بـاوکم دەکرد کە گوێیەکانی فیلیپۆ دەبڕێت و دواتر لەناو گیرفانەکانی داوێـت. دواتریش بە ئـاوێنەی پێشـــەوەی بـارهەڵگەرەکەی دەبەستێت، ڕێک وەکو مەدالیایەک.
-وانییە، مێردی نەکردووە. وەکو خۆی چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەوە، دەزانم چۆنە.
-بچکۆلەکە هەرمێیەکە فڕێدا و کەوتە سەر پیسایی ئەسپێک.
ماریا پێکەنی، حەزی بەو چیرۆکانە دەهات کە باســـی پیســـایی تێدا بوو.
-جادووگەرەکە دووبارە گوتییەوە: بچکۆل، هەرمێیەکم پێ بدە، خەریکە لە برسان دەمرم!
-بگرە!
دانەیەکی تریشی بۆ هەڵدا، بەڵام ئەمەشیان بەدەستی نەگەیشت و کەوتە ناو میزی مانگایەکەوە.
دووبارە پێکەنییەوە.
جادووگەرەکە بۆ ســـێیەم جار داوای کرد، ئەم جارە کەوتە ناو ڕشانەوەی مانگایەک.

خوشکەکەم بە ئانیشکی لێیدام.
"ئەوە لە چیرۆکەکەدا نییە، خۆت گێل مەکە."
خوشکەکەم ڕازی نییە کە چیرۆکەکە کەمێک بگۆڕم.
"بۆیە..."
ئەویَ لەویَ چی ڕوویدا؟ وەکو ئەوە وابوو دەفرێک بشکێت.
دەنگم بەرز کردەوە.
-بۆیە بچکۆلەکە لە درەختەکە هاتە خوارەوە و هەرمێیەکەی پێدا. جادووگەرەکە گرتی و دواتر لەناو کیسەیێکی هاویشت، دوای ئەمەش بەسەر شانی دادا.
بە هۆی ئەوەی کە بچکۆل زۆری دەخوارد، ئەوا قورس بوو. بۆیە جادووگەرەکە بە ئەستەم هەڵیدەگرت و هەر پێنج خوولەک جارێک دەوەستا. کاتێک جادووگەرەکە ویستی میز بکات، ئەوا ڕۆیشتە پشت دارێک و کیسەکەی جێهێشت. دوای ئەوە بچکۆل بە ددانەکانی بەشێکی کیسەکەی بڕی و لە جێی خۆی ورچەشۆرێکی دانا...
-ورچەشۆر؟
بۆیە ئەوەم زیاد کرد تاکو بزانم ماریا دەربارەی دەزانێت یان نا.
-بەڵێ، ورچەشۆر.
-ئەوە چییە؟
-جۆرێکی ورچە کە کاتێک جلوبەرگ لای ڕووبارێک جێدێڵیت، ئەوا دێت و دەیانشوات.
-جا ئەوە لە کویَ دەژیت؟
-باکوور.
-ئەی دواتر چی ڕوویدا؟
ماریا دەیزانی کە بچکۆل لە ڕاستیدا بەردێکی لە جێی خۆی دانابوو، بەڵام هیچی نەگوت.

"جادووگەرەکە کیسەکەی خستەوە سەر شان و بەڕێکەوتەوە، کاتێکیش گەیشتەوە بۆ ماڵەوە ئەوا بە کچەکەی گوت: مارگریا مرگریتۆن، دەرگایەکە بکەوە و مەنجەڵەکە لەسەر ئاگرەکە دانێ تاکو بچکۆل بکوولێنین و بیخۆین. مارگریا مرگریتۆن ئاوی لەناو مەنجەڵەکە کرد و دواتر لەسەر ئاگری دانا، جادووگەرەکەش کیسەکەی سەراوبن کرد تاکو لەناو مەنجەڵەکەی بهاوێت. هەر کە ئەمە ڕوویدا، ئەوا ورچەشۆرەکە هاتە دەرەوە و هەردووکانی گەست، دواتریش ڕۆیشتە دەرەوە و تەواوی مریشکەکانی خوارد و تەنەکەی خۆڵەکانی هەموو پەرش و بڵاو کرد. جادووگەرەکە بەمە زۆر توڕە بوو، ڕۆیشتە دەرەوە تاکو جارێکی تریش بچێت بچکۆل بگرێت. ئەم جارە گرتی و لە کاتی گەڕانەوە لە هیچ شوێنێک نەوەستا. هەر کە گەڕایەوە ئەوا بە کچەکەی گوت: مارگریا مرگریتۆن، بیگرە و لە ژێر زەمینەکە زیندانی بکە، سبەی دەیخۆین..."

وەستام.

ماریا خەوی لێکەوت. بەڕاستی چیرۆکێکی خۆش و جوان نەبوو.

# بەشی پێنجەم

بۆ بەیانی داهاتوو پیرەکەم لە شۆرگەکە بینی.

دەرگایەکەم کردەوە و بینیم چەناگەی دەتاشـــێت، پشـــتی بە تەواوی بەســەر ســینکەکەدا لار کردبۆوە و ســەری لە ئاوێنەکە نزیک کردبۆوە و جگەرەیەکیش بە دەمییەوە بوو. ژێر کراسێکی سپی شڕ لەبەردا بوو و پرچی بۆ دواوە بەستبوو، دوو پۆتینی ڕەشیشی لەپێدا بوون کە زنجیرەکەیان کرابۆوە.

بۆنی تێکەڵەیەک بوو لە بۆنێکی تیژ کە عەتری تالک داپۆشـــی بوو لەگەڵ بۆنی کرێمی ڕیش تاشین.

ئـاوڕی دایەوە و هەر لە بنکی پێیەکـانم تـاکو تەپڵی ســـەرم سەیری کردم لە کاتێکدا بەشێکی ڕوومەتی هێشتا کرێمی ڕیش تاشینی پێوە بوو و مووسەکەشی بەدەستەوە بوو.

"تۆ کێیت؟"

ئاماژەم بە خۆمدا و گوتم: من؟

-بەڵێ، تۆ.

-میکێلی، میکێلی ئەمیترانۆ.

-من (سارجیۆ)م، بەیانیت باش.

دەستی بەرەوم درێژ کردەوە.

"خۆشحاڵم بە ناسینت."

لە قوتابخانە فێرکراین کە بەو شێوەیە مامەڵە بکەین.

پیرەکە موسەکەی بە ئاو شرد.

-ئایا نازانیت کە پێش ئەوەی بێیتە شـــۆرگە دەبێت لە دەرگا بدەیت؟ باوکت ئەوەی فێر نەکردوویت؟

-ببوورە.

دەمویست لەوێ بڕۆم، بەڵام وەکو عامودێک لە شوێنی خۆم چەقیم. ڕێک وەکو ئەو ساتانە وابوو کە مرۆڤێکی تێکچوو دەبینیت و ناتەوێت سەیری بکەیت، بەڵام هەر سەیری دەکەیت.

دەستی کردەوە بە تاشینی چەناگەی.
-کوڕی (بینۆ)یت؟
-بەڵێ.
لە ئاوێنەکە ڕاما.
-ئایا منداڵێکی بێدەنگیت؟
-بەڵێ.
-حەزم بە منداڵی بێدەنگ دێت، ئەوەی باشە لە باوکت ناچیت. ئەی پێم بڵێ، ئایا منداڵێکی گوێڕایەڵیت؟
-بەڵێ.
-کەوایە بڕۆ دەرەوە و دەرگایەکە دابخە .
بەرەو لای دایکم ڕامکرد، لە ژوورەکەمان بوو، خەریکی لێکردنەوەی بەرگی جێگای خەوی ماریا بوو.
ڕۆیشتمە لای و لە دواوە ماکسییەکەیم گرت.
-دایکە، دایکە! ئەو پیرە کێیە کە لە شۆرگەکەیە؟!
-وازم لێبێنە میکێلی، نابینیت چەندە سەرقاڵم؟ ئەوە (سارجیۆ)یە، هاوڕێی باوکتە. چەند ڕۆژێک لامان دەمێنێتەوە.
-بۆچی؟
بەرگەکەی بەرز کردەوە و دواتر سەراوژێری کردەوە.
-چونکە باوکت وایگوت.
-جا لە کوێ دەخەوێت؟
-لەسەر جێگای خوشکەکەت.
-ئەی خوشکەکەم؟
-لای ئێمە دەخەوێت.

-ئەی من؟
-هەر لەسەر جێگای خۆت دەبیت.
-واتا ئەو پیرە لەگەڵ من لە یەک ژووردا دەخەوێت؟
دایکم هەناسەیەکی قووڵمی هەڵمژی.
-بەڵێ.
-بە شەو؟
-ئەوە تۆ گەمژەیت؟ ئەی بە ڕۆژ؟
-ناکرێت ماریا لەگەڵی بمێنێتەوە و من بێم لاتان بخەوم؟
بەرگە خاوێنەکانی دانا و دواتر گوتی: قســــەی پڕوپوچ مەکە، دەی برۆ جێم بهێڵە، سەرقاڵم.
کەوتمە ســەر زەوی و خۆم بە قاچەکانییەوە بەســت و دەســتم کرد بە تکا کردن.
"دایکە، تکایە. لێت دەپاڕێمەوە. نامەوێت لەگەڵ ئەو پیرە بخەوم. تکایە. دەمەوێت لەگەڵ تۆ بمێنمەوە."
بێزاری تەنگی پێ هەڵچنی بوو.
-ناکرێت، جێگایەکە بچووکە.
-دایکە، تکایە. خۆم لە ســــووچێکدا گل دەدەمەوە و بچووک دەبمەوە.
-گوتم نەخێر.
-تکایە.
دەستم کرد بە پاڕانەوە.
-تکایە، بەڵێن بێت کە ئاقڵ دەبم، دەیبینیت!
-بەسە.
منی بەرز کردەوە و هەستام.
"میکێلی، نازانم چی لەگەڵ تۆ بکەم. بۆچی هەرگیز گوێ ناگریت؟ چیتر بەرگە ناگرم. خۆمان کێشــەی زۆرمان هەیە و تۆش زیاتر ئاڵۆزیان دەکەیت. تۆ تێناگەیت. تکایە...".

سەری نارەزایەتیم لەقاند.
"نامەوێت. نامەوێت لای ئەو پیاوە بخەوم، لای ئەو ناخەوم".
دایکم بەرگی سەرینەکەی لێ کردەوە.
-هەر بەو شێوەیە دەبێت کە بیستت، ئەگەریش نارازیت ئەوا برۆ بە باوکت بڵێ.
-بەڵام لەگەڵ خۆیم دەبات.
دایکم لە کارەکەی وەستا و سەیری کردم.
"چیت گوت؟ دووبارەی بکەوە."
بە چرپەوە گوتم: لەگەڵ خۆیم دەبات...
بە چاوە ڕەشە گەورەکانی لە من ڕاما.
-دەتەوێت چی بڵێیت؟
-دەتانەوێت لەگەڵ خۆی بمبات... تۆ ڕقت لە منە، تۆ خراپیت. تۆ و باوکم ڕقتان لە منە، لەوە دڵنیام.
-کێ ئەم شتانەی پێ گوتوویت؟
قۆڵی ڕاکێشام، بەڵام خێرا خۆم دەرباز کرد و ڕامکرد.
بە پلیکانەکاندا دەهاتمە خوارەوە کاتێک گوێم لە دەنگی بوو بە هاوارەوە بانگی دەکردم.
-میکێلی! میکێلی، هەر ئێستا بگەڕێوە بۆ ئێرە!
-لای ئەو پیرە ناخەوم! نەخێر ناخەوم!

بەرەو دۆڵەکە ڕامکرد و بەسەر درەختی خەرووبەکەدا سەرکەوتم.
لای ئەو پیرە ناخەوم، ئەو (فیلیپۆ)ی ڕفاندووە. هەر کە منیش خەوتم ئەوا لەناو کیسەیەکم داوێت و دەمرفێنێت. دواتریش گوێیەکانم دەبڕێت.
ئایا مرۆڤ دەتوانێت بێ گوێیەکان بژیت، یان دەمرێت؟

گوێیەکـانی خۆم خۆش دەوێن. دڵنیـام کە ئەو پیرە و بـاوکم ئێســـتا گوێی (فیلیپۆ)یان بڕیوە. لە کاتێکدا من وا لەســـەر ئەم درەختەم، ئەوا فیلیپۆ گوێیەکـانی بڕدراون و لەنـاو چـاڵەکەدا دەناڵێنێت.

بڵێیت شتێکیان بەسەر سەریدا دابێت؟

پێویستە بڕۆمە لای و قسەی لەگەڵدا بکەم، پێویستە پەیامەکەی دایکی پێ بڵێم کە لەســـەر تەلەفیزیۆن گوتی هێشـــتا خۆشـــی دەوێت.

بەڵام ترســـــابووم. چی دەبوو ئەگەر باوکم و ئەو پیرە لەوێ بووبان؟

سەیری ئاسۆم کرد، ئاسمان ڕەنگێکی خۆڵەمێشی کاڵی گرتبوو، گردەکەش لە شوێنی خۆی بوو لە کاتێکدا تەمێکی گەرم دەوری داپۆشی بوو.

لە دڵی خۆمدا گوتم ئەگەر وریابم ئەوا نامبینن.

گوێم لە دەنگێک بوو کە گۆرانی دەگوت: ئەی بوێر لەگەڵ خۆتم ببە تاکو منیش بنێژن، چاو چاو چاو.

ســـەیری خوارەوەم کرد، (باربرا)م بینی کە لە پشـــتییەوە تۆکو بەدوای دەکەوت.

بە دەوری ملیدا گوریسێکی بەستبوو و بەرەو ئاوەکەی برد.

"دایە دەتشوات و خاوێنت دەکاتەوە. بەدڵتە؟ بەڵێ بەدڵتە."

بەڵام تۆکو دڵخۆش دەرنەدەکەوت. لەســەر زەوی دانیشـتبوو و پەلکەکانی لە شــوێنی خۆی ڕەق کردبوون، ســەری دەجووڵاند بۆ ئەوەی لە گوریسەکە ڕزگاری بێت.

"زۆر جوان دەبیت، جا دواتر دەتبەم بۆ لوچیانۆ. مۆتە دەخۆین و تەوقێکیشت بۆ دەکڕم."

گرتی و مـاچی کرد، دواتر نەعلەکـانی دانـان و دوو هەنگـاو ڕۆیشـــتە نـاو ئـاوە مەنگاوییەکە، دوای ئەمە لەنـاو ئەو ئـاوە قوڕاوییە پیسەی هاویشت.
تۆکو دەیەویســت خۆی لەدەســتی ڕزگار بکات، بەڵام باربرا بە توندی مل و کلکی گرتبوو. خســتییەوە ناو ئاوەکە، لە ناویدا ون بوو.
دووبارە دەستی کردەوە بە گۆرانی گوتن.
"بەیانییەک هەســتامەوە... جوانکیلەکەم، چاو! جوانکیلەکەم، چاو! چاو چاو چاو!"
لە ئاوەکەی دەرنەهێنایەوە.
دەیهەویست بیکوژێت.
هاوارم کرد: ئەوە چی دەکەیت؟ بەری بدە!
باربرا لە شـوێنی خۆی هەڵبەزییەوە و خەریک بوو بکەوێتە ناو ئاوەکە. ســـەگەکەی بەردا، لە ژێر ئاوەکە دەرکەوت و بەرەو لێواری گۆماوەکە خشا.
بە بازێک لەسەر درەختەکە هاتمە خوارەوە.
باربرا بە نارەحەتییەوە پرسی: ئەوە لێرە چی دەکەیت؟
-ئەوە چیت لە سەگەکە دەکرد؟
-هیچ، تەنیا دەمشۆرد.
-درۆ دەکەیت، دەتویست بیکوژیت!
-وانییە!
-سوێند بخۆ.
-سوێند بە خوا و ڕوحی پیرۆز!
دەستی لەسەر دڵی دانا.
"جەســتەی پڕە لە مێشــکەرانە و کێچ، وا بە تەواوی گۆشــتی دەخۆن، بۆیە دەمویست بیشۆم".
نەمدەزانی کە ئایا دەبێت بڕوای پێ بکەم یان نا.

(تۆکو)ی گرت، لەسەر بەردێک دانیشت بوو و بە دڵخۆشییەوە کلکی بەولا و بەولادا دەسووڕاند، ڕووداوە ناخۆشەکەی لەبیر کردبوو.
"سەیرکە ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت."
گوێی بەرز کردەوە.
"ئای خوایە! چەندە پیسە!"
دەوری گوێ و لای ملی پڕ بوون لە مێشکەرانە، شتێکی پیس بوو. سەرە بچووکەکانیان لەناو پێستیدا چەقا بوو، پێ بچووکەکانیان و گەدەی گەورەی بازنەییشیان دیار بوو کە دەڵێی تۆپێک لە شۆکۆلاتە بوو.
"بینیت؟ وا خوێنی دەمژن."
لووتم گرت، بۆنێکی پیسی لێوە دەهات.
-جا بە قوڕ خاوێن دەبێتەوە؟
-لەسەر تەلەفیزیۆن گوێم لە تەرەزان بوو کە دەیگوت فیلەکان کاتێک دەیانەوێت ئەو بوونەوەر و ئاژەڵانەی کە لەسەر پێستی دەژین لاببات، ئەوا دەچێتە ناو قوڕ و خۆی تێوە دەگلێنێت.
-بەڵام تۆکو فیل نییە.
-جا چییە؟ خۆ هەر ئاژەڵە.
-بە بڕوای من دەبێت لێ بکرێنەوە، قوڕ لێیان ناکاتەوە.
-چۆن؟
-بە دەست.
-جا کێ ئەوە دەکات؟ من شتی وام پێ ناکرێت.
-من دەیکەم.
بە دوو پەنجە مێشکەرەیەکی گەورەی خەپەم گرت، چاوەکانم داخستن و ڕامکێشا. تۆکو ناڵەی کرد، بەڵام توانیم ئەو دڕندەیە دەربێنم. لەسەر بەردێکم دانا و سەیرمان کرد، پێیەکانی

دەجوولاند، بەڵام نەیدەتوانی بڕوات بەوەی کە هێندە گەدەی لە خوێن پڕ بووبوو.

"بمرە هەی پیس! بمرە! بمرە!" باربرا بەردێکی لێدا و کردی بە پەڵەیەکی خوێن.

نزیکەی بیست مێشکەرەم لێ کردنەوە، لە کاتێکیشدا ئەوەم ئەنجام دەدا ئەوا باربرا سەگەکەی دەگرت.

دوای ماوەیەک بێزار بووم، (تۆکو)ش چیتر بەرگەی نەدەگرت.

-ڕۆژێکی تر ئەوانەی تری لێ دەکەیتەوە، پێت چۆنە؟

-باشە.

باربرا سەیری دەوروبەری کرد.

-دەڕۆم، ئەی تۆ چی دەکەیت؟

-کەمێک لێرە دەمێنمەوە.

هەر کە دوورکەوتەوە، ئەوا سواری پاسکیلەکەم دەبم و دەڕۆم بۆ لای فیلیپۆ.

باربرا گوریسەکەی بە دەوری ملی (تۆکو)دا کرد.

کەمێک دوورکەوتەوە و گوتی: کەوایە دواتر یەکتری دەبینینەوە؟

"بەڵێ."

وەستا.

-لە ماڵی ئێوە بێگانەیەکی لێیە، ئەوەی خاوەن ئۆتۆمبێلە خۆڵەمێشییەکە. ئایا خزمتانە؟

-نەخێر.

-ئەمڕۆ هات بۆ ماڵی ئێمەش.

-چی دەویست؟

-نازانم، قسەی لەگەڵ باوکم کرد. دیار بوو کە باوکتیشی لەگەڵ بوو.

بەدڵنیاییەوە. ڕۆیشتوون تاکو گوێی فیلیپۆ ببڕن.

ڕووخساری گرژ کرد.

-حەزت بەو پیاوە دێت؟
-نەخێر.
-منیش حەزم پێی نایەت.
بێدەنگ بوو، وا دیاربوو کە نەیدەویسـت بڕوات. لێم نزیک بۆوە و شتێکی چرپاند، گوتی سوپاس.
-سوپاس بۆ چ شتێک؟
-بۆ ئەو ڕۆژە... لەجیاتی من سزایەکەت قبووڵ کرد.
شانەکانم ڕاتەکاندن.
-هیچی وانییە.
-گوێبگرە...
ڕووخسـاری سـوور هەڵگەڕا، بۆ سـاتێک سـەیری کردم و دواتر گوتی: ئایا دەتەوێت ببیت بە خۆشەویستم؟
هەستم کرد ڕووخسارم لە شەرمان دەکوڵێت.
"چۆن؟"
چەمایەوە و دەستی بەسەر (تۆکو)دا هێنا.
-با ببین بە خۆشەویست.
-من و تۆ؟
-بەڵێ.
بۆ ساتێک زمانم گیرا و سەیری سەرە پەنجەی پێیەکانم کرد.
"لە ڕاستیدا... نەخێر. حەزم بەوە نایەت."
هەناسەیەکی قووڵم دایەوە، لەناو سنگمدا گل بووبوو.
"کێشە نییە، خۆ هاو تەمەنیش نین".
دواتر دەستی بەناو قژیدا هێنا.
-باشە، خوات لەگەڵ.
-خوات لەگەڵ.
ڕۆیشت و (تۆکو)شی بەدوای خۆیدا برد.
زۆر لە مار دەترسام، هەر ئاوا لەپڕ لێیان ترسام.

تاکو ئەو ڕۆژەی بەســەر گردەکەدا ســەرنەکەوتم، ئەوا هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە.
ئەو ســـــەگەم بیر هاتەوە کە مانگی چوار مارێک بە لووتییەوە دابوو. داماوە لە کۆگایەکە ڕاکشــابوو، هەناســەی بە دەمی دەدا و چاوەکانی ئاوســـا بوون، کەفێکی ســـپی بە دەمیدا دەهات و زمانیش دەرخستبوو.
باوکی کەللەســـــەر گوتی: تازە هیچمان پێ ناکرێت، ژەهرەکە لە دڵی داوە.
هەمووومان لە دەوری بووین و سەیرمان دەکرد.
گوتم: با بیبەین بۆ لوچیانۆ، بۆ لای ڤێتەرنەرییەکە.
"تەنیا پارە بەفیڕۆدانە، ئەو لە دزێک هیچی تر نییە. دەرزییەکی ئاوی لێ دەدات و دواتریش ســەگەکەت بە مردوویی پێ دەدات. دەی بڕۆنە دەرەوە، با بە ئاسوودەیی بمرێت."
پاڵی پێوەنانینە دەرەوە، ماریا دەستی کرد بە گریان.
لە کاتێکدا بەناو گوڵەگەنمەکاندا دەڕۆیشـــتم، ئەوا خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە مارەکان بەرەو لای من دەخشێن.
لە ترسان بازم دەدا و بە دارێک لە گوڵەگەنمەکانم دەدا، هەرچی قالۆنچە و کوللەیە دەهاتە دەرەوە و ڕایدەکرد. زۆر گەرما بوو، تیشــکی خۆر ســەر و ملی دەســووتاندیت. گردەکە بێدەنگ بوو، تەمێکی گەرم دەوری گردەکەی داپۆشی بوو.
کاتێک گەیشـــــتم بە کۆتایی دۆڵەکە ئەوا زۆر ماندوو بووبووم. تەنیا پێویستم بە کەمێک سێبەر و ئاوە، بۆیە بەرەو دارستانەکە بەڕێکەوتم.
بەڵام شتێکی نائاسایی سەرنجی ڕاکێشام، وەستام.
لە پشــت دەنگی چۆلەکە و قالۆنچەکانەوە، ئەوا دەنگی مۆســیقا دەهات.
خۆم لە پشت درەختێکەوە شاردەوە.

هیچم نەدەبینی، بەڵام دیـار بوو کە دەنگی مۆسـیقـایەکە لە کۆخەکەوە دێت.
دەبوایە بە خێراترین کات لەوێ ڕۆیشـتبام، بەڵام فزوولییەت منی داگرت، بۆیە مامەوە. ئەگەر وریـابم و لەنێوان درەختەکان بمێنمەوە، ئەوا هیچ کەسێک نامبینێت. لە کاتێکدا لەنێوان درەختە بەڕووەکاندا بە وریای دەڕۆیشـتم، ئەوا لە گۆڕەپانەکە نزیک بوومەوە.
دەنگی مۆسـیقایەکە زیاتر بوو. گۆرانییەکی بەناوبـانگ بوو، زۆرم گوێ لێ بووە، ئـافرەتێکی قژ زەرد لەگەڵ پیـاوێکی جوانپۆش دەیڵێـت. لەسـەر تەلەفیزیۆن بینیومن، حەزم بەو گۆرانییە دەهات.
لە سـووچێکی گۆڕەپانەکە بەردێکی گەورەی لێ بوو کە جۆرە قەوزەیەک دایپۆشـی بوو. پێم حەشـارگەیەکی باش بوو، بۆیە ڕۆیشتمە پشتییەوە و خۆم شاردەوە.
سەرم بردە دەرەوە و سەیرم کرد.
"فیـات ١٢٧"ەکە لە بەردەم کۆخەکە بوو، ئۆتۆمبێلی فلیتچی.
دەرگایەکانی کرابوونەوە، بە هەمان شـێوەی دەرگای سـندووقی دواوەش کرابۆوە. مۆسـیقایەکە لە ڕادیۆی ئۆتۆمبێلەکە دەهاتە دەرەوە، دەنگێکی باشی نەبوو.
فلیتچی هـاتە دەرەوە، دوو پۆتینی پلاسـتیکی لەپێ بوو و دەستەسڕە ڕەشەکەشی وەکو هەمیشە بە ملەوە بوو.
دەسـتەکانی کردبوونەوە و وەکو سـەماکەرێکی ڕۆژهەڵاتی سەمای دەکرد.
بە دەنگێکی کچانە لەگەڵ گۆرانییەکە گۆرانی دەگوتەوە: هەرگیز مەگۆڕێ، هەرگیز مەگۆڕێ، هەرگیز مەگۆڕێ...
دواتریش دەنگی خۆی گڕ دەکرد: تۆ دوێنی و ئەمڕۆی منیـت، تۆ خۆشبەختی و چارەڕەشی منیت.

دووباره به دەنگێکی کچانە: دەی ئێستا هەوڵم لەگەڵ بدە، پێم بڵێ چارەڕەشی، قەینا... چاوەڕێی چی دەکەیت؟
دواتر وەکو ئەوەی ئاماژە بە کەسێک بدات گوتییەوە: تۆ وەکو ئەو بایەیت کە کەمان و گوڵ هەڵدەگرێت.
-وشەکان، وشەکان، وشەکان...
-گوێبگرە.
-وشەکان، وشەکان، وشەکان...
-تکایە.
بەتوانا بوو، هەموو ڕۆڵەکانی دەنواندن. ڕۆڵی پیاو و ڕۆڵی ئافرەت. کاتێک ڕۆڵی پیاوی دەنواند، ئەوا دەنگی گڕ دەکرد و خۆی توند دەنواند، چاوەکانی و دەمیشی بە نیوەی دەکردەوە.
-وشەکان، وشەکان، وشەکان...
-سوێندت بۆ دەخۆم.
کەوتە سەر زەوی، چەند جووڵەیەکی سەیری تری نواندن و دەستی بە گۆرانی گوتن کردەوە.
"وشەکان، وشەکان، وشەکان، وشەکان، وشەکان، تەنیا چەند وشانێکن، وشانێکی نێوانمان."
دوای ماوەیەک بەسەر ئەمەدا وازم لێی هێنا، لەوێ ڕۆیشتم.

لە ئاکوا تراڤرسی ئەوانی ترم بینین کە یاری "یەک، دوو، سێ، ئەستێرە"یان دەکرد.
کەللەسەر و باربرا و ریمۆ لە ژێر خۆردا وەستابوون و بە شێوەیەکی سەیر وەستابوون.
لە کاتێکدا سلڤاتۆری کە ڕووی لە دیوارەکە بوو، ئەوا بە هاوارەوە گوتی: یەک، دوو، سێ، ئەستێرە!
ئاوڕی دایەوە و کەللەسەری بینی.

کەللەسەر هەمیشە زیادەڕۆیی دەکرد، لەجیاتی ئەوەی تەنیا سێ هەنگاو بچێتە پێشەوە، ئەوا پازدە هەنگاو دەڕۆیشتە پێشەوە و دەدۆڕا. ئەویش ڕەتی دەکردەوە. پێت دەگوت کە ئەوت بینیوە، بەڵام وا خۆی دەردەخست کە گوێی لە تۆ نییە. بە بڕوای ئەو هەمووان فێڵ دەکەن جگە لەو نەبێت، خۆی پێ فریشتە بوو. ئەگەر شتێکیشت پێ گوتبا ئەوا لێی دەدایت. هەمیشە ڕێگایەکی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی براوە بێت، تەنانەت ئەگەر یاری کردن بە بووکەڵەش بووبا ئەوا هەر دەیبردەوە.

لە کاتێدا بە هێواشی پێم لە پایەدرەکان دەنا، ئەوا بەناو ماڵەکاندا ڕۆیشتم. زۆر ماندوو و توڕە بووم، نەمتوانی پەیامی دایکی بە فیلیپۆ بڵێم.

ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری باوکم لە پێشەوەی ماڵەکەمانەوە وەستابوو، ئۆتۆمبێلە خۆڵەمێشییە گەورەکەی پیرە پیاویش بە هەمان شێوە لە نزیکی وەستابوو.

برسی بووم، بێ ژەمی بەیانی ڕۆیشتبوومە دەرەوە. بەڵام نەمدەویست بچمە سەرەوە.

کەللەسەر لێم نزیک بۆوە و گوتی: ئەوە لە کوێ بوویت؟

-خوولێک سووڕامەوە.

-هەمیشە دەتەوێت بە تەنیا بیت، بۆ کوێ ڕۆیشتیت؟

هەرگیز حەزی بەوە نەدەهات کە بە تەنیا بمێنیتەوە و دوورەپەرێز بیت.

"ڕۆیشتم بۆ دۆڵەکە."

بە ڕوویەکی گوماناوییەوە سەیری کردم.

"بۆچی؟"

شانەکانم هەڵتەکاندن. "هەروا، سەرکەوتمە سەر درەختەکە."

ڕوویەکی ناشیرینی بێزاوی نواند، ڕێک وەکو ئەوە وابوو کە سێوێکی بۆگەنی خواردبێت.

تۆکو هات و گازی لە تایەکانی پاسکیلەکەم گرت.
کەللەسەر شەقێکی لێدا و دووری خستەوە. "هەی سەگی پیس! بە کەڵبە نەفرەتییەکانی وا تایەکان کون دەکات!"
تۆکو بەرەو لای باربرا ڕایکرد کە پشتی لکاندبوو بە دیوارە کورتەکەوە و بازیدایە ناو قۆڵەکانی. باربرا کە منی بینی ئەوا سڵاوی لێ کردم، منیش دەستم بەرز کردەوە و بە هەمان شێوە سڵاوم لێ کردەوە.
کەللەسەر کە ئەوەی بینی ئەوا گوتی: ئەوە تۆ و ئەو ورچە بوونەتە هاوڕێ؟
"نەخێر."
بۆ چەند ساتێک بە سەرنجەوە سەیری کردم، ویستی بزانێت کە ئایا ڕاستگۆم یان نا.
"نەخێر، سوێند دەخۆم!"
کە گوێی لەمە بۆوە ئەوا توندییەکەی بەلاوە نا.
"باشە، دەتەوێت یاری تۆپی پێمان لەگەڵ بکەیت؟"
نەمدەویست یاری بکەم، بەڵام ئەگەر ڕەتم کردبایەوە ئەوا توڕە دەبوو.
"نابینیت چەندە گەرمایە؟"
سووکانی پاسکیلەکەمی گرت و گوتی: دەزانیت کە وەکو بێزارکەرێک مامەڵە دەکەیت؟
بە بیستنی ئەمە ترسام. "بۆچی؟"
کەللەسەر خووی وابوو کە لەپڕ دەیتوانی ڕای خۆی بگۆڕێت و بە شەق لێدان بتخاتە سەر زەوی.
"هەر ئاوا."
سوپاس بۆ خوا لەو کاتەدا سلڤاتۆری دەرکەوت. بە سەری لە تۆپەکە دەدا، دواتر تۆپەکەی کەواند و بە پێی وەستاندی، دوای ئەمەش خستییە نێوان قۆڵەکانی.

-سڵاو میکێلی.
-سڵاو.
کەللەسەر لێی پرسی: ئایا دەتەوێت یاری بکەیت؟
"نەخێر."
کەللەســـەر تووڕە بوو. "هەردووکتان یەک لە یەکتری چەپەڵترن! دەزانن چی دەکەم؟ دەڕۆم بۆ لوچیانۆ!"
بە تووڕەییەکی زۆرەوە ڕۆیشت.
بەمە زۆر پێکەنین، دواتر ســـلڤاتۆری پێی گوتم: دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، دەتەوێت لەگەڵم بێیت و یاری سەبوتیۆ (یاری تۆپی پێی سەر مێزەیە کە دوو کەس بە دەستەکانیان دەیجووڵێنن) بکەین؟
"حەزم لە یاریکردن نییە."
مســـتێکی نەرمی لە شـــانم دا. "باشـــە، کەوایە دواتر یەکتری دەبینینەوە، خوات لەگەڵ". بە لێدانی تۆپەکەوە ڕۆیشت.
حەزم بە سلڤاتۆری دەهات. ئەوەی لە (سلڤاتۆری)دا حەزم پێی دەهات ئەوە بوو کە هەمیشـــە هێمن بوو و هەر ســـەرە پێنج خوولەکێک تووڕە نەدەبوو، بە پێچەوانەی کەللەســـەر کە دەبوایە بە لایەنی کەمەوە حەوت جار بیرت لە قسەکەت کردبایەوە پێش ئەوەی شتێک بڵێیت.
بە پاسکیلەکە ڕۆیشتم تاکو گەیشتمە لای بەلوعەکە.
(ماریا)م بینی دانیشـــتبوو و ســـەتڵێکی کۆنی وەکو حەوزی ئاو بەکاردێنا بۆ ئەوەی یاری بە بووکەڵەکانی باربی خۆی بکات. دوو دانەی هەبوون، دانەیەکیان ئاســـایی بوو و ئەوی تریش ڕەش هەڵگەڕابوو و قژی نەبوو و قۆڵێکی لێ بووبۆوە، من بووم کە وام لێکرد. شـــەوێکیان لەســـەر تەلەفیزیۆن ســـەیری چیرۆکی "جـان دارک"م دەکرد کە لەپڕ بووکەڵەکەم گرت و فڕێمدایە ناو ئاگر، دواتر بە هاوارەوە گوتم: بســـووتێ هەی جادووگەر! بسووتێ!

که بینیم بەڕاستی دەسووتێت، ئەوا قاچیم گرت و فڕێمدایە ناو مەنجەڵی شۆربایەکە.
دایکم لەسەر ئەوە بۆ حەفتەیەک پاسکیلی لێ قەدەغە کردم و ناچاری کردم بە تەنیا تەواوی شۆربایەکە بخۆم.
ماریا پاڕایەوە کە باربییەکی تری بۆ بکڕن، دایکیشم لە وەڵامدا گوتی: کەی ڕۆژی لەدایکت بوونت بوو ئینجا، تاکو ئەو کات ئەوا یاری بەمە بکە. ئەگەر توڕەش دەبیت، ئەوا لە برا گەمژەکەت توڕە ببە.
ماریا ناچار بوو بەوە ڕازی بێت.
باربییە جوانەکە ناوی پاولا بوو، سووتاوەکەش ناوی داماو بوو.
لەسەر پاسکیلەکە هاتمە خوارەوە. "سڵاو ماریا."
دەستێکی بەرز کردەوە تاکو خۆر لە چاوەکانی نەدا.
-باوکە دەربارەی تۆی پرسی، دایکەش توڕەیە.
-دەزانم.
داماوی گرت و لەناو حەوزی ئاوەکەی هاویشت.
-هەمیشە توڕەی دەکەیت.
-دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە.
-باوکە گوتی کە سەرقاڵی گفتوگۆکردنە لەگەڵ سارجیۆ، نایەوێت بێزاری بکەین.
-بەڵام برسیمە...
قەیسییەکی لەناو گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا.
-دەتەوێت؟
-بەڵێ.
گەرم بوو و باش پێ نەگەیشتبوو، بەڵام هەر خواردم و تۆوەیەکەیشم فڕێدا.

باوکم بینی لە باڵکۆنی بەردەم ماڵەوەمان هاتە دەرکەوت و بانگی کردم. "میکێلی، وەرە." کراسێک و پانتۆڵێکی کورتی لەبەردا بوو.
نەمدەویست قسەی لەگەڵدا بکەم. "ناتوانم، سەرقاڵم!"
ئاماژەی پێدام کە بڕۆمە لای. "وەرە."
پاسکیلەکەم بەلای دیوارەکەوە وەستاند و بە هێواشی و سەر نزمی بەسەر پلیکانە کورتەکانی پێشەوەدا سەرکەوتم.
لەسەر پلیکانەی کۆتایی دانیشتبوو. "لێرە لە نزیکمەوە دانیشە."
لە گیرفانی کراسەکەی پاکەتێک جگەرەی جۆری ناتسیۆنالی دەرهێنا، جگەرەیەکی لێ دەرهێنا و پێی کرد.
"پێویستە من و تۆ قسە بکەین" زۆر توڕە دەرنەدەکەوت.
بۆ ماوەیەکی کەم بە بێدەنگی ماینەوە و تەنیا سەیری ئاسمان و زەوییە گەنماوییەکانمان کرد.
-کەش و هەوا زۆر گەرمە، تۆش پێت وانییە؟
-زۆر گەرمە.
دووکەڵێک لە دەمی هاتە دەرەوە.
-تەواوی ڕۆژەکە بۆ کوێ دەچیت؟ دەتوانیت ئەوەم پێ بڵێیت؟
-بۆ هیچ کوێیەک.
-وانییە، شوێن هەیە بۆی بچیت.
-لێرە و لەوێ لە دەوری ماڵەوەمان دەخوولێمەوە.
-بە تەنیا؟
-بەڵێ.
-چی بووە؟ چیتر حەز ناکەیت لای هاوڕێیەکانت بمێنیتەوە؟
-نەخێر، حەزم بەوە دێت، بەڵام جار جاریش حەزم لە تەنیاییە.
سەری بەڵێی لەقاند و وەکو ئەوەی داهزرابێت سەیری پێش خۆی کرد. تێیڕامام، ئێستا پیرتر دەردەکەوت. قژە ڕەشەکەی

چەند تاڵێکی سپییان لێ دەرکەوتبوو، کوڵمەکانشی چرچ بووبوون، وەکو ئەوە وابوو کە بۆ حەفتەیەک نەخەوتبێت.
"دایکت تورە کردووە."
چیلکە دارێک کە لەسەر پلیکانەکەی خوار خۆم کەوتبوو ئەوا هەڵمگرت و دەستم کرد بە جووڵاندنی لەناو دەستەکانمدا.
-بە ئەنقەست وام نەکردووە.
-گوتی کە ناتەوێت لای سارجیۆ بخەویت.
-حەزم بەوە نایەت...
-بۆچی؟
-چونکە دەمەوێت لەگەڵ ئێوە بخەوم، هەمووومان پێکەوە. ئەگەر خۆمان بە یەکترییەوە بلکێنین، ئەوا جێمان دەبێتەوە.
-ئەی سارجیۆ ڕای چی دەبێت ئەگەر بزانێت ناتەوێت لای بخەویت؟
-ڕای ئەوم بەلاوە گرنگ نییە.
-نابێت میوان بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. وا بێنە پێش چاوی خۆت کە جارێک لە جارەکان وەکو میوانێک بچیتە ماڵی کەسێک، جا هیچ ئەندامێکی ئەو ماڵەش نەیەوێت لات بخەوێت. هەستت چۆن دەبێت ئەگەر ئەوە ڕووبدات؟
-بەلامەوە گرنگ نییە، وەکو میوانخانەکانی سەر ڕێگا ژوورێکی تایبەت بە خۆمم دەوێت.
سووکە زەردەخەنەیەک لەسەر لێوەکانی دەرکەوت و بە دوو پەنجە جگەرەکەی فڕێدایە سەر شەقام.
"سارجیۆ سەرۆکتە؟ بۆیە دەتەوێت لامان بمێنێتەوە؟"
بەم پرسیارە شۆک بوو، سەیری کردم.
-سەرۆکی منە؟
-بەڵێ، تەواوی بڕیارەکان لەدەستی ئەو دان.
-نەخێر، هیچ بڕیارێکی لەدەستدا نییە، ئەو هاوڕێمە.

ڕاســـتی نەکرد، پیرە پیاوەکە هاوڕێی نەبوو، بەڵکو ســـەرۆکی بوو. ئەوەم دەزانی. پیرە پیـاوەکە هەرچی حەز لێبووبـا، ئەوا دەیتوانی پێی گوتبا و جنێوی پێدابا.

-باوکە، کە دەڕۆیت بۆ باکوور ئەوا لە کوێ دەخەویت؟

-بۆچی دەپرسیت؟

-هەروا.

-ئەگەر بکرێت لە میوانخانەیەکی سەر ڕێگا، جار جاریش لەناو بارهەڵگرەکەدا.

-بەڵام لە شەودا ئەوا لە باکوور چی ڕوودەدات؟

هەناســەیەکی قووڵی هەڵمژی، ســەیری کردم و گوتی: چییە؟ بە هاتنەوەم بۆ ماڵ خۆشحاڵ نیت؟

-خۆشحاڵم.

-ڕاستییەکەی بڵێ.

-بەخوا خۆشحاڵم.

بە شێوەیەکی توند باوەشی پێدا کردم، بۆنی ئارەقی جەستەیم بۆ هات. بە گوێمیدا چرپاند: توند باوەشم پێدا بکە میکێلی! بزانم تاکو چ ڕاددەیەک بەهێزیت.

بەوپەڕی توانا بـاوەشـــم پێدا کرد تـاکو خەریک بوو بگریم، فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە و قورگم گیرا.

"ئەوە چییە؟ دەگریت؟"

هەناسەیەکی خێرام هەڵکێشا. "نەخێر، ناگریم."

دەستەسڕێکی پێچدراوی لە گیرفانی دەرهێنا.

"فرمێسکەکانت بسڕەوە تاکو کەسێک نەیبینیویت، خێراکە ئەگینا یەکێک دەڵێت تۆ کچێکی بچووکیت. میکێلی، ئەم ماوانە کارم زۆرە، بۆیە دەبێت گوێڕایەڵ بیت. دایکت ماندووە، بۆیە واز لەم ڕەفتارە منداڵانە بێنە. ئاقڵبە، هەر کە لە کارەکانیشم تەواو بووم ئەوا دەتبەم بۆ دەریا، لەوێ سواری بیدەلۆ دەبین.

به هەناسە بڕکێی گریانەوە گوتم: بیدەلۆ چییە؟
"بەلەمێکی بچووکە کە لەجیـاتی ســـەوڵ ئەوا لە ڕێگـای دوو پایدەرەوە دەجووڵێندرێت، ڕێک وەکو پاسکیل."
فرمێسکەکانم سڕینەوە.
-دەتوانین پێی بگەینە ئەفریقیا؟
-دەبێت پایدەری زۆر لێ بدەیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەفریقیا.
-دەمەوێت لە ئاکوا تراڤرسی بڕۆین.
-چی بووە؟ چیتر حەزت پێی نایەت؟
دەستەسڕەکەیم پێدایەوە.
-با بڕۆین بۆ باکوور.
-بۆچی دەتەوێت بڕۆیت؟
-نازانم... چیتر حەز ناکەم لێرە بژین.
لە بەتاڵایی ڕاما. "دەڕۆین بۆ باکوور."
لقێکی باریکی دەستەگوڵێکم لێ کردەوە، بۆنی خۆش بوو.
"هیچ دەربارەی ورچەشۆرەکان دەزانیت؟"
برۆیەکانی گرژ کردن. "ورچەشۆرەکان؟"
-بەڵێ.
-نازانم، ئەوانە چین؟
-هیچ نین... ورچانێکن کە جل دەشۆن... دیارە بوونیان نییە .
باوکم هەستایە سەر پێ و کەمێک پشتی سووڕاند.
"ئاهـا! گوێبگرە، دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە، پێویستە لەگەڵ سارجیۆ بـدوێم. بۆچی جـارێ یـاری نـاکەیـت؟ دوای کەمێکی تر نـان دەخۆین."
دەرگـایەکەی کردەوە و خەریـک بوو بچێتە ژوورەوە کە لەپڕ وەســـتا. "دایکت ماکاڕۆنی تالیەتێلی لێناوە. دوای نان خواردن داوای لێبووردنی لێ بکە".

ڕێـک لەو ســـــاتەدا فلیتچی هــات. "فیــات ١٢٧"ەکەی بە ئە ئیستوپێکی قورس وەستاند و تەپوتۆزی درووست کرد، دواتر خێرا هاتە دەرەوە وەکو ئەوەی کە ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکەی پڕ بێت لە زەردەواڵە. ســـڵاوی کرد، هەر کە لە منیش نزیک بۆوە ئەوا لە ملی دام و گوتی: چۆنیت گەمژە؟

ئێستا هیچ کەسێک لای فیلیپۆ نەبوو.

سەروو ئێسکەخڕەی پێی خراپتر بووبوو، هەڵاوسابوو و ڕەنگی مۆر بووبوو. مێشوولەش لە دەوری کۆدەبوونەوە.

لێی نزیک بوومەوە. "ســـڵاو." دیار بوو گوێی لێ نەبووم. "هێی، گوێت لێمە؟" نزیکتر بوومەوە." گوێت لێمە؟"

بە هەناسەدانەوە گوتی: بەڵێ.

کەوایە باوکم گوێیەکانی نەبڕیون.

-ناوت (فیلیپۆ)یە، وایە؟

-بەڵێ.

لە ڕێگا قسەکانم ئامادە کردبوون. "هاتووم تاکو شتێکی گرنگت پێ بڵێم. دایکت... دایکت گوتی کە خۆشـــــی دەوێیت، هەروەها گوتیشی کە زۆر بیرت دەکات، ئەمەی دوێنێ لەسەر تەلەفیزیۆن گوت، لەســـەر هەواڵەکان. گوتی نایەوێت ئازارت بدەن... تۆی بە تەواوی دەوێت نەوەکو تەنیا گوێیەکانت."

وەڵامی نەبوو. "گوێت لێم بوو؟"

دووبارە وەڵامی نەبوو.

قسەکانم دووبارە کردەوە.

-دایکت گوتی کە خۆشـــــی دەوێیت و بیرت دەکات. ئەوەی دوێنێ لەســـەر تەلەفیزیۆن گوت... لەســـەر هەواڵەکان. گوتی کە تۆی بە تەواوی دەوێت نەوەکو تەنیا گوێیەکانت.

-دایکە مردووە.

-چۆن مردووە؟
لە ژێر بەتانییەکەیەوە وەڵامی دامەوە.
-دایکە مردووە.
-ئەوە دەڵییت چی؟ ئەو زیندووە، خۆم بە چاوەکانی خۆم لەسەر تەلەفیزیۆن...
-نەخێر، ئەو مردووە.
لەپی دەستم لەسەر سنگم دانا.
-سوێند بە سەری (ماریا)ی خوشکم دەخۆم کە ئەو زیندووە. دوێنێ بینیم، لەسەر تەلەفیزیۆن. تەندروستییەکی باشی هەیە. قژی زەردە و کزە، کەمێکیش بەتەمەنە... بەڵام جوانە. لەسەر کورسییەکی گەورەی خاوەن دوو دەسکی قاوەیی دانیشتبوو، وەکو تەختی پاشایەکان گەورە بوو. لە دواوەی خۆیشی تابلۆیەکی کەشتی هەبوو. تابلۆیەکی وا لەماڵتان بوونی هەیە، وایە؟
-بەڵێ، تابلۆی کەشتییەکە...
بە هێواشی قسەی دەکرد، وشەکان لە ژێر بەتانییەکەدا گیریان خواردبوو.
-شەمەندەفەرێکی کارەبایی بچووکیشت هەیە، عەرەبانەی باریشی پێوەیە، بینیم.
-چیتر ئەو شەمەندەفەرم نەماوە. شکا و تاتا فڕێیدایە ناو سەتڵی زبڵەکە.
-تاتا؟ تاتا کێیە؟
-لیلیانا، ئەویش مردووە. (پیپینۆ)ش مردووە. باوکەش مردووە. (ماریانا)ی داپیریشم مردووە. برایەکەشم مردووە. هەمووان مردوون. هەمووان مردوون و لە چاڵێکی لەم شێوەیەدان. منیش لەم چاڵانەدام. هەموومان لە چاڵداین. جیهان پڕە لە چاڵانێک کە

مردووەکانی تێدا دەنێژن. مانگیش پڕە لە چاڵ، لەوێش مردووی تێدان.
"وانییە". دەستم لەسەر پشتی دانا. "هیچ شتێک نابینین. مانگ ئاساییە، دایکیشت نەمردووە. بە چاوەکانی خۆم بینیم، بڕوام پێ بکە."
بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، دواتر لێی پرسیم: بۆچی نایەت بۆ ئێرە؟
سەرم لەقاند. "نازانم."
-بۆچی نایەت تاکو لێرەم ببات؟
-نازانم.
-بۆچی لێرەم؟
-نازانم.
دواتر بە دەنگێکی نزم کە لە چرپە دەچوو ئەوا گوتم: باوکم لێرەی داناویت.
شەقێکی لێدام. "تۆ هیچ نازانیت، بڕۆ وازم لێ بهێنە. تۆ فریشتەی پارێزەر نیت، تۆ ئەهریمەنیت. لێرە بڕۆ..."
دەستی کرد بە گریان.
نەمدەزانی کە چی بکەم. "من ئەهریمەن نیم، هیچ پەیوەندیم بەمەوە نییە. تکایە، مەگری.
بەردەوام بوو لە شەق لێدانم. "لێرە بڕۆ، لێرە بڕۆ".
-گوێبگرە...
-لێرە بڕۆ!
هەستامە سەر پێیەکانم. "لەبەر تۆ هاتووم بۆ ئێرە، دوو جار ئەم ڕێگایە درێژەم بڕی و تۆش وا دەرم دەکەیت. باشە، دەڕۆم، بەڵام جارێکی تر ناگەڕێمەوە... هەرگیز. بۆ هەتاهەتایە لێرە دەمێنیتەوە و گوێشت دەبڕن".

گوریسـەکەم گرت و دەسـتم کرد بە سـەرکەوتن. گوێم لێ بوو دەگریـا، وەکو ئەوە وابوو بخنکێـت. لـە چـاڵەکە دەرچووم کە گوتم: هەروەها من فریشتەی پارێزەرت نیم!

-چاوەڕێکە...

-چیت دەوێت؟

-بمێنەوە.

-نەخێر، پێت گوتم کە بڕۆم، بۆیە دەڕۆم.

-تکایە بمێنەوە.

-نەخێر.

-تکایە، تەنیا بۆ پێنج خوولەک.

-باشـە، تەنیا بۆ پێنج خوولەک. بەڵام ئەگەر وەکو شـێتێک ڕەفتار بکەیتەوە ئەوا دەڕۆم.

-وەکو شێت ڕەفتار ناکەم.

ڕۆیشتمەوە ناو چاڵەکە، دەستی لە قاچمدا.

لێم پرسی: بۆچی لە ژێر بەتانییەکە نایەیتە دەرەوە؟

دواتر ڕۆیشتمە تەنیشتی.

-ناتوانم، کوێرم...

-مەبەستت چییە؟

-چـاوەکـانم نـابنەوە. دەمەوێت بیـانکەمەوە، بەڵام نـابنەوە. لە تاریکیدا دەبینم، لە تاریکیدا کوێر نیم.

کەمێک دوودڵ کەوت و دواتر گوتی: دەزانیت، پێیـان گوتم کە دەگەڕێیتەوە.

-کێ؟

-ورچەشۆرەکان.

-واز لەوە بێنە! بـاوکم گوتی کە بوونیـان نییە. ئەرێ تینووت نییە؟

-بەڵێ.

دەبەی ئاوەکەم بۆ درێژ کردەوە.

-بگرە.

بەتانییەکەی بەرز کردەوە. "وەرە."

بێزم لەوە دەکردەوە. "بۆناو بەتانییەکە؟". هەڵێنجم دەهات، بەڵام هەر دەبوایە چووبام چونکە دەمویســـت بزانم ئایا گوێیەکانی لە شوێنی خۆنی یان نا.

دەسـتی لێ دەدام. "تەمەنت چەندە؟". پەنجەکانی بە لووت و دەم و چاوەکانمیدا دەهێنا.

لە کاتێکدا ئەوەی ئەنجام دەدا ئەوا وەکو ئیفلیجێک لە شـــوێنی خۆم وەستابووم.

-نۆ ساڵم، ئەی تۆ؟

-نۆ ساڵ.

-کەی لەدایک بوویت؟

-١٢/١٠، ئەی تۆ؟

-لە ١١/٢٠.

-ناوت چییە؟

-میکێلی، میکێلی ئەمیترانۆ. پۆلی چەندیت؟

-چوار.

-هەروەها منیش.

-هەروەها منیش.

-زۆرم تینوویە.

دەبەکەم پێدا، خواردییەوە.

"ئاوێکی خۆشە، دەتەوێت بخۆیتەوە؟"

منیش خواردمەوە. "دەتوانم کەمێک بەتانییەکە لاببەم؟"

زۆر گەرمـا بوو، جگە لەوەش بۆنە پیســـەکەی خەریـک بوو بمخنکێنێت.

"تەنیا کەمێک"

بە ئەندازەی پێویسـت لامبرد کە هەناسـە بدەم و ڕووخسـاری ببینم. ڕووخساری ڕەش و پیس بوو، قژە زەرد و باریکەکەشی بە ئەندازەیەک بە خۆڵەوە لکابوو کە وەکو هەویرێکی وشـکی لێهاتبوو، خوێنی وشـک و چڵکیش چاوەکانی داپۆشـی بوون، لێوەکانیشی قڵیشا بوون و بە چڵک و چڵمی ڕەق داپۆشرابوون.
لێم پرسی: دەتوانم ڕووخسارت بشۆم؟
ملی درێژ کرد و سـەری بەرز کردەوە، بە لێوە قڵیشـاوە خوێناوییەکەی زەردەخەنەی کرد. ددانەکانی دەرکەوتن، هەمووی ڕەش کەوتبوون.
کراسەکەم دانا و بە ئاو تەڕم کرد، دەستم کرد بە پاککردنەوەی ڕووخساری. لە کاتێکدا کراسەکەم بەسەر ڕووخساریدا دەهێنا، ئەوا پێسـتی سـپی دەردەکەوت، زۆر ڕوون بوو. سـەرەتا بە نێوچاوانیدا و ئینجا بەسەر ڕوومەتیشیدا.

کاتێک چاوەکانیشم تەڕ کردن ئەوا گوتی:
بە نەرمی، ئازاری هەیە.
"باشە، وادەکەم."
کارێکی ئاسـان نەبوو کە چڵکی سـەر چاوەکانی لاببەم، چڵکەکە ئەسـتوور بوو. بەڵام دەمزانی کە وەکو چڵکی سـەگە، هەر کە لاتبرد ئەوا سـەگەکە دووبارە بینایی بۆ دەگەڕێتەوە. بەردەوام بووم لە تەڕکردن و لابردنی چڵکەکە تـاکو چـاوێکی هەڵهێنـا، بەڵام خێرا دایخسـتەوە. سـاتێک بەس بوو بۆ ئەوەی تیشـکی خۆر چاوی ئازار بدات.
بە هاوارەوە گوتی: ئاه! ئاه!
وەکو وشـترمرخێک سـەری خسـتەوە ژێر بەتانییەکە و ڕووخساری شاردەوە.
توند ڕاموەشاند. "بینیت؟ بینیت؟ کوێر نیت! کوێر نیت!"

-ناتوانم بە کراوەیی بیانهێڵمەوە.
-ئاخر لەبەر ئەوەیە کە هەمیشـــە لەناو تاریکیدا بوویت. بەڵام دەبینیت، وایە؟
-بەڵێ، بەڕاستی بچووکیت.
-بچووک نیم، نۆ ساڵم.
-قژت ڕەشە.
-بەڵێ.
کات درەنگ بوو، دەبوایە گەڕابامەوە بۆ ماڵەوە.
"پێویستە بڕۆم، سبەی دێمەوە".
ســـەری لە ژێر بەتانییەکەدا بوو کە گوتی: بەڵێن دەدەیت کە بگەڕێیتەوە؟
"بەڵێن بێت."

کە پیرە پیاوەکە هاتە ژوورەوە، ئەوا خەریکی تەڵەدانان بووم بۆ دێوەکـان. کە بچووک بووم ئەوا هەمیشـــە خەونم بە دێوەکانەوە دەبینی، ئێسـتاش کە گەورە بووم ئەو خەونانە هەر دەبینم. هەمیشـــە فیڵم لێ دەکردن، بەڵام چیتر ناتوانم فیڵیان لێ بکەم، تەنیا چاوەڕێی ئەوەن کە بخەوم بۆ ئەوەی بمترســـێنن. بەڵام شـــەوێکیان ئەوە گۆڕا، توانیم ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەدەستی ئەو دێوانە ڕزگارم ببێت، شوێنێک کە تێیدا ئەو بوونەوەرە ســـامناکانە زیندانی بکەم و بە ئاسوودەیی بخەوم.
بە هێمنی لەسـەر جێگا ڕادەکێشـم، چاوەکانم دادەخەم. ڕێک لەو ساتەش کە خەریکە خەوم لێ دەکەوێت، ئەوا وێناییان دەکەم کە پێکەوە وەکو کاروانێک بەڕێ دەکەون.
جادووگەری ئافرەتی پیر و چرچ، پیاوی گورگ لەســـەر چوار پەلەکانی بە جلە دڕاوەکەیەوە، پیاوی سێبەریش کە وەکو مارێک

بەناو کەلێنی بەردەکاندا دەڕوات. لەگەڵ عازر کە مێشـــوولە دەوری لاشـــەی مردووی داوە، وە غوولێکیش بە چـاوە تەســـکەکانی و پێڵاوە گەورەکانی و بوونی چەند منداڵێک لەناو تورەگەی ســـەر شـــانی. قەرەجەکانیش، ئەوانەی کە شـــێوەی مارێک دەکەن بە قاچی مریشـــکەوە، خاوەن شـــریتیش کە پۆشـاکێکی شـینی کاری لەبەردایە و شـریت فڕێ دەدات. وە پیاوی ماســـیش کە لە قووڵایی دەریایەکان دەژیت و دایکی لەســـەر شـانی هەڵگرتووە، لەگەڵ منداڵی شـەیتانەماسـیش کە لەجیاتی دەســـت و قاچ پەلی هەســـتەوەری پێوەیە. هەموانیان پێکەوە بە لە یەک ڕیزدا پێش دەکەوتن، بەرەو شـوێنێکی نادیار. دیمەنێکی قێزەون و سـامناکیان هەبوو، هەر بۆیە هیچ کەسـێک نەدەوەســـتا بۆ ئەوەی ســـەیریان بکات. لەپڕ پاســـێکی زێڕین دەردەکەوێت کە بە زەنگ و گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕازێندراوەتەوە. لەســـــەر پاســـــەکەش دەنگ بەرزکەرەوەیەک هەیە کە دەڵێت: خانمان و بەڕێزان، سـەرکەونە ناو پاسی ئاواتەکان! سـەرکەونە ناو ئەم پاســـــە کە بێ پێدانی یەک فلســـــیش دەتانبات بەرەو خۆشـترین سـیرکی شـار. دەی وەرن، تەنیا بۆ ئەمڕۆ سـیرکەکە بەلاشە!

ئەو دێوانەش کە بە بیستنی ئەوە دڵخۆشـن، ئەوا سـەردەکەونە ناوی و هەلەکە دەقۆزنەوە. ڕێک لەگەڵ ئەوە وێنایی ئەوە دەکەم گەدەم بە شـێوەیەکی ئاسـۆیی لەت دەبێت و ئەوانیش لە ڕێگەی کونەکەوە بە ئاسوودەیی دەچنە ناوی. ئەو گەمژانە وادەزانن کە دەچن بۆ سـیرک. هەر کە ڕۆیشـتنە ناوی، ئەوا گەدەم دادەخەم و دەکەونە ناو تەڵەکە. ئێســـتا کە دەســـتەکانم لەســـەر گەدەم دادەنێم، ئەوا دەتوانم بە ئاسـوودەیی بخەوم و چیتر ئەو خەونە ناخۆشـانە نەبینم. کە پیرە پیاوەکە هاتە ژوورەوە ئەوا نەمتوانی تەڵەکە ڕێک بخەم، لەدەستم ڕایان کرد. چاوەکانم داخستن و وا

خۆم نیشـاندا کە خەوتووم. پیرە پیاوەکە دەنگی زۆری دەنواند، لەناو جانتایەکەی دەگەڕا، هەر دەکۆخی. سـەرم لەناو قۆڵمدا شـاردەوە و سـەیرم کرد تاکو بزانم چی دەکات. تیشـکێک بەشـێکی ژوورەکەی ڕووناک کردبۆوە. پیرە پیاوەکە لەسـەر سـیسـەمی خەوی ماریا دانیشـتبوو، دیار بوو کە وزەی هیچی نەبوو و بێزار بوو. جگەرەیەکی پێکرد، کـاتێکیش دوکەڵەکەی هەڵدەمژی ئەوا ئەو لووتە تیژ و ئەو چاوانەم دەبینی کە سـوور هەڵگەڕابوون. بۆنی دووکەڵی جگەرە و عەتری کۆلۆنیـام بۆ دەهات. جار جار سـەری بەولا و بەولادا ڕادەوەشـاند، وەکو ئەوە وابوو لەگەڵ کەسـێک دەمەقاڵێی بێت. دەسـتی کرد بە داکەندنی جلەکانی، پێڵاو و گۆرەوییەکانی، پانتۆڵ و کراسـەکەی دانا، تەنیا فانیلەی ژێرەوە و شۆرتەکەی لەبەردا مابوو. زۆر کز بوو، وەکو ئەوە وابوو پێسـتی بەسـەر ئێسـکیدا چنرابێت. جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە فڕێدا، ئیتر لەناو تاریکیدا ون بوو. قژی بڵاو کرد، ڕێـک وەکو تەڕەزانێکی پیر و نەخۆش وابوو، دواتر ڕاکشـایە سـەر جێگایەکە. ئێسـتا نەمدەبینی، بەڵام دەمزانی لێمەوە نزیکە، بەلایەنی کەمەوە نیو مەتر دوور لە پێم.

ئەگەر دەسـتی درێژکردبایەوە ئەوا دەیتوانی قاچم بگرێت، بۆیە وەکو ژیشـکێک خۆم گلدایەوە. نابێت بخەوم، ئەگەر بخەوم ئەوا لەگەڵ خۆیم دەبات. پێویستە فێڵێک بدۆزمەوە، بۆ نموونە بزمار لە جێگایەکەم بدەم بۆ ئەوەی بەئاگا بمێنمەوە.

کەمێک خۆی جووڵاند و گوتی: خەریکە دەخنێکم، باشـە ئەوە چۆن لێرە خەوتان لێ دەکەوێت؟

هەناسەم ڕاگرت.

"دەزانم کە نەخەوتوویت."

دەیەوێت فێڵم لێ بکات.

منداڵێکی شەیتانیت، حەزت پێم نایەت... وایە؟

دەمتوانی وەڵامی بدەمەوە و بڵێم "نەخێر حەزم پێت نایەت!"، بەڵام ناتوانم، خەوتووم. خۆ ئەگەریش بەخەبەر بووبام، ئەوا بوێری ئەوەم نەدەبوو کە وەڵامی بدەمەوە.
"تەنانەت کوڕەکانیشم حەزیان پێ نەدەهاتم..."، لەسەر زەوییەکە دەبەیەک ئاوی هەڵگرت کە دایکم بە تایبەتی بۆی دانابوو، دوو قمی لێ خواردەوە. "ئەم ئاوە وەکو میز گەرمە. دوو کوڕم هەبوون، دانەیەکیان زیندووە، بەڵام وەکو ئەوە وایە مردوو بێت. ئەوی تریشیان مردووە، بەڵام وەکو ئەوە وایە زیندوو بێت. زیندووەکە ناوی (جیۆلیانۆ)یە، لە تۆ گەورەترە، لە ئیتاڵیا ناژیت. ڕۆیشت، بۆ هیندستان ڕۆیشت... پێنج ساڵ پێش ئێستا. لەگەڵ گروپێکی خاوەن ڕێباز دەژیت کە مێشکیان بە شتی پڕوپووچ پڕ کردووە. سەری تاشی و پۆشاکێکی پرتەقاڵی لەبەرکرد، خۆی بە هیندی دەزانێت. وادەزانێت مرۆڤ چەند جارێک دەژیت. خۆی وەکو سەگێک بەنج کردووە، هەروەکو سەگێکیش لەوێ دەمرێت. کە ئەوەش ڕوویدا ئەوا ناڕۆم بۆ ئەوەی تەرمەکەی بهێنمەوە...". تووشی کۆخەیەکی توندی وشک بوو، هەناسەی هەڵکێشا و دووبارە دەستی پێ کردەوە. "فرانچیسکۆ پێش پێنج ساڵ مرد. مانگی نۆ دەبوو بە سی و دوو ساڵ. کوڕێکی باش بوو، خۆشم دەویست..."، جگەرەیەکی تری پێکردەوە. "ڕۆژێکیان چاوی بە یەکێک کەوت و خۆشی ویست، هەر لە یەکەم نیگاوە حەزم پێی نەدەهات. دەیگوت کە مامۆستای بیرکارییە. قەحبە... یەکێکی قژ زەردی کز بوو، نیوە سلاڤییەکان، سلاڤییەکان ناپەسەندترین بەندەکانی خودان. خستییە ناو تەڵەکەوە. هەر کە (فرانچیسکۆ)ی بینی ئەوا بەری نەدا، لەبەر ئەوەی هەژار بوو و دەیزانی کوڕەکەم کەسێکی باش و دەستکراوەیە، ئەوا خۆی پێوەگرت. لە کۆتاییدا هەمووان گاڵتەیان پێدەکرد، نازانم چی کردبوو کە مێشکی ئەوی ئاوا داگیر کردبوو. دواتر بۆیان

گێڕامەوە کە ئەو قەحبەیە مامەڵەی لەگەڵ جۆرە جادووگەرێک دەکرد، ئەویش جـادووی لە کوڕەکەم کردبوو. کز و دامـاو کەوتبوو، گەنجێکی بەهێز و کەشـــخە بوو کە دواتر بوو بە پەیکەرە ئێسـکێک کە نەیدەتوانی لەسـەر پێیەکانی بوەسـتێت. ڕۆژێکیان هاتە لام و پێی گوتم کە دەیەوێت هاوسـەرگیری لەگەڵ بکات، ویسـتم پەشـیمانی بکەمەوە بەڵام هیچ سـوودی نەبوو. ویسـتم بۆی شـیبکەمەوە کە ئەو قەحبەیە ژیانی لەناو دەبات، بەڵام هەر بەقسەی نەکردم و لە کۆتاییدا هاوسەرگیرییان کرد. بۆ مانگی هەنگوینی بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشـتن بۆ بوزیتانۆ و ئامالفی، لە ناوچەی کەنار. دوو ڕۆژ تێپەڕین و پەیوەندی پێوە نەکردم، منیش گوتم ئەوە ئاسـاییە چونکە لە مانگی هەنگوینین، لە کۆتـاییـدا هەر پەیوەنـدیم پێوە دەکـات. بەڵام هەڵە بووم، دەزانیت کێ بوو پەیوەندی پێوە کردم؟ ئێسـتگەی پۆلیسـی سۆرانتۆ. داوایان لێکردم هەر ئێستا بڕۆمە لایان، منیش پرسیم بۆچی؟ وەڵامیان نەدامەوە، گوتیان ناتوانن هیچ لەسـەر تەلەفون بڵێن، پێویستە بڕۆمە لایان بۆ ئەوەی بزانم چی بووە، پەیوەندی بە کوڕەکەمەوە هەبوو. جـا منیش چۆن دەمتوانی بڕۆم؟ چاودێریم لەسـەر بوو، خۆ ئەگەر لە ماڵی خۆم بێ پرسـی پۆلیسی چاودێر چووبامە دەرەوە ئەوا ڕاستەوخۆ دەیانبردمەوە بۆ زیندان. بۆیە ناچار لە یەکێکی ترم پرسی، پۆلیسێک کە لەوێ دەمناسـی، پێی گوتم کە کوڕەکەم مردووە. گوتم چۆن شـتی وادەبێت؟ ئەویش گوتی خۆی کوشـتووە، لەسـەر هەڵدێرێک خۆی فڕێداوە. لە بەرزایی دوو سەد پێ خۆی فڕێداوە و سەری لەسـەر بەردەکان شـکاوە. کوڕی من؟ فرانچیسـکۆ خۆی بکووژێت؟ گاڵتەم پێ دەکەن؟ بەڵام ناتوانم بجووڵێم. بۆیە ناچار ئەو گەمژەیەم نارد، دایکی تاکو بزانێت چی بووە."

بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم ئەوا لێم پرسی: چی ڕوویدا؟

-بە پێی قسەی ئەوان بێت ئەوا فرانچیسکۆ لە ڕێگا وەستابوو تاکو سەیری دیمەنەکە بکات، ئەویش لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا مابۆوە. وێنەیەکی گرت و دواتر لەپڕ بەسەر هەڵدێرەکەدا خۆی فڕێدا. ئاخر دەکرێت یەکێک وێنەی هاوسەرەکەی بگرێت و دواتر خۆی لەسەر هەڵدێرێک فڕێ بدات؟ پێی گوتم کە کاتێک دۆزیبوویانەوە سەری وەکو گۆشتی قیمەی لێهاتبوو، وە چووکیشی بە دەرەوە بوو، زنجیرەکەی کرابۆوە. بیری لێ بکەوە، ئەگەر یەکێک بیەوێت خۆی بکووژێت ئەوا ئایا زنجیری پانتۆڵەکەی دەکاتەوە تاکو چووکی دەربێنێت؟ چ گەمژەیەک بڕوا بەمە دەکات؟ باش دەزانم بەم شێوەیە نەبووە... ئەو چیرۆکی دیمەنە درۆیە. فرانچیسکۆ بۆیە وەستا تاکو میزێک بکات، نەیدەویست لە ناوڕاستی ڕێگادا ئەوە بکات، کوڕێکی بەحەیا بوو. بەسەر دیوارە کورتە بازیدا و لەوێ دەستی بە میزکردن کرد، ئەو قەحبەیەش لە پشتەوە پاڵی پێوەناوە و کوشتوویەتی، بەڵام هیچ کەسێک بڕوای پێ نەکردم.

-بۆچی؟

-پرسیارەکەت لەجێی خۆیەتی، بۆچی؟ نازانم، داماوە فلسێکی نەبوو، بەڕاستی نازانم بۆچی. هێندەم بیر لەوە کردۆتەوە کە خەوم لێ بڕاوە، بەڵام ئەو قەحبەیە باجەکەی دا... ئەو... لێیگەڕێ.

کات درەنگە، شەوشاد.

جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە فڕێدا و خەوت، دوای چەند خوولەکێکی کەمیش دەستی کرد بە پرخەپرخ.

# بەشی شەشەم

کە هەسـتام  بپیرە پیاوم نەبینی، جێگایەکەی بە پەرش و بڵاوی جێهێشـــتبوو و پاکەتی جگەرەکەشـــی لای پەنجەرەکە دانابوو، دەبە ئاوەکەشی بە نیوە پڕی لەسەر زەوی جێهێشتبوو.

کەش و هەوا گەرم بوو، زۆر گەرم بوو.

هەسـتام و سـەیرێکی چێشـتخانەکەم کرد، دایکم گوێی لە ڕادیۆ دەگرت و جلەکانی قەد دەکردن، (ماریا)ش لەســــەر زەوییەکە یاری دەکرد. دەرگایەکەم داخســت. جانتای پیرە پیاوەکە لە ژێر سـیسـەمەکە بوو، کردمەوە و سـەیری ناوەوەیم کرد. پۆشـاک، عەتر، بوتڵێک مەی جۆری "ســـتۆک هەشـــتا و چوار"، پاکەتی جگەرە، جزدانێکی بچووک کە چەند وێنەیەکی تێدابوون. ئەوەی یەکەمیان هی گەنجێکی باڵا بەرز و کز بوو کە جلێکی میکانیکی شـــینی لەبەردابوو. زەردەخەنەی دەکرد، ڕووخســـاری لە پیرە پیاوەکە دەچوو. ئەوە (فرانچیســـکۆ)یە، ئەوەی خۆی لەســـــەر هەڵدێرەکە فڕێدا بوو و چووکی بە دەرەوە بوو.  لەناو جزدانەکە پارچە کاغەزی ڕۆژنامەشـــی تێدابوو، باســـیان لە مەرگی فرانچیسـکۆ دەکرد، وێنەیەکی هاوسـەرەکەشـی لەسـەر بوو، لە سـەماکەرێکی تەلەفیزیۆنی دەچوو. نامیلکەیەکی قوتابخانەییشـم دۆزییەوە کە بە پلاســـتیکێکی ڕەنگـاوڕەنـگ داپۆشـــرابوو، کردمەوە. لە بەرگەکە ئەمە نووسرابوو:

نامیلکەی فیلیپۆ کاردۆتچی،ساڵی چوارەمی، ج.

نامليکەکە پەڕەکانی ســـەرەتای لێکرابوونەوە، ئەوەی مابۆوە مەشـــقی ڕێزمان و ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە و پارچەیەک نووسین بوون.

"ئەوە بگێڕەوە کە یەک شەممە ئەنجامت دا."

باوکە ڕۆژی یەک شـــەممە گەڕایەوە. باوکە زۆر لە ئەمریکا دەمێنێتەوە، تەنیا جار جار دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لە ئەمریکا ڤێلایەکی هەیە کە تێیـدا حەوزی مەلەکردنی تێـدایە، وە لە ڤێلایەکە ورچەشـــۆر هەن کە لە باخچەکەدا دەژین. دەڕۆم بۆ ئەوێ. بـاوکە لەوێ لەبەر کـار دەمێنێتەوە، هەر جـارێکیش کە دەگەڕێتەوە ئەوا دیاریم بۆ دێنێت.ئەم جارە شـتێکی پێدام کە لە ڕاکێتی تێنس دەچێت، بەس لە ژێر پێیەکانتی دەکەیت بۆ ئەوەی بەســـەر بەفردا بڕۆیـت. بێ ئەوە مرۆڤ دەکەوێتە نـاو بەفر، ئەگەریشـی هەیە بمرێت. هەر کە ڕۆیشـتم بۆ سـەر شـاخەکان، ئەوا لەپێیان دەکەم تاکو بەســـەر بەفردا بڕۆم. باوکم دەڵێت کە ئێســـکیمۆیەکان ئەم جۆرە پێڵاو بەکاردێنن. ئێســـکیمۆیەکان لە نــاوەنـدی بەســـتەڵەکـدا لە بەســـتەڵەکی بــاکوور دەژین، خانووەکانیشیان لە بەفر درووستکراوە. لە ناوەوەدا بەفرەخەری تێدا نییە، پێویســـتیان پێ نییە. گوێرەکەی دەریای زۆر دەخۆن، جـار جـاریش بەتریق. گوتی کە ڕۆژێـک لە ڕۆژان دەمبـات بۆ ئەوێ. لێم پرســـی کە ئایا دەتوانین (پیپینۆ)ش لەگەڵ خۆمـان ببەین. پیپینۆ باخەوانمانە، گەڵای درەختەکان دەبڕێت بۆ ئەوەی ڕێکیان بکات. کاتێکیش زســـتان دادێت، ئەوا زەمینە پڕ لە گەڵا بەربڵاوەکان پاک دەکاتەوە. تەمەنی نزیکەی ســـەد ســـاڵە، هەر کـاتێکیش ڕووەکێـک ببینێـت ئەوا گەڵایەکـانی دەبڕێـت و ڕێکی دەخات. ئەمەش ماندووی دەکرد، تەنانەت وای لێهاتبوو شـەوانە پێیەکانی لەناو ئاوی گەرم دەهاویشـت. ئەگەر لەگەڵمان بێت بۆ بەســـتەڵەکی بــاکوور ئەوا لەوێ هیچ نــاکــات، چونکە هیچ ڕووەکێکی لێ نییە تاکو ڕێکیان بخات، بەم شـــێوەیە پشـــوو دەدات. باوکە گوتی کە بیر لە پێشنیارەکەم دەکاتەوە، ئەوەی کە پیپینۆ لەگەڵمان بێت. دوای ئەوەی کە لە فڕۆکەخانەکە ڕۆیشتین، ئەوا من و دایکم و باوکم ڕۆیشـــتین بۆ چێشـــتخانەیەک. لەوێ

باسی ئەو قوتابخانە سەرەتاییەمان کرد کە بۆی دەچووم. نەمدەزانی دەڕۆم بۆ بافیا یان ئەمریکا. هیچم نەگوت، بەڵام حەز دەکەم لە بافیا بمێنمەوە چونکە هەموو هاوڕێیەکانم لەوێ دەخوێنن. لە ئەمریکا دەتوانم یاری لەگەڵ ورچەشۆرەکان بکەم. دوای ژەمی نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆماڵەوە، ئێوارە هات و نانمان خوارد، دواتر ڕاستەوخۆ ڕۆیشتمە سەر جێگا. ڕۆژی یەک شەممە ئەمانەم ئەنجامدا، شەممەکەی وانەکانم ئامادە کردبوون.

نامیلکەکەی (فیلیپۆ)م داخستەوە و خستمەوە ناو جزدانەکە. لە بنەوەی جانتایەکە خاولییەکی پێچدراوی تێدابوو، کردمەوە و دەمانچەیەکم تێدا بینی، تێیڕامام. زۆر گەورە بوو، دەسکەکەی لە دار درووستکرابوو و بە تەواوی ڕەش بوو. هەڵمگرت، قورس بوو. دیار بوو کە پڕ بوو، بۆیە دامنایەوە.

ڕادیۆیەکە گۆرانییەکی لەسەر بوو: "لە ڕیاز بەدوای پەپوولەیەک دەکەوتم کاتێک پەیوەندیم بە ڕابردووەوە پچڕاند."
دایکم لە کاتێکدا گوێی لێ دەگرت ئەوا سەمای دەکرد و جلوبەرگەکانی وتوو دەکرد. ئەوە حەفتەیەک بوو ڕوو گرژ بوو، کەچی ئێستا گۆرانی دەگوت. لە کاتێکدا قۆپچەکانی پانتۆڵەکەم دادەخست ئەوا لە ژوورەکەم ڕۆیشتمە دەرەوە، زەردەخەنەی بۆ کردم.
-ئەمەتا ئەو کوڕەی کە نەیدەویست لەگەڵ میوانەکە بخەوێت... بەیانیت باش! وەرە ماچم بکە. ماچێکی گەورەم دەوێت، گەورەترین ماچێک پێت بکرێت.
-بەڕاستیتە؟
-بەڵێ، بەڕاستیمە.

هەنگاوێک کشـــامە دواوە و دواتر بەرەو ڕوویم ڕاکرد، خۆم خســـتە ناو باوەشـــی و ماچی ڕوومەتی کردم، دواتر توند باوەشـــی پێدا کردمەوە و منی بە هەوادا ســـووڕاندەوە، منیش چەند جارێک ماچم کرد.

"منیش! منیش!" ماریا ئەمەی گوت و وازی لە بووکەڵەکەی هێنا و خۆی بە ئێمەوە گرت.

پێم گوت: سەرەی منە، سەرەی منە! وازمان لێبێنە!

"میکێلی، وامەکە"، دایکم (ماریا)شی لە باوەش گرت.

"هەردووکتان پێکەوە!" دواتر بەناو چێشتخانەکە دەسووڕایەوە و ســـەمای دەکرد، بە دەنگێکی گەورەش گۆرانی دەگوت: ئەو کۆگایەی کە سندووقی زۆری تێداین، هەیە ڕەش و هەشە زەرد، هەشە سووریش...

هەر ســـووڕاینەوە و ســـووڕاینەوە تـاکو لە کۆتـاییـدا بە ماندوویییەکی زۆرەوە کەوتینە سەر قەنەفەکە.

"گوێ بگرن... لە دڵم. گوێ لە دڵی... دایکتـان بگرن... کە چۆن... وا خەریکە... دەمرێت." هەناســـەبڕکێی بوو. دەســـتمان لەســـەر سنگی دانا، دڵی وەکو تەپڵێک لێی دەدا.

لەســـەر قەنەفەکە بە ڕاکشـــاوی ماینەوە، دواتر دایکم قژی ڕێکخســـت و لێی پرســـیم: کەوایە ئەمشـــەو ســـارجیۆ تۆی نەخوارد؟

-نەخێر.

-ڕێگەی پێدایت بخەویت؟

-بەڵێ.

-پرخەی دێت؟

-بەڵێ.

-پرخەی چۆنە؟ لاسای بکەوە.

هەوڵمدا لاسایی بکەمەوە.

"بەڵام ئەوە دەنگی بەرازە! دەی ماریا تۆ لاسـای پرخەی باوکت بکەوە."
ماریا لاسای پرخەی باوکمی کردەوە.
"نەخێر، ئێوە نازانن لاسایی بکەنەوە، با نیشانتانی بدەم."
ڕێک وەکو خۆی لاسـایی کردەوە، بە سـووکە فیتە لێدانەکەشـی، زۆر پێکەنین.
هەستا و خۆی ڕێکخست. "شیرەکە گەرم دەکەمەوە."
لێم پرسی: ئەی باوکە لە کوێیە؟
"لەگەڵ سـارجیۆ ڕۆیشـتۆتە دەرەوە... گوتی کە حەفتەی داهاتوو دەمانبات بۆ دەریا و دواتریش لە چێشـتخانە سـەدەفی دوتوێی دەخۆین."
من و ماریا لە خۆشـیان لەسـەر قەنەفەکە بازمان دەدا. "بەرەو دەریا! بەرەو دەریا! سەدەفی دوتوێی دەخۆین!"
دایکم سـەیری دەرەوەی کرد و دواتر پەنجەرەکەی داخسـت. "خوا یاوەرمان بێت."
نانی بەیانیم خوارد، شـیرینییەک لەسـەر مێزەکە بوو، دوو پارچەم هەڵگرتن و لەناو شیرەکەم خووساندن و خواردمن. بێ ئەوەی دایکیشـم بزانێت، ئەوا پارچەیەکی تریشـم هەڵگرت و لەناو پەڕۆیەکدا لوولم دا و خسـتمە ناو گیرفانمەوە. فیلیپۆ بەمە دڵخۆش دەبێت.
دایکم مێزەکەی خاوێن کردەوە و گوتی: کە لە نانخواردن تەواو بوویت ئەوا ئەم کێکە ببە بۆ مـاڵی سـلڤـاتۆری و کراسـە خاوێنەکەت لەبەر بکە.
دایکم شـێفێکی بەتوانا بوو، هەر کاتێک کێک یان ماکاڕۆنی درووست دەکرد ئەوا بە زیادەوە درووستی دەکرد و بە دایکی (سلڤاتۆری)ی دەفرۆشت.

ددانەکانم پاک کردنەوە، کراســی ئۆلۆمپیادەکەم لەبەر کرد و بە کێکەکەوە ڕۆیشتمە دەرەوە.

بایەکی کز دەهات، تیشــکی خۆر بە شــێوەیەکی ســتوونی لە خـانووەکـانی دەدا. مـاریـا بە بووکەڵە بـاربییەکـانی لەســـەر پلیکانەیەک لە ژێر گۆشەیەک سێبەر دانیشتبوو.

-دەتوانیت خانوویەک بۆ بووکەڵەکەمانم دروست بکەیت؟

-بەدڵنیاییەوە. هەڵبەتە هەرگیز شتێکی وام ئەنجام نەداوە، بەڵام بڕوا ناکەم کارێکی قورس بێت. لە ســندووقی بارهەڵگری باوکم دەبەیەکی گەورەی تێدایە، دەتوانین کەرتی بکەین و بیکەین بە خانوو، دواتریش ڕەنگی دەکەین. بەڵام جارێ سەرقاڵم، پێویستە بڕۆم بۆ ماڵی سلڤاتۆری.

بەرەو شـــەقامەکە ڕۆیشـــتم. جگە لە چەند مریشـــکێک کە دەنووکیان لە تۆزی سەر ڕێگا دەدا و لەگەڵ کۆمەڵە چۆلەکەیەک کە خۆیان لەناو هێلانەی ژێر سەقفەکان دەهاویشت، ئەوا هیچی تر دیـار نەبوو. لە کۆگـایەکە دەنـگ دەهـات، نزیـک بوومەوە و ئۆتۆمبێلی (فلیتچی)م بینی، فیات ١٢٧. ســـەرقاپی مەکینەکەی کرابۆوە و ئۆتۆمبێلەکەش بە لایەکـدا لار بووبۆوە، وە لە ژێرەوەش پلاســـتیکێکی ڕەش دەردەکەوت. کـاتێک فلیتچی لە ئاکوا تراڤرســی دەمێنێتەوە، ئەوا خەریکی ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت. دەیشـــوات و چەوری لێ دەکاتەوە و تۆزی لەســـەر لادەبات. وەکو ئۆتۆمبێلە ئەمریکییەکان ئەوا دوو خەتی ڕەشـی بەسـەردا کێشـــابوو. کاتێک مەکینەکەی لێک دەکردەوە، ئەوا نەیدەزانی پێکی بخـاتەوە یـاخود چەنـد پـارچەیەکی لێ ون دەبوون. بۆیە هەر کـاتێـک ئەوە ڕوویـدەدا ئەوا نـاچـاری دەکردین بڕۆین بۆ لوچیانۆ تاکو پارچەی تری بۆ بێنین.

لە ژێر ئۆتۆمبێلەکە هاواری کرد: میکێلی! مێکێلی، وەرە!

وەستام. "چیت دەوێت؟"

-یارمەتیم بدە.

-ناتوانم، دایکم ئەرکێکی پێ سـپاردووم کە دەبێت ئەنجامی بدەم.

دەمویست کێکەکە بە دایکی سـلڤاتۆری بدەم و ڕێک سـواری پاسکیلەکە بم بۆ ئەوەی بڕۆمە لای فیلیپۆ.

-وەرە.

-ناتوانم... پێویستە بڕۆم.

بە توڕەییەکی زۆرەوە گوتی: ئەگەر نەیەیت ئەوا دەتکوژم...

-چیت دەوێت؟

-گیرم خواردووە، ناتوانم بجووڵێم. تایەکە دەرهات لە کاتێکدا لە ژێر ئۆتۆمبێلەکە بووم. نەفرەت! نیو کـاژێرە حـاڵم بەم شێوەیەیە!

لە سـەروو سـەرقاپی مەکینەکەوە سـەیرم کرد، لە ژێر مەکینەکە ڕووخسـاری ڕەشـی (فلیتچی)م بینی کە بە هۆی ڕۆنەوە وای لێهاتبوو، چاوەکانیشـی سـوور و بێ هیوا بووبوون. "دەتەوێت بۆت بانگی باوکت بکەم؟"

بـاوکی کە گەنج بوو وەکو فیتەرێک کاری دەکرد. هەر کـاتێک دەیبینی فلیتچی دەستکاری مەکینەی ئۆتۆمبێلەکەی دەکات، ئەوا زۆر توڕە دەبوو.

"ئەوە تۆ تەواویت؟ ئەگەر بێت و بمبینێت ئەوا توڕە دەبێت و دەست دەکات بە لۆمە کردنم... دەی یارمەتیم بدە"

دەمتوانی جێی بهێڵم و بڕۆم، سەیری دەوروبەرم کرد.

-هەر بیریشی لێ نەکەیتەوە... بەو خوایە ئەگەر بڕۆیت ئەوا کە هاتمە دەرەوە پشـتت دەکەم بە دوور پارچە، ڕێک وەکو لەتکە دارێک. تاکە شـتێک کە لێت دەمێنێتەوە گۆڕێک دەبێت کە دایک و باوکت سەردانی دەکەن و گوڵت بۆ دێنن.

-دەبێت چی بکەم؟

-بەرزکەرەوەکە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدایە، بیهێنە و لە نزیک ویلی تایەکەی دانێ.
لە شـــوێنی خۆیم دانا و دەســـکەکەم ســـووڕاند، ئۆتۆمبێلەکە دەستی کرد بە بەرزبوونەوە. فلیتچی لە خۆشیان هاواری کرد: ئافەرین! بەردەوامبە تاکو دێمە دەرەوە، براقۆ!
بە خشـــانەوە هاتە دەرەوە، کراســـەکەی بە هۆی ڕۆنەوە ڕەش هەڵگەڕابوو. دەستی بەسەر سەریدا هێنا.
"وامزانی تێداچووم، خۆ پشـــتم شـــکا. هەمووی خەتای ئەو ڕۆمانیە پیسەیە!"
دەستی کرد بە کشاندنی پشتی، فڕکەی لووتی و جنێودان.
-مەبەستت پیرە پیاوەکەیە؟
-بەڵێ، ڕقم لێیەتی.
هەسـتایە سـەر پێ و دەسـتی کرد بە شـەق لێدان لە تورەگەی گەنمەشانمییەکان.
"پێم گوت کە ئۆتۆمبێلەکە نـاتوانێـت بەوێـدا بەرز بێتەوە. ئەو ڕێگایە فیاتەکەم لەناو دەبات، بەڵام بەلایەوە گرنگ نییە. بۆچی بە مێرســـیدســـەکەی خۆی ناچێتە ئەوێ؟ بۆچی خۆی لەوێ نامێنێتەوە؟ چیتر بەرگە ناگرم... ئەوە مەکە، ئەوەش مەکە... دوو جار چوومە سـەر دەریا و مێشـکی تێکدام، هەموو شـتێک پێش هاتنی ئەو نەفرەتییە باش بوو. بەڵام تەواو..."
مسـتێکی لە تراکتۆرەکە دانا و تووڕەیی خۆی بە شـکاندنی چەند لەوحێکی تەختە خاڵی کردەوە.
"ئەگەر جـارێکی تر پێم بڵێتەوە گەمژە ئەوا دەیکەم بە جیقنەی سەر دیوار. جا ئێستا دەبێت چۆن بڕۆم بۆ ئەوێ..."
لەپڕ وەســتا و بیری هاتەوە کە من لەوێم. یەخەی کراســـەکەی گرتم و بەرزی کردمەوە، سەری بە سەرمەوە نا. "ئەوەی بیستت بۆ هیچ کەســێکی نەگێڕیتەوە، خۆ ئەگەر وابکەیت ئەوا چووکت

دەبڕم و دەیکوولێنم و دەیخۆم". موسێکی لە گیرفانی دەرهێنا و تیغەکەی دەرکەوت کە تەنیا دوو سـەنتیمەتر لە لووتمەوە دوور بوو.
"تێگەیشتیت؟"
بە منگەوە وەڵامم دایەوە: تێگەیشتم.
منی نزم کردەوە و لەســـەر زەوی دانامەوە "بە هیچ کەســـێک مەڵێ! دەی لێرە بڕۆ"...
دوای گوتنی ئەمە دەستی کرد بە سووڕانەوە لەناو کۆگایەکەدا. کێکەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم.
خـانەوادەی ســـکرداچۆنی دەوڵەمەنـدترین خـانەوادەی ئـاکوا تراڤرسی بوون. باوکی سلڤاتۆری، ئیمیلیۆ سکرداچۆنی خاوەنی چەنـدین زەوی بوو. کە کـاتی دروێنە دەهـات، ئەوا خەڵکـانێکی زۆر کاریان لەســـەر زەوییەکەی دەکرد. لە شـــوێنی دوورەوە دەهــاتن، بە بــارهەڵگر و بە پێ. پێش ئەوەی بـاوکم ببێـت بە شـــۆفێری بارهەڵگر، ئەوا بۆ چەندین ســـاڵ بە پێی وەرزەکان کاری بۆ پارێزەر سکرداچۆنی دەکرد.
بۆ ئەوەی بچیتە نـاو مـاڵی خـانەوادەی ســـکرداچۆنی، ئەوا پێویســـتە پەرژینێکی ئـاســـنین ببڕیت، دوای ئەوەش دەبێت گۆڕەپانێک ببڕیت کە پڕە لە دەوەنی شـــێوە چوارگۆشـــەیی و درەختێکی خورمـای درێژ و حەوزێکی بەردینی ڕەنگـاو ڕەنگ کە ماسی سوور تێیدا مەلە دەکەن، دوای ئەوەش دەبێت بەسەر پلیکانەیەکی بەرزی مەڕمەڕی ســـەرکەویت تاکو دەگەیتە بەر دەرگایان. هەر کە چوویتە ژوورەوە ئەوا ڕێڕەوێکی تاریکی بێ پەنجەرە دەبینیت، بە ڕاددەیەک ڕێڕەوەکە درێژە کە دەتوانیت بە پـاســـکیل ببڕیت. لەلایەک کۆمەڵە ژوورێـک هەبوون کە هەمیشـــە داخرابوون، لەلایەکەی تریش ژووری میوانەکان بوو. هۆڵێکی گەورە و پان بوو کە سـەقفەکەی بە وێنەی فریشـتەکان

ڕازێنـدرابۆوه، له نـاوەنـدی ژوورەکەش مێزەیەکی گەورە و درەوشـــاوە هەبوو که کۆمەڵه کورســـییەک دەوری دابوون. لەنێوان دوو تابلۆی چوارچێوە زێڕین کەوەنتەرێکی شووشـەیی هەبوو کە تێیدا کوپ و پەرداخە گرانبەهایەکان و هەندێک وێنەی پیاوانی ســـەربازی تێدا پارێزرابوو. له نزیک دەرگای هـاتنه ژوورەوە قەڵغانێکی جەستەیی ئاسنینی سـەدەکانی ناوەڕاست هەبوو، به دەســـتییەوە پارچە ئاســـنێکی پتەوی هەڵگرتبوو که ســـەرەکەی بریتی بوو له تۆپێکی بزماری که شـــۆڕ بووبۆوە. پارێزەرەکە له شـــاری گۆیبۆ کڕی بووی، هیچ کەســـێک بۆی نەبوو دەستی لێ بدات بەوەی کە بەدەست لێدانی ڕێک دەکەوت. ڕۆژان هەرگیز پەنجەرەکان نەدەکرانەوە، تەنانەت له زستانیشدا. هەر بۆیە هەسـتت دەکرد هەموو شـوێنێک تاریکە و هەسـت بە خنکان دەکەیت، وە بۆنی داری کۆن له ژوورەکان دەهات، ڕێک وەکو کڵێسا.

خاتوو سـکرداچۆنی، دایکی سـلڤاتۆری ئافرەتێکی ئێجگار قەڵەو بوو کە بـاڵای لە مەتر و نیوێک زیـاتر نەدەبوو، هەمیشـــەش تۆڕێک بە قژیەوە هەبوو. قـاچەکانی وەکو پـاســـتورمە قەڵەو بوون، هەمیشـــە دەیگوت کە ئـازاریـان هەیە. جگە لە جەژنی سـەری سـاڵ و جەژنی فوسح (جەژنێکی مەسیحییەکانە) نەبێت کە دەڕۆیشـــت بۆ ســـاڵۆنی لوچیانۆ ئەوا هەرگیز نەدەهـاتە دەرەوە. تەواوی ژیانی لە چێشـــتخانەکە بەســـەر دەبرد، تاکە ژوورێک کە ڕووناکی بۆ دەچوو. لەگەڵ خوشـکەکەی هەمیشـە لەوێ بوون، پوورە لوتچیلا، لەناو هەڵم و بۆنی شـۆربادا. وەکو گۆلکی دەریا وابوون، پێکەوە سەریان دەچەماندەوە و پێدەکەنین و چەپڵەیان لێ دەدا.

دوو گۆلکی دەریایی قەڵەوی بەناز کە قژێکی لێکاڵاویان هەبوو. هەمیشـــە لەســـەر دوو کورســـی داخووراودا دادەنیشـــتن و

چاودێری (ئەنتۆنیا)ی خزمەتکاریان دەکرد تاکو هەڵە نەکات یاخود زۆر پشوو نەدات.
کە پارێزەر سکرداچۆنی دەگەڕایەوە ئەوا دەبوایە هەموو شتێک لەجێی خۆی بووبا، بەڵام دەگمەنیش دەگەڕایەوە. کە دەشگەڕایەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ حەزی دەکرد بڕواتەوە.

لیتیتسیا هاواری کرد کاتێک بینی دێمە ناو چێشتخانەکە.
"لوتچیلا! لوتچیلا! وەرە سەیرکە کێ سەردانی کردووین!"
پوورە لوتچیلا سەری لەسەر مەکینەی خەیاتی بەرز کردەوە و زەردەخەنەی کرد. چاویلکەیەکی لەچاودا بوو کە لە دوورەوە زۆر بچووکی دەردەخەستن، ڕێک وەکو تۆوی سێو.
-میکێلی! (میکێلی)ی ئازیزم! کێکت بۆ هێناوین؟
-بەڵام خانمەکەم، ئەوەتا.
کێکەکەم نیشان دا.
"بیدە بە ئەنتۆنیا".
ئەنتۆنیا لای مێزەکە دانیشت بوو و بیبەری پڕ دەکرد.
ئەنتۆنیا ئەمیراتی کچێکی هەژدە ساڵان بوو، کز بوو، بەڵام لەو جۆرە کزانە نا. قژێکی سوور و دوو چاوی شینی هەبوون. دایک و باوکی بە ڕووداوێکی هاتووچۆ گیانیان لەدەستدابوو.
ڕۆیشتمە لای ئەو و کێکەکەم پێدا، ئەویش دەستی بەسەر قژمدا هێنا.
حەزم بە ئەنتۆنی دەهات، جوان بوو و حەزم دەکرد ببێت بە خۆشەویستم، بەڵام نەدەکرا چونکە هەم لە من گەورەتر بوو و هەمیش لە دانیشتوویەکی لوچیانۆ مارەکرابوو کە ئیشی چاککردنەوەی تەلەفیزیۆن بوو.
لیتیتسیا سکرداچۆنی گوتی: بەڕاستی ژنێکی نەجیب زادەیە، دایکت دەڵێم!

پوورە (لوتچیلا)ش گوتی: زۆریش جوانە.
-تۆش کوڕێکی جوانیت، ئەی وانییە لوتچیلا؟
-زۆر جوانە.
-ئەنتۆنیا، میکێلی کوڕێکی جوانە، وایە؟ ئەگەر گەورەتر بووبا ئەوا شووت پێ دەکرد، وایە؟
ئەنتۆنیا پێکەنی. "یەک چرکەش نەدەوەســـتام و شـــووم پێ دەکرد."
پوورە لوتچیلا وا بە توندی ڕوومەتی گرتم کە خەریک بوو لێی بکاتەوە.
"ئەی تۆ، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنتۆنیا دەکەیت؟"
سەری نەخێرم لەقاند.
دوو خوشـــکەکە لە پێکەنینـان تەقینەوە، وەکو ئەوە وابوو کە هەرگیز لە پێکەنین ناوەستن.
لیتیتسیا سکرداچۆنی زەرفێکی بەدەستەوە گرت.
"ئەم زەرفە جلوبەرگی سلڤاتۆری تێدان کە ئێستا بۆی بچووکن، بیگرە. ئەگەر پـانتۆڵەکە درێژ بوو ئەوا بۆتی کورت دەکەمەوە، بیگرە، پێ خۆشحاڵ دەبم. جلوبەرگی خۆت بینیوە؟".
دەمتوانی دیارییەکە قبووڵ بکەم، جلەکان زۆر تازە دەردەکەوتن. بەڵام دایکم هەمیشە پێی دەگوتم کە ئێمە خێری کەسمان ناوێت، بە تایبەتی هی ئەو دوو خوشکە. دەیگوت کە جلەکانم کێشـەیان نییە، ئەگەر زانیشـــی چیتر بە کەڵـک نـایەن ئەوا خۆی بۆم دەگۆڕێت.
"سوپاس خانمەکەم، بەڵام ناتوانم دیارییەکەت قبووڵ بکەم."
پوورە لوتچیلا قووتوویەکی ئەلەمینیۆمی کردەوە و چەپڵەی لێدا.
-ســـەیرکە چیم پێیە، شـــیرینی هەنگوین! حەزت بە شـــیرینی هەنگوین دێت؟

-بەڵێ خانمەکەم، زۆر.
-فەرموو.
ئەوەیانم پێ قبووڵ دەکرا، دایکم پێی نازانێت چونکە هەمووی دەخۆم. بای پڕکردنی گیرفانەکانم هەڵمگرتن.
لیتیتسیا سکرداچۆنی گوتی: بۆ خوشکەکەشت ببە، وە جارێکی تریش لەگەڵ خۆتی بهێنە.
وەکو تووتییەک گوتم: سوپاس، سوپاس، سوپاس.
"پێش ئەوەی بڕۆیت ئەوا سەرێک لە سلڤاتۆری بدە، لە ژوورەکەیەتی. بەڵام تکایە زۆر مەمێنەوە چونکە مەشق لەسەر مۆسیقا دەکات، ئەمڕۆ ڕۆژی وانەکەیەتی."
لە چێشتخانەکە ڕۆیشتمە دەرەوە و ڕێڕەوە تاریکەکەم بڕی. بە بەردەم دەرگای (نونتسیو)دا ڕۆیشتم، دەرگایەکە بە کلیل داخرابوو.
جارێکیان کرابۆوە و سەیری ناوەوەیم کرد. جگە لە سیسەمێکی خەوی بەرز هیچی تری تێدا نەبوو، سیسەمەکە پارچەیەک ئاسن لە لێوارەکانی درابوو و جێگایەکەش بە قایش بەسترابۆوە. ناوەندی ژوورەکەش کاشییەکەی تێکچوبوو. کە بە نزیک بینایەکەدا دەڕۆیشتیت، ئەوا (نونتسیو)ت دەبینی کە هەر لە دەرگایەکەوە بەرەو پەنجەرەکە دەهات و دەچوو. پارێزەرەکە شتێک نەمابوو نەیکات بۆ ئەوەی چارەسەری بکات، تەنانەت جارێکیان باوکە پیۆ بردی بۆ کڵێسا و لەوێ جێگیری کرد، بەڵام نونتسیو خۆی بە پەیکەری (مەریەم)ی پاکەوە هەڵواسی و بەریدایەوە و شکاندی. کە ئەمە ڕوویدا، ئەوا قەشەکان گرتیان و لە کڵێسا دەریانکرد. لەوەتەی بردووشیانە بۆ شێتخانە ئەوا نەهاتۆتەوە بۆ ئاکوا تراڤرسی.
دەبوایە ڕۆیشتبام بۆ لای فیلیپۆ، بەڵێنم پێدابوو. دەبێت کێک و شیرینییەکەی پێ بدەم، بەڵام زۆر گەرمایە، چاوەڕێم دەکات.

بەوە هیچ شـتێک ناگۆڕێت، هەروەها دەشـمویسـت کەمێک لای سلڤاتۆری بمێنمەوە.
لە پشـــــت دەرگـایەکە گوێم لە دەنگی ژەنینی پیـانۆ بوو، لە دەرگامدا.
-کێیە؟
-(میکێلی)م.
-میکێلی؟
دەرگایەکەی کردەوە و ســــەیری ڕاســـــت و چەپی کرد وەکو ئەوەی بترسێت کەسێک ببینێت، دواتر ڕایکێشام و بردمییە ناو ژوورەکەی، دەرگایەکەشی بە کلیل داخست. ژووری سلڤاتۆری پان و بەرین بوو، بێ قەنەف و کورسـی بوو، سـەقفەکەی زۆر بەرز بوو. پیانۆیەک بە دیوارێکەوە بەستێنرابوو، بە دیوارەکەی ئەولاش جێگـایەکی خەوی پێوە لێکێنرابوو کە زۆر بەرز بوو، دەبوایە بەسـەر پێلیژەیەکی بچووکدا سـەرکەویت بۆ ئەوەی پێی بگەیت. پەرتووکخانەیەکی درێژیش هەبوو کە پەرتووکی ئێجگار زۆری تێدابوون، پەرتووکەکانیش بە پێی ڕەنگی بەرگەکـانیـان جیـا کرابوونەوە. لە ســـندووقێکی گەورەشــــدا یـارییەکـانی پاراستبوون.
پەردەیەکی سـپی و ئەسـتوور بە پەنجەرەکە دادرابوو، بەڵام بە تەواوی نا بەوەی کە تیشـــکی خۆر دەهاتە ژوورەوە و وردیلە تۆزەکانی ناو ژوورەکەی دەردەخسـت. لە ناوەندی ژوورەکەش ڕایەخی یاری سـبۆتیۆی سـەوز ڕاکشـێندرابوو، لەسـەریشـی سلڤاتۆری یانەی "یوڤانتۆس" و "تۆرینۆ"ی ڕیز کردبوو.
لێی پرسیم: لێرە چی دەکەیت؟
-کێکم بۆ هێنـاون، دەتوانم لات بمێنمەوە؟ دایکـت گوتی کە وانەت...
-بەڵێ، بمێنەوە.

دواتر دەنگی نزم کردەوە.
"بەڵام ئەگەر بزانن پیانۆ ناژەنم ئەوا وازم لێ ناهێنن" دیسـکێکی هێنا و لەسەر ئامێرەکەی دانا.
"بەم شـــێوەیە وادەزانن کە ئەوە منم دەیژەنم". دوای ئەمە بە جددی بوونێکی زۆرەوە گوتی: ئەوە (شوبان)ە.
-شوبان کێیە؟
-مۆسیقاژەنێکی بەتوانایە.
من و ســـلڤـاتۆری هـاوتەمەن بووین، بەڵام لە من گەورەتر دەردەکەوت. ئەوەش لەوانەیە بۆ ئەوە گەڕابـایەوە کە بـاڵای لە من بەرزتر بوو و وە کراسەکانی هەمیشە سپی و خاوێن بوون و هەمیشـــەش پانتۆڵێکی ڕێکی لەبەر دەکرد، هەروەها دەنگێکی سـەنگینیشـی هەبوو. ماڵەوەی ناچاریان دەکرد بژەنێت. حەفتەی جارێک مامۆسـتایەک لە لوچیانۆ دەهات بۆ ئەوەی مەشـقی پێ بکات. هەرچەندە زۆر ڕقی لە مۆسیقا بوو، بەڵام هەرگیز بۆڵەی نەدەکرد و دەیگوت: کە گەورە بووم واز لە ژەنین دێنم.
لێم پرسی: دەتەوێت یاری بکەیت؟
سـبۆتیۆ خۆشـترین یاری بوو بەلای منەوە، هەرچەندە لێی باش نەبووم، بەڵام شـەیدای بووم. زسـتانان لەگەڵ سـلڤاتۆری یاری لەدوای یاریمان دەکرد و نەدەوەستاین، هەر پاڵمان بەو یاریزانە بچووکە پلاستیکییانەوە دەنا.
جار جار ســـلڤاتۆری بە تەنیا یاری دەکرد، شـــوێنی خۆی دەگۆڕی و پـاڵی بە هەردوولاوە دەنـا. کـاتێکیش ســـبۆتیۆی نەدەکرد، ئەوا هەزارەها لە ســـەربازە پلاســـتیکییەکانی لەســـەر زەوی ڕیز دەکرد، شـــوێنت نەدەبوو پێی لێنێیت. کاتێکیش لە ڕیزکردنیان تەواو دەبوو، ئەوا بە ســەربازەکانی بە شـێوەیەکی گەلەی هەندەسی دەجووڵاند. چەندین کاژێری بە بێدەنگی بەڕێ دەکرد و ســـــەربازەکانی دەژمارد، کە (ئەنتۆنیا)ش دەهات بۆ

ئەوەی پێی بڵێت نان ئامادەیە، ئەوا سەربازەکانی هەڵدەگرتنەوە و لە کارتۆنی پێڵاوەکانی دەهاویشت.
"سەیرکە"، ئەمەی پێ گوتم لە کاتێکدا لە سندووقە گەورەکە هەشت کارتۆنی سەوزی دەرهێنان، هەر یەکێکیان تیپێک لە یاریزانانی تێدابوو.
-سەیرکە باوکم چی بە دیاری پێ بەخشیوم، لە ڕۆما بۆی هێناوم.
-ئەو هەموو تیپە؟
کارتۆنێکم بەدەستەوە گرت. دەبێت پارێزەر زۆر دەوڵەمەند بێت بەوەی کە ئەم هەموو پارەیەی بەمانە داوە. هەموو ساڵێک لە ڕۆژی لەدایک بوونمدا داوا لە باوکم و (عیسا)ی ساوا دەکەم کە سبۆتیۆیەکم بۆ بێنن، بەڵام سوودی نییە، هیچ کامیان گوێیان لێم نییە. یەک تیپم بەس بوو، بێ یاریگا و گۆڵەکە. پێویستم بە تیپێک بوو لە جۆری "ب". ئەگەر تیپەکە هی خۆم بووبا، ئەوا دڵنیام کە دەمتوانی لە سلڤاتۆری ببەمەوە. خۆشم دەویستن و گرنگیم پێ دەدان، جا چیتر نەدەدۆڕام. سلڤاتۆری چوار تیپی هەبوون، ئێستاش باوکی هەشتی تری پێ بەخشیوە. منیش هیچم نییە، بۆچی؟ چونکە باوکم منی خۆش ناوێت، دەڵێت کە خۆشی دەوێم، بەڵام ڕاست ناکات. بەلەمێکی پێ بەخشیم کە لە ڤێنسیا دروست کرابوو، لەسەر تەلەفیزیۆنە و تەنانەت ناتوانم دەستیشی لێ بدەم. تیپێکم دەویست. خۆ ئەگەر باوکی چوار دانەی پێ بەخشیبان ئەوا هیچم نەدەگوت، بەڵام هەشتی پێ بەخشی بوون. ئێستا دوازدە تیپی هەن. چی دەبێت ئەگەر دانەیەکی لێ کەم بێتەوە؟
کەمێک خۆم جووڵاند و بە دەنگێکی نزم گوتم: تیپێکم پێ دەبەخشیت؟

سلڤاتۆری برۆیەکانی بە یەک دادا و بەناو ژوورەکەدا سووڕایەوە، دواتر گوتی: ببوورە، حەزم دەکرد، بەڵام ناتوانم. ئەگەر باوکم بزانێت تیپێکم پێداویت، ئەوا زۆر توڕە دەبێت.
وانییە، باوکی لە کەیەوە درک بەو شتانە دەکات؟ ڕاستییەکە ئەوەیە کە سلڤاتۆری چاوچنۆک بوو.
-تێگەیشتم.
-جا ئەوە چ جیاوازییەکی دەبێت بۆت؟ کەی ویستت ئەوا دەتوانیت بێیت بۆ ئێرە بۆ ئەوەی یاری بکەیت.
ئەگەر شتێکم لەگەڵ گۆڕیبایەوە ئەوا ڕازی دەبوو، بەڵام هیچم نییە… نەخێر، لە ڕاستیدا شتێکم هەیە.
"ئەگەر نهێنییەکەت پێ بڵێم، ئەوا ئایا تیپێکم پێ دەدەیت؟
سلڤاتۆری بە چاوێکی گوماناوییەوە سەیری کردم.
-چ نهێنییەک؟
-نهێنییەکی گەورە!
-هیچ جۆرە نهێنییەک تیپێک ناهێنێت.
-جگە لە نهێنی من، سوێند بێت.
-ئەی ئەگەر نهێنییەکی پووچ بوو؟
-پووچ نییە، بەڵام ئەگەر پێت پووچ بوو ئەوا تیپەکەت پێ دەدەمەوە.
-نهێنیم بەلاوە گرنگ نین.
-دەزانم، بەڵام ئەمەیان نهێنییەکی ناوازەیە. بە هیچ کەسێکم نەگوتووە، خۆ ئەگەر بە کەللەسەری بڵێم ئەوا لە خۆشیان باز دەدات…
-کەوایە بە کەللەسەری بڵێ.
بەڵام ئامادەی هەموو قوربانییەک بووم.
"تەنانەت بە تیپی "لەنیروسی ڤیتچانسا"ش ڕازیم.
سلڤاتۆری چاوەکانی کز کردن و سەیری کردم.

-تەنانەت تیپی لەنیروسی ڤیتچانسا؟
-بەڵێ.
هەردووکمان ڕقمان لە تیپی لەنیروسی ڤیتچانسا بوو، تیپێکی نەفرەت لێکراو بوو. ئەگەر بەو تیپە یاریت کردبا، ئەوا دەدۆڕایت.
هەر یەکێک لەو دووانەمان بەو تیپە یاری کردبا، ئەوا دەدۆڕا. یەکێک لە یاریزانەکان سەری پەڕی بوو، دانەیەکیش چەسپی پێوە بوو، گۆڵچییەکەش لاداو بووبوو.
سلڤاتۆری ماوەیەک بیری کردەوە، لە کۆتاییدا ڕازی بوو.
"باشە، بەڵام ئەگەر نهێنییەکی بێکەڵک بێت ئەوا تیپەکەت پێ نادەم."
بەم شێوەیە هەموو شتێکم بۆ باس کرد، چۆن لە درەختەکەوە کەوتم، چاڵەکە، فیلیپۆ. بۆم باسی ئەوەش کرد کە ئەو شتە، قاچە نەخۆشەکەی، ئەو بۆنە پیسە. بۆم باسی (فلیتچی)ش کرد کە پاسەوانی دەکات، باوکم و پیرە پیاویش کە دەیانەوێت گوێی ببڕن. وە دەربارەی (فرانچیسکۆ)ش دوام، ئەوە کە لە بەرزاییەکەوە خۆی فڕێدا و چووکی بە دەرەوە بوو. قسەم لەسەر دایکیشی کرد، ئەوەی لەسەر تەلەفیزیۆن بوو. بۆم باسی هەموو شتێک کرد.
هەستێکی خۆشم هەبوو، ڕێک وەکو ئەو جارەی کە مرەبای قۆخم خوارد، دوای ئەوەش هەستم بە نەخۆشی دەکرد. هەستم دەکرد کە خەریکە گەدەم دەتەقێت، تووشی تا بووبووم. دایکیشم دوای ئەوەی بە زللە تیروپڕی تێهەڵدام، ئەوا سەری خستمە ناو ئاودەستەکە و دوو پەنجەی خستە ناو قورگمەوە، بەم شێوەیە ڕشامەوە و هەرچی لە گەدەمدا بوو هاتە دەرەوە، زیندوو بوومەوە.

لە کاتێکدا قسەم بۆ سلڤاتۆری دەکرد، ئەوا بێدەنگ و بێ جووڵە بوو.

-دواتریش دەربارەی ورچەشۆرەکان قسەی کرد، ئەوانەی جلوبەرگ دەشۆن. پێم گوت کە بوونیان نییە، بەڵام گوێی لێ نەگرتم.

-ورچەشۆرەکان بوونیان هەیە.

دەمم بە کراوەیی مایەوە.

-کوا بوونیان هەیە؟ باوکم گوتی کە بوونیان نییە.

-لە ئەمریکا دەژین.

دواتر ئینسایکلۆپیدیای ئاژەڵانی هەڵگرت و نیشانی دام.

"سەیرکە، ئەمەتا" پەرتووکەکەی پێدام.

وێنەیەکی ڕەنگداری جۆرێک لە ڕێوی نیشان دەدا. لەمۆزێکی سپی بچووکی هەبوو، دەوری چاویشی وەکو ماسکێکی ڕەش وابوو، ڕێک وەکو زۆڕۆ. بەڵام تووکی لە ڕێوی زیاتر بوو، پەلەکانیشی بچووکتر بوون و دەیتوانی شت بگرێت. بە پەلەکانی پێشەوەی سێوەکی گرتبوو، ئاژەڵێکی قشت بوو.

-کەوایە بوونی هەیە...

-بەڵێ.

دواتر دەستی کرد بە خوێندنەوەی.

-ورچێکی گۆشتخۆری جۆری جرجە، جەستەیەکی بچووکی هەیە، لەمۆزەکەی تووکناوییە و سەرێکی گەورەی هەیە، دوو چاوی گەورەشی هەن کە بە پەڵەی ڕەش داپۆشراون. تووکی جەستەی خۆڵەمێشییە و کلکێکی کورتی هەیە، لە کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژیت. ناوی لێنراوە ورچەشۆر بەوەی کە خووی وایە پێش خواردنی شتێک ئەوا خواردنەکەی دەشواتەوە.

-جلوبەرگ ناشوات، بەڵکو خواردن دەشوات...

سەرم سوورمابوو.
-هەر منیش بووم دەمگوت بوونی نییە.
-بۆچی لەو چاڵەیان هاویشتووە؟
-چونکە نایانەوێت بۆ دایکی بگەڕێننەوە.
مەچەکیم گرت. "دەتەوێت بیبینیت؟ دەتوانین ئێســـتا بچینە لای، دەتەوێت؟ ڕێگایەکی کورت پێ دەزانم، زوو دەگەینە لای."
وەڵامی نەدامەوە، یـاریزانەکـانی بۆ کـارتۆنەکـان گەڕانـدەوە و سبۆتیۆیەکەی پێچایەوە.
"کەوایە ڕات چییە؟ دەتەوێت؟"
کلیلەکەی بادا و دەرگایەکەی کردەوە.
-نـاتوانم، کەمێکی تر مـامۆســـتـایەکە دێت. ئەگەر ئەرکەکانم ئەنجام نەدەم ئەوا پێیان دەڵێت، ئەو کاتیش خراپم بەسەر دێت.
-چۆن؟ ناتەوێت بیبینیت؟ نهێنییەکەت بەدڵ نەبوو؟
-زۆر نا، حەزم بە شێتانی ناو چاڵ نایەت.
-تیپی"ڤیتچانسا"م پێ دەدەیت؟
-بیبە، ئەسڵەن هەر ڕقم لێیەتی.
کــارتۆنەکەی پێــدام و دواتر پــاڵی پێوەنــام بۆ دەرەوە و دەرگایەکەی داخست.

لە کـاتێکدا پێم لە پـایـدەرەکـان دەنـا ئەوا بیرم دەکردەوە، هیچ تێنەدەگەیشـتم. چۆن دەکرێت سـلڤاتۆری منداڵێکی بەلاوە گرنگ نەبێـت کە لە چـاڵێکدا زنجیر کراوە؟ گوتیشـــــی کە حەزی بە نهێنییەکەم نـایەت. نەدەبوایە نهێنییەکەم پێ گوتبـا، بەفیڕۆم دا. جا چیشم دەستکەوت؟ تیپی "لەنیروسی ڤیتچانسا"م بەدەستهێنا، تیپێـک کە تەنیـا بەدبەختی لەگەڵ خۆی دێنێـت. حـاڵم لە حـاڵی یەهودا خراپتر بوو کە بە ســـی درهەم (عیســـا)ی فرۆشـــتبوو. دەبێت بە سی درهەم بتوانم چەند تیپ بکڕم؟

کارتۆنەکەم لەناو پانتۆڵەکەم هاویشـــت، بێزاری دەکردم چونکە لێوارەکـانی پێســـــتی ئـازار دەدام. دەمتوانی فڕێی بدەم، بەڵام بوێری ئەوەم نەبوو. خۆ ئەگەر توانــای کــات گەڕانــدنەوەم هەبووبـا، ئەوا تەنیـا کێکەم بەوان دەدا و نەدەچوومە لای سلڤاتۆری.

وا خێرا بەسەر گردەکەدا سەرکەوتم کە هەستم بە دڵ تێکەڵهاتن دەکرد و دەمویســـت بڕشــێمەوە. پاســـکیلەکەم کەمێک لە پێش ســــەرەتـای بەرزاییەکە دانـا و ئەوەنـدە ڕێگـایەی مـایەوە بە ڕاکردنەوە بەناو گوڵەگەنمەکاندا بڕیم، هەســــتم دەکرد کە دڵم خەریکە لە سنگم دێتە دەرەوە. دەمویست ڕاستەوخۆ بچمە لای فیلیپۆ، بەڵام لە ژێر درەختێک ڕاکشــــام و پشــــووم دا تاکو هەناســــەبڕکێم کۆتایی پێهات. کاتێک هاتمەوە ســــەر خۆم، ئەوا سەیری دەوروبەرم کرد بۆ ئەوەی بزانم فلیتچی لەوێیە یان نا. هیچ کەســـێکی لێ نەبوو، بۆیە ڕۆیشـــتمە نـاو کۆخەکە و گوریسەکەشم هەڵگرت. پلێتەکەم لابرد و بانگم کرد.

-فیلیپۆ!

-میکێلی!

تەواوی جەستەی جووڵاند، چاوەڕێم بوو.

-هاتم، خۆ بینیت؟ خۆ پێم گوتیت دێم، وایە؟

-دەمزانی کە دێیت.

-ورچەشۆرەکان پێیان گوتیت؟

-نەخێر، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەڵێنت پێدام، بۆیە دڵنیابووم.

-ڕاستت دەکرد، ورچەشۆرەکان بوونیان هەیە. لە پەرتووکێکدا لەسەرم خوێندنەوە، وێنەکەیشم بینی.

-ئاژەڵێکی جوانە، وایە؟

-زۆر جوانە، بە چاوی خۆت بینیوتە؟

-بەڵێ، گوێت لێیە چۆن فیکە لێ دەدات؟
گوێم لە هیچ فیکەیەک نەبوو، شێت بووە.
"وەرە"، ئاماژەی پێدام کە بڕۆمە خوارەوە.
گوریسەکەم گرت، "وا هاتم."
شـوێنەکەیان پاک کردبۆوە، سـتڵەکە بەتاڵ بوو و دەبەکەش پڕ بوو لە ئاو.
فیلیپۆ بەتـانییە پیســـەکەی بە دەوری خۆیـدا پێچـابۆوە، بەڵام شردبوویان و زنجیرەکەیان لێ کردبۆوە، وە شوێنی برینی پێی ئەویان بە پارچە قوماشێک بەستبوو.
"تۆیان شردووە!"
زەردەخەنەی کرد، ددانیان پاک نەکردبۆوە.
"کێ ئەوەی ئەنجام داوە؟"
دەستەکانی لە پێش چاوی بوون.
"ســـەرۆکی کرمەکـان و خزمەتکـارە کورتەبـاڵایەکـانی. هـاتنە خوارەوە و منیان شـرد، بەڵام پێم گوتن کە دەتوانن بە ویسـتی خۆیـان چەنـدیـان دەوێت بمشـــۆن بەڵام تۆ لە کۆتـاییدا هەر دەیانگریت. تەنانەت ئەگەر ڕاشـکەن، ئەوا بۆ چەندین و چەندین کیلۆمەتر بەدوایان دەکەویت و دەیانگریت."
مەچەکیم گرت.
-پێم مەڵێ کە ناوی منت پێ گوتوون؟
-ناوی چی؟
-ناوی من.
-ناوت چییە؟
-میکێلی...
-میکێلی؟ نەخێر!
-کەمێک لەمەوبەر ناوت هێ...
-ناوت میکێلی نییە!

-ئەی ناوم چییە؟
-دولوراس.
-ناوم دولوراس نییە، من (میکێلی ئەمیترانۆ)م.
-کەیفی خۆتە.
وامزانی گاڵتەم پێ دەکات.
-بەڵام چیت بە سەرۆکی کرمەکان گوتبوو؟
-گوتم کە فریشتەی پارێزەر دەیانگرێت.
کە ئەوەم بیست هەناسەی ئاسوودەییم هەڵمژی.
"گوتووتە فریشتەی پارێزەر..."
کێکەکەم لە گیرفانم دەرهێنا. "سەیرکە چیم بۆ هێناویت، ورد بووە..."، هێشتا قسەکەم تەواو نەبووبوو کە پڕی دامێ. ئەوەی لە کێکەکە مابۆوە حەپەلووشی کرد و دواتر بە چاو داخراوی بەدوای پاشماوەی کێکەکە دەگەڕا. دەستی لە هەموو شوێنێک دەدا.
"بێنە! بێنە! هی تریشم پێ بدە!"، بە نینۆکەکانی ئازاری دەدام.
"تەواو بوو، هیچ نەما، سوێند بێت. چاوەڕێکە..."، شیرینی لە گیرفانی دواوەم دابوو. "بگرە، بگرە."
دەیکردنەوە و بە خێرایییەکی سەرسووڕهێنەر شیرینییەکانی دەخواردن.
-هی تر! هی تر!
-هەموویم پێدایت!
بڕوای نەدەکرد کە تەواو بوونە، هەر بەدوای پاشماوەی شیرینی تردا دەگەڕا.
"سبەی شتێکی ترت بۆ دێنم، بۆیە چیت دەوێت؟"
سەری خوراند. "نان... نانم دەوێت، نان بە کەرە، بە کەرە و مرەبا. جەمبونیش، لەگەڵ پەنیر و شۆکۆلاتە. لەفەیەکی گەورەم دەوێت."

"باشە، بزانم لەماڵەوە چی هەیە."
دانیشـــتم، فیلیپۆ نەدەوەســـتا لە دەســـت لێدان لە نەعلەکانم و تێکدانیان. لەپڕ بیرۆکەیەکم بۆ هات، بیرۆکەیەکی مەزن!
چیتر زنجیر نەکرابوو، ئازاد بوو، دەمتوانی بیبەمە دەرەوە.
لێم پرسی: دەتەوێت بچیتە دەرەوە؟
-بۆ کوێ؟
-بۆ دەرەوە.
-دەرەوە؟
-بەڵێ، بۆ دەرەوە، دەرەوەی چاڵەکە.
کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر گوتی: چاڵ، کام چاڵ؟
"ئەم چاڵە، ئەمەی ئێستا تێیداین".
سەری نەخێری لەقاند.
-لێرە چاڵی لێ نین.
-ئەی ئەمە چاڵ نییە؟
-نەخێر.
-بەڵکو چاڵە، خۆشت واتگوت.
-کەی وامگوتووە؟
-گوتت کە هەموو جیهان چاڵی تێدان و ئەو چاڵانەش مردووی تێدان، تەنانەت مانگیش چاڵی تێدان.
-هەڵەیت، شتی وام نەگوتووە.
خەریک بوو ئارامیم نەدەما.
-ئەی ئێستا لە کوێین؟
-شوێنێک کە تێیدا چاوەڕێ دەکەین.
-چاوەڕێی چی دەکەین؟
-ڕۆیشتن بەرەو بەهەشت.
ڕاســـتە، ئەگەر تەواوی ژیانت لە چاڵەکە بەســـەر ببەیت ئەوا لە کۆتاییدا دەمریت و ڕوحت بەرەو بەهەشـــت بەرز دەبێتەوە.

کاتێک قسه لەگەڵ فیلیپۆ دەکەیت، ئەوا بیرکردنەوەت تێک دەچێت.

"دەی، بۆ دەرەوەت دەبەم، دەی"، ئەوم گرت، بەڵام جەستەی ڕەق بوو و لەپڕ دەلەرزی. "باشە، باشە، بۆ هیچ کوێیەک ناچین، هێمنبەوە، هیچ ناکەم."

سەری خستە ژێر بەتانییەکەی.

-دەرەوە هەوای لێ نییە، دەخنکێم، نامەوێت بڕۆمە دەرەوە.

-وانییە، دەرەوە هەوای زۆرە. من هەمیشە لە دەرەوەم و ناخنێکم، ئەی بۆ ئەوە دەڵێیت چی؟

-ئاخر تۆ فریشتەیت.

دەبوایە قەناعەتی پێ بهێنم.

-گوێبگرە، دوێنێ سوێندم خوارد کە دەگەڕێمەوە، ئەوەتاش گەڕامەوە. ئێستاش سوێند دەخۆم کە ئەگەر بچیتە دەرەوە ئەوا هیچ جۆرە ئازارێکت پێ ناگات، بڕوام پێ بکە.

-بۆچی دەبێت بچمە دەرەوە؟ لێرە ئاسوودەم.

دەبوایە درۆی لەگەڵدا بکەم.

"چونکە بەهەشت لە دەرەوەی چاڵەکەیە، منیش دەتبەم بۆ بەهەشت. من فریشتەم و تۆ مردوویت، دەبێت بتبەم بۆ بەهەشت.'

کەمێک بیری کردەوە.

-ڕاستییەکەی دەڵێیت؟

-بەڵێ.

-دەی کەوایە با بڕۆین.

دەنگی بەرزی لێوە دەهات. دەمویست وابکەم بوەستێت، بەڵام قاچەکانی کاریان نەدەکرد و نەیدەتوانی، ئەگەریش نەمگرتبا ئەوا دەکەوت. لە کۆتاییدا گوریسەکەم بە دەوری کەمەریدا گرێدا و سەریم بە بەتانییەکەی داپۆشی تاکو ئارام بێت. دواتر

سـەرکەوتم و دەسـتم کرد بە بەرزکردنەوەی. زۆر قورس بوو، بە بەرزی بیست سـەنتیمەتر بە هەوادا دەسووڕایەوە. ڕەق بوو و هەر بەولا و بەولادا دەسـووڕا، گوریسـەکەم بە شـانمدا ڕادەکێشـا و بەرەو پێشـەوە چەمابوومەوە، هێزی تەواوم نەبوو بۆ ئەوەی ڕایکێشم.

"فیلیپۆ، یارمەتیم بدە، بە تەنیا ناتوانم!"، بەڵام وەکو بەردێک ڕەق بوو و گوریسەکەش وردە وردە لەدەستم دەڕۆیشت. هەنگاوێک کشامەوە دواوە، گوریسەکە شل بوو و ئەویش کەوت. سەیری ناو چاڵەکەم کرد و بینیم کە بەسـەر پشـتییەوە کەوتووە و بەتانییەکە هێشتا لەسەر سەریەتی.

-فیلیپۆ، سەلامەتیت؟

-ئەرێ گەیشتین؟

-چاوەڕێکە.

بە دەوری کۆخەکەدا سـووڕامەوە تاکو بەشـکم پلێتێک یان پارچە ئاسـنێکی درێژ یان شـتێک بدۆزمەوە. دەرگایەکی کۆنی ژەنگاویم دۆزییەوە کە نیوەی شـکابوو، بەرەو گۆڕەپانەکەم ڕاکێشـا، دەمویست بیخەمە ناو چاڵەکەوە تاکو فیلیپۆ بەسـەریدا سـەرکەوێت. دەرگایەکەم لەسـەر لێواری چاڵەکە دانا، بەڵام لێم بەربۆوە و بوو بە دوو پارچە. پلێتەکەش داخوورابوو، کەڵکی نەبوو.

فیلیپۆ بانگی کردم. "میکێلی؟".

منیش وەڵامم دایەوە: چاوەڕێکە! چاوەڕێکە!

یەکێک لەو دوو پارچانەی دەرگایەکەم هەڵگرت و دواتر فڕێمدایە سەر پێلیژەکە.

پێلیژە؟

پێلیژەیەک دوو مەتر لە چاڵەکەوە دوور بوو. پێلیژەیەکی جوانی سـەوز بوو کە لەسـەر لاسـکی ڕووەکی خۆهەڵواسـەرەکە

دانرابوو. هەر لە سەرەتاوە لەوێ بوو، بەڵام سەرنجم بۆی نەچووبوو، ئەوان بەو شێوەیە دەچوونە خوارەوە.

بە (فیلیپۆ)م گوت: پێلێژەیەکم دۆزییەوە!

گرتم و خستمە ناو چاڵەکە.

بۆناو دارستانە بچووکەکەم برد و لە ژێر درەختێک دامنا. دەنگی چۆلەکە و قالۆنچە دەهات، سێبەرەکان لەوێ و لەوێ بوون و بۆنێکی خۆش دەهات، بۆنی خاکی ژێر پێمان دەهات.

لێم پرسی: دەتوانم بەتانییەکەت لەسەر سەرت لابەم؟

-خۆر بە دەرەوەیە؟

-نەخێر.

نەیدەویست بەتانییەکە لاببات. لە کۆتاییدا ڕازیم کرد کە بە کراسەکەم چاوەکانی خۆی بگرێت. بەوە دڵخۆش بوو، ئەمەش لە ڕێگەی زەردەخەنەکەیەوە دەرکەوت. شنەبایەکی کز دەهات و لە ڕووخساری دەدا، بەوەش دڵخۆش بوو.

لێم پرسی: بۆچی لێرەیان هاویشتوویت؟

-نازانم، بیرم نایەت.

-هیچت بیر نایەت؟

-خۆم لێرە بینییەوە.

-چیت بیرە؟

-بیرم دێت کە لە قوتابخانە بووم...

سەری جار جار لار دەکردەوە.

-ئەوەم باش بیرە. وانەی وەرزشیم هەبوو، کە تەواو بووم ئەوا هاتمە دەرەوە. ئۆتۆمبێلێکی سپی لە بەردەمم وەستا و خۆم لێرە بینییەوە.

-بەڵام لە کوێ دەژیت؟

-شەقامی مۆدیلیانی ٢٦، لە سووچێک لەنێوان شەقامی کڤالییر و داربینۆ.

-ئەوە لە کوێیە؟

-بافیا.

-لە ئیتاڵیایە؟

-بەڵێ.

-ئێرەش ئیتاڵیایە.

لە قسەکردن وەستا. وامزانی خەوتووە بەڵام لەپڕ لێی پرسیم: ئەوانە چ جۆرە باڵندەیەکن؟

سەیری دەوروبەرم کرد.

-چۆلەکەن.

-دڵنیایت کە شەمشەمەکوێرە نین؟

-نەخێر، شەمشەمەکوێرەکان لە ڕۆژدا دەخەون، وە دەنگیشیان جیاوازە.

-ڕێوییە باڵدارەکان بە پێچەوانەوە لە ڕۆژدا دەفڕن و دەنگیان وەکو چۆلەکە وایە و کێشـــیان زیاتر لە کیلۆگرامێکە. ئەگەر خۆیان بە لقێکەوە ببەســـتنەوە، ئەوا دەکەون. ئەمانەش بە ڕای من ڕێوی باڵدارن.

دوای چیرۆکی ورچەشۆرەکان نەمدەتوانی هیچ قسەیەک بکەم، لەوانەیە ئەمانەش هەر لە ئەمریکا هەبن. لێم پرســـی: هەرگیز ڕۆیشتوویت بۆ ئەمریکا؟

"دوێنێ دایکم بینی، دەیگوت کە ناتوانێت بێت بمبات چونکە مردووە. خۆی و خانەوادەکەم مردوون، ئەگەر مردوو نەبێت ئەوا ئێستا دەهاتە لام.

دەستەکانم لەسەر گوێیەکانم دانا.

-فیلیپۆ، کات درەنگە، دەبێت بتبەمەوە بۆناو چاڵەکە.

-دەتوانم بۆناو چاڵەکە بگەڕێمەوە، وایە؟

-بەڵێ.

-کەوایە با بڕۆین.
بۆ ماوەی نیو کاژێر بێدەنگ بوو و کراسەکەش هەر چاوەکانی دادەپۆشی. جار جار دەم و ملی ڕەق دەبوون و پەنجەکانی دەستی و قاچەکانیشی بە شێوەیەکی سەیر دەجوولان، وەکو ئەوە وابوو بلەرزێت. لە شوێنی خۆی وەستابوو و سەرنجی ڕۆیشتبوو، گوێی لە ڕێوییە باڵدارەکان دەگرت.
"دەستەکانت بە دەوری ملمدا بهاڵێنە" ئەمەی ئەنجامدا و گەیشتینە لای چاڵەکە.
"ئێستا بە پێلیژەکەدا دەچینە خوارەوە، باش بمگرە، بەرم مەدە."
کارێکی زۆر قورس بوو. فیلیپۆ توند ملمی گرتبوو و باش هەناسەم بۆ نەدەهات، پلیکانەکانی پێلیژەکەشم نەدەبینی، ناچار بووم بە پێیەکانم هەستیان پێ بکەم.
کە گەیشتینە بنکەکە ئەوا سپی هەڵگەڕابووم و هەناسەبڕکێم بوو. لە گۆشەیەک دامنا و بەتانییەکەم بەسەر دادا، دواتر کەمێک ئاوم پێدا و گوتم: کات درەنگە، دەبێت بڕۆم ئەگینا باوکم دەمکوژێت.
-هەر لێرە دەبم. بەڵام بیرت نەچێت لەفەم بۆ بێنیت، هەروەها مریشکی سوورەوکراویش.
-یەک شەممان مریشکمان هەیە، دایکم تکە درووست دەکات، حەزت بە تکە دێت؟
-لەگەڵ تەماتە؟
-بەڵێ.
-زۆرم حەز لێیەتی.
دڵتەنگ بووم بەوەی کە جێم دەهێشت.
"کەوایە دەڕۆم..."
دەستم بە پلیکانەیەکەوە بوو کە لەپڕ یەکێک پێلیژەکەی ڕاکێشا.

لەســـەر لێوارەکەوە بە ڕووبەندێکی قاوەیی تۆخەوە دەرکەوت، ڕێک وەکو سەربازەکان جلی پۆشی بوو.
"یا هەلا، یا هەلا، مانگی چوار ڕۆیشت و..."
بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و گۆرانی دەگوت.
"مانگی پێنجیش وا هات! بە ڕای تۆ من کێم؟"
-فلیتچی؟!
-براڤۆ!
بۆ ساتێک بێدەنگ بوو.
"بە نەفرەت بیت! ئەمەت چۆن زانی؟ چاوەڕێکە! چاوەڕێکە!
بۆ چەند ساتێک دیار نەما و دواتر بە تفەنگەکەی هاتەوە.

"کەوایە تۆ بوویت!" وەکو شـــێتێک دەســـتەکانی لە یەک دەدا. "کەوایە تۆ بوویت هەی کوڕی سۆزانی! هەر جارێک دەهاتمەوە بۆ ئێرە ئەوا شـــتەکان شـــوێنیان دەگۆڕا، وامزانی شـێت بووم. وامزانی ئەوە خێوی (فۆرماجینۆ)یە، کەچی لە ســـــەرەتاوە تۆ بوویت میکێلینۆ. ئێســتا ئاسـوودە بووم، خۆ خەریک بوو شـێت بم."
هەستم کرد یەکێک پێی گرتبووم، فیلیپۆ بوو کە خۆی بە پێمەوە بەســـتبوو و بە چرپەوە دەیگوت: ســـەرۆکی کرمەکان دێت و دەڕوات، سەرۆکی کرمەکان دێت و دەڕوات، سەرۆکی کرمەکان دێت و دەڕوات.
ئێستا زانیم کە سەرۆکی کرمەکان کێیە.
فلیتچی لە کونەکانی چاوی ڕووبەندەکەیەوە ســـەیری کردم. "کەوایە چـاوت بە شـــــازادە کەوتووە، بینیوتە کە چۆن ئەوم شـــردووە؟ نەیدەویســـت بیشـــۆم، بەڵام هەر شـــردم. بەڵام بەتانییەکەی پێ نەدەدام."

کەوتبوومە تەڵەکەوە، ئەوم نەدەبینی. تیشـــکی خۆر لەنێوان گەڵایەکاندا دزەی دەکرد و کوێری کردبووم.
"ئەمە بگرە!"
چەقۆیەک بە تیژی کەوتە ناو چاڵەکە، دە ســـەنتیمەتر دوور لە سەری فیلیپۆ.
"بینیت کە چەندە دەست ڕاستم؟ خۆ دەمتوانی نووکی چەقۆیەکە لە پەنجە گەورەی پێت بدەم، ئەو کاتە چیت دەکرد؟"
قسەم بۆ نەدەکرا، وەکو ئەوە وابوو یەکێک قورگی گرتبێتم.
"بێ پەنجە چی دەکەیت؟"، هەر دووبارەی دەکردەوە.
-پێم بڵێ چی دەکەیت؟ بێ پەنجە چی دەکەیت؟
-بە هۆی خوێن ڕژانی زۆرەوە دەمردم.
-براڤۆ، ئەی ئەگەر بەمە لێم دایت چی دەکەیت؟
تفەنگەکەی نیشان دام.
-پێم بڵێ چی ڕوودەدات؟
-دەمرم.
-ئەها هەموو شتێک دەزانیت، دەی وەرە!
فلیتچی پێلیژەکەی گرت و نزمی کردەوە.
نەمدەویســت بچمە ســەرەوە، بەڵام چاری ترم نەبوو، تەقەم لێ دەکات. بڕوام نەبوو کە توانســـتی ئەوەم هەبێت ســـەرکەوم، قاچەکانم دەلەرزین.
فلیتچی گوتی: چـاوەڕێکە، چـاوەڕێکە، تکـایە چەقۆیەکەم پێ بدەوە.
چەمامەوە و فیلیپۆ چرپاندی: چیتر نایەیتەوە؟
چەقۆیەکەم لەســـەر زەوی هەڵگرت و بێ ئەوەی ئەو بمبینێت ئەوا بە (فیلیپۆ)م گوت: دەگەڕێمەوە.
"بەڵێن دەدەیت؟"
فلیتچی فەرمانی پێکردم: دەی چەقۆیەکە بخە ناو گیرفانت.

-بەڵێن بێت.

-دەی وەرە هەی گەمژە، ئەوە چاوەڕێی چی دەکەیت؟!

سەرکەوتم لە کاتێکدا فیلیپۆ هەر دەیگوت: سەرۆکی کرمەکان دێت و دەڕوات.

کە خەریک بوو بچمە دەرەوە، ئەوا فلیتچی بە هەردوو دەستەکانی پانتۆڵەکەی گرتم و بە دیواری کۆخەکەی دادام وەکو ئەوەی کیسەیەک بم. بەر دیوارەکە کەوتم و دواتریش بەربوومەوە سەر زەوی. ویستم هەستم، بەڵام لایەکم بریندار بووبوو، وە ئازارێکی توند قاچەکانم و قۆڵەکانمی ئیفلیج کردبوو. ئاوڕم دایەوە، فلیتچی ڕووبەندەکەی لابردبوو و بە هەنگاوی هێرشبەرەوە بە تفەنگەکەی بەرەوم دەهات. پۆتینە ڕەشەکانیم بینین کە تاکو نزیکتر دەبوونەوە ئەوا وەکو دەبابەیەک گەورە دەبوون.

لە دڵی خۆمدا گوتم کە ئێستا تەقەم لێ دەکات.

لەسەر زەوییەکە خشکەم دەکرد بەرەو دارستانەکە.

"دەتویست یارمەتی بدەیت بۆ ئەوەی ڕاکات، وایە؟ بەڵام هەڵەت کرد. هەر کەسێک بە تەنیا کارێک بکات، ئەوا ئەنجامەکەی هیچ نابێت."

شەقێکی توندی لە قونم دا.

"هەستە هەی گەمژە، ئەوە لەسەر زەوی چی دەکەیت؟ دەی هەستە! چییە برینداریت؟"

گوێی گرتم و بەرزی کردمەوە.

"بەختت هەیە کە کوڕی باوکتیت، ئەگینا... دەتبەمەوە بۆ ماڵەوە، باوکت خۆی سزات دەدات. کاری خۆم کردووە، بای پێویست پاسەوانیم کرد، خۆ دەبوایە تەقەم لێ کردبایت."

بەرەو دارستانە بچووکەکەی بردم، هێندە ترسابووم کە تەنانەت گریـانیشـــم بۆ نەدەهـات. هەر بەر دەبوومەوە و ئەویش هەر گوێی دەگرتم و بەرزی دەکردمەوە.
"دەی بجووڵێ! دەی، دەی!"
لەنـاو درەختەکـان چووینە دەر. پێش خۆمـان دەریـای زەرد و گڕاوی گوڵەگەنمەکان بوو کە خەریک بوو تاکو ئاسمانیش درێژ ببنەوە. ئەگەر خۆم تێکردبا، ئەوا هیچ کەسێک نەیدەدۆزیمەوە.
فلیتچی بە سـەری تفەنگەکەی بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی پاڵی پێوەنام و دواتر هاواری بەسەردا کردم: ئاهــ بیرم هاتەوە، چەقۆیەکەم پێ بدەوە!
هەوڵمـدا پێی بـدەمەوە، بەڵام هەرچەنـدی کردم ئەوا نەمتوانی دەستم بخەمە ناو گیرفانم.
"بە نەفرەت بیت!" خۆی چەقۆیەکەی لێ ســەندم و دەرگایەکەی کردەوە، کورسی پێشەوەی بەرز کردەوە و گوتی: سەرکەوە!
سەرکەوتمە ناوی و لە کورسی پێشەوە (سلڤاتۆری)م بینی.
"سلڤاتۆری، چی...؟"، وشەکانی تر لە دەممدا مردن.
کەوایە سلڤاتۆری بوو، ئەو بوو فلیتچی ئاگادار کردبۆوە.
ســلڤاتۆری ســەیری کردم، دواتر ڕووی لەلایەکەی تر کرد. لە دواوە دانیشتم، هیچم نەگوت.
فلیتچی لە پێش ســووکانەکە دانیشــت. "(ســلڤاتۆری)ی ئازیز، ئافەرین بۆ تۆ. دەستت بێنە." تۆقەی لەگەڵدا کرد.
"ڕاســـتت دەکرد، ئەم چاو بەژێرکەرە لێرە بوو، خەریک بوو بڕواشت پێ نەکەم."
دواتر دابەزی.
"بەڵێنم پێدایت، کە فلیتچی نەتالی بەڵێنێکی دا ئەوا دەیباتە ســەر. دەی ئۆتۆمبێلەکە لێخوڕە، بەڵام هێواش."
سلڤاتۆری لێی پرسی: ئێستا؟

"ئەی کەی؟ دەی لە شوێنم دانیشە."
فلیتچی بەلای کورسی سەرنشیندا خزا و (سلڤاتۆری)ش بەرەو کورسی شۆفێر ڕۆیشت.
"ئێرە باشترین شوێنە بۆ فێربوونی شۆفێری، هەر ئەوەندەت لەسەرە بە درێژایی لێژاییەکە بڕۆیت و جار جار ئیستۆپ داگریت."
سلڤاتۆری سکرداچۆنی منی فرۆشت بۆ وانەیەکی فێربوونی شۆفێری.

"بەم شێوەیە ئۆتۆمبێلەکە وردوخاش دەکەیت!" فلیتچی هاواری دەکرد و سەیری پێشەوەی ڕێگایە نارێکەکەی دەکرد.
"ئیستۆپ بکە! ئیستۆپ بکە!"
سلڤاتۆری بە حاڵ دەگەیشتە ئاستی سووکانەکە و وای دەگرت وەکو ئەوەی بیەوێت بیشکێنێت.
فلیتچی کە تفەنگەکەی ئاڕاستە کردم ئەوا میزم بە خۆمدا کرد، ئێستا وا هەستم پێی کرد، پانتۆڵەکەم تەڕ بووبوو.
ئۆتۆمبێلەکە دەلەرزی، بەسەر ڕێگادا دەلەرزین و دەکەوتینە ناو چاڵەکان، دەبوایە دەسکی دەرگایەکەم توند گرتبا بۆ ئەوەی بەولا و بەولادا نەکەوم. سلڤاتۆری هەرگیز پێی نەگوتبووم کە دەیەوێت فێری شۆفێری بێت، خۆ دەیتوانی داوا لە باوکی بکات تاکو فێری بکات. هەرگیز داوای ڕەت نەدەکردەوە، کەوایە بۆچی ئەوەی لە فلیتچی داوا کردووە؟
جەستەم ئازاری زۆر بوو، ئەژنۆیە شوختاوییەکانم، پەراسووەکانم، لە قۆڵەکانم و مەچەکیشم. بە تایبەتیش دڵیم ئازاری هەبوو، سلڤاتۆری دڵی منی شکاند. باشترین هاوڕێی من بوو. جارێکیان لەسەر درەختی خەرووبەکە بەڵێنمان بە

هاوڕێیەتی هەتاهەتایی دا. هەر کاتێک لە قوتابخانە دەردەچووین، ئەوا یەکێکمان چاوەڕێی ئەوی تری دەکرد تاکو دەردەکەوت.
سلڤاتۆری خیانەتی لێ کردم.
دایکم ڕاســـتی دەکرد کاتێک دەیگوت خانەوادەی ســـکرداچۆنی خۆیان پێ لەوانی تر باشترە بەوەی کە پارەیەکی زۆریان هەیە، هەروەهـا دەشـــیگوت کە ئەگەر بشـــخنکێیت ئەوا ئـاوڕت لێ نادەنەوە. چەند جارێک خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە خوشـــکەکانی سـکرداچۆنی لەسـەر مەکینەی خەیاتی بوون و منیش لەناو لمدا خەریک بوو دەخنکام و دەســـتم درێژ دەکردەوە تاکو یارمەتیم بدەن، ئەوانیش لەجیاتی ئەوەی یارمەتیم بدەن ئەوا شـــیرینی هەنگوینیان بۆ هەڵدەدام و دەیانگوت کە ناتوانن هەسـتن چونکە قاچەکانیان ئاوســـاون و خەپە بوونە. بەڵام من و ســـلڤاتۆری هاوڕێ بووین، ئای چەند هەڵە بووم.
لە دڵەوە دەمویســـت بگریەم، بەڵام ســـوێندم خوارد کە ئەگەر یەک دڵۆپە فرمێســـکیش بڕێژم ئەوا بە دەمانچەی پیرە پیاوەکە مێشکی خۆم دەپڕژێنم. کارتۆنی تیپی "لەنیروسی ڤیتچانسا"م لە پـانتۆڵەکەم دەرهێنـا، بە هۆی میزەوە تەڕ بووبوو. لەســـەر کورسییەکەم دانا.
فلیتچی هاواری کرد: بەسە! ڕایگرە، چیتر بەرگە ناگرم!
ســـلڤـاتۆری بە تونـدی پێی لە ئیســـتۆپەکە نـا و مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە ڕێک کوژایەوە، بە شێوەیەکی وەها توند وەستا کە ئەگەر فلیتچی دەستی لە پێشەوە دانەنابا ئەوا لووتی بەر جامی پێشەوە دەکەوت و دەشکا.
دەرگایەکەی کردەوە و گوتی: لە سووکانەکە دوورکەوە!
سلڤاتۆری دوورکەوە و هیچی نەگوت.

فلیتچی سـووکانەکەی گرت و گوتی: (سـلڤاتۆری)ی ئازیز، ئەمە بە ڕاسـتی دەڵێم. بە کەڵکی شـۆفێری نایەیت، واز لەوە بێنە، داهاتووی تۆ پێشبڕکێی پاسکیلە.

کە چووینە ناو ئاکوا تراڤرسـی ئەوا خوشـکەکەم و باربرا و ریمۆ و کەللەسـەرم بینی کە لەناو تۆزدا یاری "جیهان"یان دەکرد. هەر کە ئێمەیان بینی ئەوا لە یاری کردن وەسـتان. بارهەڵگری باوکم دیار نەبوو، ئۆتۆمبێلی پیرە پیاوەکەش بە هەمان شێوە. فلیتچی ئۆتۆمبێلەکەی لە کۆگایەکە ڕاگرت.
سـلڤاتۆری خێرا لە ئۆتۆمبێلەکە دەرچوو، پاسـکیلەکەی گرت و بێ ئەوەی سەیرم کرد لەوێ ڕۆیشت.
فلیتچی کورسـی پێشـەوەی بەرز کردەوە. "وەرە دەرەوە!"، نەمدەویست بڕۆمە دەرەوە.
جارێکیان دەرگایەکی شـووشـەی قوتابخانەم شـکاند، ئەو دەرگایەی کە بەرەو گۆڕەپانەکەت دەبا، بەو دارەم شکاند کە لە کاتی وانەی وەرزشـیدا بەکاردێن. دەمویسـت بۆ قوتابییەک کە ناوی ئانجێلۆ کانتینی بوو بسـلەمێنم کە ئەوە شـووشـەیەکی پتەوە و ناشـکێت، بەڵام بە پێچەوانەوە شـکا و بوو بە ملیارێک پارچە. بەڕێوبەرەکە بانگی دایکمی کرد و گوتی کە دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات. هەر کە دایکم گەیشت، ئەوا سەیری کردم و بە گوێیدا چرپاندم: دواتر چارەت دەکەم.
دواتر ڕۆیشتە ژووری بەڕێوبەر و منیش لە ڕێڕەوەکە چاوەڕێم کرد.
ئەو جارە زۆر ترسـام، بەڵام ئەو ترسـەی ئەو کات لەچاو ئەم جارە هەر هیچ نییە. فلیتچی هەموو شتێک بۆ دایکم دەگێڕێتەوە، ئەویش بۆ باوکمی دەگێڕێتەوە، بەمەش باوکم زۆر توڕە دەبێت و پیرە پیاوەکەش لەگەڵ خۆیم دەبات.

فلیتچی دووبارەی کردەوە: وەرە دەرەوە!
هەرچی بوێریم هەبوو کۆمکردەوە و لە ئۆتۆمبێلەکە چوومە دەرەوە. هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، پانتۆڵەکەم تەڕ بووبوو. باربرا دەســتی لەســەر دەمی دانا، ریمۆ بەرەو لای کەللەســەر ڕایکرد، (ماریا)ش چاویلکەکەی دانا و بە لێواری کراســـەکەی دەیسڕیەوە.
تیشــکی خۆر زۆر بەتین بوو، بە ئەســتەم دەمتوانی پێش خۆم ببینم، لە دواوەش هەســـتم بە هەنگاوە قورســـەکانی فلیتچی دەکرد. دایکی باربرا لە پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە ســـەیری دەکردین، دایکی کەللەســـەریش بە هەمان شـــێوە. نیگایەکانیان هیچ مانایەکی بۆ من دەرنەدەخســـت. ئەگەر تۆکو وای نەڕاندبا، ئەوا جگە لە بێدەنگی هیچی تر نەدەبوو. کەللەســەر شــەقێکی لە تۆکو هەڵدا، ئەویش ناڵەی کرد و ڕایکرد.
بەســـەر پلیکانەیماڵەوەدا ســـەرکەوتم و دەرگایەکەم کردەوە. پەنجەرەکان داخرابوون، ڕووناکیش کەم بوو.
ڕادیۆیەکە پێکرابوو و پـانکەکەش دەســـووڕایەوە. دایکم بە کراســێکی ژێرەوە لای مێزەکە دانیشــت بوو و پەتاتەی ســپی دەکرد. منی بینی کە فلیتچی لە دواوەم بوو. چەقۆیەکەی لەدەست کەوت و بەربۆوە سەر زەوی.
"چی ڕوویداوە؟"
فلیتچی دەســتەکانی خســتە ناو گیرفانەکانی و ســەری کەمێک بەرەو لای من لار کردەوە.
"لەوێ دۆزیمەوە، لای کوڕە بچووکەکە."
دایکم لەســەر کورســییەکە هەســتا، ڕادیۆیەکەی کوژاندەوە و هەنگاوێکی نایە پێشــەوە، بەڵام دواتر وەســتایەوە. دەســتەکانی لەســـەر دەموچاوی دانا و بەســـەر ئەژنۆیەکانی کەوتە ســـەر زەوی و سەیری کردم.

فرمێسک وەکو کانیاوێک لە چاوەکانم هاتنە دەرەوە.
بەرەوم هات و باوەشـــــی پێدا کردم، توند باوەشـــــی پێداکردم، دواتریش هەســـــتی کرد کە پانتۆڵەکەم تەڕ بووە. منی لەســــەر کورسییەکە دانا و سەیری کردم، سەیری قاچ و قۆڵی برینداری کردم، تێبینی ئەو خوێنە ڕەقبووەشی کرد کە بەسەر ئەژنۆمەوە بوو. کراســـــەکەی بەرز کردمەوە و گوتی: ئەوە چیت بەســــەر هاتووە؟
ئاماژەم بە فلیتچی دا.
"ئەو بوو! ئەو... بوو... کە لێیدام!"
ڕووی لە فلیتچی کرد و بە دەنگێکی پڕ لە ڕقەوە هاواری کرد: ئەوە چیت لێ کردووە هەی چەپەڵ؟!
فلیتچی دەستەکانی بەرز کردەوە
"هیچم نەکردووە، چیم کردووە؟ هێناومەتەوە بۆ ماڵەوە."
دایکم ڕووخساری لە ڕقان زیاتر سووڕ هەڵگەڕا.
"تۆ! چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت! تۆ؟"
بە ڕاددەیەک تورە بووبوو کە دەنگی دەلەرزی.
"چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت؟! هەی کوڕی سەگ!"
لەگەڵ گوتنی ئەمە ڕێک پڕیدایە فلیتچی.
"چی بەسەرهاتووە؟ تەنیا شەقێکم لە قونی هەڵداوە."
دایکم هەوڵیدا زللەبارانی بکات، بەڵام فلیتچی مەچەکەکانی گرت تـاکو لە خۆی دوور بخـاتەوە، بەڵام دایکم وەکو شــــێری لێ هاتبوو.
-هەی کوڕی سەگ! دەتکوژم!
-لە چاڵەکەدا دۆزیمەوە، دەیویست یارمەتی منداڵەکە بدات تاکو ڕاکات. هیچم لێ نەکردووە، هێمنبەوە!
دایکم پێخواس بوو، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لەوەی کە شــەقێکی توند لە گونەکانی بدات.

(فلیتچی)ی داماو ناڵەی لێ هەستا، دەنگێکی سەیر بوو، وەکو دەنگی غەسالەی کارەبایی وابوو کە ئاوی پۆشاکەکان دەمژێت. هەردوو دەستی لەسەر گونەکانی دانا و کەوتە سەر ئەژنۆیەکانی. هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد، دەیویست هاوار بکات بەڵام نەیتوانی، هەوا لە سییەکانیدا نەمابوو.

لەسەر کورسییەکە بووم، لە گریان وەستام. دەمزانی کە ئازاری گونەکان چەندە ناخۆشە، ئەو شەقەی دایکیشم لێیدا بەڕاستی ناوازە بوو.

دایکم بەزەیی نەبوو، لەناو سینکەکە تاوەکەی هەڵگرت و لە دەموچاوی (فلیتچی)ی دا، هاوارێکی لێ هەستا و کەوتە سەر زەوی. دایکم دووبارە تاوەکەی بەرز کردەوە، دەیویست بیکوژێت، بەڵام فلیتچی پێی گرت و ڕایکێشا. کەوتە سەر زەوی و تاوەکەی لەدەست کەوت، فلیتچی بە تەواوی قورساییەوە کەوتە سەری.

دەستم کرد بە هاوارکردن: بەریدە! بەریدە! بەریدە!

بەڵام فلیتچی قۆڵەکانی گرت و لەسەر گەدەی دانیشت، بە زەوییەکەیەوە لکاند.

دایکم وەکو پشیلەیەک گازی دەگرت و بە نینۆکەکانی برینداری دەکرد. کراسەکەی بەرز بۆوە، بەشێکی ڕانەکانی و تۆپەڵەیەک لە مووی ڕەشی کاڵ لە دەوری نێوان ڕانەکانی دەرکەوت، بەشی سەرەوەی کراسەکە دڕا و مەمکەکە سپییەکانی دەرکەوتن کە گۆیەکی تۆخیان هەبوو.

فلیتچی وەستا و سەیری کرد. بینیم کە چۆن سەیری دەکرد.

لەسەر کورسییەکە هاتمە خوارەوە، ویستم بیکوژم. بازم دایە سەری بۆ ئەوەی بیخنکێنم.

ڕێک لەو ساتەدا باوکم و پیرە پیاوەکە هاتنە ژوورەوە.

باوکم قۆڵی فلیتچی گرت، ڕایکێشا و لە دایکمی دوورخستەوە.

سەرم ئازاری پێ گەیشتبوو و زۆر دێشا، وە لەناو مێشکمدا دەنگی فیتەیەک دەهات، ڕێک ئەو دەنگەی کە لە کاتی کوڵانی کترییەک درووست دەبێت.
باوکم شەقبارانی فلیتچی دەکرد، ئەویش خۆی خزاندبووە ژێر مێزەکە، پیرە پیاوەکەش دەیویست باوکم بگرێت و بیوەستێنێت. باوکیشم لە تووڕەییان بەرچاوی تاریک بووبوو و شەقی لە هەموو شتێک دەدا.
فیتەکە بە ڕاددەیەک زۆر بوو کە تەنانەت گوێم لە دەنگی گریانی خۆشم نەبوو. دایکم هەڵیگرتم و بردمی بۆ ژوورەکەی، بە ئانیشکی دەرگایەکەی داخست و منی لەسەر جێگایەکە ڕاکشاند. نەمدەتوانی لە گریان بوەستم، جەستەشم هەر دەلەرزی.
دایکم باوەشی پێدا دەکردم و دەیگوت: هیچ نەبووە، هیچ نەبووە. تەواو بوو، هەموو شتێک تەواو بوو.
لە کاتێکدا دەگریام ئەوا چاوم کەوتبووە سەر وێنەی باوکە بێۆ کە لەسەر مەعرەزەکە هەڵواسرابوو، قەشەکە سەیری دەکردم و وا دەردەکەوت کە زەردەخەنەی ڕازی بوونی بۆ دەکردم.
لە چێشتخانەکە دەنگی هاوار و شەڕی باوکم و پیرە پیاو و فلیتچی دەهات. دواتر هەرسێکیان لە ماڵەوە چوونە دەرەوە و دەرگایەکەیان بە توندی لەدوای خۆیان داخست.
بێدەنگی بەرپا بوو. جگە لە دەنگی بەفرەخەر و قالۆنچە و پانکە هیچی تر نەدەهات، ئەوانە خودی بێدەنگی بوون. دایکم جلەکانی لەبەر کردەوە، چاوەکانی ئاوسابوون، برینێک کە لە ڕاستیدا شوخت بوو لەسەر شانی پاکی کردەوە. دوای ئەوە منی شرد و جلی لەبەر کردم و لەناو جێگای هاویشتم و بەتانی بەسەردا دام. قۆخێکی ناو مرەبای دامێ و لە پەنام ڕاکشا، دەستی گرتم و بە بێدەنگی مایەوە. تەنانەت توانای جووڵاندنی پەنجەیەکیشم نەبوو، سەرم خستە سەر سنگی و چاوەکانم داخست.

یەکێک دەرگایەکەی کردەوە.
"حاڵی چۆنە؟"
باوکم بوو، وا دەنگی نزم بوو وەکو ئەوەی دکتۆرێک گوتبێتی لەسەر مەرگدام.
دایکم دەستی بەسەر قژمدا هێنا.
-سەری ئازاری پێگەیشتووە، بەڵام ئێستا خەوتووە.
-ئەی تۆ چۆنیت؟
-باشم.
-دڵنیایت؟
-بەڵێ، بەڵام ئەو خوێڕییە جارێکی تر بۆی نییە بێتەوە ناو ماڵی ئێمە. ئەگەر جارێکی تر دەست لە میکێلی بداتەوە ئەوا دەیکوژم، دواتر تۆش دەکوژم.
-ئەوەی لەسەرم بوو کردم، پێویستە بڕۆم.
دواتر دەرگایەکەی داخستەوە.
دایکم لێم نزیکتر بۆوە و بە گوێیدا چرپاندم:
کە گەورە بوویت، ئەوا هەرگیز نەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە.

شەو بوو. دایکم لە پەنام نەبوو، ماریا لە نزیکمەوە خەوتبوو. کاتژمێرەکە دەنگی جووڵەی ناوی دەهات و دەستیشی بە ڕەنگە زەردەکەی دەدرەوشایەوە. سەرینەکە بۆنی باوکمی لێوە دەهات، ڕووناکی سپی چێشتخانەکەش لە ژێر دەرگایەکە دزەی دەکرد.
لەوێ دەمەقاڵێیان بوو.
پاریزەر (سکرداچۆنی)ش لە "ڕۆما"وە هاتبوو، ئەوە یەکەم جارێک بوو بێتە ماڵمان.

ئەو شـــەوە ڕووداوگەلـێکـی گەورە و گـرنـگ ڕوویـانـدا، ڕووداوگەلێک کە توڕەییان لەگەڵ سـوودی نییە. بەو شـێوەیە وازیان لە من هێنابوو.

چیتر هەسـتم بە تێکچوون نەدەکرد، سـەلامەت بووم. دایکم دەرگای ژوورەکەی داخستبووین، هیچ کەسێک نەیدەتوانی بێتە ژوورەوە.

لەبەر ئەوەی سـەرم زەبری بەرکەوتبوو، ئەوا هەر جـارێـک دەسـتم لێی دەدا ئـازاری دەدام، بەڵام جگە لەوە بـاش بووم. ئەمەم بەدڵ نەبوو، چونکە هەر کە زانیان ئیتر کێشـەم نییە ئەوا دووبارە من و ئەو پیرە پیاوە دەخەنەوە ژوورەکە. دەمەوێت لە ژووری ئەوان لەسەر جێگایەکە بمێنمەوە، بۆ هەمیشە. نامەوێت بچمە دەرەوە، نامەوێت هیچ کەسـێک ببینم. نە سـلڤاتۆری، نە فلیتچی، نە فیلیپۆ، هیچ کەسـێک. دەمەوێت هەموو شـتێک ئاوا وەکو خۆی بێت و نەگۆڕێت.

گوێم لە دەنگیان بوو کە لە چێشتخانەکەوە دەهات.

پیرە پیاوەکە و پارێزەر و سەرتاش و باوکی کەللەسەر و باوکم دەمەقـاڵێیـان بوو لەسـەر پەیوەندییەکی تەلەفونی کە دەبوایە بیکەن و پێویستە چی بڵێن.

سەرم خستە ژێر سەرینەکە.

زەریای ئاسـنینم دەبینی کە شـەپۆلی بزمار و تۆپی ئاسـنین لە پاسە سپییەکەیان دەدا، پاسەکەش وردە وردە لە پێشەوی نوقم دەبوو. دڕنـدەکـانیش کە لەنـاویـدا بوون تۆقی بوون، بە دەستەکانیان لە جامەکانیان دەدا تاکو بیشکێنن.

سوودی نییە، جامەکان ناشکێن.

چاوەکانم کردنەوە.

"میکێلی، هەستە"، باوکم لەسەر لێواری جێگایەکە دانیشتبوو و شانی ڕادەتەکاندم. "پێویستە قسەت لەگەڵدا بکەم."
ژوورەکە تاریک بوو، جگە لە ڕووناکییەکی کز نەبێت کە سەقفەکەی گرتبۆوە. چاوەکانیم نەدەبینی، نەمدەزانی کە ئایا توڕەیە یان نا.
لە چێشتخانەکە دەمەقالێ هەر بەردەوام بوو.
-میکێلی، ئەمڕۆ چیت کرد؟
-هیچ.
-قسەی قۆڕ مەکە.
توڕە بووبوو.
-هیچم نەکردووە، سوێند دەخۆم.
-فلیتچی تۆی لەگەڵ ئەو منداڵە بینیوە، دەیگوت کە ویستووتە یارمەتی بدەیت بۆ ئەوەی هەڵبێت.
هەستام و دانیشتم.
-نەخێر! وانییە! سوێند دەخۆم! لە چاڵەکە دەرمهێنا و دواتر خستمەوە ناوی. نەمدەویست یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی ڕاکات، فلیتچی درۆ دەکات.
-هێورتر قسە بکە، خوشکەکەت خەوتووە.
ماریا لەسەر زگی درێژ بووبوو و باوەشی بە سەرینەکە دابوو.
بە چرپە گوتم: بڕوام پێ ناکەیت؟
سەیری کردم، لەناو ئەو تاریکییەدا چاوەکانی وەکو چاوی سەگ دەدرەوشانەوە.
-چەند جار بینیوتە؟
-سێ جار.
-چەند جار؟
-چوار جار.
-دەتناسێتەوە؟

-چی؟
-ئەگەر بتبینێت ئەوا دەتناسێتەوە؟
کەمێک بیرم کردەوە.
-نەخێر، ئەو نابینێت، سەری هەمیشە لە ژێر بەتانییەکەدایە.
-ناوی خۆتت پێ گوتووە؟
-نەخێر.
-قسەت لەگەڵ کردووە؟
-نەخێر... ڕاستی کەمێک.
-چی پێ گوتوویت؟
-هیچ، باسی شتانێکی سەیر دەکات کە هیچ کەس لێیان تێناگات.
-ئەی تۆ چیت پێ گوتووە؟
-هیچ شتێک.
هەستا، دیار بوو کە دەیەوێت بڕوات، بەڵام دووبارە لەسەر لێواری جێگایەکە دانیشتەوە.
"باش گوێ بگرە. بە جددیمە، ئەگەر جارێکی تر بۆ ئەوێ بگەڕێیتەوە ئەوا بە لێدان دەتکوژم، وە گوللەیەکیش دەخەنە تەپڵی سەری ئەو منداڵە".
دواتر بە توندی ڕایتەکاندم. "ئەمە هەمووی بە هۆی تۆوەیە".
بە منگەوە گوتم: هەرگیز جارێکی تر بۆ ئەوێ ناگەڕێمەوە.
-سوێند بە سەرم بخۆ.
-سوێند بە سەرت دەخۆم.
-بڵێ کە سوێند بە سەرت بێت هەرگیز جارێکی تر بۆ ئەوێ ناگەڕێمەوە.
-سوێند بە سەرت بێت هەرگیز جارێکی تر بۆ ئەوێ ناگەڕێمەوە.
-سوێندت بە سەری باوکت خوارد.

دواتر بێدەنگ بوو و لە پەنام مایەوە.
لە چێشـــتخانەکە باوکی باربرا و فلیتچی دەمەقاڵێیەکی توندیان بوو.
باوکم لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد.
-ئەو کورە لەبیر بکە، ئەو چیتر بوونی نییە. سـەبارەت بەمەش قسە لەگەڵ هیچ کەسێک مەکە، هیچ کەسێک.
-تێگەیشتم، بۆ ئەویٚ نارۆمەوە.
جگەرەیەکی پێکرد.
لێم پرسی: هێشتا لێم تورەیت؟
"نەخێر، بخەوە"، دووکەڵەکەی بە قووڵی مژی و دەســـتەکانی لەســـەر لێواری پەنجەرەکە دانا. قژی لە ژێر ڕووناکی عامودە کارەباییەکە دەدرەوشایەوە.
-بەڵام مەعاز بە خوا منداڵی خەڵک بۆچی باشـــن و تۆش هەر کێشە دەنێیتەوە؟
-کەوایە هێشتا تورەیت.
-نەخێر، تورە نیم، واز لەوە بێنە.
سـەری خسـتە نێوان دەسـتەکانی و بە دەنگێکی زۆر کز گوتی: ئای چ دەردەسەرییەکە...
سەری بە لای ڕاست و چەپدا دەبرد.
"شـــتەکان هەڵە دەردەکەون کاتێک..." بە ئەســـتەم وشـــەکانی لە دەمەوە دەهاتنە دەرەوە. "جیهان هەمووی هەڵەیە میکێلی."
هەستا و پشتی کەمێک ڕاکشاند، خۆی ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن.
-بخەوە، دەبێت بچمەوە لایان.
-باوکە، دەتوانیت شتێکم بۆ ڕوون بکەیتەوە؟
جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە فڕێدا.
-چیت دەوێت؟
-بۆچی خستبووتانە ناو ئەو چاڵەوە؟ تێناگەم.

-ئەوەیان گرنگ نییە، لەبیری بکە.

-باشە.

-بەمزووانە دەڕۆین.

-بۆ کوێ؟

-بۆ باکوور، پێت خۆشە؟

سەری ڕازیبوونم لەقاند.

هاتەوە لام و ســـەیری چاوەکانی کردم. بۆنی مەی لە دەمییەوە دەهات.

-میکێلی، وەکو پیاوێک قســەت لەگەڵدا دەکەم، باش گوێ بگرە. ئەگەر بچیتەوە لای ئەوا دەیکوژن، سـوێندیان خواردووە. ئەگەر دەتەوێت نەیکوژن و لێرە بڕۆین، ئەوا مەگەڕێوە لای. ناشـــبێت ئەمە بە هیچ کەسێک بڵێیت، تێگەیشتیت؟

-تێگەیشتم.

سەری ماچ کردم.

-ئێستا بخەوە و چیتر بیری لێ مەکەوە. پێم بڵێ، باوکت خۆش دەوێت؟

-بەڵێ.

-دەتەوێت یارمەتی بدەیت؟

-بەڵێ.

-کەوایە هەموو شتێک لەبیرکە.

-باشە.

-دەی بخەوە.

دواتر (ماریا)شی ماچ کرد بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، لەدوای خۆشی دەرگایەکەی بە هێمنی داخست.

# بەشی حەوتەم

هەموو شتێک پشێواو بوو. مێزەکە پڕ بوو لە بوتڵ و پەرداخ و قاپی پیس، مێشیش بەسەر پاشماوەی خواردنەکان دەخوولانەوە، پیاڵەکانیش پڕ بوون لە جگەرە، کورسییەکانیش لەوێ و لەوێ کەوتبوون و بۆنی دوکەڵ هەموو شوێنێکی گرتبۆوە.

دەرگای ژوورەکەم کرابۆوە، پیرە پیاوەکە لەسەر جێگای خوشکەکەم خەوتبوو، دەمی کرابۆوە و قۆڵێکیشی لەسەر جێگایەکە بەرەو خوارەوە کەوتبوو. جار جار دەستی دەجووڵاند و لە لووتی دەدا، مێش بێزاری کردبوو. باوکم ڕووی لە دیوارەکە بوو کە خەوتبوو، دایکیشم لەسەر قەنەفەکە خەوتبوو و بەناو خۆیدا کشابۆوە. بەتانییەکی سپی چنراوی بە خۆیدا دابوو، جگە لە قژی ڕەش و بەشێکی نێوچاوانی و پێیەکی ئەوا هیچی تری دەرنەدەکەوت.

دەرگای دەرەرە کرابۆوە، بۆیە بایەکی کزی گەرم دەهاتە ژوورەوە و هەندێک پەڕی ڕۆژنامەی دەجووڵاند کە لای بەفرەخەرەکە بوون.

کەڵەشێر خوێندی.

بەفرەخەرەکەم کردەوە، شیرەکەم دەرهێنا و لە پەرداخێکم کرد، دواتر بەرەو باڵکۆنییەکە ڕۆیشتم. لەسەر پلیکانەکان دانیشتم و لە ڕووناکی بەرەبەیان ڕامام. ڕەنگێکی پرتەقاڵی هەبوو کە کەمێک ڕەنگی وەنەوەشەیی لیج ناوەخنی گرتبوو و بە درێژایی ئاسۆ وەکو لۆکەیەک درێژ بووبۆوە. جگە لەوانەش ئاسمان ڕەشێکی ساف بوو کە هێشتا هەندێک ئەستێرەی تێدا دەگەشانەوە.

شـــیرەکەم خواردەوە و پەرداخەکەم لەســـەر پلیکانەیەک دانا، دواتر بەرەو شەقامەکە ڕۆیشتم.
تۆپی کەڵلەسەر لە پەنا کورسییە گشتییەکە بوو، شەقێکم لێدا و ڕۆیشتە بن ئۆتۆمبێلی پیرە پیاوەکە.
لە کۆگایەکە تۆکو دەرکەوت، دەنگێکی نواند و لە هەمان کاتیشدا باوەشـــکێکی هات. قاچەکانی بردە دواوە و کەمێک جەســـتەی خۆی ڕاکشاند، دواتر بە جووڵانی کلکییەوە بەرەوم هات.
بەسەر ئەژنۆیەکمدا نزم بوومەوە. "چۆنیت تۆکو؟"
بە شاویلگەکەی دەستی خستمە ناوی دەمی و ڕایدەکێشام، توند نەیگرتبووم، بەڵام ددانەکانی تیژ بوون.
"دەتەوێت بۆ کوێم ببەیت؟ پێم بڵێ دەتەوێت بۆ کوێم ببەیت؟"
بەرەو کۆگایەکە بەدوای کەوتم. کۆترێک کە لەســـەر عامودێکی پاڵ سەقفەکەوە بوو فڕی و لەوێ نەما.
جێگـای مـانەوەی لە ســـووچێکی ســـەر زەوی زەوی بوو. بەتانییەکی کۆنی خۆڵەمێشی، کون کون بوو.
"دەتەوێت شوێنەکەتم نیشان بدەیت؟"
تۆکو ڕاکشا و قاچەکانی وەکو مریشکی برژاو کردەوە.
دەمزانی چی دەوێت، بە پەنجەکانم مەســاجم بۆ گەدەی دەکرد، زۆری پێ خۆش بوو، هەر کلکی بەولا و بەولا دەسووڕاند.
بەتانییەکە ڕێک وەکو بەتانی فیلیپۆ وابوو.
لووتم لێی نزیک کردەوە، وەکو بەتانییەکەی ئەو بۆگەن نەبوو، تەنیا بۆنی سەگی لێوە دەهات.

لەسەر جێگا ڕاکشابووم، گۆڤاری "تاکس"م دەخوێندەوە.
تەواوی ڕۆژەکە لە ژوورەکەمدا مامەوە، ڕێک وەکو ئەو ڕۆژانەی کە تووشی تا دەبووم و نەدەچووم بۆ قوتابخانە. ریمۆ هاتە لام

و لێی پرســیم کە ئایا دەمەوێت یاری بکەم، بەڵام ڕەتم کردەوە گوتم نەخۆشم.
داکم ماڵەکەی خاوێن کردەوە تاکو درەوشایەوە، دواتر ڕۆیشت بۆ لای دایکی باربرا. باوکم و پیرە پیاویش هەر کە لە خەو هەستان ئەوا ڕۆیشتنە دەرەوە.
خوشــکەکەم بە ڕاکردنەوە هاتە ژوورەوە و بە دڵخۆشــییەکی زۆرەوە بازیدایە سەر جێگا، شتێکی لە پشتەوەی گرتبوو.
"بزانە باربرا چی پێداوم"
گۆڤارەکەم نزم کردەوە. "نازانم."
-دەی بزانە چیم پێیە.
-نازانم.
وزەی یاریکردنم نەبوو.
دەستی هێنا و (کان)ی نیشاندام، مێردی باربی. ئەو باڵا بەرز و کزە لەخۆباییە.
-بەم شێوەیە پێکەوە دەتوانین یاری بکەین. من پاولا دەگرم و تۆش کــان بگرە، دواتر جلوبەرگەکــانیــان دادەنێین و لە بەفرەخەرەکەیــان داوێین تــاکو بــاوەش بە یەکتریــدا بکەن. تێگەیشتیت؟
-حەزم لە یاریکردن نییە.
تێم ڕاما.
-ئەوە چیتە؟
-هیچم نییە، برۆ وازم لێ بێنە، خەریکی خوێندنەوەم.
ماریا هەستا. "بەڕاستی بێزارکەریت"، دواتر ڕۆیشت.
ڕۆیشـــتمەوە ســـەر خوێندنەوە، چاپێکی تازە بوو کە ریمۆ بۆ ماوەیەکی کاتی پێیدابووم. بەڵام نەمتوانی ســـەرنجم بخەمە سەری، بۆیە فڕێمدایە سەر زەوی.
بیرم لە فیلیپۆ دەکردەوە.

ئێســـتـا چی بکەم؟ بەڵێنم پێـدابوو کە بگەڕێمەوە لای، بەڵام ناتوانم، ســـوێندم بۆ باوکم خوارد کە نەگەڕێمەوە لای. ئەگەر بشگەڕێمەوە لای، ئەوا تەقەی لێ دەکەن.

بەڵام بۆچی؟ نەمدەویســـت ڕاکات، تەنیا قســـەم لەگەڵی دەکرد، ئەوە هیچ زیانێکی نییە.

فیلیپۆ چـاوەڕێمە، لەوێیە لەنـاو چاڵەکە، بیر دەکـاتەوە کە کەی دەگەڕێمەوە لای، کەی تکەکەی بۆ دەبەم.

بە دەنگێکی بەرز گوتم: ناتوانم بێم!

کۆتا جار کە چوومە لای ئەوا پێم گوت: بینیت؟ ئەوەتا هاتم.

ئەویش گوتی کە دەیزانی، ورچەشـــۆرەکـان پێیـان نەگوتبوو، بەڵکو خۆی دەیزانی چونکە بەڵێنم پێدابوو.

تەنیـا دەمەوێـت پێنج خوولەک لەگەڵی بـدوێم. "فیلیپۆ، چیتر نـاتوانم بێمەوە لات، ئەگەر بێمەوە ئەوا دەتکوژن، بمبەخشـــە، هەڵەی من من نییە"، بەم شـــێوەیە دڵی ئاســـوودە دەبێت. بەڵام ئەگەر نەگەڕێمەوە بۆ لای، ئەوا وادەزانێت کە نامەوێت بیبینم و بەڵێنی خۆم نابەمە سەر، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. هەر بیرم لەوە دەکردەوە.

خۆ ئەگەر منیش نەتوانم بچمە لای، ئەوا بـاوکم دەچێتە لای. "ببوورە فیلیپۆ، میکێلی نـاتوانێـت بێتە لات و بەڵێنەکەی ببـاتە سـەر، چونکە ئەگەر وابکات ئەوا دەتکوژن. سـڵاو و ڕێزی بۆت هەیە."

دەنگم بەرز کردەوە. "بەسە، پێویستە لەبیری بکەم!"

دەنـگم لە ژوورەکە نەچۆ دەرەوە. گۆڤـارەکەم هەڵـگرت و ڕۆیشـتمە سـەراو، لەسـەر ئاودەسـتەکە دانیشـت بووم و دەسـتم کرد بە خوێندنەوە، بەڵام ڕێک وازم هێنا.

باوکم لە شەقامەکەوە بانگی دەکردم.

چی لە من دەوێت؟ خۆ هیچم نەکردووە. پانتۆڵەکەم لەبەرکردەوە، نەچوومە دەرەوە، بەرەو لای باڵکۆنییەکە ڕۆیشتم.
"وەرە! وەرە!" ئاماژەی پێدام کە بچمە خوارەوە. لای بارهەڵگرەکە وەستابوو، دایک و ماریا و کەللەسەر و (باربرا)ش لەوێ بوون.
"چی بووە؟"
دایکم گوتی: وەرە، سوپرایزێکمان بۆت هەیە.
فیلیپۆ، باوکم ئەوی ئازاد کردووە و بۆ لای منی هێناوە.
دڵم خێرا لێی دەدا، خێرا ڕۆیشتمە خوارەوە.
-لە کوێیە؟!
-لە شوێنی خۆت بمێنەوە.
باوکم ڕۆیشتە سەر بارهەڵگرەکە و سوپرایزەکەی دەرهێنا.
باوکم پرسی: پێت چۆنە؟
دایکیشم لە دوای ئەو گوتی: بەدڵتە؟
پاسکیلێکی سوور بوو کە سووکانەکەی لە قۆچی گامێش دەچوو و تایەی پێشەوەشی بچووکتر بوو. گێڕدار بوو، سێ گێڕ. قایشی تایەکە پتەو بوو، کوشنییەکەش بە ئەندازەیەک پان بوو کە جێگای دوو کەس دەبۆوە لەسەری.
دایکم دووبارە پرسی: چییە، بەدڵت نییە؟
سەری ڕازی بوونم لەقاند.
چەند مانگێک لەمەوبەر پاسکیلێکی لەو شێوەیەم لە لوچیانۆ بینی بوو، بەڵام وەکو ئەمە جوان نەبوو. دەسکی سووکانەکەی ڕەنگی زیوی نەبوو و تایەی پێشەوەشی بچووکتر نەبوو. ڕۆیشتمە ناو دوکانەکە و تێیڕامام. فرۆشیارەکە منی بینی، پیاوێکی باڵا بەرزی سمێڵدار بوو، چاکەتێکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو.
-جوانە، وایە؟
-زۆر جوانە.

-کۆتا دانەیە، ئەمە هەلی تۆیە. بۆچی بە دایک و باوکت ناڵێیت بۆت بکڕن؟
-دەتوانم، بەڵام...
-بەڵام چی؟
-پاسکیلم هەیە.
-ئەوە؟
بە بێزەوە ئاماژەی بە "زبڵ"دا کە بە لای عامودێکی کارەباوە وەستاندبووم.
-پاسکیلی باوکم بووە.
-بیکە بەمە، بە دایک و باوکت بڵێ. ئەمەیان زۆر لەوەی تۆ باشترە، کەشخەیە.
ڕۆیشتم، تەنانەت بە مێشکیشمدا نەهات نرخەکەشی لێ بپرسم. ئەم پاسکیلە زۆر لەوەش جوانترە.
لەسەر قەدی ئاسنی سەرەوە شتێک بە ڕەنگێکی زێڕین نووسرابوو. "ڕێد دراگۆن-ئەژدیهای سوور."
لە باوکم پرسی: ڕێد دراگۆن واتا چی؟
شانی ڕاتەکاندن و گوتی: لە دایکت بپرسە، ئەو دەزانێت.
دایکم دەستی لەسەر دەمی دانا و بە پێکەنینەوە گوتی: بەڕاستی گەمژەیت! جا من زمانی ئینگلیزی لە کوێوە دەزانم؟
باوکم ئاوڕی لێ دامەوە.
-چاوەڕێی چی دەکەیت؟ تاقی ناکەیتەوە؟
-ئێستا؟
-ئەی کەی، سبەی؟
نەمدەویست لە بەردەمی هەمووان تاقی بکەمەوە. "دەتوانم هەڵیگرم بۆماڵەوە؟".
کەللەسەر سواری پاسیلەکە بوو و گوتی: مادام نایەوێت ئەوا منی تاقی دەکەمەوە.

دایکم بە لەپی دەستی لە سەری کەللەسەری دا.
"وەرە خوارەوە! ئەوە پاسکیلی (میکێلی)یە".
باوکم لێی پرسیم: بەڕاستی دەتەوێت بیبەیتە سەرەوە؟
-بەڵێ.
-دەتوانیت؟
-بەڵێ.
-باشە، بەڵام تەنیا ئەمڕۆ...
دایکم هاواری کرد.
-بینۆ، ئەوە شێت بوویت؟ پاسکیلەکە بباتە ناوماڵەوە؟ جێ شوێنی تایە جێدێڵێت.
-ئەو ناهێڵێت.
خوشکەکەم چاویلکەکەی لەسەر چاوەکانی هێنایە خوارەوە و فڕێیدایە سەر زەوی، دواتر دەستی کرد بە گریان.
باوکم زۆر توڕە بوو. "ماریا! هەر ئێستا ئەو چاویلکەیەت هەڵدەگریتەوە!"
ماریا قۆڵەکانی لەسەر سنگی لەیەک هاڵاندن.
-نەخێر! هەڵی ناگرمەوە. ئەمە نادادپەروەرییە، هەموو شتێک بۆ (میکێلی)یە، هیچ بۆ من نییە!
-سەرەی تۆش دێت.
باوکم لە بارهەڵگرەکە کارتۆنێکی دەرهێنا کە بە کاغەزی شین داپۆشرابوو و بە داوێکی ڕەنگاوڕەنگ گرێ درابوو. "ئەمەش هی تۆیە".
ماریا چاویلکەکەی هەڵگرتەوە و دواتر هەوڵیدا گرێیەکە بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، بۆیە بە ددانەکانی پچڕاندی.
"چاوەڕێکە، کاغەزەکە جوانە، هەڵیدەگرین" دایکم کاغەزەکەی لێ کردەوە و بردی.

ناو کارتۆنەکە بووکەڵەیەکی باربی تێدابوو کە تاجێکی لەسەر بوو و پۆشاکێکی سپی لەبەردا بوو کە بە جەستەیەوە نووسابوو، قۆڵەکانیشی ڕووت بوون.

ماریا خەریک بوو لەخۆشیان لەهۆش خۆی بچێت.

"باربی سەماکەر..." ڕووی لە من کرد، "زۆر جوانە!"

باوکم دەرگای دواوەی بارهەڵگرەی داخستەوە.

"دەبێت ئەم دیارییانە تاکو دە ساڵی تر بێدەنگتان بکات."

من و ماریا بەسەر پلیکانی ماڵەوەدا سەرکەوتین، پاسکیلەکەم لەسەر شان بوو و ئەویش بوکەڵەکەی بە دەستەوە بوو. ماریا لە کاتێکدا سەیری بوکەڵەکەی دەکرد ئەوا گوتی: زۆر جوانە، وایە؟

-بەڵێ، جوانە. ناوی چی دەبێت؟

-باربرا.

-بۆچی باربرا؟

-چونکە باربرا گوتی کە گەورە بوو ئەوا دەبێت بە باربی، (باربی)ش بە ئینگلیزی (باربرا)یە.

-ئەی چی لە باربی "داماو" دەکەیت؟ فڕێی دەدەیت؟

-نەخێر، دەیکەمە خزمەتکار.

دواتر سەیری کردم.

-حەزت بە دیارییەکەت نایەت؟

-حەزم پێی دێت، بەس وامزانی شتێکی ترم پێ دەدەن.

ئەو شەوە لەگەڵ پیرە پیاوەکە خەوتم.

ڕۆیشتبوومە سەر جێگا و خەریک بوو لە خوێندنەوەی تاکس تەواو بم کە هاتە ژوورەوە. ڕێک وەکو ئەوە وابوو بە کاتێکی کەم بیست ساڵی تریش پیر بووبێت، ڕووخساری هەروەکو خۆی بوو، بەس ئێستا لە کەللەسەرێکی ڕووت دەچوو.

باوەشکی هات. "خەوتوویت؟"
گۆڤارەکەم لابرد و ڕووم لە دیوارەکە کرد. "نەخێر."
"ئاهـــــ بەڕاسـتی تێکشـکاوم..."، ئەو چرایە کارەباییەی کە لە تەنیشـت جێگایەکەی بوو هەڵیکرد و دەسـتی کرد بە داکەندنی جلوبەرگەکانی. "ئەم سـەفەرە مەودای زۆر دووری پێ بڕیم، پشتم شکاوە. پێویستە بخەوم."
پانتۆڵەکەی بەرز کردەوە و تێیڕاما، دواتر وەکو ئەوەی بێزی لێ بکاتەوە لووتی لێ بادا. "پێویسـتە جلوبەرگی تازە بکڕم" دواتر پۆتین و گۆرەوییەکـانی داکەنـد و لەسـەر لێواری پەنجەرەکەی دانا.
بۆنێکی ناخۆش لە پێیەکانی دەهات.
لەناو جانتایەکەی گەڕا و بوتڵی "سـتۆک هەشـتا و چوار"ی دەرهێنا و قمێکی پێکرد. ڕووخساری گرژ بوو، بە پشتی دەستی دەمی سڕییەوە.
"بە نەفرەت بێت! تامی زۆر ناخۆشە"، دواتر جزدانەکەی کردەوە، دوای ئەوەی کردییەوە ئەوا لە وێنەیەک ڕاما و لێی پرسـیم: دەتەوێت کوڕەکەم ببینیت؟
وێنەکەی بەرەوم درێژ کردەوە.
ئەو وێنەیە بوو کە ئەو ڕۆژە لەناو جزدانەکەیدا سـەیرم کرد، فرانچیسکۆ بوو بە جلی فیتەرییەوە.
-کوڕێکی قۆزە، وایە؟
-بەڵێ.
-لەم وێنەیەدا تەندرووستی باش بوو، دواتر نەخۆش کەوت.
پەپوولەیەکی شـەوی ڕەنگ قـاوەیی لە پەنجەرەکەوە هـاتە ژوورەوە، بە بـاڵەکـانی لە چرایە کـارەبـاییەکەی دەدا. هەر جارێکیش خۆی لە شـووشـەی چرایەکە دەدا، ئەوا دەنگێکی قەتیسکراوی لێوە دەهات.

پیرە پیاوەکە ڕۆژنامەیەکی لوولدا و کوشـــتی. "نەفرەت لەم حەشەراتانە!"، وێنەیەکی تری پێدام. "ئەمەماڵی منە."
ڤێلایەکی بچووک بوو کە پەنجەرەکانی بۆیاغێکی سـوورریان لێ درابوو. لە پشـت ئەو سـەقفەی کە لە کا درووسـتکرابوو چوار داری خورمـا دەردەکەوتن، لە پێش دەرگـایەکەش ئـافرەتێکی ڕەش پێست دانیشتبوو کە بیکینییەکی (جلی مەلەکردن-وەرگێڕ) زەردی لەبەردا بوو. قژێکی درێژی هەبوو و "جەمبۆنـا"یەکی لەناو دەسـتەکانیدا بوو، وەکو ئەوە وابوو کاسـەیەکی جیهانی گرتبێت. لە پاڵ خانووەکەش گەراجێکی بچووکی چوارگۆشـەیی هەبوو کە لە بەردەمیدا ئۆتۆمبێلێکی سپی وەستابوو کە دەوری گلۆپەکانی پێشەوەی ڕەش بوو.
لێم پرسی: ئەوە چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکە؟
"کادیلاکە، بە دەسـتی دوو کڕی بووم، بەڵام بە شـەرتە. تەنیا تایەکانم لێ گۆڕین."
کراسەکەی داکەند.
-هەلێکی زێڕین بوو.
-ئەی ئەم ئافرەتە ڕەش پێستە کێیە؟
لەسەر جێگایەکەی ڕاکشا.
-هاوسەرمە.
-هاوسەرەکەت ڕەش پێستە؟
-بەڵێ، ژنە پیرەکەم جێهێشت. ئەمەیان تەمەنی بیست و سێ ساڵە، گوڵەباخە، ناوی (سـۆنیا)یە. وانەزانیت ئەوەی بە دەسـتییەوەیەتی "جەمبۆنا"یە، بەڵکو "سـپێک"ە (جەمبۆنایەکی هەڵمێندراوە کە لە باکووری ئیتاڵیا درووسـت دەکرێت، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڤینیتۆ و ترانتینۆ)، باشـترین جۆری سـپێک لە ڤینیتۆ. لە بەڕازیل شـتی وای لێ نییە، بۆیە بە خواردنێکی دەگمەن دادەنرێـت. نـاردنی ئەوە کـارێکی زۆر قورس بوو،

تەنانەت لە گومگریش ڕایانگرتم چونکە وایاندەزانی ماددەی هۆشبەری تێدایە... دەی با واز لە قسە بێنین، چرایەکە دەکوژێنمەوە، ماندووم.

تاریکی ژوورەکەی داگیر کرد، دەنگی هەناسەی و چەند دەنگێکی سەیری تر بە گوێم دەگەیشتن کە بە دەمی درووستی دەکرد.

لەپڕ پێی گوتم: نازانیت ژیانی ئەوێ چۆنە، ژیانکردن لەوێ هیچی تێناچێت. هەمووان خزمەتت دەکەن، تۆش هیچ ناکەیت. وەکو ئەم وڵاتە پیسە نییە، سوێند بێت بۆ هەتاهەتایە لێرە دەڕۆم.

لێم پرسی: بەڕازیل لە کوێیە؟

-لێرەوە زۆر زۆر دوورە، دەی شەوشاد.

-شەوشاد.

# بەشی هەشتەم

هەموو شتێک وەستا.

جنۆکەیەک دارە جادووییەکەی خەڵکی ئاکوا تراڤرسی خەواند و ڕۆژە گەرمە بێ کۆتایەکانیش بەردەوام بوون.

گەورەکان هەر لە ژوورەوە دەمانەوە، نەیاندەویست بێنە دەرەوە. پێش ئەوە جاران مێزەیەکیان دەهێنایە دەرەوە و دوای ژەمی ئێوارەش یاری کۆنکانیان دەکرد، بەڵام ئێستا هەر لە ژوورەوە دەمێننەوە. دوای ئەو ڕووداوانە فلیتچی بەدەرنەکەوتەوە، باوکیشم تەواوی ڕۆژەکە لەناو جێگادا دەمایەوە، تاکە کەسێکیش قسەی لەگەڵ کردبا پیرە پیاوەکە بوو. دایکیشم چێشتی لێدەنا و (سلڤاتۆری)ش لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرەوە.

سواری پاسکیلە تازەکەم بووم، هەمووان دەیانەویست لێیخوڕن. کەللەسەر لەسەر یەک تایە تەواوی ئاکوا تراڤرسی دەبڕی، کەچی من نەمدەتوانی دوو مەتریش ببڕم. زۆر جار حەزم لە تەنیایی بوو، بۆیە بە پاسکیلەکەم دەچوومە پشت جۆگەلە وشکەکە و چەند ڕێگایەکم دەگرتنەبەر کە بەرەو شوێنی دووریان دەبردم، بۆ کۆمەڵە شوێنێک کە تەنیا عامودی کارەبایی تێکشکاو و پەرژینی ئاسنینی ژەنگاوی لێبوو. لە دوورەوەش دەڕاسەکان دەردەکەوتن کە لەناو گەرما چۆن سوور دەبوونەوە.

وەکو ئەوە وابوو خودا سەری زەوی تاشی بێت. هەندێک جار ئەو بارهەڵگرانەی گەنمیان بار دەکرد بەناو "ئاکوا تراڤرسی"دا دەهاتن و لەپشت خۆیانەوە دووکەڵێکی ڕەشیان جێدەهێشت.

کە دەچوومە سەر شەقام ئەوا هەستم دەکرد چاودێری دەکرێم. هەستم دەکرد دایکی باربرا لەپشت پەنجەرەکانەوە سەیرم

دەکات، تێبینی کەللەســـەریشـــم کردبوو کە بە گوێی (ریمۆ)یدا دەچرپـانـد و لە منیـان دەڕوانی، (بـاربرا)شـــم دەبینی کە زەردەخەنەیەکی سەیری بۆ دەکردم. کاتێک تەنیاش دەبووم یان کە دەچوومە ســـەر درەختی خەرووبەکە یـاخود لەســـەر پاسکیلەکەم دەبووم، ئەوا ئەو هەستە جێی نەدەهێشتم. تەنانەت کاتێک لەناو ئەو دەریای گوڵەگەنمانەدا ڕێگام بۆ خۆم دەکردەوە و جگە لە ئاســـمان هیچی تر دیار نەبوو، ئەوا هەســـتم دەکرد هەزاران چاو چاودێریم دەکەن.

مەترسن، بۆ ئەوێ ناڕۆم، بەڵێنم داوە.

بەڵام گردەکە لەوێ بوو، چاوەڕێی دەکردم.

ســـەرەتا تاکو زەوی میلیکێتی دەچووم، بەڵام دوای ئەوە بێ ئەوەی هەســـت بکەم ئەوا هەموو ڕۆژێک هەنگاوێکی زیاتری ترم دەبڕی.

فیلیپۆ لەبیری کردبووم، هەستم بەوە دەکرد.

فیلیپۆ؟ فیلیپۆ، گوێت لێمە؟

ناتوانم بێمە لات، ناتوانم.

بیر لە من نـاکـاتەوە، لەوانەیە مردبێـت، لەوانەیە چیتر لەم گەردوونەدا نەمابێت.

شەوێکیان دوای نانخواردن چوومە سەر جێگا و دەستم کرد بە خوێندنەوە، ڕووناکییەکی کز لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە، گوێم لە دەنگی جووڵەی قالۆنچەکان بوو کە چۆن دەنگیان لێوە دەهات، لە کاتێکیشـــدا کە گۆڤاری "تیرامۆلا"م بەدەســـتەوە بوو ئەوا خەوم لێکەوت. لە خەومدا بینیم شـەوە، بەڵام هەر دەمبینی. گردەکان لە تاریکیدا دەجووڵان، وەکو کیسـەڵێک بە هێواشـی لە ژێر بەرگی خاکدا دەهاتنە دەرەوە و چاوە ســـوورەکانیان کە وەکو چاڵی ســـوور وابوون بەولا و بەولادا دەســـووڕاند بۆ ئەوەی دڵنیـابن کە هیچ کەســـێک نـایـانبینێـت. دوای ئەوە

هەڵدەســـتان، شـــێوەیان وەکو زەبەلاحێک وابوو کە بە خۆڵ و گوڵەگەنم داپۆشراون، بەرەوم دەهاتن و لەژێر گڵیان دەنام.
کە لە خەو هەســـتام ئەوا لە ئارەقەدا خوســـابووم، بۆی لای بەفرەخەرەکە ڕۆیشـــتم تـاکو پەرداخێک ئـاو بخۆمەوە. هەر وێنایی زەبەلاحەکانم دەکرد.
چوومە دەرەوە و سواری "زبڵ" بووم.

خۆم لەســـەر ئەو ڕێگـایە بینییەوە کە بەرەو کۆخە کۆنەکە دەچوو.
گـردی بەرامـبەرم تەمـێکی گەرم دایـپۆشـــی بـوو، لەنـاو گوڵەگەنمەکانیشـــدا وام بۆ دەردەکەوت کە دوو چاوی ڕەش هەنە و سـەیرم دەکەن، ڕێک لە ژێر لووتکەکە. بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەوانە تەنیا پەڵەیەکی ڕووناکی بوون، لاری زەوی. خۆر وا ئاوا دەبێت، تیشکەکەی کزتر و کزتر دەبێتەوە. سێبەری لووتکەکەش وردە وردە گردەکەی دادەپۆشی.
دەتوانم سەرکەوم، بەڵام دەنگی باوکم ڕێگری لێ دەکردم. "باش گوێبگرە، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەوا دەیکوژن، ســـوێندیان خواردووە."
کێ؟ کێ سوێندی خواردووە؟ کێ دەیکوژێت؟
پیرە پیاوەکە؟ نەخێر، ئەو هێزی ئەوەی نییە.
ئەوان زەبەلاحەکـانـی زەویـن، گەورەی گـردەکـانـن. لەنـاو زەوییەکاندا درێژ بوونە و هیچ کەسێک نایانبینێت، بەڵام شەوانە هەڵدەسـتن و بەسـەر زەویدا دەڕۆن. ئەگەر ئێسـتا بچم بۆ لای فیلیپۆ، تەنانەت ئەگەر ڕۆژیش بێت، ئەوا وەکو شـــەپۆلی زەریا هەڵدەستن و بەرەو لای دەڕۆن و لەبن گڵی دەنێن.
"بگەڕێوە میکێلی، بگەڕێوە." ئەوە دەنگی لاوازی خوشـــکە بچووکەکەم بوو.

ئاڕاســـتەی پێچەوانەم گرت و بەناو گوڵەگەنمەکاندا ڕۆیشـــتم، بەناو چاڵەکاندا. وەکو شـێتێک پێم لە پایدەرەکان دەنا بۆ ئەوەی لەدەستی ئەو درندانە ڕزگارم بێت.

لە ژێر بەردێک لە دۆڵە وشکەکە خۆم شاردبۆوە. ئارەقم دەکرد و ئەو مێشوولە نەفرەتییانە وازیان لێ نەدەهێنام.
کەللەســـەر هەمووانی دۆزیبۆوە، تەنیا من مابوومەوە. ئێســـتا قورســـتر بوو، دەبوایە ڕامکردبا و بێ وەســـتان بەرەو درەختی خەرووبەکە ڕۆیشتبام و گوتبام: چاڵ! هەمووتان ئازادن!
بەڵام کەللەســەر لەوێ بوو، لە نزیک درەختەکە، وەکو ســەگێکی ڕاو وریا بوو. هەر ئەوەندە من ببینێت، ئەوا بە چوار هەنگاو پێم دەگاتەوە و دەمگرێت.
دەی خۆ هەر دەبێت ڕاکەم. ئەگەر ســەرکەوتوو بووم ئەوا زۆر باشە، ئەگەریش نا ئەوا گرنگ نییە.
خەریک بوو بجووڵێم کە لەپڕ سێبەرێکی ڕەش هاتە سەرم.
کەللەسەر!
نەخێر، سـلڤاتۆری بوو. "کەمێک خۆت لادە ئەگینا دەمبینێت، لەم نزیکانەیە."
کەمێک جێگام بۆ کردەوە و ئەویش هاتە ژێر بەردەکە.
بێ ئەوەی هەست بکەم ئەوا لێم پرسی: ئەی ئەوانی تر؟
"ئەوانی تری گرتووە، تەنیا من و تۆ ماوین."
لەوەتەی ئەو ڕۆژەوە ئەوە یەکەم جار بوو پێکەوە قسە بکەین.
کەللەســـەر لێی پرســـیم کە بۆچی شـــەڕم لەگەڵ ســـلڤاتۆری کردووە.
منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: شـــەڕمان نەکردووە، هەر ئەوەیە کە حەزم بە سلڤاتۆری نایەت.

کەللەســەر کە ئەوەی بیســت ئەوا قۆڵێکی بە دەوری شــانەکانم داهێنا و گوتی: براڤۆ! ئەو کوڕێکی گێژە.

سلڤاتۆری ئارەقی ناوچاوانی سڕییەوە.

-کاممان بچێت بۆ ڕزگارکردنی چاڵەکە؟

-تۆ بڕۆ.

-بۆچی؟

-چونکە خێراتریت.

-تەنیا بۆ مەودای درێژ خێرام، بەڵام بۆ گەیشـــتن بە درەختی خەرووبەکە تۆ خێراتریت.

بێدەنگ مامەوە.

-بیرۆکەیەکم هەیە. پێکەوە دەڕۆین، کە کەللەسەریش دەرکەوت ئەوا دێمە نێوانتـانەوە. بەرەو درەختەکە ڕاکە، ئـاوا دەدۆڕێـت. پێت چۆنە؟

-بیرۆکەیەکی باشــە، بەڵام ئەوە منم کە چاڵەکە ڕزگار دەکات، دەدۆڕێیت.

-کێشـــــە نییە، ئەوە تـاکە ڕێگـایەکە بۆ ئەوەی ئەو گەمژەیە بدۆڕێت.

زەردەخەنەم کرد.

سەیری کردم و دەستی بەرەوم درێژ کردەوە.

-ئاشت بینەوە؟

-باشە.

تۆقەم لەگەڵ کرد.

-ئەرێ دەزانیت کە دیسـتانی دەڕوات؟ ئەمســاڵ مامۆسـتایەکی تر دێت.

-کێ ئەوەی پێگوتیت؟

-پوورم قســـەی لەگەڵ بەڕێوبەرەکە کردبوو، دەیگوت ئەوەی دێت جوانە و وەکو دیستانی بێزارکەر نییە.

چەپکێک گیام هەڵقەند.

-بۆ من هەمووی وەکو یەکە.

-بۆچی؟

-چونکە ئاکوا تراڤرسی جیّدیّڵین.

سلڤاتۆری بە شێوەیەکی سەیر سەیری کردم.

-جا بۆ کوێ دەڕۆن؟

-باکوور.

-کوێ؟

بێ ئەوەی بیرکەمەوە ئەوا گوتم: بافیا.

"بافیا لە کوێیە؟"

شانەکانم هەڵتەکاندن.

"نازانم، بەڵام دەچینە ناو بینایەک، کۆتا نهۆم. باوکم ئۆتۆمبێلی فیات ١٣١ میراڤیوری دەکڕێت، منیش دەچم بۆ قوتابخانەکەی ئەوێ."

سلڤاتۆری بەردێکی هەڵگرت و هەر دەستاودەستی پێدەکرد.

-ناگەڕێیتەوە؟

-نەخێر.

-مامۆستایەکەش نابینیت؟

چاوەکانم نزم کردنەوە و سەیری زەویم کرد.

"نەخێر."

بە چرپەوە گوتی: ببوورە.

دواتر سەیری کردم.

-ئامادەیت؟

-ئامادەم.

-دەی، نەوەستیت. لە ژمارە سێ بەڕێ دەکەوین.

-یەک، دوو، سێ!

بەڕێکەوتین.

"ئەوەتان! ئەوەتان! ئەوەتان!"

ریمۆ لە شوێنی خۆی لەسەر درەختی خەرووبەکە هاواری کرد. بەڵام کەللەســــەر هیچی پێنەدەکرا، لەو خێراتر بووین. پێکەوە دەســــتمان لە درەختەکە دا و هاوارمان کرد: چاڵ! هەمووتان ئازادن!

# بەشی نۆیەم

کە لە خەو هەستاین ئەوا بینیمان تەمێکی خۆڵەمێشی هەموو شتێکی داپۆشی بوو. کەش و هەوا گەرم و شێدار بوو، بایەکی لەپڕیش جار جار هەڵی دەکرد. شەوەکەی هەوری چڕ و ترسێنەر ئاسمانیان گرتبوو، بەرەو ئاکوا تراڤرسی هاتبوون.

بە سەرسامییەوە سەیرمان دەکرد، لەبیرمان چووبۆوە کە شتێک هەیە پێی دەڵێن باران.

هەموومان لە کۆگایەکە کۆبووبووینەوە، من لەسەر کیسەی گەنمەکان ڕاکشابووم و دەستێکم لە ژێر سەرم دانابوو، بە ئارامییەوە سەیری زەردەواڵەکانم دەکرد کەماڵێکیان بۆ خۆیان دروست دەکرد. هەمووان بە شێوەیەکی بازنەیی لە دەوری گاسنەکە دانیشتبوون، جگە لە سلڤاتۆری کە لەسەر کورسی تراکتۆرەکە دانیشت بوو و پێیەکانی خستبووە سەر سووکانەکەی.

حەزم بەو زەردەواڵانە دەهات. ریمۆ بەلایەنی کەمەوە دە جار بە بەرد ماڵی ئەو زەردەواڵانەی تێکشکاندبوو، بەڵام زۆر کەللەڕەق بوون، هەموو جارێک دەهاتنەوە و ڕێک لە شوێنی خۆیان ماڵەکەیان پێک دەهێنایەوە. گۆشەیەک بوو، لەنێوان دوو بۆڕیدا. پووش و داریان دەهێنا و بە لیک ماڵێکیان دروست دەکرد، ڕێک وەکو کارتۆن وابوو.

ئەوانی تر پێکەوە قسەیان دەکرد، بەڵام گوێم بۆیان نەدەگرت. کەللەڕەق وەکو هەمیشە بە دەنگێکی بەرز قسەی دەکرد، (سلڤاتۆری)ش بە بێدەنگی گوێی دەگرت.

گوێم لە باربرا بوو گوتی: بۆچی نەچین بۆ لوچیانۆ بۆ ئەوەی مۆتە بکڕین؟ پارەم پێیە.

-پارەی هەمووانت پێیە؟

-نەخێر، نەخێر. لەوانەیە تەنیا بەشی دوو کوپ بکات.
-کەوایە ئەوانی تر بۆچی بچن بۆ لوچیانۆ؟ بۆ ئەوەی سـەیرت بکەین کە مۆتە بخۆیت و زیاتر پێی قەڵەو بیت؟

ئەو زەردەوالانە بۆچی ئەو ماڵە درووست دەکەن؟ ئەسڵەن کێ فێری کردوون؟
"بۆیە دەزانن چونکە لە ســـرووشـــتیاندایە"، ئەمە وەلامی باوکم بوو کاتێک جارێکیان لێم پرسی.
خوشـکەکەم لێم نزیک بۆوە و گوتی: دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، ئەی تۆ؟
-لێرە دەمێنمەوە.
-باشـە. دەڕۆم بۆ خۆم نانێک بە کەرە و شـەکر ئامادە دەکەم، خوات لەگەڵ.
ڕۆیشت و (تۆکو)ش بەدوای کەوت.
ئەی چی لە سرووشتی مندایە؟ دەتوانم چی درووست بکەم؟
ریمۆ پرسی: پێتان چۆنە ئێستا یاری "دزینی ئالا" بکەین؟
باش دەزانم بەسەر داری خەرووبەکەدا سەرکەوم، هیچ کەسێک ئەوەی فێر نەکردووم.
کەللەسـەر هەسـتا و شـەقێکی لە تۆپەکە دا، تۆپەکە ڕۆیشـتە ئەو دیوی شەقامەکە.
"بیرۆکەیەکی باشم هەیە منداڵینە، پێتان چۆنە بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە جارەکەی تر بۆی چووین؟"
لەوانەیە باشـتر بێت منیش بڕۆم و وەکو ماریا نانێک بە کەرە و شەکر بۆ خۆم ئامادە بکەم، بەلام برسیم نییە.
-بۆ کوێ؟
-شاخەکە.
-کام شاخ؟

-ئەوەی کۆخە چۆڵبووەکەی لێیە، بەرامبەر زەوی میلیکێتی.
سووڕامەوە، لەپڕ جەستەم تەزوویەکی پێداهات و دڵم لێرا لێی دەدا، گەدەشم دووچاری قەبزی بوو.
باربرا هێشتا قەناعەتی نەهاتبوو.
"جا لەوێ چی بکەین؟ دوورە. ئەی ئەگەر باران باری؟"
کەللەسەر لاسای دەنگی کردەوە و گوتی: ئەی ئەگەر باران باری؟ جا چییە؟ تەڕ دەبین. وە هیچ کەسێکیش داوای لێ نەکردوویت کە لەگەڵمان بێیت.
(ریمۆ)ش بەو بیرۆکەیە دڵخۆش نەبوو.
-لەوێ چی بکەین؟
-ناو کۆخەکە دەگەڕێین، جارەکەی تر تەنیا میکێلی ڕۆیشتە ناوی.
ریمۆ شتێکی گوت، سەیرم کرد.
"چی؟ تێنەگەیشتم."
لێی پرسیم: چی لەناو کۆخەکەدایە؟
-چۆن؟
-چی لەناو کۆخەکەدایە؟
قسەم بۆ نەدەهات و دەمم وشک بووبوو، منگەم کرد.
"هیچ... نازانم..."، هەستم دەکرد شلەیەکی سارد لە سەرمەوە بەرەو ملم و لەوێشەوە بەرەو بڕبڕەی پشتم دەڕۆیشت.
"کەلووپەلی کۆنی ناو ماڵ، چێشتخانە، ئیتر شتی لەم شێوەیە."
کەللەسەر لە (سلڤاتۆری)ی پرسی: بڕۆین؟
-نەخێر، نەخێر، حەزم لێی نییە. باربرا ڕاست دەکات، دوورە.
-من دەڕۆم، دەتوانین بیکەین بە وێستگەی شاراوەی خۆمان.
کەللەسەر پاسکیلەکەی گرت کە بە لای تراکتۆرەکەوە وەستێندرابوو.
"ئەوەی دەیەوێت با بێت، ئەوەش نایەوێت با بمێنێتەوە!"

له (ریمۆ)ی پرسی: ئەی تۆ چی دەکەیت؟
"دێم"، ریمۆ هەستا و له (باربرا)ی پرسی:
کەوایه نایەیت؟
"خۆ نایکەن به پێشبڕکێ؟"
کەللەسەر دڵنیای کردەوە. "پێشبڕکێ نابێت"
دووباره له (سلڤاتۆری)ی پرسییەوە:
کەوایه نایەیت؟
بێ گوتنی هیچ چاوەڕێم دەکرد.
سلڤاتۆری گوتی: لەگەڵ (میکێلی)م.
دواتر سەیری کردم و گوتی: ئەی تۆ چی دەکەیت، دێیت؟
هەستام و گوتم: بەڵێ، لەگەڵتان دێم.
سلڤاتۆری لەسەر تراکتۆرەکه بازیدا و گوتی: زۆرباشە، کەوایه با بڕۆین.
دووباره بەرەوی ڕۆیشتینەوە، وەکو یەکەم جار، بەرەو گردەکه.
به ڕیزێک به ڕێگادا دەڕۆیشتین، هەر پاسکیله و لەدووی ئەوی تر بوو. تەنیا خوشکەکەم لەگەڵمان نەبوو.
هەستم به قورسایی کەش و هەوا دەکرد، ڕەنگی ئاسمانیش نائاسایی بوو، ڕەنگێکی قرمزی بوو. هەورەکانیش که سەرەتا له ئاسۆ کۆبووبوونەوە، ئەوا وەکو گەلەی سوپا هاتبوونه سەرمان.
هەورەکان ڕەش و گەورە بوون، بەری خۆریان گرتبوو، بۆیه خۆر کز دەردەکەوت. کەش و هەوا نه گەرم بوو نه سارد، بەڵام بایەک هەڵی کردبوو. له لێواری ڕێگایەکان و ناوەندی زەوییەکان کا وەکو قالبێک دانرابوون، ڕێک وەکو پارچەکانی شەترەنج.
ریمۆ به نیگەرانییەوە سەیری ئاسۆی دەکرد. "باران نزیکه."
تاکو له گردەکه نزیکتر دەبوومەوە، ئەوا ئازارم زیاتر دەبوو.
هەستم به قورساییەک لەسەر گەدەم دەکرد، ئەو خواردنەی

خواردبووشـــم حاڵمی خراپتر کردبوو. پێویســـتم به هەوا بوو، بەرگێکی تەنکی ئارەقیش پشت و ملمی تەڕ کردبوو.
ئەوە چیم دەکرد؟ هەر پایدەرێکم لێ دابا ئەوا پارچەیەک لەو بەڵێنە تێک دەشکا.
-گوێبگرە میکێلی، نـابێـت هەرگیز بگەڕێیتەوە بۆ لای، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەوا دەیکوژن، ئەوەش بە هۆی تۆوە دەبێت.
-ناگەڕێمەوە لای.
-سوێند بە سەرم بخۆ.
-سوێند بە سەرت دەخۆم.
-بڵێ کە ســوێند بە ســەرت بێت هەرگیز جارێکی تر بۆ ئەوێ ناگەڕێمەوە.
-ســـوێنـد بە ســـەرت بێـت هەرگیز جـارێکی تر بۆ ئەوێ ناگەڕێمەوە.
خەریک بوو بەڵێنەکەم دەشـــکاند، بەرەو لای فیلیپۆ دەچووم، ئەگەر من لای ئەو ببینن ئەوا دەیکوژن.
دەمویســت بگەڕێمەوە، بەڵام قاچەکانم هەر پێیان لە پایدەرەکان دەنا، هێزێکی شاراوە منی بەرەو گردەکە ڕادەکێشا.
لە دوورەوە هەورەگرمەیەک هات کە کۆتایی بەو بێدەنگییە هێنا.
باربرا وەکو ئەوەی مێشـکی خوێندبێتمەوە گوتی: با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.
منیش بە هەناسەبڕکێوە گوتم: بەڵێ، با بگەڕێینەوە.
کەللەسەر بە نێوانماندا هات و بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە پێکەنی و گوتی: ئەگەر دەترسن کەمێک تەڕ بن، ئەوا بڕۆنەوە باشترە.
من و باربرا بۆ چرکە ســـاتێک ســـەیری یەکتریمان کرد و بەردەوام بووین لە پایدەر لێدان.
بایەکە توندتر بوو، بەســـەر زەوییەکاندا دەهات. قورس بوو کە بە ڕێکی بە ڕێگادا بڕۆین، بایەکە لە ڕێگایەکە لای دەداین.

کەللەســەر لەناو وردە بەرددا ئیســتۆپی کرد گوتی: گەیشــتین.
ئەوە کێ بوو دەیگوت دوورە؟
ئەو ڕێگایەی بەرەو کۆخەکە دەڕۆیشت ڕێک لە بەردەممان بوو.
سلڤاتۆری سەیری کردم و گوتی: بڕۆین؟
"بەڵێ، با بڕۆین."
دەستمان کرد بە سەرکەوتن، بۆم قورس بوو کە پێیان بگەمەوە. دەرکەوت کە "ڕێد دراگۆن" لە ڕاســتیدا توانەیەیکی بەرزی نییە. نەمدەویست دان بەوە دانێم، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە بوو. کاتێک بە وەســـتانەوە پێم لە پایدەرەکان دەنا، ئەوا ســـووکانەکە دەگەیشـــتە دەمم. کاتێکیش گێڕەکەم بەکاردێنا ئەوا زنجیرەکە دەردەچوو، بۆ ئەوەی دواش نەکەوم ئەوا دەبوایە قورســـترین گێڕم بەکارهێنابا. لە زەوی گوڵەگەنمەکان کە بەلای ڕاستمانەوە بوو ئەوا پۆلێک لە قەلەڕەش بەرەو ئاســـمان فڕین. باڵەکانیان کردبۆوە و بە ئاڕاستەی تەوژمی با دەڕۆیشتن، بایەکە ئەوانی هەڵگرتبوو.
بەرگێکی خۆڵەمێشـــی خۆری قوتدا، وەکو ئەوە وابوو شـــەو داهاتبێت. دەنگی هەورەگرمەیەک هات، هەورەگرمەیەکی تریش. ســـەیری هەورەکانم کرد کە چۆن بە خێرایی بەدوای یەکتری دەکەوتن. جار جاریش لەناویاندا ڕووناکییەک دەردەکەوت، وەکو ئەوە وابوو کە دینامیتێکیان لەناودا تەقێندرابێت.
ڕەشەبایەکە نزیکە.
ئەی ئەگەر فیلیپۆ مرد و بوو بە لاشـەیەکی سـپی ناو چاڵێک پڕ لە مێش، پڕ بێت لە کرم و کرمۆکە، دەســـتەکانی ڕەق بووبن و لێوەکانیشی بەسترابن و ڕەنگێکی خوڵەمێشی دایانگرتبێت؟
نەخێر، نەمردووە.
بەڵام ئەگەر نەیناسیمەوە؟ ئەگەر نەیویست قسەم لەگەڵدا بکات؟

-فیلیپۆ، ئەوە منم میکێلی، ســوێندم خوارد کە بگەڕێمەوە لات، ئەوەتام لێرەم.

-تۆ میکێلی نیت، میکێلی مردووە. وەکو من لە چاڵێدایە، بۆیە لێرە بڕۆ!

دۆڵەکەمان بینی، بێدەنگ و تاریک بوو. چۆلەکە و قالۆنچەکانیش بێدەنگ کەوتبوون.

لە کاتێکدا بەناو دار بەڕووەکاندا دەڕۆیشـــتین، ئەوا دڵۆپەیەکی خەســـت و گەورە بەر ناوچاوانم کەوت، دانەیەکیش بەر قۆڵم کەوت، دواتر بـاران خۆشـــی کرد، بـارانێکی ئێجگـار زۆر لە شــاخەکە باری. باران بەســەر ســەری درەختەکاندا دەباری و بایەکەش لە گەڵای درەختەکانی دەدا، زەویش وەکو ئیسفەنجێکی وشــک ئاوی دەمژی. دڵۆپەی ئاوەکان لەناو زەوی وشــکدا ون دەبوون لە کاتێدا هەورە برووسکە لە زەوی کێڵگەکانی دەدا.

کەللەسەر هاواری کرد: دەی با خۆمان بشارینەوە! خێراکەن!

ڕامـان کرد، بەڵام هەر تەڕ بووین. کەمێک هێواشـــم کردەوە، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی فلیتچی یان هەر شــتێکی نامۆم بینیبا، ئەوا خێرا لەوێ ڕامدەکرد.

هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی لێ نەبوو، هیچ شتێکی نامۆ و گوماناوی بوونی نەبوو.

هەموویان چوونە ناو تەوێڵەکە، چاڵەکە لەوێ بوو لەپشــتەوەی ژوورەکەی تر. دەمویســـت خێرا ڕاکەم و پارچە پلێتەکە لابەم تاکو فیلیپۆ ببینم، بەڵام خۆم گرت و هەر لەگەڵ ئەوان مامەوە.

کوڕەکان دەســـتیان کرد بە داکەندنی جلەکانیان، دەیانگوشـــی تـاکو ئـاوەکە لە کراس و فامیلەکـانیـان بێتە دەرەوە. (بـاربـرا)ش ناچار بوو ڕوویان لێوەرگێڕێت تاکو هیچ کەســـێک مەمکەکانی نەبینێت.

هەمووان پێدەکەنین و دەستیان دەگوشی بە هۆی سەرماوە و سەیری دەرەوەیان دەکرد. دەڵێی ئاسمان تەقی بۆوە، هەورەبرووسکە زەوی بە ئاسمانەوە بەستبوو. تەواوی گورەپانەکە لە ماوەی چەند خوولەکێکی کەمدا بوو بە چاڵاوێک، لایەکانی دۆڵەکەش ئاویان لێ دەهاتە خوارەوە کە بە هۆی گڵەوە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو.

بەدڵنیاییەوە فیلیپۆ لە ترسان مردووە، ئاوێکی زۆر ڕژاوەتە ناو چاڵەکەی. ئەگەر بارانەکە بەردەوام بێت، ئەوا لە کۆتاییدا لەوێ دەخنکێت.

دەبێت بڕۆمە لای.

گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە گوتم: لە نهۆمی سەرەوە ماتۆڕێکی لێیە.

هەمووان ئاوڕیان لێ دامەوە.

"بەڵێ، ماتۆڕێکی لێیە..."

کەللەسەر لە شوێنی خۆی هەڵبەزییەوە وەکو ئەوەی کارەبای لێدابێت.

-ماتۆڕ؟

-بەڵێ.

-لە کوێ؟

-لە نهۆمی سەرەوە، لە کۆتا هۆڵ.

-جا لەوێ چی دەکات؟

شانەکانم هەڵتەکاندن.

-نازانم.

-بڵێیت کار بکات؟

-لەوانەیە.

سلڤاتۆری سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی گاڵتەجارانە کەوتە سەر لێوەکانی.

"ئەی بۆ هەرگیز بۆت باس نەکردووین؟"
کەللەسەر سەری لەقاند.
"ڕاست دەکات، بۆچی بۆت باس نەکردووین ها؟"
تفی خۆم قوتدایەوە.
"چونکە نەمدەویست، ئەوەی لەسەرشم بوو تەنیا سزایەکە بوو و هیچی تر."
هەستم کرد لەوە تێگەیشت، بە چاوەکانییەوە دیار بوو.
"دەی با بینین، بزانین چۆنە. خۆ ئەگەر کار بکات ئەوا..."
کەللەسەر و سلڤاتۆری و ریمۆ بۆ دەرەوەی تەوێڵەکە ڕایانکرد، دەستیان بەسەر سەریانەوە گرتبوو تاکو باران لێیان نەدا، لەناو چاڵاوەکەدا بوو بوو بە پێشبڕکێیان.
باربرا بەدوایان کەوت، بەڵام لەپڕ لە ژێر بارانەکەدا وەستا.
-ئەی تۆ نایەیت؟
-بەدواتان دەکەوم، بڕۆ.
باران قژی ئەوی وەکو سپاگێتییەکی چەور لێکردبوو.
-دەتەوێت چاوەڕێت بکەم؟
-نەخێر، هەر ئێستا بەدواتان دەکەوم.
-باشە.
دواتر بە ڕاکردنەوە ڕۆیشت.
بە کۆخەکەدا ڕۆیشتم، دڵم هێندە بەهێز لێی دەدا کە لە گوێمدا دەنگی دەهات، قاچەکانیشم وا قورس بووبوون کە هەستم دەکرد چیتر هەڵمناگرن. ڕۆیشتمە گۆڕەپانەکە، بووبوو بە گۆماوێک کە باران لێی دەدا.
چاڵەکە کرابۆوە، نە پلێتە سەوزەکە و نە بەرگەکە لە شوێنی خۆی بوو. باران بەسەرمدا دەهاتەوە خوارەوە بەرەو پانتۆڵە کورتەکەم، لەوێشەوە بەرەو ناوکم. قژم بە ناوچاوانمەوە لکابوو، چاڵەکەش لەوێ بوو وەکو دەمێکی کراوەی ڕەش لە

زەوییەکی تاریکدا. کە لێی نزیک دەبوومەوە، ئەوا هەناســـەم بۆ نەدەهات، دەســـتەکانم لە شـــێوەی مســـتێکدا گوشـــی بوون لە کاتێکدا ئاســـمان لە دەورم دەڕووخا و شـــەپۆلێک لە ئازار گڕی لە قورگم بەردابوو.

چاوەکانم داخســـتن و کردمنەوە بەو هیوایەی شـــتێک بگۆڕێت. چاڵەکە هەر لەوێ بوو، وەکو کونێکی ڕەشـــــی ناو ســــینک. بە ئەستەم دەمتوانی بەناو قوڕەکەدا بڕۆم. دەستم لە ڕووخسارمدا بۆ ئەوەی وشـــکی بکەمەوە، خەریـک بوو بکەوم بەڵام هەر بەردەوام بووم.

لەوێ نییە، سەیر مەکە، ئێرە جێبێڵە.

وەستام.

بڕۆ، بڕۆ و سەیر بکە.

بەرگەی ئەمە ناگرم.

سەیری نەعلەکانم کرد کە لە قوڕدا ڕۆچووبوون. بە خۆمم گوت هەنگاوێکی تریش بڕۆ. هەنگاوێکی تریش ڕۆیشـــتم، هەنگاوێکی تریش. براڤۆ! هەنگاوێک و هەنگاوێکی تریش. لە پێش شـــــوێنی وەستانم چاڵەکەم بینی.

گەیشتم.

ئێستا دەبێت سەیری ناوەوەی بکەم.

دڵنیا بووم کە هیچ کەسێک لەناو چاڵەکەدا نەبووم، بەڵام سـەرم بەرز کردەوە و هەر سەیرم کرد.

وەکو ئەوە بوو کە پێشبینیم دەکرد، هیچ کەسێک و هیچ شتێکی لێ نەمـابوو، تەنـانەت دەفر و دەبەکەش. تەنیـا ئـاوێکی پیس و بەتانییە بۆگەنەکەی تێدا بوو.

گواستبوویانەوە بۆ شوێنێکی تر، بێ ئەوەی پێم بڵێن.

ڕۆیشت و هەلی ئەوەم نەبوو ماڵاوایی لێ بکەم.

ئێستا لە کوێیە؟ ئەو هی منە و لەدەستیان بردم.

ڕووەو باران هاوارم کرد: لە کوێیت؟!
کەوتمە سەر ئەژنۆیەکانم، پەنجەکانم خستنە ناو قوڕەکە و شێلام.
"ماتۆڕی لێ نەبوو."
ئاوڕم دایەوە، سلڤاتۆری بوو.
چەند مەترێکم لێ دوور بوو، کراسەکەی تەڕ بووبوو و پانتۆڵەکەشی قوڕاوی کەوتبوو.
"هیچ ماتۆڕێک بوونی نییە، وایە؟"
بە منگەوە گوتم: نەخێر.
ئاماژەی بە چاڵەکە دا.
"لێرەدا بوو؟"
سەری بەڵێم لەقاند و بە دەنگێکی نزمەوە گوتم: بردوویانە بۆ شوێنێکی تر.
سلڤاتۆری نزیک بۆوە و سەیری ناو چاڵەکەی کرد، دواتریش لێم ڕاما. "دەزانم بۆ کوێیان بردووە".
سەرم بە هێواشی بەرز کردەوە.
-لە کوێیە؟
-لای میلیکێتی، لە کەنداڵەکە.
-چۆن دەزانیت؟
-دوێنێ شەو بیستم. باوکم قسەی لەگەڵ باوکت و ئەو پیرە دەکرد کە لە "ڕۆما"وە هاتووە.
لە پشت دەرگای ژوورەکەی گوێم لێ بوو، خۆم شاردبۆوە. گواستوویانەوە، گوتیان کە گۆڕینەوەکە سەرکەوتوو نەبووە.
دەستی بە سەریدا هێنا و قژی تەڕی بردە دواوە.
"گوتیان کە ئێرە چیتر سەلامەت نییە."

ڕەشـــەبایەکە وەکو چۆن خێرا دەرکەوت، ئەوا خێراش ون بوو.
هەورەکان ئێستا دوور بوون، کۆمەڵێک هەوری ڕەش کە بەسەر زەوییە تەڕەکاندا دەڕوات.
بە ڕێگایەکەدا ڕۆیشتینە خوارەوە.
هەوا بە ڕاددەیەک ســـاف بوو کە لە پشـــت گردەکەوە هێڵێکی تەنکی سەوزمان دەبینی. یەکەم جار بوو لە "ئاکوا تراڤرسی"یەوە ئەوە ببینم.
ڕەشەبایەکە بۆنی گیا و خۆڵی تەڕ و کەمێک ساردی جێهێشت. چەند هەورێکی باریک هێشـــتا بە ئاســـمانەوە بوون، تیغەکانی خۆریش لە گردەکەیان دەدا. چۆلەکەکانیش دەستیان کردەوە بە خوێنـدن، ئەگەر لەوێ بووبـایـت ئەوا واتـدەزانی پێشـــبڕکێی گۆرانی گوتنیانە.
بە کەللەسەرم گوت کە ویستم گاڵتەیان لەگەڵدا بکەم.
ئەویش لە وەڵامدا گوتی: گاڵتەیەکی بێ مانا بوو!
هەســـتم کرد کە هەرگیز جـارێکی تر بەســـەر ئەو گردەدا سەرناکەوینەوە. دوورە و هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی لێ نییە، ئەو دۆڵە هەر بۆ خۆی شوومە.
کەوایە فیلیپۆ ئێســـتا لای (میلیکێتی)یە، لەلای بەرازەکانی. ئەوە هیچ پەیوەندی بە گەورەی گردەکان و دڕندەکانەوە نەبوو کە بیرم لێ دەکردەوە.
باوکم هەمیشـــە دەیگوت: میکێلی، واز لەم دڕندانە بێنە، بوونیان نییە. پێویستە لە خەڵک بترسیت نەوەکو دڕندەکان.
هۆکـاری هەموو ئەمـانەوە ئەوە، ڕزگـار نەکراوە، ڕزگـاریش ناکرێت.
کاتێک پشـــیلە مارمێلکەیەک دەگرێت، ئەوا یاری لەگەڵ دەکات تاکو ئەو کاتەی بە چنگەکانی پێستی لە جەستەی جیا دەکاتەوە و ڕیخۆڵەکانی دێنێتە دەرەوە و کلکیشی دەبڕێت. کە دەستیشی

کرد بە دوورکەوتنەوە، ئەوا بەدوای دەکەویت و لێی دەدات تاکو دەمریێــت. کە مردیش ئەوا بە بێزەوە دەســــتی لیَ دەدات، مارمێلکەکەش مردووە. دوای ئەوە کەمێک ســەیری دەکات و بە رێگای خۆیدا دەڕوات.
دەنگێکی توند و گەورە لە ئاســــمانەوە هات و ئەو بێدەنگییەی نەهێشت کە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا سەپاندبوو.
باربرا هاواری کرد و ئاماژەی بە ئاسمان دا.
"سەیرکەن! سەیرکەن!"
لە پشت گردەکە دوو هەلیکۆپتەر دەرکەوتن، وەکو دوو پوشکە بەقنگی ئاسنین وابوون، دوو پوشکە بەقنگی گەورەی شین کە لەلایەکیان نووسراوە "پۆلیس".
بەرەو لای ئێمە نزم بوونەوە، دەســـتمان کرد بە ڕاوەشـــاندنی دەستەکانمان و هاوارکردن، دواتر پێکەوە لە یەک ئاستدا فڕین و لە یەک کـاتـدا ســــوورانەوە وەکو ئەوەی فڕۆکەوانەکـان ویســتبێتیان توانای خۆیان دەرخەن. دواتر بەســەر کێڵگەکان و ئاکوا تراڤرسی فڕین و لە ئاسۆدا ون بوون.

گەورەکان ون بوون.
ئۆتۆمبێلەکان لەویَ بوون، بەڵام خۆیان دیار نەبوون.
خانووەکان بەتاڵن و دەرگایەکان کراونەوە.
ماڵ بە ماڵ گەڕاین.
باربرا هەڵچووبوو.
-هیچ کەسێک لە ماڵەوەتان نییە؟
-نەخێر، ئەی تۆ؟
-نەخێر.
-بۆ کویَ ڕۆیشتوون؟
ریمۆ هەناسەبڕکێی بوو.

"هەموو شوێنێک گەڕام."
باربرا پرسی: چی بکەین؟
وەڵامم دایەوە: نازانم.
کەللەسەر بە ناوەندی ڕێگایەکەدا دەهات و دەچوو، دەستەکانی لەناو گیرفانەکانیدا بوون و ڕوویەکی تاریک ڕووخساری گرتبوو. وەکو بیستۆلیرۆ لە گوندێکی چۆڵ.
"جا بە ئێمە چی؟ باشتر کە لێرە نین. ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێ دەکەم بۆ ئەوەی ون ببن و بڕۆن بۆ دۆزەخ!"
تفی لە زەوییەکە کرد.
"میکێلی!"
ئاوڕم دایەوە.
خوشکەکەم بوو بە پانتۆڵێک و کراسێکی ژێرەوە، لە دەرەوەی کۆگایەکە بوو بە بوکەڵەی "باربی"یەکەی کە بەدەستیەوە بوو و (تۆکو)ش وەکو سێبەر بەدوای دەکەوت.
بەرەو لای ئەوم ڕاکرد.
"ماریا! ماریا! گەورەکان لەکوێن؟"
بە ئارامی وەڵامی دامەوە.
-لەماڵی سلڤاتۆری.
-بۆچی؟
ئاماژەی بە ئاسماندا.
-هەلیکۆپتەرەکان.
-چی؟
-بەڵێ، دوو هەلیکۆپتەر بێرەدا هاتن. گەورەکان بە هاوارەوە هاتنە دەرەوە و بەرەو ماڵی سلڤاتۆری بەڕێکەوتن.
-بۆچی؟
-نازانم.
سەیری دەوروبەرم کرد، سلڤاتۆری دیار نەبوو.

-ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟
-دایکم پێی گوتم کە لێرە چاوەڕێ بکەم، لێی پرسـیم بۆ کوێ چوویت.
-چیت پێ گوت؟
-پێم گوت کە بەرەو شاخەکە ڕۆیشتوویت.

تاکو شـەو گەورەکان لە ماڵی سـلڤاتۆری مانەوە، ئێمەش لە گوڕەپانەکە لای حەوزەکە ماینەوە و چاوەڕێمان کرد.
ماریا بۆ سەدەمین جار لێی پرسیم: کەی تەواو دەبن؟
منیش بۆ سەدەمین جار وەڵامم دایەوە: نازانم.
پێیان گوتین کە چاوەڕێ بکەین.
باربرا هەر سـەرە پێنج خوولەکێک دەڕۆیشـت لە دەرگای دەدا، بەڵام هیچ کەسێک بۆی نەدەکردەوە.
-بڵێیت ئەم هەموو کاتە قسە لەسەر چی بکەن؟
-نازانم.
کەللەسـەر ئێمەی جێهێشـتبوو و لەگەڵ ریمۆ ڕۆیشـتبوو.
(سلڤاتۆری)ش بەدڵنیاییەوە لە ژوورەکەی خۆی گل داوەتەوە.
باربرا لە تەنیشتم دانیشت.
"دەبێت چی ڕووبدات؟"
شانەکانم هەڵتەکاندن.
سەیری کردم.
-ئەوە چیتە؟
-هیچ، تەنیا ماندووم.
-باربرا!
لە یەکێک لە پەنجەرەکان ئانجێلا مۆرا دەرکەوت.
"باربرا، بڕۆوە بۆ ماڵەوە."
باربرا پرسی: کەی دەگەڕێیتەوە؟

"کەمێکی تر، دەی بڕۆوە بۆماڵەوە."
باربرا خواحافیزی لێ کردین و ڕۆیشت.
ماریا لە (ئانجێلا مۆرا)ی پرسی: ئەی دایکمان کەی دەگەڕێتەوە؟
ســـــەیری ئێمەی کرد و گوتی: بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە و نانەکەتان بخۆن، ئەو کەمێکی تر دەگەڕێتەوە.
دواتر پەنجەرەکەی داخست.
ماریا سەری لەقاند و گوتی: نەخێر، هەر لێرە دەبم و ناڕۆم.
هەستام.
-دەی با بڕۆین، ئاوا باشترە.
-نەخێر!
-دەی، دەستت بێنە.
قۆڵەکانی لەیەک هاڵاندن.
-نەخێر! ئەگەر تەواوی شـــەوەکە لێرە بمێنمەوە ئەوا بەلامەوە گرنگ نییە.
-دەی وەرە.
لە کۆتاییدا هەستا.
-بەڵام ناخەوم.
-هەرچییەک بتەوێت.
دەستیم گرت و بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە.

# بەشی دەیەم

وەها هاواریان دەکرد کە لە خەو هەستاین.

لەسەر هەموو شتێک ڕاهاتبووین... کۆبوونەوەکانی شەوان، دەنگەدەنگی زۆر، هاواری بەرز، شکانی قاپەکان. بەڵام ئێستا زیاتر لە جاران هاوار دەکەن، بەوپەڕی تواناوە.

ماریا کە لەسەر جێگایەکەی بوو لێی پرسیم:

بۆچی بەم شێوەیە هاوار دەکەن؟

-نازانم.

-کاتژمێر چەندە؟

-درەنگە.

-تاریکی شەو باڵی بەسەر ژوورەکەماندا کردبوو، ئێمەش وەکو دوو جوچکە بەخەبەر بووین.

ماریا نارەزایەتی دەربڕی.

-پێیان بڵێ کە بەسیکەن، زۆر بێزارم دەکەن. پێیان بڵێ کە هێواشتر هاوار بکەن.

-ناتوانم.

ویستم لە قسەکانیان تێبگەم، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە دەنگەکان تێکەڵ دەبوون.

ماریا لەسەر جێگایەکەی ڕاکشا.

-دەترسم.

-بۆچی؟

-چونکە هاوار دەکەن.

ئەو هاتوهوریایە وەکو دەنگی خشۆکەکان وابوو.

کاتێک خشۆکێک و بە تایبەتی مارمێلکەیەک خەریکە دەگیرێت، ئەوا دەمی دەکاتەوە و بە دەنگێکی تیژ هاوار دەکات تاکو بتترسێنێت، تۆی گەورە. تاکە شتێک لەو کاتەدا بۆی مابێت

ئەوەیە کە بتترسـێنێت. بەڵام ئەوە نیشـانەی ترسـی خۆیەتی، فێڵێکە بۆ ئەوەی دەستی لێ نەدەیت.
یەکێک دەرگایەکەی کردەوە.
ڕووناکییەک هاتە ژوورەوە و سێبەری دایکم دەرکەوت، (بان)ی پیریش لە چێشتخانەکەوە دەردەکەوت.
دایکم پرسی: بەخەبەرن؟
ئێمەش وەڵاممان دایەوە: بەڵێ.
ڕووناکی سەر مێزەکەی هەڵکرد، قاپێکی بەدەستەوە بوو کە نان و پەنیری لەسـەر بوو. لەسـەر لێواری جێگایەکە دانیشـت. "هەندێک خواردنم بۆ هێناون". بە دەنگێکی نزم قسـەی دەکرد، ماندوو. دەوری چاوەکانی بازنەیەکی شین بوو، قژیشی گەنەمو بووبوو، زۆر ماندوو بوو.
"بخۆن و دواتر بخەون."
ماریا گوتی: دایکە...؟
دایکم قاپەکەی لەسەر ئەژنۆیەکانی دانا.
-چییە؟
-ئەوە چی ڕوودەدات؟
-هیچ.
دەیویسـت پەنیرەکە لەت بکات، بەڵام دەسـتەکانی دەلەرزین، لە نواندندا باش نەبوو. "دەی ئێسـتا بخۆن"، چەمایەوە و قاپەکەی لەسـەر زەوی دانا، دەستی بەرەو ڕووخسـاری بەرز کردەوە و بە بێدەنگی دەستی کرد بە گریان.
"دایکە... دایکە... بۆچی دەگریەیت؟" (ماریا)ش دەسـتی کرد بە گریان.
منیش گریان قورگمی گرتبوو.
گوتم: دایکە؟ دایکە؟

سـەری بەرز کردەوە و بە دوو چاوی سـووری درەوشـاوەوە سەیری کردم.
-چییە؟
-مردووە، وایە؟
زللەیەکی لە ڕوومەت دام و وەکو بوکەڵەیەک منی بەولا و بەولادا برد.
"هیچ کەسێک نەمردووە! هیچ کەسێک نەمردووە! تێگەیشتیت؟"
پەشـیمانی و ئازار لەسـەر ڕووخسـاری دەرکەوت. بە دەنگێکی نزم چرپاندی: هێشتا بچووکیت...
دەمی کردەوە و باوەشی پێدا کردم.
دەستم کرد بە گریان.
ئێستا هەموومان دەگریاین.
لەولاشەوە پیرە پیاوەکە هاواری دەکرد.
دایکم گوێی لێ بوو و لێم دوورکەوتەوە. "بەسە!"
فرمێسکەکانی وشک کردەوە و نانەکەی پێداین.
"بیخۆن."
ماریا گازی لە نانەکە گرت، بەڵام نەیتوانی قووتی بدات، گریان قورگی گرتبوو، دایکم نانەکەی لێ سەند.
"برسـی نین؟ زۆر باشـە"، قاپەکەی برد. "بخەون"، سـەرینەکەی لێ بردین و گڵۆپەکەی کوژانـدەوە. "ئەگەر هـاتوهوریـایەکە بێزاری کردن، ئەوا سـەرتان بخەنە ژێر ئەم سـەرینانە، دەی!".
سەرینەکانی لەسەر سەرمان دانا.
ویستم خۆمی لێ دەرباز بکەم.
"دایکە، تکایە، خەریکە دەخنکێم."
دایکم بە دەنگێکی بەرز گوتی: بەقسەم بکەن!
زیاتر پەستانی خستە سەر سەرینەکان.

ماریا به ڕاددەیەک شـــڵەژابوو وەکو ئەوەی یەکێک بیەوێت بیکوژێت.
"بەســـە!"، دایکم بە ئەندازەیەک دەنگی بەرز بۆوە کە تەنانەت ئەوانی تر بۆ ساتێک لە دەمەقاڵێ وەستان، ترسام کە لێی بدات. ماریا بێدەنگ بوو.
ئەگەر جووڵابـاین یـان قســـەمـان کردبـا، ئەوا دایکم دووبـارە دەیگوتەوە: شششش، بخەون!
وا خۆم نیشـــاندا خەوتووم، هیوادار بووم (ماریا)ش وابکات. پاش ماوەیەکی کەم ئەویش بێدەنگ بوو.
دایکم ماوەیەکی زۆر مایەوە، وامزانی تەواوی شـــەوەکە لامان دەمێنێتەوە، بەڵام هەســتا. وایزانی خەوتووین، بۆیە ڕۆیشــت و دەرگایەکەشی لە پشتەوەی خۆی داخست.
ســـەرینەکانمان لابرد، زۆر تاریک بوو، بەڵام ڕووناکی کزی عاموده کارەباییەکەی ســـەر شـــەقام کەمێک ڕووناکی بە ژوورەکەی بەخشی بوو.
هەستام.
ماریا لەسەر جێگایەکەی دانیشت، چاویلکەکەی لەچاو و کرد بە گریانەوە گوتی: ئەوە چی دەکەیت؟
پەنجەی دۆشاوەمژەم لەسەر لووتم دانا.
"بێدەنگبە."
گوێم لە دەرگایەکە نزیک کردەوە. هێشتا دەمەقاڵێیان بوو، بەڵام دەنگیـان نزمتر بوو. دەنگی فلیتچی و پیرە پیـاوەکە بە گوێم دەگەیشت، بەڵام لە هیچ تێنەدەگەیشتم. هەوڵمدا لە ڕێگەی کونی قوفڵەکەوە بیانبینم، بەڵام تەنیا دیوارەکەم دەبینی.
دەسکی دەرگایەکەم گرت.
ماریا بە سەرسامییەوە گوتی: ئەوە چی دەکەیت؟ شێت بوویت؟!
"بێدەنگبە!"

دەرگایەکەم بە ئەندازەیەک کردەوە تاکو بتوانم سەیریان بکەم. فلیتچی لە نزیک چێشـتخانەکەوە وەسـتابوو، جلێکی سـەوزی لەبەردابوو و زنجیرەکەی تاکو خوار پەراسـووەکانی کرابۆوە، ماسـوولکەکانی سـنگی پانی دەرکەوتبوون. سـەری بە تەواوی تاشی بوو.

دەستی لەسەر سنگی دانابوو و گوتی: من؟

پیرە پیاوەکەش گوتی: بەڵێ، تۆ.

لای مێزەکە دانیشـتبوو و قاچەکانی لەسـەر یەکتری دانابوون، جگەرەیەکی لەنێوان پەنجەکـانیـدا بوو و زەردەخەنەیەکی ناشیرین لێوەکانی گرتبوو.

فلیتچی گوتی: من قەحبەم؟ من ئافرەتم؟

پیرە پیاوەکەش دڵنیای کردەوە: بەڵێ.

فلیتچی سەری لادا و گوتی: جا چۆن ئەوەت بۆ دەرکەوت؟

"هەمووی ئاشکرایە، تۆ قەحبەیت، هیچیشـت دەربارەی ئەوە پێ ناکرێت"، قمێکی لە جگەرەکە دا. "جا دەزانیت لە هەموو ئەمانە بۆگەنتر چییە؟"

فلیتچی برۆیەکانی گرژ کرد و پرسی: چییە؟

وەکو دوو هاوڕێ وابوون کە بە ئاشـکراکردنی نهێنی یەکتری شەڕیان لەگەڵ یەکتری دەکرد.

پیرە پیاوەکە جگەرەکەی لەناو پیاڵەکەی کوژاندەوە.

"ئەوەیە کە نازانیت قەحبەیت، ئەوە کێشـەکەتە. هەر کە لەدایک بوویت قەحبە بوویت، بەڵام نەتدەزانی. ئێسـتاش گەورە بوویت، چیتر منداڵ نیت، دەبێت ئەوە بزانیت، ئاوا هەستت باشتر دەبێت، ئەوەش دەکەیت کە قەحبەکان دەیکەن. بەڵام لەجیاتی ئەوە خۆت ئازا و بوێر دەردەخەیت، وادەزانیت کە بەڕاسـتی پیاویت، تەنیا قسـە دەکەیت و هیچی تر. هەرچی دەشـێڵێیت درۆیە، هیچی ڕاست نییە."

باوکم لەوێ بوو، وا دەردەکەوت گوێیان لێ دەگرێت، بەڵام مێشکی لە شوێنێکی تر بوو. سەرتاشەکەش پاڵی بە دەرگایەکەوە دابوو، بە شێوەیەک وەکو ئەوەی کە ئێستاماڵەکە دەڕووخێت. دایکیشم لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، بە نیوە سەرنجەوە سەیری تەلەفیزیۆنەکەی دەکرد کە دەنگی لێوە نەدەهات. لە دەوری گڵۆپەکەش کۆمەڵێک مێشوولە کۆبووبوونەوە، هەندێکیان کەوتبوونە ناو قاپە سپییەکان و مردبوون.

"گوێبگرن! بە ڕای من باشترە کوڕەکەی پێ بدەینەوە."

پیرە پیاوەکە سەیری کرد و بە زەردەخەنە ناشیرینەکەی سەری لەقاند.

"باشترە بێدەنگ بیت."

فلیتچی سەیری باوکمی کرد و دواتر لە پیرە پیاوەکە نزیک بۆوە.

"لەوانەیە قەحبە بم، بەڵام جارێ ئەمە بگرە هەی ڕۆمانی پیس!"

دەستی وەشاند و مستێکی لە دەمی دا.

پیرە پیاوەکە بەناڵەیەکەوە کەوتە سەر زەوی.

هەنگاوێک کشامە دواوەوە و دەستەکانم لە دەوری سەرم هاڵاند.

فلیتچی لە پیرە پیاوەکەی دا. دەستم کرد بە لەرزین و گەدەم تێکچوو، دەمویست بڕشێمەوە. بەڵام هەر بەردەوام بوو لە سەیرکردنیان.

لە چێشتخانەکە باوکم هاواری کرد: ئەوە چی دەکەیت هەی گەمژە؟! شێت بوویت؟

قۆڵی فلیتچی گرت و ویستی دووری بخاتەوە.

"ئەم هیچوپوچە بە من دەڵێت قەحبە!" خەریک بوو بگریەت. "دەیکوژم..."

پیره پیاوەکە لەسەر زەوی کەوتبوو، جێی بەزەیی بوو. دەمویست یارمەتی بدەم، بەڵام نەمدەتوانی. دەیویست هەستێتەوە، بەڵام قاچەکانی دەلەرزین و هەڵدەخلیسکا، قۆڵەکانیشی وزەی ئەوەیان نەبوو ئەو هەڵبگرن. خوێنێک تێکەڵ بە لیکاو لە دەمی دەهاتە دەرەوە، چاویلکەکەشی بەربۆوە و کەوتە ژێر مێزەکە. قاچە مووماوی و کزەکانیم بینی کە لە ژێر پانتۆڵە شینەکەی دەرکەوتبوون. لێواری مێزەکەی گرت و پشتی ڕاست کردەوە، دەستەسڕێکی هێنا و لەسەر دەمی دانا.

دایکم لەسەر قەنەفەکە دەگریا، سەرتاشەکەش وا پەشۆکابوو وەکو ئەوەی شەیتانی بینیبێت.

سەرەڕای هەوڵەکانی باوکم، ئەوا فلیتچی دوو هەنگاو لە پیرە پیاوەکە نزیک بۆوە.

"ئێستا دەڵێیت چی؟ بە ڕای تۆ ئەمە مستی ئافرەتێک بوو؟ یەک جاری تر پێم بڵێیتەوە ئافرەت، ئەوا سوێند بەو خوایە ناهێڵم چاوت بە ڕووناکی ئەم دونیا بکەوێتەوە."

پیرە پیاوەکە لەسەر کورسییەک دانیشت و دەستەسڕەکەی خستبووە سەر برینێکی گەورەی سەر لێوی. دواتر سەری بەرز کردەوە و بە چاوێکی تیژ و دەنگێکی سەنگینەوە گوتی: کەوایە بیسەلمێنە کە پیاویت.

درەوشانەوەیەکی شەیتانیانە چاوەکانی داگرت.

"گوتت کە ئەنجامی دەدەیت، بەڵام کشایتەوە. ئەرێ چیت گوت؟ ئاهـ گوتت وەکو مەڕێک دەیکوژیت. ئەوە قسەی تێدا نییە، ناترسم. من فڕۆکەوانم و بە پەڕەشوت چەندین جار بە ئاسماندا فڕیوم. من ئەمە، من ئەوە. تەنیا قسەیت و هیچی تر، سەگێک لە تۆ باشترە. تەنانەت ناتوانیت چاودێری منداڵێکی بچووکیش بکەیت."

لەگەڵ گوتنی ئەمە ئەوا تفێکی گەورەی لەسەر مێزەکە فڕێدا کە پڕی خوێن بوو.
"هەی چەپەڵی پیس!" فلیتچی دەستی کرد بە بۆڵە و لە شوێنی خۆی وەکو شێتێک دەجووڵا.
"ئەوە ناکەم! بۆچی دەبێت من بیکەم؟! بۆچی؟" لەسەر ڕوومەتەکانی خەتێکی فرمێسک دەرکەوت.
باوکم هاواری کرد و داوای یارمەتی لە باوکی باربرا کرد.
"یارمەتیم بدە! یارمەتیم بدە!"، سەرتاشەکە بازیدایە سەری، بە هەردووکیان ئەستەم ئەویان پێ دەگیرا.
"ئەوە ناکەم هەی چەپەڵی پیس! بە هۆی تۆوە ناڕۆم بۆ بەندیخانە! ئەوە ناکەم!".
لە دڵی خۆمدا گوتم ئێستا دەیکوژێت.
پیرە پیاوەکە هەستا. "کەوایە من ئەنجامی دەدەم. بەڵام مەترسە، ئەگەر تێداچووم، ئەوا تۆش لەگەڵ من تێدا دەچیت. لەگەڵ خۆمت ڕادەکێشم هەی سەگ! لەوە دڵنیابە.
"لە کوێ دەمدۆزیتەوە هەی ڕۆمانی پیس؟!"
فلیتچی سەری نزم کردەوە و هێرشی کردە سەر. باوکم و سەرتاشەکە ویستیان ڕێگەی لێ بگرن، بەڵام خۆی لەدەستیان ڕزگار کرد و دووبارە بازیدایەوە سەر پیرە پیاوەکە. پیرە پیاوەکە دەمانچەکەی دەرهێنا و ئاراستەی ناوچاوانی کرد.
"بەس هەوڵدە هێرشم بکەیتەوە سەر. ئەگەر ئازایت دەی..."
فلیتچی لە شوێنی خۆی وەکو بەردێک ڕەق بوو.
باوکم ڕۆیشتە نێوانیان. "بەسیکەن! ماندووتان کردین"، ئەوانی لێک کردەوە.
"بەس هەوڵدە دووبارەی بکەیتەوە..."، پیرە پیاوەکە دەمانچەکەی لەناو کیفەکەی هاویشتەوە، ناوچاوانی (فلیتچی)ش بازنەیەکی سووری کەوتبووە سەری.

دایکم لە گۆشـــەیەکدا دەگریا و هەر دەیگوت: دەنگتان نزم بکەنەوە، تکایە دەنگتان نزم بکەنەوە، تکایە!

"بۆچی دەیەوێت تەقەی لێ بکات؟"

ئاوڕم دایەوە.

ماریا لەسەر جێگایەکەی هەستابوو و لە پشتەوەم وەستابوو.

بە دەنگێکی نزم پێم گوت: بڕۆ سەر جێگایەکەت!

سەری نەخێری لەقاند.

"ماریا، بگەڕێوە بۆ سەر جێگایەکەت!"

خوشـــکەکەم لێوەکانی بەیەک دادا و دووبارە ســـەری نەخێری لەقاند.

دەســـــتم بەرز کردەوە بۆ ئەوەی زللەیەکی لێدەم، بەڵام خۆم گرت. "بڕۆوە سەر جێگایەکەت و چیتر مەگری".

ئەم جارە بەقسەی کردم.

باوکم توانی لە یەکتریان دوور بخاتەوە، هەردووکیان دانیشـتن، بەڵام باوکم هەر دەهات و دەچوو و چاوەکانی وەکو شێتێک لێ هاتبوون.

-باشـە، با خۆمان بژمێرین، چەند کەسین؟ چوار کەسین، تەنیا ئەم چوارەمان ماوینەوە، ئێمەی گەمژە. باشـــە، کێ بدۆڕێت ئەو دەیکوژێت، زۆر ئاسانە.

-ئەو کەسەش دووچاری زیندانی هەتاهەتاییش دەبێت.

سـەرتاشـەکە ئەمەی گوت لە کاتێکدا دەسـتی لەسـەر ناوچاوانی دانا.

"براڤۆ!"، پیرە پیاوەکە چەپڵەی لێدا. "ئێســـتا قســـەی درووســـت دەکەین."

باوکم شقارتەکانی نیشانی هەمووان دا. "دەی با یارییەک بکەین، شارەزای یاری دەستلێدانی سەربازن وایە؟

دەرگایەکەم داخست.

شارەزای ئەو یاریە بووم.

لە تاریکیدا پانتۆڵ و کراسەکەم دۆزییەوە و پۆشیمن، بەڵام نەعلەکانم لە کوێن؟
ماریا لەسەر جێگایەکە بوو و سەیری دەکردم.
-ئەوە چی دەکەیت؟
-هیچ.
لە سووچێکدا نەعلەکانم دۆزییەوە.
"بۆ کوێ دەڕۆیت؟"
نەعلەکانم لەپێ کردن.
-بۆ شوێنێک.
-دەزانیت کە کوڕێکی زۆر ناتەواویت.
ڕۆیشتمە سەر جێگایەکە و لەوێشەوە بۆ سەر لێواری پەنجەرەکە.
"ئەوە چی دەکەیت؟"
سەیری خوار خۆم کرد.
"بۆ لای فیلیپۆ دەڕۆم" بۆ خۆشبەختی من باوکم بارهەڵگرە بچووکەکەی لە ژێر پەنجەرەکە ڕاگرتبوو.
-فیلیپۆ کێیە؟
-هاوڕێیەکمە.
بەرز بوو و سەرقاپی بارهەڵگرەکەش لاواز بوو. باوکم هەمیشە دەیگوت کە دەبێت سەرقاپێکی تر بکڕێت، ئەوەیان هێندە لاواز بوو کە ئەگەر کەوتبایە سەری ئەوا ڕێک دەشکا و دەچوویتە ژێرییەوە.
"ئەگەر بڕۆیت ئەوا بە دایکە دەڵێم."
سەیرم کرد.

-بێ خەمبە، بارهەڵگرەکە لێرەیە، بخەوە. ئەگەر دایکەش هات، ئەوا پێی بڵێ... پێی بڵێیت چی؟ هەرچی حەزت لێی بوو پێی بڵێ.
-بەڵام تورە دەبێت.
-بەلامەوە گرنگ نییە.
نیشـانەی خاچم کێشـا، هەناسـەم گرت، هەنگاوێک ڕۆیشـتم و خۆم فڕێدا.
لە ناوەندی سەرقاپەکەدا بەسەر پشتمدا کەوتم، دووچاری هیچ برینێک نەبووم، بەرگەی گرت.
ماریا لە سەروو پەنجەرەکەوە گوتی: تکایە زوو وەرەوە.
"زوو دێمەوە، بێ خەمبە" دوای گوتنی ئەمە خۆم فڕێدایە سـەر زەوییەکە.
ڕێگا تاریک بوو، وەکو ئەو شەوە ڕەشە بێ ئەستێرەیە.
تەواوی خانووەکان تاریک بوون، تەنیا هی ئێمە نەبێت کە ڕووناکییەک لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە دەرەوە. گلۆپەکەی نزیک حەوزیش دەور درابوو بە کۆمەڵێک مێشوولە.
ئاسـمان دووبارە بە هەورەکان داپۆشـرابوو و تاریکییەکی چڕ "ئاکوا تراڤرسی"ی گرتبوو. دەبوایە بەناویدا ڕۆیشتبام بۆ ئەوەی بگەم بە زەوی میلیکێتی.
پێویستە بوێر بم.
تایگەر جاک، بیر لە تایگەر جاک بکەوە.
پاڵەوانە هیندییەکە یارمەتیم دەدات. پێش ئەوەی هیچ شـتێک بکەم، ئەوا پێویسـتە بیر بکەمەوە کە پاڵەوانە هیندییەکە چی دەکرد ئەگەر لەجێی من بووبا. ئەوە نهێنییەکە بوو.
ڕۆیشـتمە پشـتماڵەوەمان و پاسـکیلەکەم گرت، دڵم بە شێوەیەکی توند لێی دەدا.
ڕێد دراگۆن لەپەنا "زبڵ" دانرابوو.

خەریک بوو بیبەم، بەڵام بیرم کردەوە: ئەم پاسکیلە ناسکە بۆ هیچ شوێنێکم نابات.

لەسەر "زبڵ" دەفڕیم.
ورەم بە خۆم دەدا و دەمگوت: دەی تایگەر، بەرەو پێشەوە!
نوقمی دەریایەکی ڕەش بووبووم، بە ئەستەم ڕێگام دەبینی. کاتێک نەشم دەبینی، ئەوا وێناییم دەکرد. جار جار ڕووناکی مانگ بۆ چەند چرکەیەک سەر ڕێگای نزیک زەوی کێڵگەکانی ڕووناک دەکردەوە و پێش خۆمی نیشان دەدا.
ددانەکانم لە یەکتری دەدا و ژمارەی سووڕانی گێڕەکانم دەژمارد.
یەک، دوو، سێ، هەناسەدان...
یەک، دوو، سێ، هەناسەدان...
تایەکان لەسەر وردە بەردەکان دەخلیسکان و هەواش وەکو قوماشێکی گەرم لە ڕووخساری دەدام.
ئەوە دەنگی کونەپەپوویە، ئەوەش دەنگی وەڕینی سەگە.
لە کاتێکدا بەسەر ڕێگادا دەڕۆیشتم، ئەوا خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە لە لێواری ڕێگایەکە جۆرە بوونەوەرێک وەستاون کە گوێیان وەکو گوێی ڕێوییە و چاویشیان سوورە، سەرنجم دەدەنێ و دەربارەم قسە دەکەن.
-سەیرکە! سەیرکە! ئەوە منداڵە
-بەم شەوە لێرە چی دەکات؟
-با بیبەین!
-بەڵێ، بەڵێ... دڵنیام تامی خۆشە، با بیبەین!
لەپشت ئەوانیشەوە گەورەی گردەکان و زەبەلاحەکانی زەوی وەستاون، هەمووان بەدەوام دەکەون و چاوەڕێ دەکەن لە

ڕێگــایەکە لادەم تــاکو پڕم بــدەنێ و بمنێژن. هەســـتم بە هەناسەدانیان دەکرد، ڕێک وەکو بای ناو گوڵەگەنمەکان وابوو. نهێنییەکە ئەوە بوو کە لە ناوەندی ڕێگادا بمێنمەوە، بەڵام دەبێت بۆ هەموو شتێکیش ئامادە بم.
عازر لە هیچ نەدەترسا.
لە دڵی خۆمدا دەمگوت: دەیبینیت.
شـــەوان عازر ڕووناک و دیار دەبوو، جار جار ڕووناکییەکەی دەکوژایەوە و هەڵدەبۆوە، ڕێک وەکو کافێی "گەوهەر"ی لوچیانۆ. کـاتێک ڕوونـاک دەبۆوە، ئەوا ئەو مێرووانەی بە دەمـارەکـانیدا دەڕۆیشـــتن دەردەکەوتن، ئەو کات دەمزانی کە ناتوانێت خێرا بڕوات. ئەگەر ڕابکات، ئەوا تێک دەشـــکێت و دەبێت بە خۆڵ. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بە خێرایی بە پەنـایـدا بڕۆیـت، نـابێـت هێواش بیتەوە.
"فیلیپۆ... وا هاتم فیلیپۆ... هاتم"، هەناسـەبڕکێم بوو و هەر ئەوەم دەگوتەوە.
لە کاتێکدا لە زەوییەکە نزیک دەبوومەوە، ئەوا ترســـێکی تازە دایگرتم. لە ناخمدا تەشـــەنەی دەکرد و ڕێگری لە هەناســـەدانم دەگرت. مووی سەر ملم وەکو دڕک ڕەق هەستابوون.
بەرازەکانی میلیکێتی.
گەورەکانی گرد و زەبەلاحەکان منیان دەترسـاند، بەڵام دەمزانی کە خەیــاڵین و بوونیــان نییە، دەربــارەی ئەوانە لەگەڵ هیچ کەسێک نەدەدوام چونکە ئەگەر باسی شتێکی وەهام کردبا ئەوا گـاڵتەیـان پێدەکردم. بەڵام بەرازەکـان بوونیـان هەیە و دەتوانم دەربارەیان قسە بکەم، دەربارەی برسیەتییان.
بۆ گۆشتی زیندوو برسین.
"سـەگەکە ویستی ڕابکات، بەڵام بەرازەکان نەیانهێشت، بە چەند چرکەیەک ئەویان خوارد"، کەللەسەر ئەمەی گوت.

لەوانەیە میلیکێتی شـــەوانە ئازادیان بکات، ئەوانیش ئێســـتا بە دەوری زەوییەکە بە کەڵبەکانیان دەسوورێنەوە.
تاکو لەو ئاژەڵە سامناکانە دووربام، ئەوا باشتر بوو.
لە دوورەوە لەنـاو داوی تـاریکیدا ڕوونـاکییەکی کز دەرکەوت.
زەوی میلیکێتی بوو، خەریک بوو پێی بگەم.
ئیســـتۆپم داگرت، چیتر با بوونی نەما. هەواش ئارام و گەرم بوو. لەو لێژاییە نزیکەوە دەنگی قالۆنچەکان دەهات. پاسکیلەکەم لای درەختێکی قایقی نزیک ڕێگا جێهێشت.
هیچم نەدەبینی.
خێرا بە ڕێگادا دەڕۆیشتم و زوو زوو سەیری پشتەوەم دەکرد، دەترسم دڕندەیەک لە پشتەوە بە چنگەکانی هێرشم بکاتە سەر.
ئێستا کە بە پێیەکانم دەڕۆیشـتم، ئەوا گوێبیسـتی دەنگی زۆر و خشـەخشـە و لێدانی قەتیس و دەنگی سـەیر دەبووم. لە دەورم تۆپەڵەیەکی تاریک و پان هەبوو کە پەسـتانی خسـتبووە سـەر ڕێگایەکە. لێوە وشـــەکانم بە زمان تەڕ کردن، ناو دەمم ترش بوو، دڵیشم توند و خێرا لێی دەدا.
پێم لە شـتێکی لیج نا، منیش ترسـام و هاوارێکی قەتیسـکراوم کرد، کەوتمە سەر زەوی و ئەژنۆم بریندار کرد.
"کێیە؟ کێیە؟" بەناو خۆمدا کشـامەوە و چاوەڕێم کرد دەسـتێکی لیجاوی ڕامکێشێت و بمڕفێنێت.
دواتر گوێبیستی دەنگێک بووم کە دەیگوت: بوا بوا بوا.
بۆق! پێم لە بۆق ناوە. نەفرەتییە ڕێک هاتبووە ژێر پێم.
هەستام و بەرەو ڕووناکییە کزەکە بەڕێکەوتمەوە.
خۆزگە لایتێکم هێنابا، خۆ دەمتوانی ئەوەی باوکم بێنم.
کاتێک گەیشـتمە نزیک گۆڕەپانەکە، ئەوا لە پشـت درەختێکەوە خۆم شاردەوە.

خانووەکە نزیکەی ســـەد مەتریم لێوە دوور بوو، پەنجەرەکانی تاریک بوون، جگە لە گڵۆپێک کە بەلای دەرگایەکەوە بەسترابوو و بەشــێکی دیوارە داخووراوەکە و دەرگـایە ژەنگـاوییەکەی ڕووناک دەکردەوە، ئەوا هیچ ڕووناکییەکی تر نەبوو.
زۆر دووریش لەوێ نا لەناو تاریکیدا شــوێنی بەرازەکان بوو. لەوێوە بۆنی پیسەکەیان دەگەیشتە لووتم.
دەبێت فیلیپۆ لەکوێ بێت؟
لەوێ لەنـاو کەندالەکە، وەکو ســلڤاتۆری گوتی. دوو جـار لە زســتاندا لەگەڵ باوکم ڕۆیشــتبوومە ناو ئەو کەندالە بۆ ئەوەی قارچک کۆبکەینەوە، هەمووی بەرد و چاڵە.
ئەگەر بەنـاو کێڵگەکـانـدا بڕۆم، ئەوا دەگەمە لێواری کەنـدالە و لەوێشــەوە دەڕۆمە ناوییەوە. بەم شـێوەیە پێویســت ناکات زۆر لە خانووەکە نزیک ببمەوە.
پلانێکی باش بوو.
بەڕاکردن کێڵگەکـانم بڕی، گەنم تـازە دوورابۆوە. ئەگەر ڕۆژ بووبا ئەوا بە ئاسانی دەبینرام، بەڵام ئێستا شەوە و سەلامەتم.
لەسەر لێواری کەندالەکە وەستام، ژێرەوەم بە ڕاددەیەک تاریک بوو کە نەمدەزانی ئاســتی لێژایی بەردەکان چەندە. نەمدەزانی ئایا لووسن یان شوێنی گرتنیان هەیە.
نەفرەتم لە خۆم کرد بەوەی لایتەکەم نەهێنا. نەمدەتوانی بڕۆمە خوارەوە، ئەوە خۆکوژی بوو.
تـاکە چـارەســەر ئەوە بوو کە لە خـانووەکە نزیـک ببمەوە، لێژاییەکەی ئەوێ لێژی کەمترە. ڕێگـایەکی بچووکی نێوان بەردەکان هەیە، بەڵام بەرازەکانیش هەروا.
ئارەقەیەکی زۆرم دەکرد.

"بەرازەکان باشترین توانستی بۆنکردنیان هەیە، تەنانەت لە هی سەگیش باشترە"، باوکی کەللەسەر کە ڕاوچی بوو هەمیشە ئەمەی دەگوت.

ناتوانم بەویدا بڕۆم، ئەگینا بەرازەکان هەستم پێ دەکەن.

تایگەر جاک ئەگەر لە شوێنی من بووبا ئەوا چی دەکرد؟

ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بە "وینچێستەر"ەکەی دەیانکات بە پاستوورمە، دواتر لەگەڵ تاکس و خاوەن قژی زیوی دەیانخوات.

نەخێر، ئەمە شێوازی ئەو نییە.

ئەو چی دەکات؟

بیربکەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: هێزت کۆبکەوە.

هەوڵ دەدات بۆنی مرۆیینی خۆی نەهێڵێت، ئەوە دەکات!

کاتێک هیندییەکان دەڕۆن بۆ ڕاوکردنی گامێش، ئەوا چەوری لە جەستەیان دەدەن و پشتەوەیان بە پێستێک دادەپۆشن. دەبێت ئەمە بکەم: پێویستە خۆڵ لە جەستەم وەردەم... نەخێر، خۆڵ نا، بەڵکو پیسایی، ئەوە باشترە. ئەگەر ئەوە بکەم، ئەوا بەرازەکان هەستم پێ ناکەن.

بەوپەڕی توانا لەناو تاریکیدا لە خانووەکە نزیک بوومەوە.

بۆنە پیسەکە زیاتر و زیاتر دەبوو.

لەگەڵ دەنگی قالۆنچەکان، ئەوا گوێبیستی شتێکی تریش بووم. مۆسیقا، دەنگی پیانۆیەک و کەسێک دەهات کە گۆرانی دەگوت: ئاوی سارد لەوێیە و هیچ کەسێکیش یارمەتیم نادات. لەسەر کەشتییەکە کەوتم لە کاتێکدا هەمووان لە ئاهەنگدا بوون...

میلیکێتی گۆرانیبێژ بوو؟

یەکێک لەسەر کورسی ڕاژەندنەکە دانیشتبوو. لەسەر زەویش لە نزیک ئەو ڕادیۆیەک دانرابوو. یان (میلیکێتی)یە یان کچە شەلەکەی.

لەپشت تایەیەکی کۆنی تراکتۆرەکە سەیرم کرد.
مردوو دیار بوو.
زیاتر نزیک بوومەوە، میلیکێتی بوو.
سەری لەسەر سەرینێکی چڵکن بوو و دەمیشی کرابۆوە.
لەسەر ئەژنۆیەکانی تفەنگەکەی دانابوو. بە ڕاددەیەک دەنگی پرخەی بەرز بوو کە لە شوێنی خۆمەوە گوێم لێ بوو.
ڕێگا کراوەیە.
لە حەشارگەکەم هاتمە دەرەوە، هەنگاوێک ڕۆیشتمە پێشەوە و دەنگی وەڕینێک ئەو بێدەنگییەی نەهێشت کە باڵی بەسەر هەموو شتێک دادابوو. دوای ئەوە هەموو شتێک بۆ ساتێک بێدەنگ بۆوە، تەنانەت دەنگی قالۆنچەکانیش نەدەهات.
سەگەکە، سەگەکەم لەبیرکرد!
دوو چاوی سوور لەناو تاریکیدا دەدرەوشانەوە. سەگەکە بەدوای خۆیدا ئەو زنجیرەی ڕادەکێشا کە لە ملی بەسترابوو، وەکو ئەوەی بخنکێت دەوەڕی.
وەکو ماسییەک خۆم فڕێدا و خۆم شاردەوە.
میلیکێتی بازیدا. "چی بووە؟ چیت بەسەرهاتووە؟ دەڵێیت شەیتانێک هاتۆتە ناوت"، لەسەر کورسییەکەی وەکو کونەپەپوویەک سەری بەلای ڕاست و چەپدا دەسووڕاند.
"تیبیریۆ! هێمنبەوە، ئاقڵبە تیبیریۆ!"
بەڵام سەگەکە لە وەڕین نەوەستا. میلێکی تەوقەکەی لە ملی کرد و هەستا. ڕادیۆیەکەی کوژاندەوە و لایتەکەی پێکرد.
بە ڕووی تاریکیدا هاواری کرد.
"چییە؟ چییە؟ کەسێکی لێیە؟" بە بێ وزەییەوە دوو جار دەوری گۆڕەپانەکەی پشکنی، تفەنگەکەشی بەدەستەوە بوو و بەرزی کردبۆوە. دواتر بە تووڕەییەوە گەڕایەوە.
"واز لەم هاتوهورایە بێنە، کەسی لێ نییە."

سـەگەکە ڕانیشـتە سـەر زەوی و لە ژێر ددانەکانی مۆڕەی دەکرد. (میلیکێتی)ش ڕۆیشـتە ژوورەوە و دەرگـایەکەی بە توندی لە پشتەوەی خۆی داخست.
بە پێی توانـا لە سـەگەکە دوورەپەرێز بووم و لە شـوێنی بەرازەکان نزیک بوومەوە. لە تاریکیدا سـەرنجم کەوتە سـەر پەرژینە شـێوە چوارگۆشـەییەکان، بۆنە پیسـەکەش هێندە توند بوو گەیشت بوو بەناو قورگم.
دەبوایە شـێوەی خۆم گۆڕیبا. کراسـەکەم و پانتۆڵە کورتەکەم داکەند، تەنیا شـۆرتەکەم لەبەرمدا هێشـتەوە. دەسـتەکانم خسـتە نـاو قوڕەکە کە تێکەڵ بوو بە میز، بە بێزێکی زۆرەوە قوڕەکەم لە سنگم و قۆڵەکانم و دەموچاوم دا.
بە خۆمم گوت: دەی تایگەر، بڕۆ و مەوەستە.
دوای ئەوە بەسـەر چوار پەلەکانم بەڕێکەوتم، بەڵام بە ئەسـتەم دەمتوانی بڕۆم بەوەی کە لەنـاو قوڕەکەدا زوو زوو گیرم دەخوارد.
خۆم لەنێوان دوو پەرژینـدا بینییەوە، لەپێشـەوەم ڕێڕەوێـک هەبوو کە بەرەو تاریکی دەبردم.
گوێم لە دەنگی بەرازەکـان بوو، لەوێ بوون. دەنگی نزم و قووڵیان دەنواند. لەو تاریکییەدا هەسـتم بە هێزیان دەکرد کە پێکەوە پێیـان لە زەوی دەنـا، پـارچە ئـاسـنەکـان بە هۆی پەستانیانەوە دەلەرزین.
بە خۆمم گوت: بڕۆ و ئاوڕ مەدەوە.
نزام دەکرد کە پلانەکەم سـەربگرێت. خۆ ئەگەر یەکێک لەو بەرازانە سـەری بخاتە نێوان ئەو پارچە ئاسـنانە و گازم لێ بگرێت، ئەوا ڕێک قاچێکم لێ دەکاتەوە.
کۆتـایی پەرژینەکەم بینی کـاتێـک گوێم لە دەنگی جووڵەی بەرازەکان بوو، وەکو ئەوە وابوو بووبێت بە شەڕیان.

نەمتوانی سەیریان بکەم.
لە دووری مەترێکەوە دوو چـاوی زەردی پیس ســـــەیریـان دەکردم. لەپشـــــت ئەو دوو چاوە دڵنیام ســـــەدان کیلۆگرام لە ماسوولکە و گۆشت و کەڵب و موو و برسییەتی هەیە.
بۆ مـاوەیەک تەنیـا ســـــەیری یەکتریمـان کرد. لە کۆتـاییـدا بوونەوەرەکە بازیدا و دڵنیابووم کە پەرژینەکە لێ دەکاتەوە.
هاوارم کرد و هەستام، ڕامکرد و دواتر بەسەر پیسایيدا کەوتم، دووبارە هەســـــتامەوە و ڕامکردەوە بەرەو ڕووی تاریکی. لەپڕ خۆم لە هەوادا بینی دەفڕیم، دڵم کەوتبووە نـاو دەمم و گەدەم شێوا بوو.
لێواری لێژاییەکەم بڕی.
لەناو بەتاڵیدا دەکەوتم.
لە ژێر لێوارەکە بە مەترێک خۆم لەســـــەر دار زەیتوونێک بینی کە لەناو بەردەکاندا گەشـەی کردبوو و لقەکانی بەرەو لێژاییەکە درێژ کردبۆوە.
خۆم بە لقێکەوە گرت. ئەگەر ئەو درەختە پیرۆزە نەبووبا، ئەوا وەکو فرانچیسـکۆ ســـەرم دەکەوتە ســـەر بەردەکان و دەبوو بە قیمەی گۆشت.
بەشـێکی ڕووناکی مانگ لەپشـت هەورەکان دەرکەوت، ناوەوەی لێژاییەکەم بینی کە وەکو برینێکی ناو زەوی وابوو.
ویستم بسووڕێمەوە، بەڵام لقەکە زۆر دەجووڵا.
لە دڵی خۆمدا گوتم: دەشـــکێت و لەگەڵی دەکەومە ناو ئەم چاڵە تاریکەوە.
دەستەکان و قاچەکانم دەلەرزین، لەگەڵ هەر جووڵەیەکیش ئەوا هەسـتم دەکرد کە دەکەوم. لە کۆتاییدا توانیم دەسـت بە لێواری بەردەکان بگرم، هەناســـــەی ئاســـــوودەییم هەڵمژی. دووبارە سەرکەوتمەوە سەر لێواری لێژاییەکە.

قووڵ بوو و بە درێژایی سەدان مەتر بەلای ڕاست و چەپدا درێژ بووبۆوە، ناویشی هەمووی چاڵ و درەخت بوون.
جا خۆ دەکرێت فیلیپۆ لە هەر شوێنێک بێت.
بەلای ڕاستمدا ڕێگایەکی خۆڵاوی هەیە کە بەناو بەردەکاندا دەکشێتەوە، عامودێکی دارینیش لەسەر زەوییەکە چەقێندرابوو و گوریسێکی پێوە بەسترابوو. دڵنیام بۆ ئەوەیە کە میکێلی بتوانێت پێی بچێتە خوارەوە. خۆم بە گوریسەکەوە گرت و ڕێگایەکەم گرتەبەر. پاش چەند مەترێک گەیشتم بە زەوییەکی پان، پیسایی ڕووپۆشی کردبوو. پەرژینێک لە دار دەوری دابوو، دارەکان بەرەو لای یەکتری ڕاکێشرابوون. لای عامودەکە هەندێک جلوبەرگ و گوریس و داس هەڵواسرابوون. کەمێکیش دوور لەوێ کۆمەڵێک عامودی دارین خرابوونە سەر زەوی. سێ بزنی بچووک و بزنێکی گەورە بە ڕەگێکی گەورە بەسترابوونەوە و سەیریان دەکردم.
پێم گوتن: لەجیاتی ئەوە وەکو گەمژەیەک سەیرم بکەن ئەوا پێم بڵێن فیلیپۆ لە کوێیە.
لەپڕ سێبەرێکی ڕەش و بێدەنگ بەسەر سەرمدا فڕی، بە دەستەکانم سەرم پاراست.
کونەپەپوو بوو.
دووبارە لە هەوادا بەرز بۆوە و لە تاریکیدا ون بوو، دواتر دووبارە هاتەوە هەمان شوێن و جارێکی تریش بەرەو ئاسمان فڕییەوە.
سەیرە، بەڕاستی باڵندەیەکی نامۆن.
باشە بۆچی هێرشی کردمە سەر؟
لە دڵی خۆمدا گوتم: دەڕۆم، دەڕۆم.
ڕێگایەکە هەر لێژتر دەبۆوە. دووبارە خۆم بە گوریسەکەوە گرتەوە و ڕۆیشتمە خوارەوە. دەبوایە بە کڕنووشەوە ڕۆیشتبام

و به دەســت هەســتم بە بەربەســتەکانی پێش خۆم کردبا، ڕێک وەکو کوێرێک. کاتێک گەیشتمە بنکی کەنداڵەکە، ئەوا سەرسامی دایگرتم. دڕک و ڕووەکەکان و قەوزەی ســـەر بەرد بە خاڵی درەوشاوە داپۆشرابوون کە وەکو گڵۆپی بچووک وابوون.
حەبحەبن.
هەورەکان لێک ترازان و ڕووناکی مانگ بەر لێژاییەکە کەوت، ڕەنگی زەرد کەوت. قــالۆنچەکــان دەیــانخوێنــد، ســـەگی (میلیکێتی)ش وەســتابوو لە وەڕین، هەموو شــتێک بێدەنگ بوو. بەردەمم دارســـتانێکی بچووکی زیاتین بوو، لە دیوەکەی تری لێژاییەکەش لەناو بەردەکاندا درزێکی تەسک درووست بووبوو. بۆنێکی تیژی لێوە دەهــات، بۆنی پیســـایی. هەر کە بەرەوی ڕۆیشــتم، ئەوا گوێم لە دەنگی جووڵەیەک بوو. کەلێنێک بوو کە بە تورێک ئاسن گیرابوو، فیلیپۆ لەوێدا جێی نەدەبۆوە.
ڕۆیشـتمەوە لایەکەی تر، بەڵام هیچ جۆرە چاڵێک یان شـوێنێکم نەبینی کە (فیلیپۆ)ی تێدابێت.
کە لە پەنجەرەکە خۆم فڕێدا، ئەوا بیرم لەوە نەکردەوە
کە لەوانەیە نەیدۆزمەوە. وامدەزانی هەر ئەوەندەیە کە تاریکی و بەرازەکان ببڕم، ئیتر ڕێک دێتە پێش چاوم.
بەڵام وانەبوو.
کەنداڵە دوور و درێژ بوو، زۆر شـــوێنی تر هەبوو بۆ ئەوەی (فیلیپۆ)ی تێدا بشارنەوە.
شەرمەزارم بووم.
هاوارم کرد: فیلیپۆ! لە کوێیت؟
بەڵام بە دەنگێکی نزم، لەوانەیە میلیکێتی گوێی لێ بم.
"وەڵامم بدەوە! لە کوێیت؟"
هیچ.

کونەپەپوویەک وەڵامی دامەوە، دەنگێکی نوانـد وەکو ئەوەی بڵێت: هی منە! هی منە! هی منە!
لەوانەیە هەر ئەو کونەپەپوویە بێت کە کەمێک لەمەوبەر هێرشی کردمە سەر.
نـادادپەروەرییە! ئەو هەموو ڕێگـایەم بڕیوە و ژیـانی خۆم خستۆتە مەترسییەوە، ئەویش دیار نییە. هەر دەهاتم و دەچووم، بەڵام سوودی نەبوو، نائومێد بووم.
لە تووڕەییان بەردێکم گرت و بەوپەڕی هێزەوە لە چەند بەردێکی ترم دا، پێسـتی دەسـتم ڕووشـا. دانیشـتم، سـەرم هەر بەولا و بەولا دەبرد و هەوڵم دەدا ئەو بیرۆکەیە لە مێشکم دوورخەمەوە کە هەرچی کردوومە بێ سوودە بووە.
وەکو گەمژەیەک لە ماڵەوە ڕۆیشتم.
باوکم زۆر تووڕە دەبێت، بە لێدان دەمکوژێت.
دڵنیام ئێستا دەزانن کە لە ژوورەکەم نیم. ئەگەر ئەوەش نەزانن، ئەوا کەمێکی تر دێن بۆ کوشتنی فیلیپۆ.
باوکم و پیرە پیاوەکەش لە پێشەوە. بەدوای ئەوانیشـەوە فلیتچی و سـەرتاشـەکە. بە خێرایی بەناو تاریکیدا بە "مێرسـیدیس" خۆڵەمێشـییەکە، خێرا لێدەخوڕن و بە تایەکانیان پێ لە بۆقەکان دەنێن.
لە مێشکمدا گوێم لە دەنگی ماریا بوو کە دەیگوت: میکێلی، ئەوە چی دەکەیت؟ بگەڕێوە بۆ ماڵەوە.
منیش وەڵامم دایەوە: باشە، دێمەوە.
هەرچی لە توانامدا بوو ئەنجامم دا، خۆی نایەوێت بیدۆزمەوە، هەڵەی من نییە.
دەبوایە خێرا بڕۆم، لەوانەیە لە هەر سـاتێکدا بێت بگەنە ئێرە. ئەگەر ڕابکەم و نەوەسـتم، ئەوا لەوانەیە پێش هاتنە دەرەوەی

ئەوان بگەمەوە. بەم شێوەیە هیچ کەسێک نازانێت، شتێکی باش دەبێت.
خێرا بەسەر بەردەکاندا سەرکەوتم و ئەو ڕێگایەم گرتەوە بەر کە پێیدا هاتم. ئێستا کەمێک ڕووناکی هەبوو. بۆیە ئاسانتر بوو. کونەپەپوویەکە هەر لەسەر بەرزایی زەمینەکە دەفڕی. کاتێکیش بەر ڕووناکی مانگ دەکەوت، ئەوا سێبەری تاریک و باڵە کورتەکانی دەردەکەوتن.
"چیت لە من دەوێت؟"، دووبارە بەسەر سەربانی زەمینەکەدا ڕۆیشتمەوە و دەستم کرد بە ڕاکردن. بەلای بزنەکاندا ڕۆیشتمەوە، کونەپەپوویەکە دووبارە هاتەوە سەرم، دوورکەوتمەوە و هەر سەیری ئەو شێتەم دەکرد کە وازی لێ نەدەهێنام.
هەر بەسەر سەر زەمینەکەدا دەفڕی. دەڕۆیشتە سەر ئەو دارانەی کە بەلای بەردێکەوە لکێنرابوون، دواتر دوور دەکەوتەوە و دووبارە هەمان شتی ئەنجام دەدایەوە.
بەڵام بۆچی وادەکات؟ ئایا مشکی لێیە؟ نەخێر، ئەی چی؟
هێلانەکەی!
بەدڵنیاییەوە، هێلانە و بەچکەکانی. ئەوە بۆیە هەر بە دەوریدا دەسووڕێتەوە. کونەپەپوو هێلانەکەی لەناو چاڵدا درووست دەکات، یەکێکیش بەو دارانە هێلانەکەی داپۆشیوە.
بەرەوی ڕۆیشتم و دەستم کرد بە لابردنی دارەکان، کونەپەپوویەکەش وەکو پێشووتر بە نزیک سەرمدا دەفڕی.
دەمگوت: چاوەڕێکە، چاوەڕێکە.
دارەکان کونێکیان لەناو بەردەکەدا داپۆشی بوو، کونێک کە قەبارەی تایەی بارهەڵگرێکی هەبوو و شێوەکەی هێلکەیی بوو.
کونەپەپوویەکە ڕۆیشتە ناوی.

ناوەوەی تاریک بوو، بۆنی قەدی سـووتاو و خۆڵەمێشـی لێوە دەهات. نەمدەزانی چەندە قووڵە.
سەرم خستە ناو چاڵەکە و گوتم: فیلیپۆ؟
دەنگم دەنگی دایەوە.
"فیلیپۆ؟"، سەرم زیاتر خستە ناوییەوە. "فیلیپۆ؟"
چاوەڕێم کرد، هیچ ڕووی نەدا.
"فیلیپۆ، گوێت لێمە؟"
لەوێ نییە.
دووبارە دەنگی خوشکەکەم لە مێشکمدا گوتییەوە: خێرا وەرەوە بۆ ماڵەوە.
سـێ هەنگاو دوورکەوتمەوە کە لەپڕ گوێم لە دەنگی ناڵەیەک بوو، یان ئازاریکی کپکراو.
بڵێیت خەیاڵی خۆم بێت؟
گەڕامەوە و دووبارە سەرم خستەوە ناو چاڵەکە.
"فیلیپۆ، فیلیپۆ؟ لەوێیت؟".
لە چاڵەکەوە دەنگێک هات و گوتی: مممممم! مممممم!
-فیلیپۆ، ئەوە تۆیت؟!
-مممممم.
لێرەیە.
هەسـتم کرد قورسـاییەک لەسـەر دڵم لاچوو. دەسـتم لەسـەر بەردەکە دانا و قورسایی جەستەم فڕێدا، لەسەر ئەو زەمینە کە پیسایی بزنی لەسەر بوو، ئەوا دانیشتم و زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانم.
دۆزیمەوە. حەزم دەکرد بگریەم، بەڵام خێرا خۆم گرت.
"مممممم."
هەسـتام. "هاتم، وا هاتم، بینیت؟ خۆ بینیت؟ بەڵێنی خۆمم بردە سەر".

گوریس، پێویســــتم بە گوریســــە. گوریســــێکی لوولدراوم لای داســــەکان دۆزییەوە. بەو ڕەگەوە بەســــتم کە بزنەکان پێی بەسترابوون و فڕێمدایە ناو چاڵەکە. "وا هاتم!".

ڕۆیشــتمە ناو چاڵەکە، دڵم توند لێی دەدا و دەســت و قاچەکانم دەلەرزین. تاریکاییەکە ســەری گێژ کردبووم، هەواش کەم بوو. هەستم دەکرد نوقمی ساردییەکی بێ کۆتا دەبم.

دوو مەتر نەڕۆیشــــتمە خوارەوە کە پێم بە زەوییەکە کەوت. شــــوێنەکە پڕ بوو لە چیلکەدار و تەختە و کارتۆنی تەماتەی بەتاڵ. بە ڕووتی بەناو تاریکیدا دەڕۆیشــــتم و بە دەســــتەکانم هەوڵم دەدا بزانم دەچمە کوێ، زۆرم سەرما بوو.

-فیلیپۆ، لە کوێیت؟

-مممممم!

دەمی ئەویان بەستووە.

"من..." پێم کەوتە نێوان دوو گۆشــەوە و لەســەر چیلکەدارەکان خلیسکام و بەسەر کۆمەڵێک تەختەدا بەربوومەوە کە پڕی دڕک بوو. لە دەوری پێم هەســتم بە ئازارێکی زۆر کرد. هاوارم کرد و شــــلەیەکی گەرم و ترس ڕۆیشــــتە ناو دەمم، پشــــت وەکو ســــەهۆڵ ســــارد کەوتبوو و ناو گوێشــــم گڕی گرتبوو. بە دەســــتەکانم کە دەلەرزین قاچم پێم لەنێوان دوو گۆشــــەکان دەرهێنا، ئازارێکی زۆری هەبوو. گوتم: وابزانم قاچم سووڕاوە، لە کوێیت؟

"مممممم."

دەستم لە ڕووخساری دا، دەمی بە تێپەک بەسترابوو.

"ناتوانیت قســــە بکەیت؟ چاوەڕێکە، لایدەبەم. بەڵام لەوانەیە کەمێک ئازاری هەبێت."

بە خێرایی تێپەکەم لابرد. هاواری نەکرد، بەڵام هەناســــەبڕکێی بوو.

"حاڵت چۆنه؟"
هیچی نهگوت.
"فیلیپۆ، حاڵت چۆنه؟ وهڵامم بدهوه."
وهکو سهگێک که مار پێیهوهدابێت ههناسهبڕکێی بوو.
"ئازارت پێگهیشتووه؟"
دهســـتم لهســـهر ســـنگی دانا، به خێرایی بهرز دهبۆوه و نزم دهبۆوه.
"ئێستا لێرهوه دهڕۆین، لێرهوه دهڕۆین، چاوهڕێکه"، ههوڵمدا ئهو تێپهی سهر مهچهک و قاچهکانی لابهم و ئازادی بکهم، زۆر توند بهســـترابوون. بۆیه ناچار بووم به ددانهکانم تێپهکه ببڕم، لێم کردهوه و دواتر ئهوهی قاچهکانیشمی لێ کردهوه.
"تهواو بووم! بـا بڕۆین." قۆڵیم گرت، بهڵام قۆڵی به بێ هێزی بهربۆوه. "ههسته، تکایه. پێویسته بڕۆین، خهریکه دهگهنه ئێره." دهمویســـت بیوهســـتێنم، بهڵام وهکو بوکهڵهیهک دهکهوت. ئهو جهسته ماندووییه گهردێک وزهی تێدا نهمابوو. ئهگهر ههناسهی نهدابووبـا، ئهوا دهمگوت مردووه. "نـاتوانم ههڵتبگرم، قـاچم ئـازاری ههیه! تکـایه فیلیپۆ، یـارمهتیم بـده..."، قۆڵهکـانیم گرت. "دهی، دهی." دامنیشـــاند، بهڵام ڕێک کهوت. "دهبێت چی بکهم؟ نازانیت که ئهگهر لێره بمێنیتهوه ئهوا دهتکوژن؟" گریان قورگی گرتم. "ئـاوا خۆت دهبیته هۆکـاری مردنـت! ههی گهمژه! ههی گهمژهی نهزان! هاتم، لهبهر تۆ هاتم... بهڵێنهکهم بهجێهێنا، بهڵام تۆ... بهڵام تۆ..." گریام. ههناســـه قووڵهکان تهواوی جهســـتهمی لهرزاندبوو. "دهبێت... ههســـتیت... ههی گهمژه... گهمژه... تۆ... ســـوودی نییه" جـارێکی تریش ههوڵمـدایهوه، بهڵام لهنـاو خۆڵهمێشـــهکهدا ههر دهکهوت و ســـهریشـــی وهکو ســـهری مریشکێکی مردوو لار بووبۆوه.
"ههسته! ههسته!" هاوارم بهسهریدا کرد و لێم دهدا.

نەمدەزانی چی بکەم، بەسەر خۆمدا کشامەوە و سەرم خستە نێوان ئەژنۆیەکانم. "هێشتا نەمردوویت، تێدەگەیت؟"، هەر ئاوا مامەوە، دەگریام. "ئەمە بەهەشت نییە."

هەناسەبڕکێی نەما و شتێکی چرپاند.

گوێم لێ نزیک کردەوە. "چیت گوت؟"

بە چرپەوە گوتی: ناتوانم.

-چۆن ناتوانیت؟

-ناتوانم، بمبەخشە.

-نەخێر، دەتوانیت. تۆ دەتوانیت...

وازی لە قسەکردن هێنا، لەباوەشم کرد. هەردووکمان قوڕاوی بووین و لە سەرمان دەلەرزین. هیچ شتێک سوودی نەبوو، خۆشم توانای هیچم نەبوو. هەستم دەکرد بە هۆی ماندووییەوە خەریکە دەمرم، پێشم ئازارێکی زۆری هەبوو. چاوەکانم داخستن و دڵم هێواش بۆوە، بێ ئەوەی بمەوێت ئەوا خەوم لێکەوت.

دووبارە چاوەکانم کردنەوە.

لەناو تاریکیدا بووم. بۆ چرکەساتێک وامزانی لە ماڵەوەم، لەسەر جێگایەکەم.

دواتر گوێم لە دەنگی سەگەکەی میلیکێتی بوو، دەنگی تریش، گەیشتن.

توند ڕاموەشاند. "فیلیپۆ! فیلیپۆ! هاتن! دەیانەوێت بتکوژن، هەستە!"

بە ئەستەم هەناسەی دا.

-ناتوانم.

-بەڵکو دەتوانیت. دەتەوێت گرەو لەسەر ئەمە بکەین؟

لەسەر ئەژنۆیەکانم ڕانیشتم و بە دەستەکانم پاڵم پێوەنا، لەناو چیلکەدارەکاندا. نە گرنگیم بە ئازاری ئەو دەدا، نە بە هی خۆشم.

دەبوایە لەویم بردبـایە دەرەوە. چیلکەدارەکـان و تەختەکـان ئـازاریـان دەدام، بەڵام ددانەکـانم لێکـدان و پـاڵم پێوەنـا تـاکو گەیشتین بە دەمی چاڵەکە.

دەنگەکـان نزیکتر دەبوونەوە، لە سـەروو لقەکـانیشـەوە ڕووناکییەک دەرکەوت.

قۆڵەکانیم گرت. "ئێسـتا دەبێت هەسـتیتە سـەر پێیەکانت. دەبێت وابکەیت، دەی." بەرەو لای خۆم ڕاکێشـا و خۆی بە ملمەوە گرت، دواتر وەسـتا. "بینیت؟ بینیت هەی گەمژە؟ ئەوەتا لەسـەر پێیەکانت وەسـتایت. ئێسـتا دەبێت سـەرکەویت، لە بنەوە پاڵت پێوەدەنێم، بەڵام دەبێت خۆت بە لێواری کونەکەوە بگریت."

دەستی کرد بە کۆکە، هێندە توند کۆکی وەکو ئەوە وابوو لەگەڵ هەر کۆکەیەک بەرد لە سـنگی بێنە دەرەوە. کە کۆکەکە تەواو بوو، ئەوا سەری لەقاند و گوتی: بێ تۆ ناڕۆم.

-چۆن؟

-بێ تۆ ناڕۆم.

وەکو بوکەڵەیەکی دارین سەری ئەو خستە سەر سنگم.

"گەمژە مەبە، خۆم ڕێک بەدواتدا دێم."

دیار بوو کە گەیشتبوون، سەگەکە بەسەر سەرمەوە دەیوەڕاند.

-نەخێر.

-بەڵکو دەڕۆیت، تێگەیشتیت؟

ئەگەر بەریـدەم ئەوا دەکەوێتە سـەر زەوی. گرتم و بەرەو سەرەوە پاڵم پێوەنا.

"گوریسەکە بگرە، دەی."

هەسـتم کرد کێشـی کەم بۆوە، گوریسـەکەی گرت! نەفرەتی لە کۆتاییدا گوریسـەکەی گرت! ئێستا وەستاوە و پێیەکانی لەسـەر شانمن.

"ئێستا پاڵت پێوە دەنێم، بەڵام دەبێت بە دەستەکانت خۆت بەرز بکەیتەوە، باشە؟ تەمبەڵی نەنوێنیت."
سەری بچووکی ئەوم لە ژێر ڕووناکییە لێڵەکەدا بینی کە لە ڕێگەی کونەکەوە دەهاتە ژوورەوە.
"گەیشتیت! دەی ئێستا پاڵ بە خۆتەوە بنێ و لە چاڵەکە بڕۆ دەرەوە."
هەوڵیدا، بەڵام بێ سوود بوو. "چاوەڕێکە، یارمەتیت دەدەم"، پێیم گرت. "پاڵت پێوە دەنێم، تۆش بڕۆ دەرەوە." پێیەکانم باش لەسەر زەوی دانان و بەوپەڕی تواناوە پاڵم پێوەنا، ڕۆیشتە دەرەوە و دیار نەما. ڕێک لەو ساتەدا هەستم کرد بزمارێکی تیژی درێژ بەر پێم کەوتووە و تاکو ئێستاش ڕۆیشتووە، ئازارێکی وەسف نەکراو وەکو کارەبایەک لە پێمەوە بەرەو گەدەم ڕۆیشت، کەوتمە سەر زەوی.
"میکێلی! میکێلی! ڕۆیشتمە دەرەوە، دەی تۆش وەرە."
بە ئەستەم هەناسەم دەدا.
"هاتم، هاتم، ئێستا دێم."
ویستم هەستم، بەڵام قاچم چیتر بەقسەی نەدەکردم. لە شوێنی خۆمەوە ویستم گوریسەکە بگرم، بەڵام نەمتوانی.
گوێم لە دەنگەکان بوو کە نزیکتر دەبوونەوە، دەنگی شوێن پێ.
-میکێلی، وەرە!
-هاتم.
سەرم دەسووڕا، کەوتە سەر ئەژنۆیەکانم، چیتر نەمدەتوانی بجووڵێم.
"فیلیپۆ، ڕاکە!"
لە لێوارەکەوە گوتی: سەرکەوە!
"ناتوانم، قاچم بریندارە. ڕاکە!"

سەری نەخێری لەقاند. "نەخێر، ناڕۆم." ڕووناکی پشت شانەکانی گەشتر بوو.

-ڕاکە، ئەوان لێرەن!

-نەخێر!

-پێویستە بڕۆیت، تکایە، ڕاکە!

-نەخێر!

هاوارم بەسەریدا کرد و لێی پاڕامەوە.

"بڕۆ! بڕۆ! ئەگەر لێرە بمێنیتەوە ئەوا دەتکوژن، لەوە تێناگەیت؟!"

دەستی کرد بە گریان.

"بڕۆ، لێرە بڕۆ، تکایە، لێت دەپاڕێمەوە. ڕاکە و مەوەستە، هەرگیز مەوەستە، هەرگیز..." ڕانیشتمە سەر زەوییەکە.

-ناتوانم، دەترسم.

-نەخێر، تۆ ناترسیت، لە هیچ شتێک ناترسیت. هیچ شتێک مایەی ترس نییە، بۆیە بڕۆ.

سەری ڕازیبوونی لەقاند و ون بوو.

لە شوێنی خۆمەوە لەناو تاریکیدا بەدوای گوریسەکەدا دەگەڕام. دەستم لێیدا، بەڵام لەدەستم دەرچوو. دووبارە ئەنجامم دایەوە، بەڵام دوور بوو.

لە ڕێگەی کونەکەوە باوکم بینی. بە دەستێکی دەمانچەکەی پێ بوو و بە دەستەکەی تریشی لایتەکەی.

دۆڕا، وەکو هەمیشە.

ڕووناکییەکە کوێری کردم، بۆیە چاوەکانم داخست.

"باوکە، باوکە، ئەوە منم، میکێل..."

دواتر هەموو شتێک سپی بوو.

چاوەکانم کردنەوە. قاچم ئازاری هەبوو، ئەوەی یەکەم نا، بەڵکو ئەوەی تر. ئـازارەکە وەکو دڕکێکی لوولـدراو وابوو کە ڕیخۆڵەکانمی گرتبوو.
شتێکی سامناک، شتێکی سوور، شتێک کە وەکو ئاوی بەست وابوو. هیچ شـــتێکیش ناتوانێت ڕێگە لە ڕژانی ئاوی بەســـت بگرێت. شتێک کە لە دەنگی لێدانی ئاسن لە ئاسن دەچوو، ئەوا بە توندی لە گوێمدا دەزرینگایەوە.
تەڕ بووم، دەســـتم لە قاچم دا. شـــلەیەکی گەرم و چڕ هەموو شتێکی پیس کردبوو.
نامەوێت بمرم، نامەوێت.
چاوەکانم کردنەوە.
لەناو کا و ڕووناکیدا بووم.
هەلیکۆپتەرێکی لێبوو.
باوکم هەڵیگرتبووم، قســـەی بۆ دەکردم، بەڵام گوێم لێ نەبوو. قژی درەوشاوە بوو و با دەیجووڵاند.
ڕووناکییەکان کوێریان کردبووم، لەناو ڕووناکییەکانیشـــدا بوونەوەری ڕەش و سەگەکان بەرەومان دەهاتن.
گەورەی گردەکان.
باوکە، وا دێن، ڕاکە، ڕاکە.
لە ژێر دەنگە توندەکەدا دڵم خێرا لێی دەدا.
ڕشامەوە.
دووبارە چاوەکانم کردنەوە.
باوکم دەگریا و دەســـتی بەســـەر ڕووخســـارمدا دەهێنا و دەستەکانی سوور بووبوون.
بوونێکی تاریک لە باوکم نزیک بۆوە، باوکم سەیری کرد.
باوکە، ڕاکە.

لەناو دەنگە گەورە و توندەکەدا باوکم گوتی: نەمناســـــییەوە، یارمەتیم بدەن. تکایە، ئەوە کوڕی منە. بریندارە، من...

دووبارە هەموو شتێک تاریک بۆوە.

باوکم لەوێ بوو.

منیش لەوێ بووم.

کۆتایی